له چاپکراوه‌کانی کۆڕی زانیاری عێراق
"ده‌سته‌ی کورد"

کچانی کورد

گه‌شتێك له‌ناو ئافره‌تانی موسوڵمان له کوردستان

نووسینی :

هێنی هه‌رۆڵد هه‌نسن

Henny Harold Hansen

دوکتۆر

ناجی عه‌بباس ئه‌حمه‌د

له ئینگلیزی‌یه‌وه وه‌ری گێڕاوه‌ته سه‌ر کوردی

چاپخانه‌ی کۆڕی زانیاری عێراق

به‌غدا - ١٩٨٠

پێشەکی

ئەم کتێبەم لە ئینگلیزییەوە ـ بە دەقی خۆی وەرگێڕایە سەر کوردی. نووسەر بە دۆستانە باسی ئافرەتانی کوردی کردوە • لە هەندێ جێگا هەڵەی کردبێ و من فەرقم پێ کردبێ لە پەراوێزدا چاکم کردوە • لەوانەشە لەبابەت ئافرەتانەوە هەڵەی‌تری کردبێ و من پێم نەزانیبێ • لەبەرئەوە لە ئافرەتە خوێنەرەکان تکا دەکەم چیان بە هەڵە و چەوت زانی بۆم بنووسن تاکو لە چاپی دووەم لەپەراوێزدا چاکی بکەم •

من کە ماوەیێك لە سولەیمانی ژیام و لەگەڵ هەندێ ئافرەت قسەم کرد و لە بابەت ژیان و ماڵ و منداڵیانەوە شتم زانی و بەراوردی ئافرەتی کوردم کرد لەگەڵ ئافرەتانی ولاتانی‌تر ، ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەکەم:

١ــ مووچەخۆری شتێکی تازەیە لەناو ئافرەتانی کورد ، لەبەرئەوە زۆر حەزی لێ دەکەن • بەڵام ئەم حەزلێ‌کردنە نابێ لەسەر حیسابی کۆرپە شیرینەکانیان بێ • بەخێوکردنی منداڵ ــ دەبێ بزانن ــ بەرزترین و نایابترین پیشەیە • بواردن (واتا اهمال)ی منداڵ لەبەر هەرچی بۆنەیێك بێ ، تاوانێکی گەورەیە • ئەو منداڵە کە گەورە بوو رقن ، ترسنۆك ، تووڕە ، نەخۆش یان لە کار و کردەوەی تەوەزەل و کەمتەرخەم دەبێ •

٢ــ نابێ منداڵ نازدار بکرێ و هەرچی ویست بیکا ، تەنانەت جنێو بە باوك یان دایکی بدا • ئەم بابەتە رەوشتە خراپە تەنیا لە سولەیمانی و

دەوروپشتی هەیە • لە لادێیەکانی‌تری کوردستاندا وەکوو بزانـم نیـە • منداڵ دەبێ باش و هەندێ جار بە توندی بەخێو بکرێ تاکو کە گەورە بوو ببێتە ئەندامێکی باشی کۆمەڵ و لەگەڵ خەڵکا رێك‌کەوێ • هیوام وایـە خوێنەرەکان منداڵی نازداریان نەبێ ، ئەو منداڵانە کە گەورەبوون لـەگەڵ خەڵکا رێك‌ناکەون و تووشی زۆر ناخۆشی دەبن •

٣ـ دەبێ ئافرەتماڵەکەی پاك و خاوێن ڕابگرێ • کە لەگەڵ چەنـد ئافرەتێکا یەکیان گرت و چوونە مێوانی ، نابێ مـاڵی خانەخوێـکە بـە قرتاندنی تۆو بکەنە زبڵخانە • نازانم کەی ئافرەتان واز لە رەوشتی ناشیرینی تۆو قرتاندن دێنن کە هیچ سوودی نیە و زیانی هەیە •

ئەمە چەند پێشنیارێکی بچووکە بۆ ئافرەتەکان دەیکەم ، ئەو ئافرەتانە کە ــ خانمە نووسەرە دێنمارکیەکە دانی پیا دەنێ ــ بـە قیمەت ، بـاش و بۆ ماڵ و کەس‌وکاریان دڵسـۆزن و ، هەمـوو دەمـێ رەنـج دەدەن بـۆ بۆ حەسانەوەی مێرد و منداڵیان •

وەرگـێڕ

هەزارنامەی کتێب

نووسەری ئەم کتێبە
بە بەرگی کوردی‌یەوە

سەرەتـــای نووسەر

لە پاش تەواوکردنی دەسنووسی ئەم گەشتنامەیە پێیان گوتم دەبێ لەپێش هەموو شتێکا خوێنەر تێبگەیێنم کێ رۆیشتوە بۆ کوێ و بۆچی ؟

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ حکومـەتی عـێراق بریـاری دا لەپێـش تەواوبوونی بەستێنی (واتا سەددەی) دووکان لەسەر زێیبچووك کە دەبێتە هۆی ژێرئاوکەوتنی هەرێمێك ، دەبێ ئەو هەرێمە لە لایەن لیژنەیێك لـە پسپۆڕانی کۆنەناس بکۆڵرێتەوە بۆئەوە کە هەرچی کۆنینە (واتا آثـار قدیمە) هەیە لە فەوتان و لەناوچوون لە ژێر بنەوانەکە بپارێزرێ . ئەم کارەش بە لیژنەیێکی دێنمارکی سپێردرا . ئەم لیژنەیە قسەی کرد لەگەڵ بەشـی خەڵك نـاسی Ethnographical Department ی مۆزەخانـەی میللی دێنمارك بۆ ئەوە کە خەڵك ناسێك Ethnologist بدۆزرێتەوەو بخرێتە پاڵ لیژنەکە بۆئەوە کە لە گوندەکانی هەرێمی بناوانەکە نـەختێ تۆژینەوەی (لێکۆڵینەوەی) خەڵك ناسی بکرێ . مۆزەخانە منی دۆزیەوە بۆئەوە کە لەو هەرێمە ــ بێجگە لە لێکۆڵینەوەی خەڵك ناسی ــ بتوانم ــ من کە ئافرەتم ــ بە ئاسانی بچمە ناو ئافرەتانی کورد . ئەم توانایەی مـن هەموو پیاوێك ناتوانێ بیکا ، چونکە پیاو بۆ ئەوە کە لەبـابەت ئـافرەتی موسوڵمانەوە شت کۆکاتەوە زۆر بە ناخۆشی دەتوانێ بچێتە ناویان .

کۆمـەڵی Carlberg بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بابـەتەوە پارەیێکی باشی دامێ . لە ٤ی مایسی ١٩٥٧ دێنمارکم بەجێهێشت و بـە

ڕێگای بەغداو کەرکووکدا گەیشتمە ناو لیژنەکە لە سەر بەستێنی (واتـا سەددەی) دووکان • ئەم بەستێنە کە لە کوردستانە لە باکووری عیراق و دەکەوێتە خالیك لە سەر نەخشە کە هێڵە درێژی ٤٥° دەگاتە هێڵەپانی ٣٦°ی بـاکوور •

لەپێشدا وام بڕیار دابو لەگەڵ ئەندامەکانی‌تری لیژنەکە نزیك گردی شەمشارە دابەزم و بۆ دێیەکانی دەور و پشت بچم و لە هـەر دێیـێـك ماوەیێك رابوێرم • بەڵام لەپاشدا وام بە باش زانی بچمە دێی تۆپزاوە ـــ کە نزیك بەستێنەکەیە و لەوێوە کرێکار دەهاتن بۆ ئیش‌کردن • لەسەر پرۆژەکە (واتا مەشرووعەکە) ـــ و لەوێ بە مێوانی شێخی دێیەکە بمێنمەوە و بـە رەحەتی و ئاسانی خەریکی تۆژینەوەکەم بم •

بۆ کارەکەم پیویستم بە وەرگێرێکی (واتا تەرجومانێکی) ئـافرەت بوو • بە هۆی مامۆستا توفیق وەهبی و پارێزگەری سولەیمانی لە پـاش دوو حەفتە توانیم مامۆستایێکی کوردی گەنج بدۆزمەوە و رازی بـوو ببێتە تەرجومانم • لە پاشان ماوەییێکی درێژ لەگەڵ بنەماڵەکەی لە سولەیمانی مامەوە و لەگەڵی توانیم بچمە چەند دێیێك و سەر لە زۆر ماڵ بدەم کـە پەیوەندی‌یان لەگەڵ بنەماڵەکەی هەبوو • بەم چەشنە لە باتی ئەوە لـەگەڵ هاوولاتیەکانم بژیم و رۆژی چەند سەعاتێ بچمە ناو خەڵـکی ولاتـەکە ، هەموو ماوەکەم لە ناو کوردەکان ڕابوارد و بەم جۆرە توانیم باشتر شارەزای باری ژیار (واتا حضارە)یان بم •

هەر دوو حەفتە جارێ کە ئۆتۆمۆبیلی لیژنە لە گردی شەمشـارەوە دەچوە شوێنی بەستێنی دووکان بۆ هێنانی شتی پێویست منیش لـەگەڵی دەچووم • بەمە پەیوەندیم لەگەڵ لیژنەکە و ئەندامەکانی نەبڕا • وە بـۆ ناردنی ئەو شتانە کە کۆم کردبوەوە بۆ مۆزەخانەی میللی لە Copenhagen

جار جار دەچوومە بەغدا • بێجگە لەم سەفەرە کورتانە من هەموو دەمـێ بە کۆمەکی تەرجومانەکەم خەریکی کاری خۆم بووم •

بێجگە لە تۆپزاوە و رەفاوەی تەنشتی و سولەیمانی هەندێ جـار دەچووینە میرزا رۆستەم لە سەر زێی بچووك لە بەینی دووکان و شەمشارە• بە ئۆتۆمۆبیل سەرمان لە شەدەڵە دا و لەوێوە بـە سواری بەسەر شـاخی چەرمەبانا گەیشتینە سەرگەڵوو • جارێکیان چووینە هەڵەبجە ، بەڵخـە و تەوێڵە لە ناو شاخەکان لەسەر سنووری ئێران و چووینە دێی (سەرکان)ی نزیك پێنجوین و لەوێ ماینەوە • لە پاشا بۆئەوە کە ئاگام لە جێگاکانیتری کوردستانی عیراق بێ بەسەر کەرکووك و هەولێرا گەیشتینە مووسڵ ، وە لە هەولێرەوە بەرەو رۆژهـەڵات پێشـکەوتین هەتـا رەواندز • لـە دوارۆژەکانی مانم لە بەغـدا پێش گەڕانەوەم توانیم سەر لـە حیللە و بابل لە خواری بەغدا بدەم •

با چەند قسەیێك بکەم لە بابەت جوغرافیـە و مـێژووی هـەرێمی کوردستانی عیراق • کوردەکان مێژووی باوانی خۆیان دەگەیێننە کاتێـکی زۆر کۆن و دەڵێن لە سەدەکانی کۆنەوە لە نیشتمانی ئێستایان ژیاون • لـە سالی ٤٠٠ پێش زایین Xnophon لەگەڵ ١٠٫٠٠٠ یۆنانی کە لـە ئێران گەڕایەوە لە شاخەکانی لای زاخۆ ، ئەو شاخە کە ئێستاش کوردی لێ دەژی ، شەڕی لەگەڵ نەتەوەی کەردۆخی کرد •

لە پاشا کوردەکان کەوتنە ژێر حوکمی عەجەم ، عـەرەب و تورکی عوسمانی • ئێستا کوردەکان لە عیراق و تورکیە و ئـێران و سووریـە و یەکیەتی سۆڤیەت دەژین • کوردەکان موسولمانن و زمانەکەیان هینـدو ئەورووپاییە و لە فارسیەوە نزیـکە • هەنـدێ لـە کوردەکان رەوەنـدن (کۆچەرن) و گەرمیان و کوێستان دەکەن • وە بۆ سێ مـانگ هـاوینان

دەچنە کوێستانەکانی نزیك سنووری ئێران بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتیان بەڵام زۆربەی کورد دامەزراون و نیشتــەجێن و خەریکی وەرزێری (واتا کشتوکاڵ)ن • برنج ، لۆکە ، توتن ، کونجی و داری بەردار دەچێنن • کوردەکانی ناو شارەکان کە لە ماڵیان مامەوە خەریکی ئیــش ، کاسبی و بازرگانین •

بەرهەمی زانستی تۆژینەوەکەم لەپاشان دەنووسرێ و بڵاودەکرێتەوە• ئەمە گەشتنامەیە • لێرە وەکوو ئافرەتێك لە ناو ئافرەتانی موسوڵمان تەنیــا باسی رابواردنی خۆم دەکەم •

هەواڵنامەی کتێب



- ١ -

ساڵێکی بێ هاوین

سەرەتای مانگی مایس ، کە دێنمارکم بەجێ‌هێشت ، بەهارێکی کورت بوو و دارەکان گەڵای سەوزیان لێ روابوو • بەڵام کە لە ناوەڕاستی ئەیلوول لە عیراق گەرامەوە بۆنی پایز دەهات و هەندێ کەس جەژنە پیرۆزەی ساڵانەی کرسمس Christmas یان دەکرد کە بۆ گرینلەندی (١) بنێرن •

واتا ئەمساڵ هاوینم نەبوو • هاوینە خۆشەکانی جارانی دێنمارکم دەهاتەوە بیر و زۆر بیریم دەکرد • ئەو مانگە گەرمانە کە لە عیراق ـ ٢٠ پایەی هیلی پان لە باشوور ـ ڕامبوارد شتێکی‌تر بو لە هاوینی ئێمەی نەدەکرد • هاوین لە ئاوو هەوای ئێمە وەرزێکی (واتا مەوسمێکی) زۆر خۆشە • هەموو ساڵێ زستانان هیوای هاتنی دەکەین ، خەوی پێوە دەبینین و کامەرانی و خۆشترین رۆژانی ژیان دەهێنێ •

---

(١) ئەم جەژنەیە ، جەژنی لەدایك‌بوونی حەزرەتی عیسایە لە ٢٤ی کانوونی یەکەم . گرینلەند دوورگەیێکی زۆر گەورەیە لە رۆژهەڵاتی باکووری ئەمەریکا کە ...ر٥٠ کەسی تێدایە و لە ژێردەستی وڵاتی دێنمارکە .

وەرگێڕ

یەکەم جار کە زانیم لە (دووکان) نیوەڕۆ لەبەر گڕەی گەرما دەبێ ئیش ڕاوەستێ چونکە ڕەنجبەرەکان ناتوانن دەس لە پارچە ئاسنەکان بدەن کە داغ دەبن نەك دەسیان بسووتێ ، سەرم سوڕما و بڕوام نەکرد ، چونکە تۆ دەبێ خۆت زۆر گەرمی و گڕە و هەلاوی باش بچێژی هەتا بڕوای پێ بکەی •

لەپاشا ڕۆژێك پاش نیوەڕۆ بە ئۆتۆمۆبیل لە دەشتی قرفە تێپەڕ دەبووین کە دەکەوێتە بەینی خالص و چیای حیمرین • ئەم دەشتە سەحرا نیە بەلکو دەشتێکی ستێپی Steppe ی کەم ڕووەکە کە تەنیا بەهاران هەندێ گیا و بنچکی لێ دەڕوێ • پەستۆی نزم (واتا ضغطی نزم) ستووێك تەپوتۆزی لە زەویەوە بۆ عاسمان بەرزکردبوەوە و ئەم ستوونە تۆزە گەرمە ناخۆشە بەناو دەشتەکەیا خولی دەخوارد و دەگەڕا • بێتو بکەویە ناو ئەم جۆرە ستوونە ، تۆزەکە دەچێتە ناو چاوت ، گوێت و دەم و لووتت• ئێمە هەر ئەوەندەمان پێ‌کرا پەنجەرەکان داخەین و ڕاست بە ناو ستوونی تۆزەکەدا و لەشوێنی ئۆتۆمۆبیلەکانی تری پێش‌کەوین •

زۆر بێ ئەقلی بوو لەم دەشتە بیابانە گەرمە بە ڕۆژ تێپەڕین • چەند جارێکی تری کە لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا دەچووین تەنیا شەوان بە فێنکی دەکەوتینە ڕێ و تێپەڕ دەبووین • لە ڕێگا چەند چایخانەیێك هەبوون لە قوڕ و خشتی کاڵ دروست کرابوون کە لە دەرەوە لە دەشتەکە باش فەرق نەدەکران • لەو چایخانانە سێبەر و ئاو هەبوو • ئاوەکە شیرتێن بوو ، وە لەپاش کولاندن ــ کە پاکتر دەبوو ــ چایی پێ دەکرا • لە ئۆتۆمۆبیلەکە بێجگە لە مەلیحە و براکەی پیرێژنێك هەبوو • ئەویش کرێی خۆی دابو و سەفەری دەکرد • لە چایخانەکە ژنەکە چوە لای مەرکانەی ئاوەکە کە هەندی سەهۆڵی تێدا بوو و بە دەستی پارچە سەهۆڵێکی دەرکرد و پێچایەوە و خستیە بەرسنگی • کە گەیشتینە چایخانەیێکی‌تری ژنەکە پارچە سەهۆڵەکەی

هەواڵنامەی کتێب

دەردەهێنا و دەیخستە ناو کاسەیێك ئاو و بۆ ساردکردنی بە پەنجەی ــ کە زۆر پاك نەبوو ــ تێکی دەدا • لە پاشا ئەم کاسە ئاوە ساردەی بە خۆشیەوە پێشکەش دەکرد •

من بڕوام بەوە نەدەکرد لەکاتی گەرما وا ئەوەندە زۆر ئاو و شلەمەنی بخۆمەوە • تۆ هەر خەریکی خواردنەوە بووی : ئاو ، چای ، ماستاو و هەرچی شتێکی‌تری کە بخورێتەوە • لەش لە سەر ئارەقەکردن دەوامی دەکرد و لاواز و بێ تاقەت دەبوو •

سەرتوێژی (واتا قەیماغی) حیللە :

جارێکیان لەگەڵ دۆستە کوردەکانم لە حیللەوە دەگەڕاینەوە بۆ بەغدا • ویستمان پێش ڕۆژهەڵات بکەوینە ڕێ ، لەبەرئەوە لە شاری حیللە نان و چای و شووتیمان خوارد • زۆر بە ناو شارەکەدا بە ئۆتۆمۆبیلەکەمان گەڕاین بۆ ئەوەکە ژنێکی لادێیی وا بدۆزینەوە سەر توێژەکەی پاکتر بێ • سەرتوێژەکان هەموو سپی بوون لە مەڵهەمیان دەکرد و لە شیری مانگا و بزن دروستکرابوون [1] • لە دواییدا سەرتوێژمان لای ژنێك دۆزیەوە کە لە سەر زەوی دانیشتبوو و سەرتوێژەکەی کردبوە ناو چەند قاپێکی بچووك • قاپێ سەرتوێژمان کڕی• من نەمتوانی مەڵهەمەکە تام کەم چونکە زۆر مێشی لەسەر نیشتبوو ، بەلام قاپەکەم هەلگرت و ئێستاش لامە • بڕوا ناکەی پێت بڵێم هێشتا بۆنی بزنی لێ دێ •

لە حیللە لە چایخانەیێك دانیشتین لە سەر مەیدانێکی گەورە و تەماشای دەور و پشتمان دەکرد • هێشتا بەیانی زوو بوو • دەمانویست لەگەڵ

---

(١) سەرتوێژ لەو ناوە لە شیری مانگا و گامێش دروست دەکرێ .
وەرگێر

تەرجومانەکەم و براکەی بچین بۆ بابل • تەرجومانەکەم کە ئافرەتێکی موسوڵمان بوو نەیدەتوانی بە تەنیا بگەڕێ • لەبەر ئەوە هەمیشە براکەی لەگەڵ بوو • من ئیشەکەم لەناو ئافرەتانی کورد تەواو بووبوو ، تەنیا بۆ دیتنی کۆنینە (آثار)ی بابل بۆ ئەوێ هاتبووم • لە بابل چاومان بە دەرگای عیشتار ، شێرە بەردینە و مۆزەخانە کەوت • کوڕێکی بچووکی ١٢ ساڵە ـ کە کراسێکی درێژی لە بەر بوو ـ رابەرمان بوو • بە ئینگلیزییێکی باش باسی کۆنینەکانی بۆ دەکردین • لە مۆزەخانەکە وێنەی دروستکراوی قەڵا و ئەهرام هەبوون • ئێمە کەوتینە ڕێ بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا •

گەڕانەوە بۆ بەغدا :

بەڵام کات درەنگ بوو و دنیا گەرم بووبوو • دیمەنی ئەم ناوانە لەو دیمەنە جوانانەی ناو شاخەکانی کوردستانی هاوڕێکانم جیاواز بوو کە ماوەییێکی درێژ تێدا ژیام •

لە ناوەڕاستی ڕێگا لە بەینی بەغدا و وێرانەکانی بابل بەنزینمان لێبڕا و راوەستاین • بەڵام ئێمە خواوراستان لەسەر ڕێگای دەشتی قرفە نەبووین کە پەکمان کەوێ ، بەڵکو لە سەر ڕێگای حیللە و بەغدا بووین کە زۆر ئۆتۆمۆبیلی پیا دەڕوا ، یەکێ لە ئۆتۆمۆبیلەکان کە لەوێوە تێدەپەڕی هەر رادەوەستێ و بەنزینمان پێدەدا •

لە کاتی راوەستان بوە نیوەڕۆ و گەرماکە ئەوەندە تیژ بوو مرۆڤ زۆر بە ناخۆشی بەرگەی دەگرت • لە کاتی ڕۆیشتنی ئۆتۆمۆبیل بایە گەرمەکە دەسووڕێتەوە و لە پەنجەرەکانەوە تێپەڕ دەبێ • بەڵام کە لە سەر ڕێگا رادەوەستام هەستم بە گەرماییێکی تیژ دەکرد •

ئەوەندەی نەخایاند پاسێکی پڕ لە ڕێبوار کە لە کەربەلاوە هاتبوو راوەستا و بەنزینی پێدان • کەربەلا شارێکی پیرۆزە لە ناوچەی فورات ، گۆڕی حەزرەتی حوسەینی لێیە و موسوڵمانەکان زیارەتی دەکەن •

هەواڵنامەی کتێب

گەرمای هاوین :

ناخۆشی گەرما و گڕ و هەڵاوی هاوینی عیراق شتێکە دەبێ لە بیرمان بێ و خۆمانی لێ بپارێزین ، چۆن لای خۆمان لە دێنمارك لە سەرما و سۆڵەی زستانی سەخت دەبێ خۆمان بپارێزین نەك لە سەرمانا بچین و بمرین .

هەندێ جار پایەی گەرمی دەگاتە ١٢٠°ف (١) . مرۆڤ کە تووشی دەبێ وا گومان دەکا دەتوانێ بە دەس بیگرێ . کە بەناویدا دەڕوا وا دەزانێ بەناو گڕی ئاگردا تێپەڕ دەبێ . بەڵام لەم گڕی ئاگرە تۆ کەمتر بەترسی .

ئەو ئینگلیزە کە لەسەر شوێنی بەستێنی دووکان ناسیم پێی گوتم هاوینی یەکەم هەستی ئەوەی دەکرد خەریکی شەڕە لەگەڵ ناڕەحەتی ، بەڵام هاوینی دووەم بە زۆر پێی دەکرا بەرگەی گەرما بگرێ .

ئەو خۆراکی کوردەوارییە کە پێی دەژیام وابزانم کۆمەکی کردم بە باشی بەرگەی گەرما بگرم . کەرەستە گرنگەکان برنج و نان بوو . گۆشت کەم بوو ، سەوزە زۆر بوو ، میوە زۆرتر . من هەموو ئەو شتانەم کرد کە تەمێ کرابووم نەیکەم . نیوەڕووان دەچوومە دەرەوە ، بەڵام یان سەرکلاوێکی ئەستوورم دەخستە سەر ، یان سەرم باش دەپێچا . لە باتی لۆکە نایلۆنم لەبەر دەکرد و زۆر باش بووم .

خانوە ئینگلیزیەکانی لای بەستێنی دووکان زۆر قایم بوون ، لە بەرد باش دروست کرابوون . دیواری ئەستووریان هەبوو . هەموو پەنجەرەکان دەرگای داریان پێوە بوو دژی هەڵاو و گڕی گەرما . لە ناو ژوورەکان پانکە و مەکینەی هەوا ساردکەرەوە هەبوو کە پلەی گەرمی

---

(١) ١٢٠°ف = ٤٩°س . لە بەغدا بە دەگمەن پلەی گەرمی دەگاتە ٤٩°س ئەویش لە مانگی ئاب و تەمووز روودەدا .

وەرگێڕ

دەهێنایە خوارەوە و وەك هی ئەورووپای لێ دەهات • کە لەم ژوورە خۆش و فێنکانەوە دەهاتیە دەرەوە هەستی ئەوەت دەکرد گەرماکە بە تینترە• تو ئەوەندەت نەدەما لە گەرمانا لە هۆش خۆت بچی • بەلام ژووری کوردەکان لە دێیەکە وا نەبوو لایێکی کرابوەوە ، لەبەر ئەوە بە سیبەر بوو و نەختێ فێنك بوو • کە لە ژوور دەچوویتە دەرەوە هەستی گەرما و گڕی زۆر خراپ نەبوو •

ئەوەی شایانی باسە من حەزم دەکرد ئارەق بکەم ، ئەوەندەی پێ نەدەچوو وشك دەبوومەوە • ئارەق کردن بەڕاستی خوش بۆ •

گەرمترین ڕۆژم لە کوردستان ڕۆژێکی یەکشەمە بوو پاش نیوەڕۆ لە لای بەستێنی دووکان • گردەکەی بەرامبەرم زۆر سپی دیار بوو • لەسەر ڕێگاکە بووم کە هەتا خانووی مێوانان Resthouse بە بەرد تەخت کرابوو • لە تەنشت لۆرییێك چەند دەقیقەیێك قسەم کرد • گەرما کە ئەوەندە بە تین بوو هەستی ئەوەم دەکرد دەتوێمەوە و دەبمە هەلم • شەوەکان باش بوون ، هەتاو نەدەما ، گەرما دەما ، بەلام بە تینێکی کەمتر •

لە یەکێ لەم شەوانە لەسەر بانی پێش ئەو خانوە کە مانگێ پتر تێیدا ژیام لە دێی تۆپزاوە هەلپەڕکێ بەسترا • تەنیا پیاوەکان هەلدەپەڕین (١) • ئێمە ئافرەتان لەسەر بانە قوڕەکە پێکەوە بۆ خۆمان دانیشتبووین قسەمان دەکرد و چایمان دەخواردەوە• هەموو قاپ و شتومەکی چای کردن هێنرابوونە سەربان : سەماوەر هەبوو بۆ کولاندنی ئاو بە هۆی ئاگری خەلووز کە لەناویەتی ، قۆری چای ، قاپی شەکر ، پیالە و ئیستیکان ، تاسێك ئاوی سارد بۆ شۆرینی پیالە و ئیستیکانەکان بۆ ئەوە کە دووبارە پڕ بکرێن • ئەم

---

(١) لە زۆر دیهاتی کوردستان ڕەشبەلەك هەیە واتا پیاو و ژن پێکەوە هەلدەپەڕن •

وەرگێر

هەموو شتومەکە لە سەربان لە تەنشت سینی‌یێکی گەورە دانرابوون و لە پشتیەوە کچێکی حەودە ساڵانی ماڵەکە لەسەر پارچە فەرشێك بە چوار مەشقی جوان و قنج دانیشتبوو • لەم شەوە گەرمە ئیستیکانەکان پڕدەکران و دەخورانەوە • تەپڵ و بلوور بە ئاوازێکی یەك دەنگ و یەك نەسەق دەوامی دەکرد • هەرچی چرای نەوت لە دێیەکە هەبوو هەموویان هێنابوە سەربانی هەڵپەرکێ • چاومان لە جولانەوە و هەڵپەڕینی پیاوەکان بوو شان بە شان وەك شەپۆلی ئاو بەرزدەبوو و نزم دەبوەوە • دێیەکە لە تاریکی نوقوم بووبوو • لە ئاسمان حەوتەوانە دەدرەوشایەوە • حەوتەوانە وەکو لە ناوەکەی دیارە حەوت هەستێرەیە • ئەمە یەکێ لە وشە کوردییەکانە کە لە سەرەتادا فێری بووم •

بەڵێ ئیمساڵ هاوینم نەبوو • ئەوەی کە بینیم و تێدا ژیام ئەو هاوینە نیە کە ئێمە لە دێنمارك تێی دەگەین • لە پاشان لەگەڵ ئەم جۆرە هاوینە دەبێ تۆ ئاگات لە خۆت بێ • چونکە ئەمە هاوینێکی سەیر و خراپە • نابێ تۆ لەگەڵ ئاگر یاری بکەی •

هەواڵنامەی کتێب

وێنەی خـانووی شێخ لە تۆپزاوە

— ٢ —

ئەوا بووکەکە هـات

لەکاتی مانەوەم لە کوردستان توانیم سێ شایی ببینم • بەڕاستی تەنیا بە نیوەچڵی چوومە شایی یەکەم ، چونـکە ئەو دەمـە هێشتـا لـە نـاو ئەندازیارەکانی ئینگلیز دەژیام لە دووکان • کۆمەڵـەی ئەندازیـارەکانی ئینگلیز و فرانسز لە ناوەڕاستی کوردستان لە دووکان پێکەوە وەکوو لـە دێیێکی ئەورووپا بن دەژیان • شاخ لە هەموو لایێ دیار بوو • لەسـەر سەکۆ پانەکانی ئەم شاخانە دیهاتی بچووك بچووك هەبوون کە دانیشتوەکانی لە خانووی قوڕا دەژیان کە سەربانەکانی تەخت بوو • دێهـاتی کورد وەك چاوێك وان نیوەی کرابێتەوە • تەماشای دەکرد و نیوەی قووچابێ • ئەم دێهاتە تەنیا لە لاییکەوە دەبینرا • لە لایەکانیتریەوە تێکەڵی ئەو رووزەمینە Landsepe دەبوو کە خانوەکان لە گڵەکەی دروست کرابوون•

کە بە پاس تێدەپەڕیم لەڕێگا دێیێك خۆی پیشاندەدا و دەردەکەوت لـە جێگایێك کە پێش دەقیقەیێك تەنیا گرد و زوورك و هەڵەت هەبوون •

لە دووکان من سەرسام دەبووم چۆن ئینگلیزەکان توانیویانە دەورەی خۆیان تەواو وەك نیشتمانەکەیان لێ بکەن : باغاتی گوڵ ، زەوی تـەنس ، خۆراکی ئینگلیز ، رابواردنی نـاو نـادی ، بەرگی پاکی ئوتـوودراو و ویسکی تەزیو ••• هتد • ئەمانە هەموو وەك شوورەیێکی بەرز جیـای دەکردنەوە لە کوردستانی دەور و پشتیان • لە دووکان شەو هەتا بەیانی ئەلەتریك دەسووتا • شەو هەتا بەیانی دەنگی حەسحەسی چەکدار دەهات کە بەناو ڕێگا زیخاوییەکاندا هاتوچۆیان دەکرد • کە ئیش دەسـتی پـێکرد سێ ساڵ لەمەوپێش گوایا هەندێ کەس لە گوندەکانـەوە تەقەیـان لـە ئەندازیارەکان کردبوو •

کرێـکارە کوردەکان :

لە دێهاتی دەور و پشتی دووکان کرێکار دەدۆزرایەوە بۆئەوە کە لـە پرۆژەی دروستکردنی بەستێنەکە ئیش بکەن • ئەمـە پرۆژەیێـکی زۆر زەلام و گەورەیە بۆئەوە کە بناوانێك لە پشت بەستێنەکە بێتە کایە کە خوا دەبوایێ بیکردایێ • بۆ باغچەی گوڵ و کاری ناوماڵیش رەنجبەری تێرینە بە کرێ دەگیران •

لەبەر ئەوە کە ئافرەتانی کورد ــوەکوو هەموو ئافرەتێکی موسوڵمانــ حەز ناکەن بۆ ئەورووپایی ئیش بکەن ، ئەمـان دەربەسـت بـوون بـۆ سەرپەرشتی باغچەکە و ئیشی ناوماڵ تێرینە بە کرێ بگرن • ئەو پیاوانـە کە لە دروستکردنی بەستێنەکە کاریان دەکرد بەرگی رەنجبەری ئەورووپایان دەپۆشی • لەپاشان کە لە دووکان دوورکەوتمەوە و چوومـە تۆپـزاوە ، هەندێ جار بۆ سەردان کە دەهاتمە دووکان گەنجێکی لادێیی جوانکەلـە

که له تۆپزاوه به بەرگی کوردەواری دیبووم ، لەوێ بە بەرگی چاکەت و پانتۆلی چلکنی فیتەرچی‌یێك بە زۆر دەمناسییەوە • ئەو فیتەرچیە کە کوڕی شێخ بوو له ماڵەوه بە مرۆڤێکی پیرۆز تەماشا دەکرا و بە ئەندامی بنەماڵەیێك دەژمێررا که پشتاو پشت حوکمی دەکرد • بەڵام له دووکان رەنجبەرێك بوو رۆژاورۆژ وەستایی خۆی دەفرۆشت • ئەوی بایەخی دەدایێ له ناو کوردان شەرواڵ و مرادخانیەکەی نەبوو ، بەڵکو بنەماڵەکەی بو • یەکێ له بنەماڵەیێکی ناسراو و نەوەی چەند کەسێکی ناسراو و دایکی له بنەماڵەیێکی بەناوبانگ بێ ئیتر عالەم رێز و حورمەتی لێ دەگرێ • کە یەکێك له بنەماڵەیێکی بەناوبانگ بێ له میوانداری ، باش ژیانی ناوماڵ ••• ئەو کەسە لە ناو کوردەکان بە باش و بەرز ناو دەردەکا • ناوبانگی باش و پەیوەندییەکانی بنەماڵە واتا خزمایەتی ، ئەمانە شتی به نرخ بوون لەو دێیە که تێدا دەژیام ، ئەمانە پارەیێکن لەوێ دەچێ •

شایی و هێنانی بووك

چەند رۆژێ پێش ئەوە لە گوندەکە بڕیم چوومە شایی‌یێك • من چەند جارێ سەرمدابو لەو ماڵە کوردە کە بڕیارمدا لەگەڵ ئافرەتەکانی بژیم و چەند جارێ لەوێ نانم خواردبوو • لەبەر زانینی کەمم که بە کوردی قسە بکەم داخەکەم نەمتوانی بە خۆشی و باشی سوپاسیان بکەم • کوڕی ماڵەکە – کە تۆزێ ئینگلیزی دەزانی – پێی‌گوتم شایی‌یێك دەبێ و بووکەکە لە گوندێکی‌ترەوە – کە نەختێ دوورە – دەهێنرێ • کۆمەڵێك ئۆتۆمۆبیل خزم و کەسوکار دەبەن بۆ هێنانی بووکەکە و بەڵێنی دامێ لە یەکێ لە ئۆتۆمۆبیلەکان جێگام بۆ دانێ •

لەگەڵ ئەوەشدا لە عیراق رێگای ئۆتۆمۆبیل کەمە ، ئۆتۆمۆبیل زۆرە•• هەرچاوم بە ئۆتۆمۆبیل دەکەوت پڕ بوو لە پیاوی سەر بە مشکی و ئافرەتی

عەبادار • بۆ هێنانی بووکەکە چەند ئۆتۆمۆبیلێکیان تاقیکردەوە کە بتوانێ بە هەورازەکەی دێیەکەدا سەرکەوێ، بەڵام بێجگە لە لەندرۆڤەر هیچیان نەیتوانی بە باشی و رەحەتی سەرکەوێ •

داخەکەم من نەمتوانی لەگەڵ خەڵك بۆهێنانی بووکەکە بچم • چونکە من لە خوارەوە لە دووکان چاوەڕیم دەکرد • بەڵام کە ئۆتۆمۆبیلەکان سەعات شەشی بەیانی لەوێوە تێپەڕین هەموو پڕ بوون ، تەنانەت هەندێ کەس لە سەربانی ئۆتۆمۆبیلەکان دانیشتبوون • لەپاشا زانیم کوڕی ماڵەکە نەدەبوایێ بەڵێنیوای بە من بدایێ ، چونکە من ئافرەت بووم و دەستووری ئێرە ئەوەیە تەنیا پیاوان بۆ هانینی بووك بۆ ماڵی باوکی دەچن •

لەناو ئەو خەڵکە کە بۆ هێنانی بووکەکە چوون لە هەمووی سەیرتر کوڕە شێتەکەی ئاوایی بوو کە هەرزەکارێکی بەسەزمانی بێوەی بوو • جارێکیان کە شێتی دەیگرێ هەموو دانەکانی خۆی هەڵدەکێشێ • لەبەرئەوە ئێسکێکی سەیری هەبوو لەبەینی پیرێژن و منداڵی ساوا •

کە پیاوەکان بووکەکەیان هێنا ، منیش لە دووکانەوە بە پێ هاتمە خوارەوە ، پێڵاوەکانم داکەند و دامە ناو ئاوە تەنکەکەی خوار ئاوایی و سەرکەوتم بۆ دێیەکە • من لە ماڵی خانەخویکەم چاوەڕیم دەکرد • بەڵام پیاوەکان بە ئۆتۆمۆبیل بووکەکەیان بە رێگایێکی دوورەوە هێنا و سواری ئەسپێکی سپیان کرد • لە دوورەوە چاوم لێ بوو پەچەیێکی سوور و زەردی دابوە سەریا •

بەڵام من بەختم هەبوو لەگەڵ ئەورووپاییەکانی سەر پرۆژەی دووکان و دکتۆرەکەی نەخۆشخانەی دووکان بۆ نانی شایی بانگ کرام •

لەسەر سەربانە قوڕەکەی ماڵی زاوا فەرش و بەڕە ڕاخرابوو •

خواردنەکە بریتی بوو لە پلاو و گۆشتی مەڕ و ماستاو و چـای • قاپەکان هەموو خرابوونە سەر سینی گەورە گەورە و پیاو خزمەتی دەکرد • لـەو ناوە هیچ ئافرەتێ دیار نەبوو • بۆ ئێمە ئەورووپـاییەکان و دکتۆر مێز و کورسی لەسەر سەرباتێکی نزیك دانرابوو • لەپێشا دەبوایـێ دەسمـان بشۆرین • ئێمە چینجکمان دادەدا و یەکێك بە مەسینـە ئـاوی دەکرد بـە دەسمانا و ئاوەکە لەناو لەگەنێکی مس کۆدەبوەوە • لەپێشـا ویستمان وەك خەڵك بە دەس نان بخۆین ، بەڵام پاش تاقیکردنەوەییەکی کورت زوو وازمان لێ هێنا • چێشتەکە وەکوو هەموو شێوێکی کوردەواری خۆش و بەتـام بوو • ئەو دەمە سەرەتای هاوین بوو ، لەبەرئەوە پێمان دەکرا نیوەڕۆ لـە دەرەوە لەژێر هەتاو دانیشین •

هەڵپـەڕکێ :

ئێمە هێشتـا لـە خواردن نەبووینەوە پیـاوەکان هەڵپەڕکێیـان دابەست و لە جێگایێکی بەتـاڵ دەسیانکردە هەڵپەڕین • دەس لەناو دەس شان بە شان نیوە جغزێکیان دروستکردبوو ، بە هەڵپەڕین لە ناوەڕاستی جغزەکە نزیك دەبوونەوە و دووردەکەوتنەوە • هەندێ کەس بۆ گۆرانیبێژ و شمشاڵ و دەهۆڵ لێدەر پارەی فڕێدەدا و هەتـا پـارە فڕێدان بمـایێ هەڵپەڕکێ دەوامی دەکرد •

چووین بۆ بینینی بووك

لەپاش خواردن ئافرەتە ئەورووپاییەکان ئیزن دران بچـن بووکەکە ببینن • ئێمە لەسەربانە بەرزەکەوە زۆر بـە ناخۆشی هاتینـە خوارەوە • چونکە لە باتی پێپیلکە تەنەکەیێکی بەتاڵ دانرابوو کە دەجوولایـەوە • بووکەکەیان بردبوە ژوورێکی بچووکی تاریکەوە لەو خانوە کە پیاوەکان نانیان لێ خوارد • لە زەوی لەسەر دۆشەگێك دانیشتبوو و پشتی لە کوێك

بوو له دیواره ئەستوورەکە کە لە خشتی کاڵ دروستکرابوو و پەنجەرەکەی شووشەی تێنەخرابوو • منداڵان بە سەرە خڕەکانیانەوە بە سەیرو خۆشیەوە تەماشایان دەکرد • بووکەکە لە بەردەممان هەڵسا و هێشتا پەچە ئـاڵەکەی لەسەر بوو • کەوایێکی درێژی سـوورمەی سـوور و زەرد و زیورەنـیگی لەبەربوو • وا دیار بوو دەستووری دەس گوشینی نەدەزانی و تێنەدەگەیشت چۆن بیکا• لە ژوورەکە دوو ئافرەتی‌تریش هەبوون• یەکێکیان خەریك بوو چای ئامادە دەکرد• ئەوەندە بە خشڵ خۆی رازاندبوو، لەدەمی چای تێکردن، چای هێنان یان پیاڵە شۆرین خڕەی بازنگەکانی دەهات • ئێمە ـ ژنـە ئەورووپاییەکان ـ لاقە ناشیرینەکانمان خستە ژێرمان و لەسەر دۆشەگ بۆی دانیشتین • چـای و جغارەیان بۆ هێنایین • لە تاقێك رادیۆییێکی ترانسستەر کرابوەوە و خرابوە سەر بڵاوکردنەوەی کوردی بەغدا و بە بێ‌ئەوە کەس ئاگای لێ‌بێ و گوێی لێ‌بگرێ هەر بۆ خۆی هاوار و قڕەی دەکرد • من ناچار بووم رادیۆکە داخەم •

سەنووقی بووکێنی لە قوژبنێك دانرابوو ، وا دیاربوو لە بـازاڕی سولەیمانی لە دار تەختەی سـەنووقی چـای و سـابوون و شـتی‌تری دروستکرابوو • چونکە وشە و وێنەکانی بە پیتی ڕەش هێشتا لەسەر بوو• سەنووقەکە پڕی بەرزی هەبو و پێشەوەی شووشە بوو کە بە وێنەی گوڵ، مێوەو گیانلەبەری باڵداری پیرۆزی ئیسلام (بوراق) ڕازابوەوە • وێنەکان رەنگی منداڵانەی ئاڵ ، لیمۆیی و شینی هەبوو • منداڵێك یان پیکاسـۆ Picasso لەوە باشتری نەدەکرد •

بۆیان گێراینەوە بووکەکە جارێکی‌تریش شووی‌کردوە • بەڵام زاوا بۆ هێنانی مارەیی‌یێکی زۆری‌دا • گوتیان بووکەکە تەمـەنی ٢٦ سـاڵە و ئەمەش نەختێ زۆرە بۆ بووکێك •

لەپاشان پاش نیوەڕۆ ئەسپە سپیەکەی بووکم دی کە زینـەکەی و

لبادەکەی ژێری ڕازابوەوە • لاوێك سواری بووبوو دەیبردەوە ئەگەر سەرو مشکیەکەی و پشتوێنە ئەستوورەکەی نەبوایێ من وام خەیاڵ دەکرد ئــەوا سەدەکانی ناوەندە بەسەر ئەسپەوە بە چوارناڵە تێدەپەڕی •

لەپێشدا دوو حەفتە بێ‌تەرجومان بووم

ئەمە ئەو گوندەیە کە لەوێ لە ماڵی شێخ نزیکەی مانگێك مامەوە • نزیکەی دوو حەفتە لەوێ بەتەنیا بێ تەرجومان (واتا وەرگێڕ) ژیام • چۆن ئەو ماوەیە توانیم لەگەڵ ژنەکان بدوێم و ڕابوێرم ئێستاش سـەرم لـێ سووڕ دەمێنێ و خەڵکیش کە بەمەیان زانی واقیان وڕما • بەڵام من دەتوانم بڵێم نەزانینی زمانی یەکتری هیچ جارێ نەبوە کۆسپ و تەگەرە لەبەینمان و بە هیچ جۆرێك نەبوە هۆی ئەوە لەگەڵ یەکتریا بە خۆشی نەژین و پێکەوە ڕانەبوێرین • من چەند وشەیێکی کوردی فێر بووم • بەهۆی ئەو وشانە و نیشانەوە (واتا ئیشارەتەوە) توانیمان لە یەك بگەین • ئێستـاش قسـەی دێنمارکی (سۆ سۆ So So) واتا (وەهایـە ، وایـە) لـە گـوێ دەزرنگێتەوە کە دایك و کچ فێری بووبوون و دەیانگوتەوە •

دێتە بیرم جارێکیان لەگەڵ دایك و کچ چووینە ناو ڕەزەکان کە لـە سەرەوەی دێیەکەن • ئەمە گەڕانێك بوو بەدەگمەن دەمانکرد • لـەوێ لەسەر شاخ پێم هەڵخلیسکاو بەسەر دەمما کەوتمە ناو بەردو دەمم خوێناوی بوو • دایك و کچ هەردوکیان زوو پێم گەیشتن ، هەڵیانگرتم و دەمیـان پاك کردەوە و دانەکانیان ژماردم • لەپاش ژماردن گوتیان «خێر بوو ، خێر بوو • شوکری خوا دانەکانت هەموو ساغ و تەواون و تێك نەچوون » لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆری قسەکانیان تێ نەدەگەیشتم ، هەستی گەرمی دڵچاکی و خۆشەویستیانم کرد • بەڵی بە دوو زمان قسەکردن ناخۆش و گران بوو ، بەڵام ئێمە دەمانتوانی تەنیا باسی شتی ماددی بکەین ، شتیوا کە بە دەس بگیرێ و بە چاو ببینرێ • قسەکردن لەبابەت شتی قوولەوە وەك بیر (فکر)،

ڕەوشت و دەستوور دواخرا بۆ ئەو ڕۆژە باشترانە کە ئافرەتە تەرجومانەکەم پەیدا کرد و هاتە ناو ژیانمەوە •

هاتنی تەرجومان

ناردم بەدوای تەرجومانەکەما لە سولەیمانی و ئەویش لەگەڵ براییك و شووبرای هات • براکەی بۆ ئەوە هاتبوو لەگەڵ خوشکەکەی بمێنێ • شووبراکەیشی بۆ ئەوە هاتبوو تەماشای بارو شوێنی ژیانی ژنەکە بکا • خانەخوێ لە سەرەتاوە دوو ژووری بۆ من تەرخانکرد ، ئەو ژوورانە کە لەپێشدا بۆ میوانی پیاوان دروستکرابوون • لەبەینی هەردوو ژوورەکە دالانێك هەبوو کە کولەکەی داری سپیدار بنمیچەکەی راگرتبوو • ئەم دالانە هاوینان بۆ نووستنی مێوان تەرخانکرابو • ئەم بەشەی خانوەکەی شێخ جیاواز بوو لە ڕێگاوە ڕاستەوخۆ مرۆڤ دەیتوانی پێی بگا • کە ئێواران دەرگا دارینەکەی حەوشە دادەخرا ، ئیتر ئەم دو ژوورە بەجارێ لە خانوەکە دادەبڕرا و بارێکی تایبەتی وەردەگرت • خانەخوێ یەکێك لە چارپایە ئاسنینەکانی هێنا بۆ نووستنی من، چونکە هێشتا فێری ئەوە نەبووبووم لە سەر بان بخەوم • تەرجومانەکەم و براکەی چوونە ژووری دووەم • ئەمان نوێنی خۆیان پێ بوو • دۆشەگەکانیان لەسەر زەویە چیمەنتۆکە ڕاخست و بە لێفە دەنووستن • شەوان شووبراکە لە هەمان ژوور لەسەر تەخت دەنووست • ئەمەش لەناو موسولمانەکان ڕەوایە و دەشێ ژنێك لەگەڵ شووبرای لە هەمان ژووردا بنون ، چونکە مەحرەمی یەکترین و لە یەك مارە ناکرێن •

شایی دووەم

لەپاش ماوەیێك شاییێکیتری لە ئاوایی ڕێکخرا بەڵام ئەمجارە باری من (واتا وەزعی من) لە کاتی شاییەکەی پێشوو تەواو گۆڕڕابو • ئەمجارە

پێویست نەبوو من لەگەڵ ژنە ئەوروپاییەکان لە سەربان دانیشم و بە دانیشتن لەسەر کورسی نانەکەم بخۆم و تەماشای هەڵپەرکێی پیاوەکان بکەم • ئەمجارە من بووبوومە ئەندامێك لە ماڵێکی کورد ، ماڵی هەرەبەرزی ئاوایی • ئەمجارە لەگەڵ ئافرەتانی ئەم خێزانە دایك و کچ و تەرجومانەکەم توانیم لە بەرچاو هەموو ژنانیتری بچمە لای بووکەکە • ئێمە وەك بەرزترین ئافرەتانی ئاوایی بەخێرهاتنمان لێ کراو تەرجومانەکەو من لە خۆشیا بست بست باڵمان دەگرت • لە ماڵی شێخەوە بە پێ چووینە ماڵی بووك • ڕێگاێکی تایبەتی نەبوو • ئێمە کە باشترین و جوانترین بەرگمان پۆشیبوو دەرپەست بووین بەناو بەردو خوڵی گەڵیێکا برۆین کە لە دەمی زستاندا ئاوی پێدا دەڕۆیی • پێپیلکەکان کە ئێمەی دەگەیاندە ماڵی بووك هەر ناوی پێپیلکە بوو ، بە تۆپەڵە قورو بەرد ، خوارو خێچ ، بەرزو نزم دروستکرابوون • بەسەریا چووین ، بەتایبەتی بە تاریکی ، زۆر ناخۆش و بەتالووکە بوو •

هەرچۆنێ بێ ئێمە بە سەلامەتی گەیشتینە نهۆمی دووەمی خانوویێك کە بووکەکەی لێ دادەبەزێ • ژوورەکە وەکو زۆر ژووریتری دیهاتی کورد دیواریکی نەبوو واتا پێش خان بوو نە کونی لێ بوو نە پەنجەرە • بەڵام ژووریکی فێنك و بەسێبەر بوو لە تەنیشت سەربانی ژوورەکانی نهۆمی یەکەم بوو • دەرگای خانوەکە لە خوار ئەو سەربانە بوو کە دەگەیشتە ئەو نهۆمە • لێرە گوندەکە لەسەر زەوییێکی لێژ دروستکرابوو • خانوەکانیش — بە بێ پلان — یەك لەسەر یەك بوون ، سەربانی خانووی خوارەوە دەبێتە پێشی خانووی سەرەوە •

کەرەستەی خانوو لە کوردستان وەك باکووری ئەورووپا لە ڕووی زەمین وەردەگیرێ • خانوەکان هەموو بە خشتی کاڵ دروست دەکرێن و بە قوڕ ماڵە دەدرێن • لەبەرئەوە خانوەکان ، گۆزە و شەربە قوڕینەکان کە بە دەس بە بێ چەرخ دروست دەکرێن لەگەڵ دیمەنی رووی زەمینی ئەو

ناوه فەرق ناكرێن • دیوارو سەربانەكان هەندێ جار خوارن • لە بەینی ڕیزە خانوەكان ڕێگای تەسك و خوارو خێچ هەن كە بەردەلانین و مرۆڤ زۆر بە ناخۆشی دەتوانێ پێدا هەڵکشێ و لە دەمی زستانا ئاوی پێدا دەڕوا •

ژووری کۆبوونەوەی ژنـان

یەکێك لە ژوورەكان ــ وەكو لەپێشەوە گوتم ــ دیوارێکی نەبـوو واتا پێش‌خان بوو • زەویەكەی بە فەرش داپۆشرابو و بە قەراغ دیوارەكانیا دۆشەگ راخرابوو • ژوورەكە لە ژن و منداڵ جمەی دەهات • ژنـەكان بە چوارمەشقی یان لەسەر لاقیان دانیشتبوون و هەریەكە جێگایێکی زۆر كەمی گرتبوو • ژمارەیان وابزانم لە پەنجای تێپەڕ کردبوو ، بەڵام هێشتا بۆ کۆرپەكانیان جێگا مابوو ، ئەو کۆرپانە كە هاوڕێی نەبڕاوی هەمـوو کۆمەڵە ژنێکن • لەپاشا منداڵ و ساوا لێرە جێگا ناگرن : لە کۆشی دایکیان دادەنیشن یان لەبەر مەمکیانـن • هەندێکیانیش لەناو ئافرەتەكان جێگایان بۆ خۆیان دۆزیبوەوە و سەرەتاتکێیان بوو •

كە چوومە ژوورەوە زانیم دوو ئافرەتەكەی ماڵەكەم بێ‌گومـان لـە چینی بەرزی دێیەکەن • ئەمە لە بەرگەكەیان دیار بوو • بۆ ئەم شایییـە خۆیان باش پۆشتە کردبوو • لای من بەرگی هەموو ڕۆژەی ئاوایی لـە پۆشەکی پەرداخی سولەیمانی باشترە • کراسەكان وەك هی تەرجومانەكەم لە تووڵی سورمە کرابوون كە لە سولەیمانی کڕرابوون و بەپێی تازەترین مۆدە بوو ، بەڵام لە تووڵە تەنكە ڕووناكەكەوە كە تەواو دیودەر (واتا شفاف) بوو شەرواڵەكانیان دیار بوو و هەستی ئەوەم دەکرد تەنیـا نیـوەی لەشیان داپۆشراوە • ئەم مۆدە شارستانیە هەموو جۆری پۆشەکی کوردی گۆڕی• بەڵام ئەمە لە شاری سولەیمانی بە جوانترین و لایقترین بەرگ دادەندرا •• تەرجومانەكەم بەپێی تازەترین مۆدەی سولەیمانی خۆی پۆشیبو و هەردو ئافرەتەكەی ماڵەكەم چاویان لێ کردبوو •

ئـافرەتەکانی هاوڕێم :

ئەم سێ ئافرەتە کە لەگەڵما بوون بە بەرگە جوانەکانیان کارێـکی زۆریان کردە ژنانی دێیەکە. لەپاشا ئەمان لە خەڵکی دێ سپیتر بوون. دایك و کچ هەردوکیان سپی بوون چونکە لە دەرەوەی ماڵ کاریان نەدەکرد کە تینی هەتاو بۆریان کا . بەڵام پرچ و چاویان ـــ وەکوو ژنانی‌تری ـــ تەواو ڕەش بوو .

ئەم دوو ئافرەتە لە ماڵەوە لە حەوشە نانیان دەکرد و چێشتیان لێ‌دەنا و بەهاران کە ڕان دەهاتەوە حەیوانیان دەدۆشی . بەڵام هاوینان کە ڕانەکە دووردەخرایەوە و شوان دەیبرد بۆ ناوشاخ ، ئیتر ئەم دوو ئافرەتـە وەك ژنانی‌تری بۆ دۆشینی مەڕو بزن نەدەچوون . ئـەم کارە سپێررابوو بـە کچێکی بەردەست . لەپاشان ئەم دوو ئافرەتە وەك ژنانی‌تری ناو دێ لەگەڵ کەرو پاچ بۆ سووتەمەنی کۆکردن بۆ شاخ نەدەچوون . ئەمەش ئـەرك و فرمانی (واتا وەزیفەی) کچە بەردەستەکە بوو. ئەمە ئیشێکی زۆر قورس بوو، لەژێر تینی رۆژا ٥ ـــ ٦ سەعاتی دەخایاند . لەپاشا ئەم دوو ئافرەتـە وەك ژنانی دیکەی ناو دێ دەسیان نەدەدایە جووت و درەو ، گەنمی درەوکراویان کۆنەدەکردەوە و بۆ خەرمان نەیاندەبرد . زەویەکانی شێخ ئایا دێم بێ گەنم و جۆی تیا بوەشینرێ ، یان بەراو بێ توتنی تیا بکرێ ، لەلایەن مسکینەکان و ژنەکانیانەوە جووت دەکران و لەپاشا بەرهەمەکە کۆدەکرایەوە . شـێخ خاوەنی ئەو دێیە و چەند دێیێکی‌تری بوو . ژن و کچەکانی لـە خەڵکی‌تـر باشتر دەژیان ، خەریکی ئیشی بەر هەتاو نەدەبوون ، لەبەرئەوە رەنگیـان سپیتر و دەسیان نەرمتر بوو .

ئەم دوو ئافرەتە بەدەگمەن ماڵیان بەجێ‌دەهێشت . بەڵێ هەندێ‌جـار بۆ کۆکردنی پیازو سەوزەی‌تری دەچوونە نزیکترین باغ . جارێکیانیش ـــ کە لەپێشدا باسم‌کرد ـــ چووین بۆ ناو رەزەکان لە قـەدی شـاخ بـۆ

کۆکردنی گەڵا مێوی ناسك بۆ لێنانی یاپراخ • بێجگە لەم ئیشانە هەمـوو دەمێ لە ماڵەوە دەمان •

ئافرەتەکانی هاورێم لەناو ژنەکان ئاشکرا دیار بوون : کچی شێـخ لەبەر جوانی ، دایکی نەك لەبەر زەلامی لەش لەپاش پێنج منداڵ ، بەڵـکو زیاتر لەبەر خشڵە زۆرەکەی کە خۆی پێ رازاندبووەوە • پارچە پارچـەی زێر نرخیان لە سەد دینار زیـاتر لە فێسە سـورمەدارەکەی شـۆڕبووبوە خوارەوەو زنجیری زێری ژێر چەناگە کە فێسەکەی رادەگرت • بێجـگە لەوە ملوانکە و بازنگ و شتی ئابابی‌تری لە خۆی دابوو •

ژورەکە لە ژنـان جمەی دەهات

ژورەکە پڕ بوو لە ژنان ، بەڵکو لە ژنان جمەی دەهـات • زاوا کـە کوڕێکی لایقی ٢٥ ساڵان بوو رانك و مرادخانی لەبەر بوو و کڵاوێـکی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر نابوو ، هات و بەخێرهاتنی لە هەموان کرد • دایکی ئافرەتێکی پەككەوتووی کۆنی بێ‌دان بوو • تەمەنی لەوانەبوو لە ٤٥ سـاڵ تێنەپەڕێ و ڕەنگی وەكدار بەڕوو رەشتاڵە بو • لەگەڵ ئەوەشدا هـاتبوە شایی کوڕەکەی و بەرگی سادەی پۆشیبـوو • مێردەکەیشی کە ڕەنـجو زەحمەت‌کێشان زوو پیری کردبوو ، زۆر بە سـادەیی خۆی پۆشیبـوو • ئەمیش دانی نەمابو و لە تەمەنی خۆی پیرتر دیار بو • لەسەر یەکێ لـە دۆشەگەکانی قەراغ دیوار باشترین جێگا بە ئێمە درابو و لە تەنیشتمانەوە جێگا بۆ بووکەکە دیاری‌کرابو • تەپلەکێکی بچووکی جغارە لە پێشمان بو و بە ئیستکانی زێرین ــ کەوا دیـار بوو لـە بۆهمیـە Bohemia دروست‌کرابو ــ پەیتا پەیتا چاییان بۆ دەهێناین • ئافرەتێکی بچووکی پانزە ساڵانی شووکردووی سووكو شیرین خەریك بوو ، بە بێ‌دەنگی و لەسەرخۆ دەجوولایەوە ، چای دەهێناو ئیستیکان و ژێر پیاڵە بەتاڵەکانی دەبردەوە •

سەروپێچێکی زلی لە سەر نابوو و سەرپۆشێکی سپی دادابووەوە بەسەریا • وەك ئافرەتێکی بەویقار دەجوولایەوە و لەوە ورددەبووەوە کێ هێشتا چای شیرینی قورسی تەواو نەخواردوەتەوە • کەوایێکی درێژ و شەرواڵێکی زلی پۆشیبو و بەخۆشیەوە ، بە بێ ئەوە لە کەس بکەوێ لەناو حەشاماتـەکە ، ئیشەکەی جێبەجێ دەکرد • کۆمەڵێك لە کچی هەرزەکار دەورەی کچـی شێخیان دابوو • هەموو بەرگی جوانیان پۆشیبوو ، بەڵام لە بەرگەکـەی ئەو جوانتر نەبوو • هەموو لە چاو کچی شێخ ڕەشتاڵە بوون ، ئەو کچـە کە بەدەگمەن لە دەرەوەی ماڵەکەی دەبینـرا • ئەمانە بەهۆی ئەم شاییەوە یەکیان گرتبو ، پسە پسیان دەکرد و پێکەوە پێدەکەنین •

جێگایێك بە من درابوو لەسەر دۆشەگەکە لەتەنیشت ئەو جێگایە کە بۆ بووکەکە دانرابوو • جارێکیتری من حەزم دەکرد لاقـم نەبوایێ یـان ئەوەندەی ژنە کوردەکان نەرم بوایێم و بمتوانیایێ وەك ئەوان لەسەر لاقم باش دانیشم • من جێگای دوو کەسم گرتبوو پەیتا پەیتا بەملا و ئەولادا خۆم دەچەماندەوە بۆئەوە کە کەمتر جێگا بگرم و نەختێ بە ڕەحەتی دانیشم •

ژنان لە دێهاتیتریشەوە هاتبوون • ئەمانە لووتەوانەیـان لـە لووت کردبوو و روویان بە خاڵ یان هێڵ (واتا خەت) کوتابوو •

هەموو ژنەکان بەرگی زۆریان پۆشیبوو • لەسەر کراس و کەواوە سوخمە یان چاکەتیان لەبەرکردبوو • شەرواڵە زلە فراوانەکانیـان کە لـە خوارەوە گورمیلە دەبوو پارچە جلێکی زۆر گەرم بوو •

ژنە مارەکراوەکان فێسیان لەسەر بوو کە بەهۆی چەند سەرپۆشێکەوە دەورە درابو • پەچەی سەر کە لە سەرەوەی هەمـوو بوو گەرمی زیـاتر دەکرد •

من کە لێیان ورد دەبوومەوە و ئارەقە دلۆپ دلۆپ بەسـەر ڕوومەتمـا

دەهاتە خوارەوە لە دڵی خۆما دەمگوت «نازانم چۆن لە گەرما نامرن ! » لەگەڵ ئەوەشدا من نە شەروالی درێژم لەبەر و نە سەرو پێچی زلم بەسەرەوە بـوو •

دواکەوتنی بووك

هاتنی بووك دواکەوت • دەبوایێ ئەو لە سولەیمانیەوە بـۆ تۆپژاوە ڕێگاییێکی دوور ببڕێ • هێشتا ئەو مێردەکەی دوارۆژی نەدیبو ، ئەمیش هێشتا بووکەکەی نەدیبوو • تەماشامکرد شتێکی بچووکیان خستە ژێـر ئەو دۆشەگە کە بووکەکە هات ، لەسەری دائەنیشت • شتەکە بریتی بـو لە نەختێ هەنگوین کە بە نانی تیری پێچرابوو • مەبەست لەمـەش ئەوەبـوو بووکەکە وەك هەنگوین شیرین بێ • ئەمە دەرمانێکی کۆنی کوردەواری بوو ، تاقیکرابوەوە و هەموو جارێ ڕاست دەردەچوو •

کات ڕابوورد و ڕۆژ کەوتە درەنگی • لەگەڵ ئەوەشـدا پەیتـا پەیتا چایمان دەخواردەوە و تەواو برسیمان بوو • سەعات دوو نیو بو و ئێمـە لە سەعات حەوتو نیوەوە لەوێ بووین •

ناتوانم بڵێم من وەرس بووم • بەخۆشیەوە تەماشای ڕاست و چـەپم دەکرد • بەرگی جوانی ڕەنگاوڕەنگی منداڵانی بەرمەمکەم زۆر پێ سەیر بوو • کوڕە بچووکەکان جلی شەوی خەت خەت ، کچە بچووکەکانیـش جلی بچووکی ژنانەیان لەبەر بوو • لەبەرئەوە بۆ مـن زۆر شـت هەبوو تەماشای کەم •

گەیشتنی بـووك

لەدواییدا وا دیار بوو شتێك ڕوودەدا • دەنگە دەنگ پەیدا بوو و ریزێك خەڵك لە سەربانەکەی سەر دەرگا خۆیان دەرخست • قەمەرەکان کە بووك و ئەو پیاوانەیان تێدا بوون کە لە سولەیمانیەوە لەگەڵی هـاتبوون

دەرکەوتن • ڕێگاکە خراپ و تەسك بوو • ڕێبوار و حەیوان بەئاسانی پێدا دەڕۆیشتن ، بەلاَم قەمەرە بە زەحمەت و تەنیا لەندرۆڤەر Land-Rover و پاسی بچووك دەیانتوانی بەئاسانی تێپەڕن •

بەلاَم لێرە دەستوورێکی شایی هاتە مەیدان ، ئەویش تێپەربوونی ریزێ قەمەرە بوو کە بووك و پیاوانی تێدابوو • ئەمانە بەناو چەمە وشکەکەدا تێپەرین و هەلَکشان بۆ سەر ئاوایی •

زاوا لە قەراغ سەربانەکە لەگەلَ دوو هاوڕێی ڕاوەستابوو دار گزگێکی پێ بوو خەریکی ڕێك و لووس کردنی بوو • چەند ژێکیش کەلەشێرێکیان پێ بوو • دەستوورێکی کۆنی کوردەوارییە ، کە بووك لە بەردەم مالەکەی دوارۆژی دەرکەوت کەلەشێرێك سەردەبڕِێ • بەلاَم ئێستا کەلەشێرەکە سەرنابڕن ، بەلَکو لە سەربانەوە بەسەر سەری بووکەکەدا بەرەلاَی دەکەن • کە ئەمە کرا هەموو ژنەکان هەلَدەستن و دەچنە سەربانەکەی بەردەم ژووری بووك •

هاوار پەیدابوو «ئەوە بووك هات» • هەمان دەنگی پڕئەفسوون لەگوێما زرنگایەوە کە لەلای ئێمە بووك لە کەنیسە دەردەکەوێ و خەلَك بە یەکتری دەلَێن « ئەمە بووکەکەیە » •

زاوا بە دار گزگەکەیەوە لەگەلَ هاوڕێکانی لە قەراغ سەربانەکە ڕاوەستابوو • بۆئەوە باش چاوم بە ڕووداوەکە بکەوێ منیان پێش‌خست و گەیشتمە لایان • ئەو ژنانە کە لەپشتمەوە بوون ئەوەندە پالَیان پێوە نام زۆری نەمابوو لە سەربانەکە بکەومە خوارەوە • ناچار بالَم کرد بەناو قەد ئەو ئافرەتەدا کە لە تەنیشتمەوە بوو کە ناوی (نەعیمە) بوو • نەعیمە ئافرەتی مالەکە بوو ، دایك بوو و خۆی باش ڕازاندبوەوە •

ئێمە دوو کۆنە دایك یەکتریمان قایم گرت نەك بکەوینە خوارەوە •

بەڵێ زمانی یەکتریمان نەدەزانی • بەڵام لەکاتیوادا زمان پێویست نەبــووە هەردوکمان کاتی هەرزەکاری ، عــازەبی ، بــووکینی و منداڵبوونمــان بەسەرچووبوو • لەوێ راوەستابووین بۆئەوە کە چاومان بە ئافرەتێــکی جاهێل بکەوێ کە نەك تەنیا لە پێشخانی ماڵەکەی دوارۆژی تێدەپــەڕێ ، بەڵکو دەچێ بۆ گرنگترین بەشی ژیانی •

بووکەکە لە قەمەرە دابەزی • دوو ژن ژێر باڵیان گرتبوو ، وا دیار بوو لەبەر زۆری بەرگەکەی بە گرانی دەڕۆیی • من لەژێر پەچە ئاڵەکەوە چاوم لێ بوو ، لێوی سوور کرابو • کەڵەشێرەکە بەرەڵــلا کرا و لــە سەربانەوە فڕێدرایە خوارەوە•زاوا دار گزگەکەی بە هەردوو دەستی گرت و هاوڕێکانی دوورخستەوە بۆئەوە کە ماوەی هەڵسووڕاندنی هەبێ و ئینجا بە هەموو هێزی دارەکەی هەڵسووڕاند و بــۆلای بووکەکەی فڕێیدا • لەوکاتە کە بووکەکە گەیشتە بەر خانەکە دارەکە لە سەری کەوت •

بهاتایە ئەو دوو ژنەی لەگەڵا نەبوایێ کە ژێرباڵیان گرتبوو ، بووکەکە دەکەوت • تەماشام کرد فێسێکی رەشی لەسەرە کە بە سەرپێچ پێچرابووە لەپاش چەند رۆژێ پێیان گوتم لێدانەکە توند بوو و بوە هــۆی پەنمــانی لایێکی سەری • مەبەست لەم لێدانە گوایا دوورخستنی خراپە بوو •

بووکەکە لە ماڵەوە لەناو ژنان :

هاوڕێکانی بووك بەسەر پێپیلکە قوڕینە چەوتەکانا رایانکێشـــاو سەریانخست • کە گەیشتە بەردەم ماڵەکەی هەموو ژنەکان لە سەربانەوە بۆ پێشوازی هاتن • هاوڕێکانی گەیاندیانە ژوورەکە و لەسەر دۆشەگەکە دایاننا • دایکی زاوا هات بەسەریا شۆڕ بوەوە ، دەستەکانی خستە ســەر شانەکانی و تەوقی سەری ماچکرد • ئینجا پەچەکە لابرا •

ژنان هاژەیان کردە سەری تاکو بزانن ئەم ئەندامە بچووکە تــازەیەی

دێیەکەیان چۆنە ! ئەمە بەجارێ نەیهێشت هەوای پاك بگاتە ئەم کچە بەسەزمانە کە ئەوەندەی نەمابوو لە هۆشی خۆی بچێ • خواو ڕاستان یەکی لە ژنەکان باوەشێنێکی پەیداکرد و بۆئەوە کە بێتە هۆش خۆی باوەشێنی کرد • من بە هەموو دڵمەوە لەمبارە ناخۆشە دڵگیر بووم و دڵم پێ سووتا• یەکەم زۆر زۆر لە سنوور بەدەر بەرگی لە خۆی پۆشیبوو ، دووەم سێ سەعات لە سولەیمانیەوە بۆ ئەوێ بەڕێوە بوو ، لەپاشا دار گزگەکە سەری پەنماندبوو • ئەمانە نەبوایێ بە رووخۆشیەوە دەهاتە ژووری ماڵەکەی دوارۆژی • لەپاشا کۆبوونەوەی ژنان لەسەری بوە هۆی کەمبوونی هەوای پاك و ئەوەندەی نەمابوو بخنکێ • لەسەر دۆشەگەکە خۆی چەماندبوەوە و بە جۆرێکی ناشیرین دانیشتبوو • ئەوەندە هێزی تیا نەمابوو تەنانەت ئەژنۆکانی لە یەك دوورخات و بە چوار مەشقی دانیشێت • هەندێ ئاویان دایێ بیخواتەوە ، بەڵام بەسەزمانە تەواو ماندوو بووبوو • سەیر بوو دەموچاوی کریمی زەردو سپیان لێ دابوو ، لێوەکانیشی ڕەنگی سووری تیر ، سووری رەشتاڵە • ئێسکی لەهەستێرەیێکی هونەرمەندی دەکرد کە یاریەکەی شەوی لە شانۆ تەواوکردبێ • لەپاش چەند رۆژێ دیم ، بەسەزمانە هێشتا ١٦ ساڵی تەواو نەکردبوو • دەمو چاوی جوان و رەنگی زێڕین بوو•

بەرگەکەی کە لەم گەرمای هاوینە پۆشیبووی بروا ناکرێ چەند گەرم و قورس بوو • شەرواڵە زلە درێژەکەی لە سورمەی زەرد دروست کرابوو کە نرخی گران بوو ، بەڵام کەرەستەکەی زۆر قورس بوو • لەپاشا گۆرەوی لە پێ کردبوو کە هاوینان لێرە لە پێی ناکەن • کەواکەی لە توولێکی زەردی قورس دروست کرابوو • سوخمەکەی سورمەی سەوز بوو • لەسەرئەوەش لبادێکی سورمەی سوور هەبوو • لە سەرەوەی هەموو ئەمانەش لبادێکی درێژی سورمەی شینی لەبەر بوو • ئەم هەموو شتەی لەم هاوینە لەبەر بوو کە پلەی گەرما لە ١٠٥ پایەی تێپەڕ کردبوو •

جار جار لە گەرمانا پارچە جلەکانی ژێرەوەی خۆی بەرز دەکردەوە ، بەڵکو نەختێ هەوای فێنك بگاتە ناو لەشی •

لەپاش خواردنەوەی ئاوێکی زۆر لە جامێـــکی مس کچـەکە نەختێ هاتەوە هۆشی خۆی ، دانیشت و لبادە درێژەکەی داکەند • لبادە سورەکەی ناوەوە رەنگی دابوە دیوی ناوەوەی لبادە درێژەکە • وا دیار بوو هاتنەکەی لە سولەیمانیەوە بۆئەوێ لەناو قەمەرەیێکی داخراو بوو کە وەك گەرماوێك وابوو • ئەم هاتنە چەند سەعات درێژەی کێشا بوو • کە تەماشای لبـــادە درێژەکەم کرد کە خرابوە سەر تەنافێك لە تەنشتیەوە چاوم بە سووزئەچ و شتیتری ناوماڵ کەوت • وادیاربوو بۆ ئەم رۆژە گرنگەی بووکەکەیـان ژوورەکەیان پاك نەکردبووەوە •

پاش ماوەیێك بو ئێمەی ئافرەتان چێشت هێنرا : قاپی چێشتەکــان لەسەر سینی گەورەی مس دانرابوو • چەند قاپێك قبوولی ، قاپێك شلەی تەماتە و سەوزە ، قاپێك گۆشتی مەڕی پارچە پارچە کراوو نانی تـیری • سینیەکان خرانە سەر زەوی و منداڵان زوو دەرکرانە دەرەوە • پیاوەکان ـــ هەروەکو لەم وڵاتانە دەستوورە ـــ چێشتی خۆیان زووتر خواردبوو • ئەو دەمە کاتی ژنان بوو • لەپاش ئەوان نۆرەی منــداڵان دێ • چەنـد کەسێکمان لەسەر سینیێك بەشدار بووین و هەرکەسە قـاپی تایبەتی خۆی نەبوو • لەناو چێشتە شلەکان تەنیا یەك کەوچك هەبوو ، دەبوایێ بە نۆرە بەکاریبینین • لەناو قاپی ماستاوەکەش تەنیا یەك کەوچکی دارینەی گەورە هەبوو ، دەبوایێ هەموو لەو کەوچکە بەشدار بین و بەنۆرە ماستاوی پـێ بخۆینـەوە •

نانخواردن بە کەوچك یان بە پەنجەی دەس شتێــکی رەوشــت و راهاتنە • مرۆڤ دەتوانێ زۆر بە پوختەیی و باشی بە پەنجەی دەس نـان

بخوا • کەوچك و چەقۆ و چەتاڵەکانمان چەندی پاکن ! خوا دەزانێ • لەپاش شۆرین بە پارچە خاولی‌یێکی تەنك وشکی دەکەینەوە • ئایـا ئەم خاولیانە چەندێ پاکن ؟ تۆ دەتوانی دەستەکانت باش بشۆیت و ئاگات لە تەمیزییان بـێ •

دەستەکانی بووکەکە بەهۆی کل و شیر کوترابوون • کل (ئەنتمۆنی Antimony) شتێکی کوتراوی رەشە ژنان چاویانی پێ دەرێـژن ، بەمە چاوەکانیان جوانتر دەبێ • لەپاشا سەرپەنجەکانی بووکەکە بە خەنـە سوور کرابوو • بە خەنەش وێنەی مانگ و هەستێرە لەناو لەپی دەسـتی کرابوو • لەوانەیە پەنجەکان و ژێر پێ‌یشی بە خەنە ڕەنگ کرابووبن ، وەکو پێ‌یەکانی کچی ماڵمان کە چەند جارێ بە خەنەکراوی دیومە • بەڵام ئـەم ـ وەکو لەپێشدا گوتم ـ گورەوی لە پێ بوو • خەنە ڕەنگێکی زەردی قاوەیی وەك ڕەنگی گێزەر دەدا • بە ڕاستی خەنە ڕەنگێك دەداتە پێسـت زۆر لە ڕەنگی کارەبا دەچێ •

بووکەکە کەمی خوارد و لـەگەڵ کەس نەدوا • کـە مرۆڤ لـێی ورددەبووەوە وای بۆ دەردەکەوت کە کچێکی زۆر نازدار بێ • زۆر پارچە زێری خستبوە سەر فێسەکەی و هەندێ پارچەی بچووك شۆر بووبوونـە خوارەوە ، ئەمە بێجگە لە ملوانکە و بازنگ • بووکەکە بەئاستەم کامەران دیار بوو • لەپاشان ژنان تێیان گەیاندم بووك نابێ بەخۆیەوە شانازی بکا و کامەران و کەیفخۆش دیار بێ • بەڵـکو دەبێ گران بێ و لە دوارۆژی ژیانی تازەی وردبێتەوە ، غەمی ئەوە بخوا چۆن ببێتە ژنێکی چاك و بەرێز و دایکیکی باشتر و بەرێزتر •

یەکێ لە ئافرەتەکان کە یەك چاوی هەبو و پووری بووکەکە بوو زۆر چالاك بوو • کە تەماشام دەکرد لە دڵی خوما دەمگوت وادیـارە ئـافرەتی یەکچاویش هەندێ جار جوان دەبێ • ئەم ئافرەتە خزمی دایکەکەی خانەخوێم

بوو و لە هەردولام دانیشتبوون • لەبەرئەوە بەسەر لاقەکانما دەسیان کردە گفتوگۆیێکی زۆر بەگوڕ • ئەم لاقانەم ــ داخەکەم ــ هەمیشە تەگەرە بوو لە ڕێگای باش دانیشتنم ، نان خواردن ، چای خواردنەوە و هەمــوو ئیشیکی‌تری کە لەسەر زەوی دەکرێ •

من لە پوورە یەکچاوەکە زیاتر سەرنجم دەدا لە ئافرەتی دووەم کــە لەگەڵ بووکەکە هاتبوو • ئەمە ئافرەتێکی پیرتر بوو و ــ وەکوو زانیــم ــ بۆ بەجێ‌هێنانی فرمانێکی (واتا ئەرکێــکی) گرنــگ هــاتبوو • پــوورە یەکچاوەکە دەیتوانی بۆ هەفتەیێك لە مــاڵی بووك و زاوا بمێنێ • بــەڵام ئافرەتە پیرەکە دەبوایێ بەیانی بگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و دەبوو پــارچە پەڕۆی بووکێنی لەگەڵ خۆی بۆ باوك و دایکی بووك ببا • ئەم پارچــە پەڕۆیە دەبێ نیشانەی کچێنی بووکەکەی پێوە بێ • بێتو ئەم نیشانەیــە ــ خوانەکەران ــ نەبێ ، لەوانەیە کچەکە لەلایەن بــاوکی ، بــرای یــان خزمێکی‌تری ئێرینەیەوە بکوژرێ • پیرێژنەکە دەبێ لەبەر دەرگای ژووری بووك بنوێ• چاوم لێ بوو نوێنی بووکێنی لەگەڵ دۆشەگ، سەردۆشەگ و سەنووقی بووك کە پێشەکەی شووشەی ڕەنگاو ڕەنگە ، ئەمانە هەمــوو خرانە ژووری بووك • بەرگەکانی بووك لەو سەنووقەدایە • ئەو بەرگانە و خشلەکانی کە خۆی پێ ڕازاندوەتەوە ••• ئەمانە هەموو بە پارەی مارەیی خۆی کڕاون • گوتیان ١٦ دەستەی تەواوی جلو بەرگی هەیە • بــەرگی ژنان لێرە بەپێی مۆدە نیە ، بەڵکو ــ وەکو بەرگی نەتەوەیی ئەورووپا ــ بەپێی دەستوورە • لەبەر ئەوە بووکێك لە کاتی شایی دەتوانێ ئەوەنــدە دەستە بەرگ بکڕێ و کۆبکاتەوە کە هیچ نەبێ بەشی دە ساڵی بکا • ئــەم جلانە ، خشلەکانی و تفاقی ناو ماڵی کە بە پارەی مارەییەکەی کڕاون هەموو هیی خۆیەتی و لەکاتی جیابوونەوە ــ خوا نەکەران ــ هەموو ئەم شتانــە بۆ خۆی دەمێنێ و دەتوانێ لەگەڵ خۆی ببا •

هەروەکوو لەپێشدا گوتم پیاوەکان لە زوەکەوە (لە مێژەوە) نانیان خواردبوو • ئەوانیش وەك ئێمە هەمان چێشتیان خوارد • لەپاشا دەسیان کردە هەڵپەڕکێ • لەدورەوە گوێم لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بوو• لەم شاییە من لەناو ژنان بووم لەبەرئەوە لەبابەت شایی پیاوانە هیچم نەدی•

ئەو دەمە ئیتر پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو و کاتی ڕۆیشتنەوە هاتبوو• بابەتە سەرەکیەکانی شایی تەواو بووبوو • ئیتر بەسەر پێپیلکە قوڕینە ناشیرینەکانا وردە وردە چووینە خوارەوە • بووکەکەمان بۆ دواڕۆژی خۆی بەجێ هێشت •

لەپاشا لە هاوین هەموو پیاوەکانی ئاوایی جارێکیتری بە ئۆتۆمۆبیل چوونە سولەیمانی بۆ هێنانی دوو بووکی زۆر گەنج • وادیارە لێرە هاوین وەرزی ژن‌هێنانی ئاواییە • من ئەو دەمە لەوێ نەمابووم ، چووبوومە ماڵی تەرجومانەکەم لە سولەیمانی • وا ڕێك‌کەوت یەکێ لە حەوت کچی ئەو ماڵە شووی دەکرد • لەبەرئەوە ئەمجارە نەك تەنیا لە شایی بەشداربووم ، بەڵکو لە کارو کردەوەی ئامادەکردنی تفاقێکی زورو زەبەندەش هاوبەش بووم •

ماڵێکی فراوانی کورد

لە هەندێ ماڵی کورد زۆر کەس دەژین • ژوورەکان گەورەن ، بێجگە لەوە حەوشە و سەربانیش بۆ خەوتن و نانخواردن بەکاردەهێنرێن • لە تۆپزاوە لە یەکێك لە ژوورەکانی بەشێك لە خانوەکە بووم ، ئەو بەشە کە لە ژوورەکانیتری جیاکرابوەوە • بەڵام لە سولەیمانی لەناو ماڵەکە لەگەڵ ژن و کچەکان دەژیام • لەم ماڵە هیچ ژوورێکیوا نەبوو تەنیا بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکاربهێنرێ • ئەندامی ماڵەکە وەکو ڕەوەند و کۆچەر لە ژوورێکەوە دەچوون بۆ ژوورێکیتری و هەر ڕۆژە لە ژوورێك بوون •

نە شتی ناوماڵ و نەش ئەندامەکان جێگای زانراویان هەبوو • هەرکەسە ڕۆژێ لە ژووریك نانی دەخوارد و لە ژووریك دەنووست • چێشت بۆ نیوەڕۆ و ئێوارە لە ئاگردان لێ‌دەنرا و دەخرایە سەر سینی گەورە و لەکوێ بە باش دەزانرا دادەنرا و دەخورا • هەندێ‌جار تەنیا بۆ من و یەکێ تری لە ئەندامی ماڵ وەك تەرجومانەکەم بەتایبەتی نان دەهێنرا و لەسەر مێزێك ــ کە تەنیا مێزێك بوو لە ماڵەکە ــ نانەکەمان دەخوارد • لەبەرئەوە من ژوور نەبوو نانم تیا نەخواردبێ • نووستنیش هەروەها • لە سەربان دوو چوارپایە هەبوو لەسەر یەکێکیان دەنووستم • بەڵام هەندێ‌جار لە حەوشە یان ژووری مێوان دۆشەگێکم ڕادەخست و لەسەری دەنووستم • بەڵام هەندێ جار کە ڕەشەبا هەڵی دەکرد دەربەست دەبووین لە سەربان بێینە خوارەوە • جارێکیان لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشەبا هەڵی‌کردبوو من هەر وازم لە سەربان نەهێنا • بایەکە ئەوەندە توند بوو ئەوەندەی نەمابوو من و لێفەکەم فڕێ‌داتە خوارەوە •

لە یەکێ لە ژوورەکان مێخێك لە دیوار بۆ شت هەڵواسین چەقێنرابوو و بۆ من تەرخان‌کرابو • بەڵام هەندێ‌جار یەکێ لە کچەکان ئەمەی لەبیردەچوو و شتەکانی خۆی پێوە دەکرد • لەپاشا من جانتایێکی گەورەم هەبوو شتەکانم دەخستە ناو نەمدەزانی لەکوێ داینێم و هەرجارێ لە جێگایێك قایم دەکرا چونکە هەموو ڕۆژێ ژوورەکان بۆ فێنك‌کردن ئاوەرشێن دەکران ، هەرجارێك ئەم جانتایەم لە جێگایێك ، لە قوژبنێك یان لەسەر یەکێ لە سەنووقە گەورەکان دەدۆزیەوە • ئەم سەنووقانە کلیل درابوون و کلیلیان دەکرا بە پشت سوخمەوە • لەو ماڵە گەورەیە کە ١٤ ــ ١٥ کەسی تێدابوو ئەوشتانە کە زۆر غەمم بۆ خوارد بیپارێزم کامێرەکەم و ئەو دەفتەرانە بوو کە شتم تیا دەنووسین • بەڵێ لە دیوارەکان تاق زۆر بوون ، بەڵام ئەم تاقانە بۆ شت قایم‌کردن دەستیان نەدەدا ، چونکە

لەم تاقانە هەمووشتێ هەبوو لە شووشەی دەرمانەوە هەتا بادەی ئـاو و تاسی سابوون • سەرەڕای ئەمە ماڵەکە لە منداڵ جمەی دەهات : منداڵانی ماڵەکە و دراوسێکان • لەبەرئـەوە وردە وردە جانتـاکەم سـووك کرد ، هەرچۆنێ بوو کامێرا و دەفتەرەکانم کە گرنگ بوون پاراست •

لەم مـاڵە کچێك بە شوو دەدرێ :

هەروەکوو لەپێشدا گوتم لەم ماڵە کچێك بە شوو دەدرا • لەبەرئەوە من نەك تەنیا وەك مێوان لە شـایی بەشـدار بووم ، بەڵـکو لە ئیـش و ئامادەکردنی جیازی (واتا شتومەکی) بووکیشی دەمتوانی هاوبەشی بکەم • ماڵی زاوا لە دێیەکی دوور بوو وا بڕیاردرا لەپێشدا بووك و زاوا لـە خانوویێکی بەکرێ گیراو لە سولەیمانی بژین • لەپاشان بچنە لادێ ، لەوێ هەردوکیان مامۆستایی بکەن •

تەرجومانەکەم کە خوشکی گەورەی بووکەکە بوو ، لەگەڵ بووك و خوشکێکی تری و زاوا پێکەوە بۆ کرینی جیازی چوونە بەغدا • خوشکە بچووکەکە دەیویست بەغدا ببینێ • من لەگەڵیان نەچووم • هەندێ شـتی خەڵك نـاسی Ethnography م کڕیبوو ، ئەم شتانەم برد بۆ دووکان کە لەپاشان بۆ دێنمارك بینێرن •

لە بەغدا بە پارەی مارەیی کە نزیکەی ٥٠٠ دینار بوو دەبوایێ جیازی بووکێنی بکڕدرێ • دەیـاتتوانی خشـڵ لە سولەیمـانی بکڕن یـان بـە دروستکردنی بدەن • بەڵام بووکەکە حـەزی دەکرد هەنـدێ کورسی و قەنەپەی مۆدە ، تەختی سیسەم بۆ نووستنی هەردوك ، مێـزی توالێـت و کەنتۆر بکڕێ • ئەمانە هەموو بە دروست کردن دران • کەنتـۆرەکە بـۆ بەرگی کوردی و مۆدە بوو • چونکە بووکەکە هەردوو جۆری پێویست بوو • هەندێ کورسی ئاسنیش بۆ ژووری مێوان بە کردن دران ، حەوزی

دەس‌شۆرین و دۆلکەیێك بۆ ژووری مێوان کڕان • لەپاشان تفاقی چای و سەنووقی خۆجوان‌کردنیش Beauty-Box پەیداکرا • ئەمە سەنووقێکی پانی گەورە بوو بە قەدیفەی سوور داپۆشرابوو ، لە ناوەوە ئاوێنەیێك و چەند قوتوو و شووشەی جوان‌کردنی ئافرەتی تێدابوو • زۆر لە بووکە مۆدەکان ئێستا داوای سەنووقی جوانکردن دەکەن ، بەڵام پێشی شوو کردن نابێ بەکاری‌بێنن •

لەپاش گەڕانەوەیان لە بەغدا زۆرکەس لە بازاڕ و ماڵەوە خەریکی دروست‌کردن و ئامادەکردنی جیازی بوون • لێفەیێکی گەورەی‌وا لەگەڵ سیسەمی بووك ڕێك‌کەوێ بە دروست کردن درا • ئەم لێفەیە لێفەدوورێك لە بازاڕ دەیدووری و ڕووەکەی بە ئەتلەسی سووری نەخشدار دەڕازاندەوە • زۆر کەس لە بازاڕ ڕاوەستابوون بۆ تەماشاکردنی ئەم ئەتلەسە و ئەو نەخشە جوانانە کە لێفە دوورەکە بە دوورین لەسەری دەیکرد • یەکێ‌تری لە بەرگ‌دوورەکانی بازاڕ بە بڕین و دروست کردنی چاکەت و لبادی ڕەنگا و ڕەنگەوە خەریك بوو • بەرگ‌دوورێکی ئافرەت هێنرایە ماڵەوە بۆ بڕینی هەندێ پارچەی بەرگ • ئافرەتەکە بە چوار مەشقی لەسەر زەوی دانیشت، دەستی کردە بڕینی چەند سوخمە و کەوا • کە هەموو بڕینەکە لەسەر زەوی تەواو بوو ، دایکی بووك و باوەژنەکەی کەللە شەکرێکیان هێنا و لەسەر قوماشە بڕاوەکان دەسیان کردە شکاندنی • من لە سەرەتادا وامزانی لەبەر تووڕەیی ئەمە دەکەن‌و ئەوەندەی نەمابوو دەسیان بگرم و نەهێلم قوماشە جوانەکان بدڕێنن • بەڵام دەسیان‌گرتم و تێیان‌گەیاندم مەبەست لەم کردەوەیە هێنانی بەختی چاکە بۆ بووك • ئەمەش بەشێك بوو لە دەستووری شایی سولەیمانی • لەپاشا ژنە بەرگ‌دوورەکە هەڵسا و پارچە قوماشەکانی لە کلۆ شەکرەکان پاك کردەوە و بۆ دوورین بردنیە ماڵەوە • مەبەست لە بڕینی قوماشەکە لە ماڵەوە ئەوەبوو هیچی لێ کەم نەبێ • هەندێ بلووری و

خامیشیان دایێ بۆ بڕینی کراس و دەرپێی فراوانی پیاوان • لەپاشا زانیم ماڵی بووك خەریکی ئامادەکردنی حەوت تاخم بەرگ بوون وەك کراس و گۆرەوی و بوینباغ بۆ حەوت نێرینەی خزمیان •

بەتانیەیێکی ئەتلەسی سووری جوانی پەراوێزدار لەگەڵ دو ڕووسەرینی ڕەنگاو ڕەنگیش لە هەمان ڕەنگ لە بەغدا کڕران •

چاکەتێکی ناوماڵیش بۆ بووك لە هەمان کەرەستە واتا ئەتلەسی سوور بە دروستکردن درا • پیشەی دوارۆژی بووکەکە مامۆستای لادێ و ژنی مامۆستایێکی لادێ بوو • هەردوکیان دەبوایێ لە دێیێکی بچووك و لەوێ لە خانوویێکی قوڕی سادە بژین •

لەدڵما لێکمدەدایەوە و دەمگوت ئەم جۆرە ژیانە چۆن دەلوێ و ڕێكدەکەوێ لەگەڵ ئەم هەموو جیازی‌یە گرانە کە لە کردەوەی پێشانگای بەناوبانگی La Dame aux Caméliàs ی ئەورووپا دەچێ • سەرەڕای ئەم هەموو جیازی‌یە لە ئەتلەسی سووری ئەستوور بۆ ژووری بووك پەردە دروستکرا •

لە ماڵی بووك سەنووقیکی ئاسنی بە سوور ڕەنگکراوم دی کە دەستێك بەرگی هاوینەی ئەورووپایی تێدابو کە بۆ زاوا کرابو • لەگەڵ ئەم بەرگە ، کراس و دەرپی ، گۆرەوی ، تاخمی تەراش ، خاولی و شتی‌تری هەبو • قوتوێك چوکلێتیش دەبوایێ بخرێتە سەر جلەکان • ئەم سەنووقە سوورە ڕۆژێ پێش شایی دەبوایێ بدرێتە دەس پیرێژنیك بۆ ئەوە کە بیبا بۆ زاوا • پیرێژن هیوای دەکرد بەرامبەر ئەم دیاریە پاداشتێکی باشی پێ ببەخشرێ •

بەڵام هێشتا هەفتەیێك مابوو بۆ ڕۆژی گوێزانەوە و دەبوایێ زۆر شتی‌تری پێكبێ • هەموو خوشکە عازەبەکانی بووك دەبوایێ بەرگی

کورتی هاوینی مۆدە ، گەورەکان کە هەردوو ژنەکانی باوك بوون دەبوایێ کەواو کراسی تازەیان بۆ بکڕێ • مەکینەی دورمان لەژێر دەستی خوشکی گەورە هەروا کاری دەکردو دەنگی دەهات •

ئەو تەنیا کەسە کە لە ئامادەکردن بەشدار نەبوو و وەکو گوێی بە هیچ نەدابێ وابوو ، بووکەکە بوو• کراسێکی شەوی سووری کالی درێژی لەبەرکردبوو کە زۆر پاك نەبوو و تەنیا لە ماڵەوە لەبەری‌دەکرد و لە حەوشە ڕادەوەستا • پاش نیوەڕۆوان دەنووست • کە بە هێواشی و دەنگ‌نزمی لەم بابەتەوە پرسیارم کرد ، لە وەڵامدا گوتیان : «بووك لە ماوەی پێش شایی نابێ هیچ بکا یان خۆی بگۆڕێ و شتی تازە لەبەرکا • بێتو خەریکی شتێك بێ خەزوورانی دەڵێن وادیارە کەسوکاری سوودی لێ وەردەگرن • بێتو خۆی برازێنێتەوە یان هەوڵێکی زۆر کەم بدا خۆی جوانتر بنوێنێ ، ئەودەمە ناوبانگی دەردەچێ کە حەزدەکا شوو بکا و گاڵتەی پێ دەکەن •»

بەیانییێکی زوو ڕەنجبەرێکی نیوە کوێر ، کە دوو گونیەی زەلام لۆکەی شی‌نەکراوە و هەموو کەرەستەی هەلاجی پێ بو ، هات و حەوشەکەی داگیرکرد و دەستی کردە هەلاجی کردنی (واتا شی‌کردنی) لۆکەکە بۆ دروست‌کردنی دۆشەگێکی گەورەی بووکێنی ، سەرینەکانی و دوو دۆشەگی‌تری • لەم ماڵە دەوڵەمەندە هەموو شتێ دەبوایێ تازە و باشترین بێ • حەزیان لە دۆشەگی حازری نەدەکرد و بە خراپی باسیان دەکرد و دەیان‌گوت کەس نازانێ چی تێدایە • لەم ماڵە مرۆڤ دەبێ دڵنیا بێ باشترین لۆکە بەکاربێنێ • لەبەرئەوە لۆکەی تازە کڕرا و هەلاجێك بانگ‌کرا بۆ شی‌کردنی لۆکەکە و خستنی بەناو بەرگە جوانەکان • کابرا بە چوارمەشقی دانیشت و دار هەلاجیەکەی دامەزراند و بە مێکوتەکەی دەسی‌کرد بە لێدانی ژێیە توندکراوەکە • بەمە لۆکەکە دەکرایەوە و شی‌دەبووەوە •

ئەم کارە هەموو ڕۆژی خایاند • وردە لۆکەی وەك پەڕ هەموو دنیای

گرت و دەچوە ناو گوێ و لووت و چاوەوە • بۆ ئێوارە دۆشەگەکان پڕکران و باش دووڕران • کابرا بەپێی دەچوە سەر دۆشەگەکان بۆئەوە کە لۆکەکە بە باشی بڵاوبێتەوە و بنیشێ و بتوانێ بە باشی بیدوورێ • لەپاش ئەمە ژنان بەرگی ڕەنگاوڕەنگی سەرەوەیان تێ گرت و بەمە ئیشەکە تەواو بوو •

بۆ گەنجەکان خانوویێك لە ناوشار بەکرێ گیرا • من لەگەڵ زاوا و خوشکی گەورە بۆ تەواوکردنی کرێکە چووم • بەڵام بووکەکە لەگەڵمان نەهات • چونکە بووك نابێ خانووی دوارۆژی خۆی پێشی گوێزانەوە ببینێ • لە لایێکی ترەوە زاوا بۆ بووکەکە غەریب نەبوو ، هەردوکیان لە کاتی فێرکردن یەکتریان دیوو • کە کوڕەکە حەزی لە کچەکە کرد ژنێکی ماڵی خۆی نارد بۆ ماڵی کچەکە بۆئەوە کە داوای بکەن و مارەی بکا • هیچ پیاوێك لەناو موسوڵمانان ناتوانێ بۆ مارەکردن ڕاستەوخۆ لەگەڵ کچێك قسە بکا • بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بەرامبەر کچەکە بە خوشکە گەورەکەی گوتبوو : « دەیەوێ لە ماڵی کچەکە قەبووڵ بکرێ » •

خوشکێکی بچووکتری بووك بە جۆرێکی جیاواز شوو دەکا • ئەمە کچێکی زل و بەهێزی ١٢ ساڵە دەبێ و لە ماڵێکی ترەوە بو کوڕەکەیان داوا دەکرێ • دایك و باوکی کچەکە لەپێشدا پێی دەڵێن ئایا دەیەوێ شوو بکا و جیازی و خشڵی هەبێ • لێی نەپرسرا ئایا دەیەوێ شوو بە فلان کوڕ بکا کە بیڕای بیڕای نەیدیبوو • کچەکە باری ئافرەتی مارەکراوی لا باشتر بوو لە هی کچێنی لە ماڵی باوکی • ئەوەندەی پێ نەچوو مارەکردنەکە ڕێك خرا• تەنیا جارێك ئەم کچە مێردی دوارۆژی لەژێر پەچەی ڕەشەوە دیوو • لەپاشان هەموو چوونە لای قازی بۆ تەواوکردن و تۆماری مارەیی • لەوێ لەلای قازی کچەکە ـ بێتو حەزی لێ نەکردایێ ـ دەیتوانی کوڕەکە قەبووڵ نەکا • چونکە هیچ کچێ بە زۆر بە شوو نادرێ • بەڵام مێردەکەی

دوارۆژی تەنیا جارێك لە سەربانەوە چاوی پێ کەوتبوو • ئەم دوو گەنجە ئەمە ٥ ــ ٦ ساڵە وەکو ژن و مێرد پێکەوەن و دوو منداڵی جوانکەلەیان هەیە کە هەردوك لە کچ دەکەن و جلی کچیان پۆشیوە • لەپاشان زانیم یەکێکیان کوڕە • بەڵام لەبەر هەرچی هۆیێك بێ وەك چاوەزار کوڕەکەش جلی کچی لەبەر دەکەن ، چونکە لێرە دایکەکان حەز لە منداڵی کوڕ زیاتر دەکەن و لە دڵی خۆیان دەڵێن کچ کەمتر تووشی چاوەزار (چاوێنی) دەبێ • هەردوو گەنجەکان ــ لەگەڵ ئەوەشدا مارەبییەکەیان نەوەستابوە سەر هەستی دڵداری و جوانی لەش ــ باش پێکەوە دەژیان و بە بەشی خۆیان رازی بوون • هەردوکیان ژن و مێرد لە ماڵی خەزوور دەژیان و کچەکە بۆ سەردانی ماڵی باوکی ــ کە دوور نەبوو ــ دەبوایێ ئیزن لە خەسوو یان خەزوور وەرگرێ • زۆر جار ئەم کچە دەهاتە لای ئێمە • بەمە بۆمان دەردەکەوت بەئاسانی ئیزن دەدرا •

بەکرێگرتنی خانوویێك بۆ بووك و زاوا

ئەو خانوە کە دەمانویست بۆ بووك و زاوا بە کرێی بگرین لە ماڵەکەی ئێمەوە نزیك بوو • ئەو خانوەش وەك هی ئێمە بوو بەڵام تازەتر بوو • هەموو خانوەکە لە خشتی سوورکراوە دروست و زەویەکەی چمەنتۆرێژ کرابوو • بەڵام ئەو دوای دیوارەکانی و زەویەکەی بە قوڕ ماڵە درابوو • لە هەردوو خانوەکان سەربانەکان قوڕ بوو و وەستابوە سەر کۆڵەکەی سپیدار •

خانوە بەکرێگیراوەکەی بووك و زاوا حەوشێك ، دوو ژوور ، پشت هەیوانێك ، ژوورێکی بچووکی بێپەنجەرەی پشتەوەی تێدابوو کە بۆ دانانی شتی زیادە وەك گەنجینە بەکاردەهات • قوژبنێك لە حەوشەکە بۆ چێشت لێنان لەسەر ئاگردان رێکخرابو • لە حەوشە حەوزێك هەبوو کە بۆری ئاوی لەسەر بوو • دوور لەناو حەوشەکە نزیك دیواری دراوسێ ژووری

تواليت هەبوو کە بۆڕی ئاوی تێدابو • لە ناوەڕاستی حەوشەکە دارێــکی سەوز و خانوەکە چرای ئەلەتریکی هەبوو • خانوێکی سادە و هەرزان بیرای بیرای لەوە باشتر نەدەبو •

ئامادەکردنی خانووی بووك و زاوا

ڕۆژێ پێش گواستنەوە خزم و هاوڕێــکانی بووك بۆ پــاككردن و ڕێکخستنی خانوەکە چوون • بووك لەوێ نەبوو ، خەریك بوو لە گەرماوی ماڵەوە خۆی دەشۆری •

لە ماڵی بووك گەورەترین ژوور بۆ نووستن تەرخان کرا • هەمــوو تاخمەکەی بەغدا خرایە ئەم ژوورە ، ئەمــانەش شــتی گەورە بــوون ، لەبەرئەوە لە ژوورەکە جێگای بەتاڵ نەمــا • دەسمــانکردە ڕێــکخستنی چەرپایەی بووك • دۆشەکە تازەکەمان لەسەر دۆشەکە سپرنگدارەکە دانا • بەمە نوێنەکە بەرز و کورت بوو • لەبەرئەوە دەربەست بووین (واتا مەجبوور بووین) لێفەکە لەلای خوارەوە دابنێــین تاکو کورتیەکە پڕکاتەوە • ئینجــا سەردۆشەکمان خستە سەر بەجۆرێکیوا شۆڕ بێتە خوارەوە تاکو پەراوێزە جوانەکانی باش دەرکەوێ • ئینجا لێفەکەمان خستە سەر ، کە بەرێکی سپی وەك زەرفی قاقەزی پێوە دوورابوو • لە سەرەوە هەردو سەرینەکانمــان دانا و هەموو نوینەکەمان بە سەرپۆشێکیتری جوان داپۆشی • ئینجــا دەسمانکردە دامەزرانــدنی پەردەکان • لەپــاش دامەزرانــدن کــورت دەرچوون • بە پەلەپەل ناردمانە بازاڕ بۆ کڕینی چەنــد گەزێ ئەتــلەس و دیسان بە پەلەپەل دووریمان • کە من تەقەڵم لێ دەدا عارەقە بە ناوچەوانم دەهاتە خوارەوە و ئەوەندە ماندوو بووم دەرزیەکە لە دەسم کاری نەدەکرد• سەنووقی جوانیمان دانا لەسەر مێزی تواليت • لەپاشان ژوورەکەیتریمان ڕێکخست و پڕمانکرد بە قەنەپە ، کورسی ، مێزی بچووکی جغارە و چای• گوڵی قاقەزی ژاپۆنمان لەبیرنەچوو • ئەمانە کە لە گوڵی ڕاستەقینە جوانتر و

بەگیانترن خرانە ناو گوڵدانی چینیەوە و لە ژووری نووســـتن و ژووری میوان دامــانران •

لەوکاتە شتێکی تازە و سەیر ڕوویدا • باوك و دایکی زاوا هاتن و لە حەوشە دابەزین و لەوێش ئاگریان دەکردەوە و چێشتیــان لێدەنــا و شەوان لە سەربان دەنووستن • خــانوەکە پر بوو لــە مندالآن • بــەڵی هەندێکیان لەگەڵیان هاتبوون ، بەلآم هەندێکیتریش مندالآنی دراوسێ بوون • ئەمانە تەنیا لە حەوشە نەدەمان ، بەڵکو دەچوونــە نــاو هەمــوو ژوورەکانەوە • خوشکە گەورەی بەهێز و توانا وەکو وەکیلی بــووکیش و هی زاوایش بێ چارەی ئەمەی دۆزیەوە • ئەو ژوورانە کە باش ڕێکخرابون کلیلیدان • کەسوکاری زاوا ئەمەیان پێ نــاخۆش بو و نــەختێ دڵگــیر بوون • بەلآم چارەیان نەبوو • دەربەست بوون لە حەوشــە و سەربــان بژین و منداڵەکانیش لەوێ ڕاگرن •

کە هەموو شتێ تەواو بوو ئێمە لەبەر گەرما و پەستۆی ئیش و کــار تەواو ماندوو و بێتاقەت بووین • خاوەنی خانوەکە دراوسێمان بــوو • چووینە ماڵی و لەوێ بە خواردنی شووتی سارد بووژاینەوە و بە خواردنەوەی چای حەســاینەوە •

ئێوارە حەوشەی ماڵەوە پر بوو لە ژنان • بووکەکە وەکو ترسابــێ لە قوژبنێ خۆی ماتکردبوو • هێشتا جلە پەمەییەکەی شەوی لەبەربوو • ژنێکی نەختێ پیریش پەیدا بوو • ئەمە لەو ماڵە زۆر جار مامانی کردبوو • ئێستا هاتبوو بۆ ئەوە کە سبەی ئێوارە لەگەڵ بووکا بچێــت و پــەرۆی کچێنی لەگەڵ خۆیا بۆ ماڵەوە بهێنێ • گوتیان پاش دەمێك دەڕواتەوە بــۆ جێگایێکی نزیك و بەیانی سەعات دە دێتەوە •

بەیانی ڕۆژی شایی دەسکرا بە ڕازاندنــەوەی بووك • بەرگێــکی

کوردیان کرده بەری کە لە قوماشێکی جوان لە سولەیمانی دروستکرابوو • خوشکەکەشی دەموچاو و پرچی جوان کرد • کە جوان دەکرا بە شەرمەوە لەسەر دۆشەگێك دانیشتبو و بە باوەشێنێك دەموچاوی لە خوشکەکانی تری دەشاردەوە ، ئەو خوشکانە کە بۆ جل گۆرین بۆئەوێ هاتبوون • کە ئامادەکردن تەواو بو بووکەکەیان بردە حەوشە تاکو لەوێ لەسەر کورسییێك دانیشێ و بەخێرهاتنی ژنە مێوانەکان بکا • ئینجا خوشکە گەورە رووی کردە من و بە مەعناوە تەماشاییێکی کردم •

نووسەر خاتوو هێنی بەرگی کوردەواری دەپۆشێ

من لە زوەکەوە بەڵێنم دابوو لەو ڕۆژە بەرگی کوردی لەبەرکەم • ئەمەش یەکەم و دوا جار بوو کە ئەمەم کرد • شەرواڵە درێژەکە زۆر گەرم بوو بۆ یەکێك کە فێری لاق رووتی بێ • سوخمەکە کە لەسەر کراسە درێژەکە لەبەرمکرد هەر لە سەرەتاوە بە عارەقە تەڕ بوو • سەرپێچی سەر هەر باسی مەکە • من دەبوو ــ وەك ژنێکی بە شوو دراو ــ فێس و پووشینی قورس بنێمە سەرم • من بەڵێنم بە سەرۆکی شارەوانی دابوو ــ ئەو سەرۆکە کە زۆر کۆمەکی کردم ــ بە بەرگی کوردیەوە بچمە سەردانی• ژنانی ماڵەکەم وایان بە باش نەزانی بۆ ئەم سەردانە کراسی سوورمەی سووری لادێیی‌یانە لەبەرکەم• لەبەرئەوە وەك خاتووێکی قۆزی سولەیمانی کراسێکی تووڵی پەمەیی سورمەدارم لەبەرکرد • ئەمە ئەوەندە سفت نەبوو و ژێرەوەی لێوە دیار بوو • من شەرمم پێوە دەکرد و هەستم دەکرد تەنیا نیوەی لەشمی داپۆشیوە • بەڵام ئەم جۆرە کراسە دەستووری ناوماڵی ئەودەمە بوو • من دەبوو لەسەر ئەم بەرگە زۆر جوانە عەبا بدەمە سەرما ، عەباییێکی ئاوریشمی ڕەشی ئەستوور • من هەستم دەکرد قاپووتێکی درێژی بێ‌قۆڵم لەبەرکردوە کە دەگاتە قاچم • لەپاشان بە پەچەیێکی رەشی سفت رووم داپۆشی • جووتێ سۆڵی سورمەداریان بۆ هێنام کە لە پێی کەم :

بەڵام من قەبووڵم نەکرد چونکە تۆ ناتوانی لە کۆڵانی خوارو خێچی قیرتاو نەکراودا لە پێی کەی • ئەو دەردە بەس بوو بە بەرگێکی شۆڕی درێژەوە بە ڕێگادا بڕۆم و لەژێر پەچەکەوە بتوانم هەر جارێ بە چاوێك بەرپێی خۆم بە ناخۆشی ببینم • یەکێ لە کچەکانی ماڵەکە ــ کە زۆر بــوون ــ ڕێگای پیشان‌دام تاکو لەناو ژمارەییەکی زۆر ئۆتۆمۆبیل ــ کە جێگاییەکی فراوانیان لە شەقامەکان گرتبوو ــ بتوانم بڕۆم • هەرچۆنێك بێ گەیشتمە ئەوێ و بە زیندوی گەڕامەوە •

کە گەڕامەوە ، ماڵەکە پڕ بوو لە ئافرەت کە وەك من بەرگی جوانیان پۆشیبوو کە دەدرەوشایەوە • ئەمانە شەربەتی مێوژیان پێدرا ، چونــکە شەراب لە ماڵە موسوڵمانەکان ناخورێتەوە • بێجگە لەوە چای و کولیچەشیان خرایــە بــەردەم •

بووکەکە بەرگی سپی ئەورووپایی پۆشی

من ئیتر لەوە زیاتر بەرگەی ئەو جلە قورسەم نەگرت و زوو گۆڕیم و بەرگێکی سووکی هاوینی ئەورووپاییم لەبەرکرد • بووکەکەش جلەکــەی گۆڕی • لە ژووری مێوان پەنجەرەکان پێوە دران و بەرگی سپی لەبەرکرا وەکو لە ئەورووپا بوە «بووکێکی سپی» : بەرگێکی بووکێنی سپیــان لەبەرکرد ، تاجێکی سپیان خستە سەری ، گوڵی قاقەز و خشڵی ناڕاستیان کردە ملی و بە پەچەییەکی سپی کە سفت نەبوو دەمو چاوی لێوە دەبیــنرا رووپان داپۆشی • پێڵاوو گۆرەوی سپیان لە پێ کردو لە ژێرەوە شــتی سپی لەبەرکردبو • دەسکە گوڵی شاییش لە قاقەزی سپی دروستکرابوو •

پێیان گۆتم لە بەغدا و لە هەندێ ماڵان لە سولەیمانی بوە بە دەستوور بووك بە بەرگی ئەورووپایی دەبێ بچێت بۆ ماڵی زاوا • ئەم دەستــووره هەتا بچووکترین خاڵی لە ئەورووپا وەرگیرابو کە بووك بۆ کەنیسە دەبەن•

بەڵام لیرە لە بووك گواستنەوەی موسوڵمانان هیچ دەستووریکی دینـی نەبوو • ئەمەی ئیرە دەستووریکی شارستانی تەواو بوو • بەڵام من لـە دڵی خۆما دەمگوت چی دەکەن لەم بووکە کە لە سپیاییا دەدرەوشایەوە • لە سولەیمانی و بەغدا فیری رەوشتیکی تازە بوون ئەویش گەڕاندنی بووکە بە ریزێ قەمەرە کە هەتا دەمی بـە ژن و منداڵ پڕی دەکەن و لە مـاڵی بووکەوە هەتا ماڵی زاوا چەپڵەڕیزان دەکەن • چۆن ئیمە قوتووی چوکلیتی دیاری بە شریتی رەنگاورەنگ دەبەستین ، هەروا قەمەرەی بووك بە شریتی رەنگاورەنگ دەرازینرێ •

ئەو ژنانە هەموو میوانی بووکن و باش خۆیان داپۆشیوە •

بەمجۆرە ئافرەتی کورد یەکەم جار و دوا جار لە ژیانی کە بـەرگی سپی بووکینی پۆشی دەتوانێ رووی خۆی لەژیر پەچەییك پیشاندا کـە سفت نیە و دیوەودەرە (واتا شەفافە) وچاوی غەریب دەتوانێ فەرقی پێ بکا و ببینیت • ئەمە نیشانەی گۆڕانە و وادیارە رۆژیك دێ لـە عیراق پەچـە هەڵدەگیرێ ، وەك لە زۆری وڵاتە موسولمانەکانی دنیا هەڵگیراوە [1] •

پیریژنەکە لەپیش سەعات دە هاتەوە • بووك و زاوا بۆ شەوی یەکەم چوونە ژوورە بچووکەکەی پشتەوە • کەسـوکاری زاوا لـە حەوشـە و سەربان بوون و بووبوونە تەگەرە بۆئەوە کە لە ژووری بووك بە رەحەتی و دوور لە چاوی خەڵك بتوانن لەگەڵ یەکتری بن •

پیریژنەکە لە دەرەوە دانیشتبوو و چاوەڕێی تەواو بوونی کاری زاوای

---

(١) هەروەکو لە پەراویزیکیتردا گوتم ئیستا لە شـاری سولەیمانی ژنـان بەدەگمەن روویان بە پەچە دادەپۆشن . ئیستا تەنیا ژنە سوالکەرەکان بۆئەوە کە نەناسرین و بە رەحەتی و بێشەرمانە دەرۆزە بکەن دەموچاویان باش بە پەچەییکی زۆر سفت دادەپۆشن .

وەرگێر

دەکرد • ئەو بەخۆرایی چاوەڕێی نەدەکرد • من پرسیم بێتو بووکەکە کچ دەرنەچێ ئایا دەکوژرێ ؟ لەم کارە من سەرم سووڕمابوو : چۆن ئەم دەستوورە کۆنە رێك دەکەوێ لەگەڵ تاخمی قەنەپە و کورسی ئەورووپایی و بەرگی بووکێنی سپی کە ڕاستەوخۆ لە ئەورووپا وەرگیراوە • لە وەڵامدا گوتیان : نەخێر ناکوژرێ ، لەپێشدا بۆ لای دکتۆر دەنێررێ ، چونکە خوا هەموو کچانی وەك یەك دروست نەکردوە •

من بیرم کردەوە لەو کچانە کە بێ‌گوناح هەتا ساڵانی کۆن کوژران و دلم پێیان سووتا • بەڵام کە زاوا کەوتە گومانەوە و پیاوێکی چاك بوو لەوانەیە مریشکێك سەربڕێ و خوێنەکەی بخاتە سەر پەڕۆکە و بەمە ئابڕووی کچێك بپارێزێ و شوورەییەکەی داپۆشێ •

هەواڵنامەی کتێب



وێنەیێکی دەسکردی پێشخانێك لە تۆپزاوە

ـ ٣ ـ

بەرگ و پۆشەکی کورد

هەواڵنامەی کتێب

لە عێراق بەرگێکی تەواوی ئافرەتی کوردم هەبوو کە بۆ من کرابوو • ئێستا لە رۆژێکی تشرینی دووەمی دێنمارك کەوا لە بەردەمم کەوتوە لە جێی خۆی نیە • وەك بیبی مەتوێك وایە کە کەشتیەوانەکان بۆیان دەهێنایەن هەموو ژیانی خۆی لەناو قەفەسێکی بەرز لە ژووری دانیشتن رادەبوارد •

وا ئێستا تەماشای رەنگەکان دەکەم : پیرۆزەیی (واتا شینێکی سەوزکار) ، سووری کاڵ ، سووری تیر ، مۆر و ئاڵ • ئەم رەنگانە پێکەوە ناگونجێن و لە بەرگێك لەگەڵ یەك رێك ناکەون • تەماشایێکی وێنە رەنگاو رەنگەکەشم کرد کە لەوێ وەرگیرابوو ئەمەی پێشاندا • ئێستا کە تەماشای پارچە بەرگەکان دەکەم دەبینم لەو بارەی لە سولەیمانی چاوم پێ کەوتبوو درشتتر و نەگونجاوتر دیارن •

لێرە دەمەوێ بڵێم ڕۆشنایی لەسەر ڕەنگ زۆر کار دەکا • چـۆن هەوای وشك لە عێراق هەموو نمو تەڕی لە لەش لادەبرد و مرۆڤ لەگەڵ ئەو هەموو خۆراکە لاواز دەبوو ، هەر بەمجۆرە ڕۆشنایی بەتین تیـژی ڕەنگەکان دەسووتێنێ و باشتر پیشانیان دەدا •

ڕۆشنایی تیژ و شەوقی ڕۆژ کە هەموو دیمەنی سەر زەمین لە عێراق سپی دەکات ، مرۆڤ دەربەست دەکا ئەم چەشنە ڕەنگانە هەلبژێرێ • بیبی مەتۆیش لە جێگای خۆی ئێسکێکی (واتا شکلێکی) ڕەنگاوڕەنگی جوانی هەیە • بەڵام دەبێ بزانین ڕەنگ نابێ لەلای ئێمە لە باشووری ئەورووپـا زۆر بێ • چونکە لەژێر ڕۆشنایی نەرمی لای ئێمە هەموو ڕەنگێکی کاڵ بە جوانی دەردەکەوێ و لەگەڵ یەك دەگونجێ •

من خۆم لە خۆمەوە ئەم چەشنە ڕەنگانەم هەڵنەدەبژارد • من جارێکیان بە تەنیا چوومە ناو کۆڵانە تەسکەکانی قەیسەریە نزمەکەی سولەیمـانی کە ئەمبەرو ئەوبەر لەبەر چرای تیژ قوماشەکانیان هەڵواسیبو و پیشان‌دابوو• یەکێ لە دووکانەکان تەنیا دوو پێ لە زەویـەوە بەرز بوو • لـەوێ لـە ناوەڕاست کووتاڵ و قوماشەکان خـاوەن دووکان دانیشتبوو • چراکانی دووکانەکە ئەوەندە تیژ بوو چاوی دەکولاندەوە • تۆ لەوێ دادەنیشتی و دەستت‌دەکرد بە کڕین • لە بەرامبەرت دووکانی بەرگدوورێك هەبوو کـە خەریکی دوورینی جلی ڕەنگاوڕەنگ بوو • لەملا و ئەولای ئەم دووکانـە دووکانی بەرگی حازر هەبوو ، کە جلە حازریە جوانەکانیان هەڵواسیبوو • کە تەماشای ئەم بازارەم دەکرد و لێی ورد دەبوومەوە ، هەرچی ئـافرەت حەزی لێ بکا لەوێ بوو • بەڵێ شت کڕین لێرە بە بێگومان خۆشە • کە لە دووکانێك ـــ وەك ئافرەتێـکی غـەریبی بیـانی ـــ دادەنیشتی خەڵـکی تەماشاکەری فزوولی ـــ کە هیچ پەیوەندییان بە تۆوە نیە ـــ هەر تەنیا بـۆ تەماشاکردن لەسەرت کۆدەبونەوە • منداڵانی ٨ هەتا ١٠ ساڵان ـــ کە لـەو

تەمەنە منداڵیەوە دەسیان کردوەتە ئیش کردن و نان پەیدا کردن ــ دەورەی تۆیان دەدا و دەسیان درێژ دەکرد و شەڕیان دەکرد تاکو بە زۆر شتەکانت بــۆ هەڵگرن •

بە ڕاستی من نەمتوانی کوتاڵەکان بکڕم و وازم لەوە هێنا خۆم بــە تەنیا شتیوا بکەم •هەتا ئەو دەمە من لە دێیەکەم مانگێکم پێچووبــوو و ژنانی ماڵەوەم لەوێ بە بەرگی تازەی ڕەنگاو ڕەنگەوە دەبینی • ئەودەمــە زانیم ڕەنگە سەرەکەکانی قوماشی ژنان سوور ، ئاڵ و پیرۆزەیی‌یە • لــە دووکانەکە چاوم بەو ڕەنگانە و ئەو چەشنە قوماشــانە کەوت • ئەودەمــە فێربووبووم کە ئافرەتان دەیانکڕن و لەبەریان‌دەکرد • لە دووکانەکە کــە خەریك بووم قوماش بکڕم هەموو شتێکی ئافرەتان هەبوو تەنانەت فێس و سەرپــۆشی ســەر •

من بیرم کردەوە و زانیم من کە لە ئەورووپا گەورە بووم و فــێری ڕەنگ و نەخشەکانی ئەورووپام ببڕای ببڕای ناتوانم لێرە قوماش بکڕم• من ترسابووم لەوە کە قوماشێکی‌وا بکڕم بە دڵم بێ ، بەڵام بە دڵی ژنانی ئێرە نەبێ • لەبەرئەوە بڕیارمدا لەگەڵ تەرجومانەکەم بۆ قوماش‌کڕین بچینــە بازاڕ • بۆ ناو بازاڕ چوون و شت‌کڕین لەگەڵ تەرجومانەکەم زۆر خــۆش بوو • بەڵام لە ڕێگا کە پێکەوە قسەمان دەکرد ، ئەوەندەی نەمابوو لەگەڵ یەکتری ڕێك نەکەوین • ئەو دەیویست قوماشی وابکڕین کە بۆ بــەرگی ئافرەتانی سولەیمانی دەس‌بدا • بەڵام من قوماشی‌وام دەویست کە ژنــە لادێییەکان دەیکڕن و بە بەرگ لەبەری‌دەکەن • تەرجومانەکەم سەرێــکی هێنا و سەرێکی برد ، لەسەر کەللەڕەقی من هەناسەیێکی هەڵکێشا و هاتە سەر قسەی من • ئینجا منی بردە دووکانێك لە قەیسەری کە ژنە لادێییەکان قوماشی لێ دەکڕن ، نەك دووکانە تازەکان کە قوماشی مۆدەی نایلــۆنی ژاپۆنی لێ بەدەست‌دەکەوێ •

ئێمە پێکەوە چووینە قەیسەری و لەوێ هاوڕێکەم بە ئازایی و بە بێ دوودڵی دەسی کردە هەڵبژاردنی قوماشەکان. بە خوا بهاتایە من هەڵمبژاردایێ بەپێچەوانەی ئەو ڕەنگەکانم هەڵدەبژارد . چونکە من فێری ڕەنگەکانی ئەورووپام . بەڵێ ئەو عەبای لەبەرکردبو و پەچەی پێوە بوو بەلام قوماشەکانی باش دەناسی و باش هەڵدەبژارد . لەو دەمە کە ئێمە شتمان دەکڕی دوو ئافرەتی دێیەکەمانیش بۆ شتکڕین هاتبوون و سەلامیان لێ کردین . بەڕاستی من نەمناسین چونکە لە دوو خێوی ڕەشیان دەکرد . بەڵێ ئەمانە لە لادێ بە بێعەبا و پەچە دەگەڕێن . بەلام کە دێنە سولەیمانی دەبێ لەسەر دەستووری ئێرە بڕۆن ، خۆیان بە پەچە و عەبا داپۆشن ، واتا خۆیان دەگۆڕن و وەك خێوێکی ڕەش خۆیان پێشاندەدەن .

من ئێستاش تێنەگەیشتم چۆن ژنێك لەژێر عەبا و پەچە ئەوانیتری دەناسێ کە لە سولەیمانی بە هەڵکەوت پێیان دەگا . هەندێجار ئێواران لەگەڵ چەند ژن دەچووینە سینەما . کە دەردەچووینە دەرەوە لە ناوەڕاستی قرەقڕ و هاژەی خەڵك من هاوڕێکانی خۆم کە خۆیان کردبوە خێوی ڕەش لە تاریکایی بزر دەکرد .

ژنێك بەم ڕەشپۆشیەوە چەندی خۆی دەشارێتەوە ، چەندی بزر بوو و نەناسراو دەبێ !! بەڵێ ئەو لەژێر پەچەکەیەوە خەڵکی دەبینێ ، بەلام کەس ئەو نابینێ . ئەو ژنە نەناسراوە ، پێتناکرێ بیناسی و نابینرێ . تۆ کە لێیان ورد دەبیتەوە وادەزانی لەوە نەناسراوترن کە دەم بەستراو بن . من هێشتا تێناگەم چۆن پیاوەکان رازین لەگەڵ یەکێك قسە بکەن کە خۆی لە خەڵك گۆڕیبێ . من لەگەڵ تەرجومانەکەم چووینە چەند دایەرەیێك کە پیاوان بە ڕوو دانەپۆشراوی ــ وەك من ــ دانیشتبوون و دەمتوانی لەباری قسەکردنیان لەگەڵ تەرجومانەکەم وردبمەوە ، ئەو ئافرەتە کە لە ژێر جلە ڕەشەکەوە خۆی شاردبوەوە . زۆر پێکەنینم دەهات بەوە کە چۆن شووشەی

هەواڵنامەی کتێب

کۆلاکەی لەژێر پەچەکەوە دەخواردەوە • لەم ولاتە گەرمانە هەموو دەمێ خواردنەوەیێك بە مێوان دەدرێ : چای گەرم یان پیپسیکۆلای سارد کە جێگای خواردنەوەی ئێمەی گرتوە لە ولاتی موسولمانان • خواردنەوەی سەرخۆشکەر تەنانەت بیرەش لەم ولاتانە حەرامە • ئێمە چەند جارێ چووینە دایەرەیێك و کاربەدەستەکە بە دەنگ کچەکەی ناسی ، بەلام ببڕای ببڕای چاوی بە ڕووی نەکەوت و لەبەرئەوە کە خزمی نەبوو نەیدەتوانی چاوی بە ڕووی بکەوێ • لای من وایە ژنێك کە بتوانێ هەموو شتێ ببینێ ، بەلام خۆی نەبینراو بێ باشتر دەتوانێ بگاتە مەبەستی خۆی و ئەمە هەندێجار پیاوان دەخاتە ناخۆشیەوە ، ئەو پیاوانە کە مێشکیان کولدەکەن بەوە تاکو بزانن ئەمە کێیە ؟ لێرە وایان تێگەیاندم پیاوان ، بۆئەوە کە پیاوانیتر چاویان بە ژنەکانیان نەکەوێ ، پەچەیان داهێناوە• بەلام من بڕوام وایە لەم دەستوورە پیاوان لە ژنان زیاتر تووشی ناخۆشی ، دەردەسەری و نەخۆشیی دەماربوون •

جارێکیان تەرجومانەکەم کە تەواو بە پەچە و عەبا خۆی داپۆشیبوو توانی بەسەر کۆمەلێك لە پیاوانی زەلام زەلام زال بێ کە لە دەوروپشتی پاسێك ڕاوەستابوون • ئێوارەیێکی زوو بوو و من دەمویست بۆ سەر کاری بەستێنی دووکان بچم • بەلام پاسەکە پڕ بوو و نەیدەویست هەتا سەر بەستێنەکە بڕوا • کێشەی (واتا مشکلەی) یەکەم ئەوەبوو لە پێشەوەی پاسەکە جێگایێك بدۆزمەوە ، دووەم ئەوەبوو من بگەیێنێتە جێ • تەرجومانەکەم وەك پلنگ چوە گیان بڕانەکە [1] (واتا سائقەکە) ، لەپاشان خاوەن پاسەکە و ڕێبوارەکان • ئینجا کەوتە گیان ئەو تەماشاکەرە فزوولیانە کە لێرە هەندێجار بە بێمەبەست ، هەر بۆ تەماشاکردن و فزوولی

---

(١) بڕان Biran لێرە (ی)یەکە زۆر کورتە وەك بزان ، بلێ ، بکوژ ، ببڕ •

کۆدەبنەوە • من حەزمدەکرد لە قسەکانی هاوبەش بم ، چونکە هەراکە لەبابەت گەڕانی منەوە بوو • بەلاّم داخەکەم من کوردیەکەم ئەوەندە باش نەبوو وشەکانم تەواو نەبوو بۆ ئەم بابەتە قسانە • تەرجومانەکەم بە بڕانەکەی گوت لەپێشەوە کەسیتری سوار نەکا و هەردوو جێگاکەی پێشەوەی بۆ من دابنێ بۆئەوە کە من بە ڕەحەتی بگەمە جێ • ئەو کابرایە کە دەیویست لەپێشەوە سوار بێ دابەزی و لەتەنیشت بڕانەکە خۆی بە پاسەکەدا هەلّواسی • من بە بەشی خۆم رازی بووم و حەزم نەدەکرد کابرایێکی ڕێبوار لەبەر من خۆی بخاتە تالووکەوە • بەلاّم ئەو بە قسەی منی نەکرد و بە بڕانەکەی گوت بە قسەی من نەکا ، لەپاشا نومرەی پاسەکە وەردەگرێ و ئەیدا بە کاربەدەستی هاتوچۆ و لەوانەیە تووشی سزا ببێ • کاکی بڕان منی بەتەنیا گەیاندە جێگاکەم • بەلێ من تێدەگەم ژنێکی جوان بەهۆی چاوە جوانەکانی بتوانێ بەسەر چەند پیاوێکا زالّ بێ ، بەلاّم ئافرەتێك لەژێر پەچەوە هەر بەهۆی گڕەی دەنگ و قسە و چاوەڕاو (واتا هەڕەشە)وە بەسەر پیاوانا زالّ بێ ئەمە شتێکە کەم کەس دەتوانێ بیکا • لێرە دەستوور نەك تەنیا بەهۆی پەچە و عەباوە ، بەلّکو بەهۆی زۆر شتیترەوە سنووری ژیانی ئافرەتانی تەسك کردوە • بەلاّم ژنان هەموودەمێ لەم ماوە تەسکەی خۆیان سوودیان وەرگرتوە • بەلێ هەندێ جار ژنێکی ئەورووپایی وادەزانێ ژیان لەژێر ئەم جۆرە دەستوورە و لەناو ئەم ماوە تەسکە زۆر ناخۆشە و لە دلّی خۆیا دەلێ نازانم ئەم ژنانە چۆن بەرگەی دەگرن ! بەلاّم کە چوویتە ناویان و لەگەلّیان ژیای ئەوکاتە تێدەگەی ژنی ئەورووپایی ، کە بە ئازادیەکەی خۆی دەنازێ ، لەوان باشتر ناژی • لە رۆژئاوا ئەمە پەنجا سالّە ئێمە خەریکی ئازادکردنی ئافرەتانین کە وەك پیاوان هەمان مافیان بدەینێ • لەپاش چەند مانگ ژیان لەناو ژنانی موسولّمانان ــ کە لای ئێمە بە چەوساوە و بەندیکراو دەژمێررێن ــ گەیشتمە ئەو بیرە کە بلّێم : « بێتو من پیاو بم رقم هەلّدەسێ

لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵەدا لە شاران بژیم • چونکە ژنان باش سوودیان لــە دەستوورەکە وەرگرتوە و پیاوان تووشی زیان بوون » • لە دێهاتی ئــێرە ــ خواو ڕاستان ــ ئافرەتان سەربەستترن •

دانیشتنێکی ژنــانی سولەیمــانی

لە ماڵی خۆمان لە سولەیمانی ئێوارەیێك دانیشتنی ژنان کرا • لەبــەر گەرمای ئێوارە قەنەپە و کورسیە ناخۆش و ناشیرینەکان لــەگەڵ تەپــڵەکی جغارە و چای بۆ حەوشە گوێزرانەوە • دۆشەگیش لە تەنیشت دیوارێــك بۆ ئەوکەسانە ریزکرا کە دەیانەوێ لەسەر زەوی دانیشن • بڕیــاریواش درا من لەسەر یەکێ لەو قەنەپە بەرزە ناڕەحەتانە بەدرێژی ئەو ئێوارەیــە دانیشم •

چوار کۆمەڵی ژنان بۆ ئەم دانیشتنە هاتن • کۆمــەڵی یــەکەم کــە تەرجومانەکەم و منی تیدابوو بەرگی ئەورووپاییمان پۆشیبوو • لەم کۆمەڵە کچەکانیتری ماڵەکەش هەبوون کە بــەرگی فــێرگە (واتــا مەکتەبیــان) پۆشیبوو • کۆمەڵێکی بچووکی ژنان کراسی درێژی سووری شەویــان پۆشیبوو • ئەمانە خشڵیان لە خۆ نەدابوو ، پەچەیان نەبوو و کە چوونەوە بۆ دوعاخوازی بە ئینگلیزی دەیانگوت « بای بای » • ئەمانە هەســتی ئەوەیان دەکرد زۆر لەسەر مۆدەی ئەورووپان • ئافرەتە کۆنەپەرستەکان کۆمەڵی سێیەم بوون کە بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیــان لەبــەرکردبوو و وەك ئافرەتەکانی لادێیەکەی خۆم خشڵێکی زۆریان لە خۆیان دابوو • زۆربەی ئەم ژنانە منداڵی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێنابوو • کەواکانیــان شــین و سەوز بوون ، سوخمەکانیان لە سورمەی ڕەنگی تیر ، فێسەکانیان خشڵدار و سوور و ڕەش بوو • لەپشتەوە شاڵی سوور و سەوزیان خستبوە سەر شانیان هەردو دایکی ماڵەکە لەم کۆمەڵە بوون • ئەم ژنانە لەسەر دۆشــەگەکەی

سەرزەوی دانیشتبوون و جغارەی درێژی کوردییان دەکێشا • جۆری دانیشتنیان زۆر پلاستیک بوو ، دەیانتوانی هەم بە چوارمەشقی ، هەمیش بە ئەژنۆ بەرزی دانیشن • من هەندێ جار دەمویست لاسایییان بکەم و وەک ئەوان دانیشم • بەڵام داخەکەم پێم نەدەکرا • ئێمە ئەورووپاییەکان لە هەموو شوێنێ جێگای دانیشتنی باشمان هەیە • ئایا دانیشین یان بڕۆین لاقەکانمان تەنیا بۆ پاشەوە یان بۆپێشەوە دەجوڵێنین • بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵات کە دانیشتن دەتوانن جمگەی رانیان و ئەژنۆیان بۆ هەموولایێ بجووڵێنن و رابکێشن • کە بە چوارمەشقی دادەنیشن لاقەکانیان دەخەنە ژێریان و بەشی سەرەوەی لەشیان راست دەخەنە سەری • ئەمە دانیشتنێکی زۆر جوانە • ئافرەتی ڕۆژهەڵات بەمجۆرە دەتوانێ بەتەواوەتی بحەسێتەوە، بۆ چەند لا خۆی بگۆڕێ و دانیشێ •

ئێمە ئەورووپاییەکان جۆرە جوانییێکی بزێومان هەیە • ئێمە دەبێ لە بزووتن بیبینرێین • لەبەرئەوە کە دانیشتین و راکشاین ناحەسێینەوە • ئێمە وەک تراکتۆرێك واین کە بە راوەستاویش دەلەرێتەوە • لەبەرئەوە من بە خۆشیەوە تەماشای ئافرەتەکانی ڕۆژهەڵاتم دەکرد کە چۆن خۆیان بە باشی دەحەساندەوە •

بێجگە لەم سێ کۆمەڵە ژنانەی سەرەوە کۆمەڵێکی چوارەم هەبوو بریتی بوو لە ئافرەتەکانی سولەیمانی کە بەرگی مۆدەیان لەبەربوو • پۆشەکی (واتا بەرگی) ئەم ئافرەتانە لە هی لادێییەکانی دەکرد ، بەڵام نەختێ گۆڕرابوو • کراسە دیوەودەر (واتە شەفاف)ەکانیان لە قوماشی نایلۆنی گوڵداری ژاپۆنی یان توولی سورمەدار دروست کرابوو • رەنگەکان درشت و زەق نەبوون ، بەڵکو نەرم بوون • ئەم کراسانە دەگەیشتە سەر ئەژنۆ و بەشی سەرەوەی لەشی دادەپۆشی • پشتوێنێکی تەسك ناوقەدیانی باش دەبەست • ئەم پشتوێنە لەلای هەندێ ئافرەت بە پارچە لیرە رازابووەوە•

ژنە لادێییەکان پشتوێنیان نیە • کەواکانیان و کراسەکانیان ڕاست هەتا خوارەوە درێژ دەبێتەوە و هەندێ جار لەباتی پشتوێن بە پارچە قوماشێك ناوەڕاستی خۆیان دەبەستن • کچێك کە هێشتا شووی نەکردبێ پەچەی سەری نیە • ژنانی ماڵ کە شوویان کردوە فێس لەسەریان نائێن و پێچەی زل ناپێچن بە سەریانەوە • لەپاشان ئافرەتانی ئەم کۆمەڵە سەر ڕووتبوون و قژیان کورت بڕیبوو و وەکو هەندێ کچە بیست ساڵەکانی ئەورووپا پرچی خۆیان کوڵ کردبوو •

ئەرێ ئەم هەموو زێڕەیان لەکوێ بوو ؟ هەندێکی بەشێك لە مارەیی بوو کە بە لیرەی زەرد خرابوە سەر فێس و سەرپێچ کە ئافرەتە کۆنەپەرستەکان لەسەریان نابوو • ئافرەتەکانی سولەیمانی زێڕەکانیان بە ملوانکە ، پشتوێن یان بازنگ لە خۆیان دابوو • ژنێك بایی ٨٠٠ دینار زێڕی لە خۆی دابوو ، یەکێ لە ئافرەتەکانی سولەیمانی پەراوێزی سوخمەکەی بە لیرە و پارچە زێڕیتری ڕازاندبوو •

ئافرەتەکانی ناوشار لەسەر زەوی دانەنیشتن ، بەڵکو لەسەر قەنەپە و کورسی • ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوەبوو ئەو ئافرەتانە کە بەرگی نایلۆن ، ئەوانە کە کراسی درێژ و ئەوانیتری کە جلی ئەورووپاییان لەبەرکردبوو ، ئەمانە هەموو لەسەر قەنەپەکانیش زۆر جار بە چوارمەشقی دادەنیشتن • وادیاربوو جمگەی ڕانیان وا نەرم بوو و وا فێربووبوون لەسەر زەوی زۆرتر بەو چەشنە دانیشن •

کەس لەم ئافرەتانە خووی نەگرتبوو بەوە کە پێڵاوەکانی دانەکەنێ • لەم وڵاتانە کە مرۆڤ هەمیشە لەپێش ئەوە لەسەر دۆشەگ یان فەرش دانیشێ پێڵاوەکانی دادەکەنێ ، پێڵاو بە پارچەیێك بەرگ دانانرێ • لە هەموو ماڵەکان کە دەچووم تەماشام دەکرد لایێك پڕە لە پێڵاو کە بێخاوەن و بە تێکەڵاوی فڕێدراون • لە ماڵەکەی سولەیمانیم هەر ئافرەتێ

دەیتوانی پێڵاوی یەکێتری لە پێ کا . زۆر جار ژنانی کورد بە پێی پەتی لە ماڵەوە دەگەڕێن ، ئەمەش شتێکی سەیر و سەمەرە نیە و جوانە [١] . بەڵام ئەوەی پێم لا سەیر و چەوت بوو کچێکم دەدی بەرگی ئەورووپایی کورتی لەبەرە و پێ پەتیە .

دانیشتنی ژنەکان لە حەوشەکە درێژەی کێشا هەتا ئێوارەیێکی درەنگ و گەیشتە شەو ، لەژێر هەستێرەکان پێکەوە رایاندەبوارد و دەمەتەقێیان دەکرد . لەبەر گەرمی ئاو و هەوا پەیتا پەیتا ساردەمەنییان دەخوارد و بەفراویان دەخواردەوە . بەفر لە چاڵە بەفر پایزان دەپارێزرا و هاوینان بە بار بۆ شار دەهێنرا و لە بازاڕ دەفرۆشرا . ئەم بەفرە نەختێك لە پووشەکەی پاك دەکرا و دەخرایە ناو ئاوی خواردنەوە ، ماستاو یان شەربەتەوە . هەموویان لە هەمان کاسە ئاویان دەخواردەوە و بۆ هەر یەکێ ئاوی تازە تێدەکرا . لەپاش ئەمە چای هات و جارجاریش خەریکی قرتاندنی ناوکی وشکی سوێر بوون وەك ناوکە کوولەکە ، ناوکەشووتی و ، تۆی گوڵەبەڕۆژە . لەپاشان مێوەیان بۆ هێنان . لە سەرەتای هاوین ترۆزی و ئارو (واتا هێروێ ، خەیار) بە پارچەی درێژ درێژ کە خوێی بەسەرا دەکرا ، لەپاشان کاڵەك و شووتی .

یەکێ لە ئافرەتەکان پاش ماوەیێك هەڵسا و چوە سەر حەوزی ئاو ، لەوێ دەسنوێژی سەند و چوە لای عەباکان و لەژێرەوە بەرماڵێکی خوری دۆزیەوە و دایخست و لەسەری نوێژی کرد . وا دیار بوو لە ماڵەوە نوێژی ئێوارەی نەکردبوو . لە دواییدا منداڵانی مێوانەکان و ماڵەوە کەوتنە

---

(١) لە ئەمەریکا زۆر جار ژنی خانەخوێم دەدی لە ماڵەوە بە پێ پەتی ئیش دەکا . ئەو ژنە پێی گوتم لە وڵاتی نەرویجیش ــ کە لە باکووری ئەورووپایە ــ ژنان لە ماڵەوە پێ پەتین و بەمجۆرە پێیان دەحەسێتەوە .

وەرگێڕ

وەنەوزدان و لە جێگای خۆیان خەویان لێ کەوت. نەخۆشییەکی هەڵامەتدار کە لە ژوورەوە دەحەسایەوە هاتە حەوشە . ئەمە کچێکی هەراشی یەکێ لە مێوانەکان بوو . لێرە منداڵە نەخۆشەکە ــ لەگەڵ ئەوەشدا وا دیار بــوو تای لێ هاتبوو ــ لە ماڵەوە بەتەنیا بەجێ نەهێڵرابوو ، چونکە ئەمە لێرە عەیبە. ناوچەوانی باش پێچرابوو . ئەمە لەبەرئــەوە بوو ــ وەکو گوتیــان ــ سەرئێشەکەی کەم بێتەوە . لە زۆر جێگا ئەم چەشنە پێچانی ناوچەوانــەم بۆ گەورە و بچووك دەدی . ئەم کچە لەسەر قەنەپــەکە لە تەنیشتمــەوە دانیشت . لەوکاتە شووتی بە مێوانەکان دەدرا . من ــ لە ترسی ئەوە نــەك نەخۆشییەکە وەرگرم ــ لە یەکەم ماوە کە بەدەستم کەوت جێگاکەم گۆڕی . من لە سەرەتای مانەوەم لە شار تووشی نەخۆشییێــکی ورگ بــووم و پزیشکێکی (واتا دختۆرێکی) عێراقی دەرمانی بۆ نووسیم . گەرمی لەشم بەرز بوو و لە ژووری مێواناتی ماڵەکەم چەنــد رۆژێ کەوتــم و هەمــوو ژوورەکەم بۆ خۆم داگیر کرد . لەبەرئەوە حــەزم نەدەکرد جارێــکی تری نەخۆش کەوم . لەو رۆژانە ئنفلوانزە Influenza بڵاو بووبوو و لە ماڵەکەم ٤ ــ ٥ کەس تووشی بووبوون و لەوانەبوو پزیشك بانگ کرێ. بەڵام سەرۆکی خێزان فەرمانیدا نابێ پزیشك بۆماڵەوە بانگ کرێ و کەس لە نەخۆشەکان بە سواری عارەبانە نابێ ببرێتە سەر دختۆر ، چونکە لــەو رۆژانە یەکێ لە منداڵە بچووکەکان لەگەڵ ئەوەشدا دختۆر دەرزی لێدابوو مرد ، لەبەرئەوە کاکی ئاغای ماڵ بڕوای بە دختۆر هاتبوە خوارەوە .

ژنێکی جوانکەلەی دەنگخۆش

لەناو ژنەکان یەکێك تەواو سەرنجی راکێشا . ئەم ئافرەتــە زل و جوانکەلە بوو ، وەك هەستێرەی Opera « واتا گۆرانــی و شانۆگەری» دەنگێکی بەرز و خۆشی هەبوو . کە پرسیم پێیان گوتــم گۆرانیبێژێکی باشە . زۆر قسەی پێناوێ بڵێم لێــرە کە زۆرتر غــەمی

پەروەردە کردنی کوڕان دەکرێ ، فێرگەی « واتا مەکتەبی » وا نیە بـۆ مەشقی گۆرانی [١] • ئەمە بووك بوو تازە شووی کردبوو و منداڵێـکی بووبوو ، بەڵام شووەکەی باش نەدەڕۆیی و خەلـکێش رەخنەیان لێ دەگرت• من بیرم لەوە دەکردەوە بێتو ئەم کچە لە ئەورووپا بوایێ بەم دەنگ و جوانیە وەك هەستێرەیێکی گۆرانی دەگەشایەوە • لێرە تەنیا ژنان بە بـەرزی و خۆشی و شانازی باسی جوانیان دەکرد • بەڵام منداڵبوونی یەك لەدوای یەك ، ئەم کۆمەڵە بچووکە کە دەورەیانداوە و تەنگیان پێ هەڵچنیـوە ، دەبنە هۆی ئەوە ئەم گوڵە جوانە سیس بێ و هەڵوەرێ • ئێمە بـا زۆر رەخنەش لەم ناوە نەگرین • لە رۆژئاوای بۆسفۆڕ لـە ئەورووپـاش زۆر کۆمار و کۆمەڵیوا هەن کە ئافرەتی زۆر جوانی تیا هەڵدەکەوێ ، کە ـ بـە بێ ئەوە کە خەلـکێکی زۆر سوودیان لێ وەرگرن ـ دەژین و دەمرن •

دانیشتنەکە هەر درێژەی کێشا و ژنانیش هەر خەریکی دەمەتەقـێ بوون و ماوەی ئەوەیان هەبوو باسی زۆر شت بکەن • قسەی پێ نـاوێ بڵێم ئەم ژنانە هەموو شتێکیان دەزانی کە شایانی زانین بێ • ئەوەی شایانی باس و روونکردنەوەیە ئەم ژنانە کە لە ماڵەوە دەمێنن و تەنیـا خەریـکی ئیشوکاری ماڵ و منداڵی خۆیانن و کاتی خۆیان بە فیڕۆ نادەن لـە ژنـە سەربەخۆکانی وەك ئێمە تەواو زۆرزانترن ، ئەو ژنانەی ئەورووپا کە هەموو کاتی خۆیان تەرخانی ئیشە تەسکەکەیان دەکەن و لەوە زیاتر هیچ نازانن •

بە هەمان بیر دەتوانین قسەی داپیرە گەورەکانمان قەبووڵ کەین کـە جاران دەیانگوت : «ئەوەی بێشکە رادەژەنێ دەتوانێ دنیاش بجووڵێنێ» •

---

(١) ئێستا حوکوومەتی عیراق خەریکی پەروەردەکردنی کچانیشە لەگـەڵ کوڕان و فێرگەی گۆرانی و مۆزیقەیوا هەیـە کە کـوڕو کچی تێـدا دەخوێنن .

وەرگـێڕ

ئێمە ژنانی ئەورووپا ئێستا بەدەگمەن بێشکی منداڵ ڕادەژێنین و ئەوەندە خۆمان لە ئیش و کاری تایبەتی خۆمان نوقم‌کردوە کە ئاگامان لە دنیا نیە و نازانین تەختەی وشك لە داری سەوز هاتوە •

هاتنەوەی پیاوان بۆ ماڵەوە

نزیك سەعات یانزەی ئێوارە ــ سەعاتێ پێش نیوەشەو ــ پیاوان ، باوك و کوڕ هاتنەوە • هاتنەوەی مێرد و کوڕ لەلای ئێمە لە ساڵەکانی دوای ۱۹۲۰ دەبوە هۆی بووژانەوەی کۆمەڵی ژنان : ئافرەتەکان پرچی خۆیان ڕێك‌دەخست و لە بەردەم پیاوان گفتوگۆ خۆشتر و نەرمتر و جوانتر دەبوو • دەمەتەقێ کەم دەبوو ، لۆمە ، ڕەخنەگرتن ، سکاڵا و قسە بە خەڵك گوتن نەدەما •

ئەم پیاوانە بۆ زۆری ژنەکان غەریب بوون • بهاتایە ئەورووپایی بواین دەبوە کارەسات • ژنان هەموو رایان‌دەکردە ژوورەوە و حەوشەکەیان بۆ پیاوەکان بەجێ‌دەهێشت • ئەمەیان بکردایێ ، واتا هەموویان بۆ عاباکانیان رایان‌بکردایێ ، هەموو دەشلەژان و دەکەوتنە سەر یەك • بەڵام پیاوەکان کورد بوون و خەڵکی شارەکە بوون ، لەبەرئەوە ئافرەتەکان تەنیا سەر و ملی خۆیان پێچا و وەکو کەس بۆ ئەوێ نەهاتبێ لەسەر دەمەتەقێی خۆیان دەوامیان کرد • پیاوەکانیش بە هێواشی و بە بێ‌دەنگی لەپشت ژنەکانەوە ڕێگای خۆیان دۆزیەوە و چوونە ژوورەوە • باوك کراسە درێژەکەی شەوی لەبەرکرد و بە بێ‌دەنگی بە پەیژەکەیا بۆ سەربان سەرکەوت تاکو لەوێ لەسەر چوارپایەکەی بنوێ • کوڕەکەش بێجامەکەی لەبەرکرد و بەدزیەوە چوە سەر دەسشۆر و دانەکانی پاك‌کردەوە و دەس و دەم و چاو ، پێی شۆری • ئەمیش بە بێ‌دەنگی بەسەر پەیژەکەیا هەڵکشا و چوە سەربان تاکو لەسەر چوارپایەکەی بنوێ •

چایی لێنان لەسەر سەکۆی قوڕینی بەرماڵ
ئاو لە تەنەکە نەوتا هێنراوە بۆ چایەکە . تۆپزاوا

کچی ماڵ چێشت لێ ئەنێ و بە چیچکانەوە بەدیار
ئاگردانەکەوە دانیشتووە . تۆپزاوا

بزن دۆشین لە شاخەکانی سەروو تۆپزاوا

خانوە دێهاتی‌یانەکەم لە کێلگەکەی شێخدا لە تۆپزاوا

من له دەمەتەقێی ژنان وەڕس بووم و تەماشای پیاوەکانم دەکرد • بەڵێ ئەو دەمە نەختێ کوردی تێدەگەیشتم ، بەڵام کە هەموو پێکەوە قسەیان دەکرد هیچ حاڵی نەدەبووم •

چوارپایەکەی منیش لە سەربان بوو • من حەزم دەکرد و دڵخۆش بووم کە لەسەر سەربانە قوڕینەکە لەژێر عاسمان بخەوم • دیتنی باری دنیا لەپاش مەلابانگدان زۆر خۆش بوو • هەستێرەکان لەپێشدا وردە وردە کاڵدەبوون ، بەڵام عاسمان هێشتا نیوە تاریك بوو • لەپاشا وردە وردە ڕۆژ هەڵدەهات • لە سەربانەکان چاوم بە خەڵك دەکەوت لێفەکان هەڵدەدەنەوە• دایکەکان لەسەر لانکەکان پەردە لادەدەن•لە پاشا نوێنی‌شەو کۆدەکرێتەوە و دادەپۆشرێ و تەنیا چوارپایە ڕەقەکان دەمێنن • هەموو شارەکە لەگەڵ یان پێش هەڵاتنی ڕۆژ لە خەو هەڵدەستن •

دەستە بەرگە کوردی‌یەکەم

ئەو دەستە بەرگە کە بۆ من کرابوو زۆر جوان بوو • شەرواڵەکە لە سورمەی سوور ، سوخمەکە سووری کاڵ و کەواکە سورمەی سپی بوو • کەواکە لەسەر دەستووری کوردان درێژ بوو و دەگەیشتە سەرزەوی • بەرگی ژنە کوردەکان لە بەرگی ژنانی ئەورووپای سەدەکانی ناوەندی ڕەنگاورەنگ دەچێ • کراسەکەم دوو فەقیانەی درێژی هەبوو کە لە زەوی دەخشان • بەڵام تۆ لە دەمی کارکردن دەبێ سەری فەقیانەکان بەیەکەوە بەستێ و بیخەیە پشت ملت ، ئەودەمە قۆڵ هەتا ئانیشك ڕووت دەبێ و دەتوانی بەئاسانی چێشت لێ‌بنێی ، ئامان بشۆی یان دەزنوێژەکەت تازە کەیتەوە • بەڵام لە دەمی نوێژکردن دەبێ فەقیانەکان بکرێنەوە و شۆڕ بنە خوارەوە • کەوایێکی درێژیش هەیە بە لۆکە پڕکراوە و لە سورمەی سوور دروستکراوە • بۆ سەرم فێسێکی ڕەش هەیە کە پارچە زێڕێکی پێوە دووراوە لەگەڵ سەرپێچێك • شەرواڵە درێژەکەم تەرجومانەکەم قوماشەکەی

بۆ کرێم و خۆی بە مەکینە دووری • جووتێ سۆلیشی بۆ من بە دروستکردن دا کە نەخشی زێڕی پێوەیە • تەرجومانەکەم خۆی قوماشی بەرگەکەمی کڕی ، خۆی بڕی و خۆی بە دەس و بە مەکینە دووری • بڕینەکەی ئەوەندە وەستایانە بوو هیچی لێ بە فیڕۆ نەچوو • ئەو لەباتی ئینچ و پێی ئێستامان بە بست و پەنجە پێوانەکانی ئەگرت و لەپاشان دەیبڕی •

بۆئەوە بزانم پارچە بەرگەکانم چۆن لەبەر دەکرێن چوومە لای خانەخوێکەی دێیەکەم و پارچەکانم پیشانی کچی ماڵەکە دا کە باش تێم بگەیێنێ چۆن بە باشی لەبەریان کەم • ئێمە لە رۆژئاوا وا فێری لەبەرکردنی جلی خۆمان بووین ، لێرە ترسام نەزانم ئەم جلە کوردیانە بە باشی لەبەرکەم • لەوێ کچەکە جلەکانی خۆی داکەند و پارچە بەرگەکانی منی لەبەرکرد • کچەکە لە جلگۆڕینەکەی هیچ لایێکی بچووکی گیانی رووتی خۆی دەرنەخست • ئەمە ئەم رووداوەی خوارەوە دەخاتەوە بیرم •

جارێکیان کچەکە ویستی لەبەرکردنی بەرگی هاوینی دێنمارکی تاقیکاتەوە • بەرگەکەم پێ دا و لەبەری کرد • لە دوورەوە راوەستام تاکو بە کامێرەکەم وێنەی بگرم • لەوکاتە دوو ئافرەتی دێیەکە لەوێوە تێپەڕین • لەپڕێکا کچەکە لە بەرچاوم بزر بوو • لەپاش گەڕان لەلای ئاگردان بە کزی و ماتی دۆزیمەوە • لەوێ لەسەر پێی هەڵتووتابو و بە دەسەکانی ئەژنۆ و قۆڵە رووتەکانی داپۆشیبوو ، چونکە کراسەکە هەتا ئەژنۆی دەگەیشت و قۆڵیشی زۆر کورت بوو • کچەکە بە ترسە ترسەوە تێی گەیاندم کە شتێکی خراپی کرد و جلێکیوا بێئابڕوانەی کردە بەری کە ئەژنۆ و لاق و قۆڵەکانی بە رووتی دەرخست • لەپاشا گوتی : « خوا و ڕاستان کەس بەم حاڵە خراپە نەیدیم • لەبەرئەوە بۆ دەقیقەیێکیش بێ ئابرووم نەچوو » • گریمان (واتا بابڵێین) یەکێ لە دێیەکە بڵاوی کردەوە کە بەرزترین کچی ئاوایی ئەو چەشنە بەرگەی ــ با بۆ دەقیقەیێکیش بێ ــ

لەبەرکردوە ، با لە ماڵی خۆیشی بێ ، ئایا بەم‌کردەوەیە ناوی خراپ نەدەبوو ؟

ئەو لە بەرگە کوردیەکەم زۆر ڕازی بوو • بە خۆشیەوە تەماشای ڕەنگەکان و پێکەوە ڕێك‌کەوتنی ئەم ڕەنگانەی دەکرد • بەمە زانیم هیچ دەستوورێکی یان بیرێکی ئەورووپایی لە ڕەنگەکان و پێکەوە گونجانیان کاری نەکردوە • تەنیا لە یەك شت حەزی نەدەکرد ئەویش ڕەنگی سووری کەوا درێژەکە لە هەمان ڕەنگی سوخمە و سەرپۆشەکە بوو • لەبەرئەوە لەپاشان کەوا سوورەکەم بە یەکێکی‌تری سورمەی پیرۆزەیی گۆڕیەوە • ئەگەر ئەمەم پێشان کچە هەرزەکارەکە بدایێ زۆر دڵنیام کە حەزی لێ دەکرد• کچەکە ئەو جلە کوردیەی لەبەرکرد کە لەگەڵ خۆما بۆ دێنمارك دەمبرد و زۆر پێی خۆش بوو • لەگەڵ ئەوەشدا من نەختێ کوردی فێربووبووم ، بەڵام نەمدەتوانی تێی‌بگەیێنم ئەم بەرگە وەك لێرە دیارە لە دێنمارك وا زۆر جوان دیار نابێ با کچێکی لە تەمەن ئەویش لەوێ لەبەری کا • جارێ کچەکان لەوێ بە پێیەتی لە ناوماڵ ناگەڕێن • لەبەرئەوە ناتوانن وەك کچانی ئێرە جوان و قیت و قۆز و ڕێك بەرێوەبڕۆن •

هەوڵامێی کتێب

چوونە سەر کانی و هێنانی ئاو

کچ و ژنانی ئێرە کە دەچنە سەرکانی و تەنەکە ئاوەکانیان دەخەنە سەر شانیان وا ڕاست و قیت دەڕۆن تۆ حەزدەکەی هەر تەماشایان کەی •

پێش ئەوەی بێمە کوردستان بیرای بیرای نایەتە بیرم جارێك چەند بەرداغ ئاوم خواردبێتەوە • ئێمە لەوێ شتی دەخۆینەوە وەك شەربەت و شەراب • کە گەڕامە ماڵەوە زۆر حەزم‌دەکرد تەماشای بەرداغێکی ئاو بکەم کە پارچەی بچووکی بەفری تێدابێ • لە تەماشاکردنی ئەو بەرداغە ئاوە بیرای تێر نەدەبووم • لێرە لە دێیەکەم کانییێکی باش هەبوو نزیك ماڵەکەمان • ئاوەکە هەڵدەقوڵیە ناو حەوزێکی چوار قوڕنە و لەوێوە بەهۆی پلووسکێکەوە دەرژایە ژێر دیوارێك و بزر دەبوو • کچ و ژنەکان

بەهۆی تەنەکەی نەوتی بەتاڵ ، دۆلکە و کوندە لەم کانیە ئاویان دەهێنا • تەنەکەکەیان دەخستە سەرشانێك و بە دەستێك دەیانگرت و قیت بەرێوە دەرۆیشتن • بە دەس هەلگرتنی دۆلکە لەبەر دەسکەکەی ئاسانتر بوو • کوندەکە لە پێستی پاكکراوی مەڕ و مالات دروستکراوە • هەلگرتنی ناخۆش و گرانە • ئافرەت دەربەست دەبێ لەسەر پشتی هەلیگرێ و لە هەردوو لاوە بە هەردوو دەس بیگرێ و بە شۆڕە شۆڕ بڕوا • کوندەی وا هەیە ئەوەندە گەورەیە دەمەکەی لەلایێکەوە و بنەکەی لە لایەکەیتریەوە شۆڕ دەبێتە خوارەوە و ئاو بە پشتی ئافرەتەکەدا دەچۆڕێ • کچی هەرزەکار کە ئاوی هەلگرت قیت دەڕوا ، پیاو حەزی لێ دەکا و حەزدەکا تەماشای بکا وەکو Elieses حەزی لە Rebekh کرد کە لەسەر بیرێ ئاوی هەلدەگرت •

بۆ ژنە لادێیی چوونە سەر کانی ماوەیێکی باشە بۆ دەمەتەقێ و بەجێهێنانی زۆر شتیتری • لەسەر کانی ئافرەت دەس و دەم و چاوی خۆی دەشوا ، دەسنوێژ هەلدەگرێ و لەسەر تاتەبەردە لووسە پاکەکان نوێژ دەکا • جارێکیان پیرێژنێکم لەسەر کانی دی • هاتە سەر کانی ، دەم و چاوی شۆری و دانەکانی بە پەنجەی پاك کردەوە • لەپاشان لەسەر حەوزی کانیەکە دانیشت و دەسنوێژی هەلگرت و لەسەر تاتە بەردەکان نوێژی کرد • لەودەمە زۆر ژن هاتبوونە سەر کانیەکە و خەریکی خۆیان بوون • ئێوارەیێك لە سەربانەوە چاوم بە ئافرەتێکی چالاك کەوت کە تەنەکەیێکی زلی بەدەستەوە بوو و دەهاتە سەر کانی • لەپێشا دەسنوێژی هەلگرت و سەرپۆشەکەی سەری لە خوار چەناگەی قایم کرد و نوێژی کرد • لەپاشان سەرپۆشەکەی کردەوە و باش لە ملی قایمی کرد • ئینجا تەنەکە ئاوەکەی لەسەر شانی راستی دانا و بە دەستی چەپی رانی چەپی خۆی توند گرت و بە دەستی راستی لەسەرەوە تەنەکەکەی گرت و بە قنج و قیتی کەوتە رێ و لەناو تارمایی ئاوایی بزر بوو •



وینەیێکی دەسکری لایێك لە تۆپزاوە

— ٤ —

منداڵێك و کارەکەرێك

خانوەکەی تۆپزاوە

ئەو دێیە (واتا تۆپزاوەی لای دووکان) کە نزیکەی مانگێك تێدا ژیام لەلای کێلگەییێکی گەورەیە کە دەکەوێتە سەر لاپاڵی شاخێکی بەرز • ئەو بەشەی خانوەکە بۆ من تەرخان کرابوو بریتی بوو لە ژووریکی گەورەی بێ‌پەنجەرە کە دەیڕوانیە حەوشەکە و دوو ژووری‌تری • دیوارەکانی بە خشتی کاڵ دروست و بە گەچ سپی کرابوون • سەری بە دار و چیلکە و حەسیر و لەپاشان بە قوڕ داپۆشرابوو • زەویەکەی قوڕ بوو کە بە چینێکی تەنکی چمەنتۆ داپۆشرابوو و ڕۆژی چەند جارێ بۆ فێنکی ئاوڕشێن دەکرا • پەرەسێلکە لەناو دارەکانی بن‌میچ هێلانەیان دروست و لەوێ

بێچووشیان کردبوو و بە جووکەجووك بۆ هێنانی قوڕ و پووش بۆ دامەزراندنی هێلانە و خواردەمەنی بۆ بێچووەکانیان هاتوچۆیان دەکرد • مریشك و جووجەڵەی ناومال پەیتا پەیتا دەهاتنە ژوورەوە و پیسیان دەکرد و بۆ حەوشەکە رایاندەکردەوە • لە تەنشت دیوارەکان دوو قەنەپە و دوو کورسی داری رووت و رەق و ناشیرین راوەستابوون : دۆشەگەکانیان رەق و قۆلەکانیان بۆ دانانی چای ، پان دروستکرابوون • ئەم قەنەپە و کورسیانە بەرامبەر یەکتری بوون و دانیشتوەکان وەك رێبواری شەمەندەفەر دەبوایێ بەرامبەر یەك دانیشن • کە گەرمی هەوا بەرز دەبوو ، کورسی و قەنەپەکان بۆ ناوەوەی ژوورەکە دەبران کە تاریکتر و فێنکتر بوو• دوو ژوورەکەی تری تەسکتر بوون و پەنجەرەکانیان نزمتر بوون • لە یەکێ لەم ژوورانە چەند سەنووقێکی ئاسنی رەنگکراوی مال و مێزێك و کانتۆر هەبوون • لە سەرەتای دانیشتنم چوارپایەیێکی ئاسنیش هەبوو ، بەلام ئەمە لەپاشان بۆ حەوشە گوێزرایەوە • ژوورەکەی تری بە چیمەنتۆ داپۆشرابوو کە لەسەری بەڕە و فەرش بۆ دانیشتن داخرابوون • لەمژوورە گەرماوێکی بچووك هەبوو کە بریتی بوو لە ژوورێکی بچووکی بێ پەنجەرە و حەوزێکی تێدا دروست کرابو • تانکیێیکی گەورە لە دەرەوە دامەزرابوو، بە ئاو پڕ و بە ئاگر گەرمدەکرا • ئەو ئاوە دەرژایە ناو حەوزەکەی ناو ژووری گەرماو • تۆ دەتتوانی لەمژوورە لەسەر تەختەیێکی نزم دانیشی و بە کاسەیێکی بچووك ئاو بکەیتە خۆتا و خۆت بشۆی •

لەپشت ئەم ژوورە ژووری گەنجینە (واتا مەخزەن) هەبوو کە دوو سێ کەنووی بەرزی تێدابوو کە بە پەنجە نەخشکرابوون و بۆ پاراستنی دانەوێلە بەکاردەهێنران • بێجگە لەمانە لەم ژوورە ئامێری کشتوکالی وەك داس و گاسن هەبوون • ڕەنجبەرەکانی شێخ بۆ وەرگرتنی ئەو ئامێرانە کە پێویستیان بوو بۆ ئەو ژوورە دەهاتن و ئێوارە دەیانهێنایەوە •

لەوێ قوڵێنەی (واتا سەبەتەی) نانی تیری هەبوو و بە قولاپەکانەوە گۆشت هەڵواسرابوو • بەڵام لە هاوینا دەیانتوانی تەنیا بۆ رۆژێ لەوێ گۆشت هەڵواسن • لێرە هەندێ جار چاوم بە لانـکەی هەڵـواسراو دەکەوت کە کارەکەرەکە منداڵە کۆرپەکەی تێدا دەخەواند • پێپلیکەیێکی ناشـیرینی تاریك بۆ چوونە سەربان لەم ژوورە لە قورِ دروست‌کرابوو • لە بەردەم ئەم ژوورانە پێشخانێك تەخت‌کرابوو و لەوێوە پێپلکەیێـکی بەرز تـۆی دەگەیاندە حەوشەکە کە لە قورِ و بە خوار و خێچی دروست‌کرابوو • ئەم حەوشە ــ لە لایەکەی‌ترەوە ــ بەرامبەر پێشخان ــ جێگای چێشت لێنان ، تەنوور و جێگای نان‌کردن ، تەویلە و جێـگای دەرگای دارینی حەوشـە هەبوو کە ئێواران دادەخرا • خـانووی ژیـان لە خشـتی کاڵ و بـەرد دروست‌کرابوو و پلانی خانوەکە ، واتا بناغەی دیوارەکانی هەموو لە یەك بەرزی نەبوو • سەربانەکانیش هەموو لە یەك بەرزی نەبوون : لە پشتەوە بەرز و لەپێشەوە نزمتر بوو • ئەم خانوانە بەپێی بەرزی رووی زەمین لـە دامێن شاخەکە دروست‌کرابوون • خانوەکان نەك تەنیـا کەرەستەکانیـان رەنگی رووی زەمینی پێدەدان ، بەڵکو لەگەڵ لێژبوونی رووی ئەم زەمینە خانوەکانیش بەو لایە خوار دەبوون • لەم خانوانـە هێڵ (واتـا خەت) و قورِنەی راست نەبوون • کونی دەرگا و پەنجەرەکانیش لە دیوارە قورِینە ئەستوورەکە راست نەبرِابوون ، بەڵکو خوار و خێـچ و قورِنـەکانیش راست نەبوون • تۆ سەرت سوورِدەما لەو جۆرە دەرگا و پەنجەرانە کـە دەخرانە ئەو کونانەوە ، دەبێ چەندی راست بن ؟

کەپـری ناوبـاغەکان

جارێکیان لەتەنیشت کەپرێکەوە تێپەرِیم کە پیرێژنێکی تیا دەژیـا و دەرگاییێکیوا خوار و خیچی هەبوو تۆ لەلای دەرگاکەوە دەتتوانی نـاو کەپرەکە ببینی • ئەم جۆرە کەپرانە بەهاران و هاوینان لەناو کێڵگەکان بـۆ

خۆپاراستن لە تینی گەرمای هاوین دروست دەکرین • ئەم کەپرانە لە چیلکە و لقەدار دروست‌کرابوون و سەرەکانیان بە چەند دارێکی خواری سپیدار و چیلکە و چلو و گەڵا دار گیرابوو • گەڵاکان لە سەرەتادا سەوزن، لەپاشان وردە وردە زەرد و بۆر دەبن • کێڵگەکانی دەوروپشتی دێیەکە لە دەمی دوورینەوە و بەرهەم کۆکردن ئەم جۆرە کەپرانەیان تیا دروست دەکرێ •

مەبەستی لادێیی‌یەکان لەم کەپرانە خۆپاراستن بوو لە تینی رۆژ • دیوارەکانی هەندێ‌جار بە حەسیریش دادەپۆشران • خێزانی رەنجبەرەکان لەژێر ئەو کەپرانە دەژیان و لەوێش ناومالی پێویستی خۆیان وەك کاسە و مەنجەڵیان دەپاراست •

پیرێژنەکە کلیلێکی زلی خستبوە دەرگای کەپرەکە ، بەڵام تۆ دەتتوانی لەتەنیشت کلیلەکەوە باش دەست درێژ کەی و یەکێکی دەسدرێژ دەیتوانی شتی لێ دەرکا •

کە رەشەبا هەڵی‌دەکرد ، دنیا پڕ دەبوو لە تۆز و خۆڵ ، دنیا بۆر دادەهات و دەرگا و پەنجەرەکان دەکەوتنە جوولەجوول و تەقەتەق • شەوێکیان وا بەهێز پەنجەرەی ژوورەکەم دەجوولایەوە ، نەمدەزانی کەی بەجارێ دەشکێ ؟

دروست‌کردنی خانووی قوڕ

دروست‌کردنی خانووی قوڕ زۆر ئاسانە و زوو دەکرێ • لەپێشدا لە جێگایێك قوڕ دەشێلرا و ئەم قوڕە دەکرایە ناو چوار چێوەیێکی دارینەوە بۆ دروست‌کردنی خشتی کاڵ و بۆ وشك‌کردنەوە دادەندرا • لەپاش وشك‌بوونەوە بەهۆی ئەم خشتە کاڵانە دەس‌دەکرا بە دروست‌کردنی دیوار • ڕاستی ستوونی (واتا عەموودی) دیوارەکان بەهۆی پەتێك نەك شاقوول

ئەندازە دەکرا • ئەم دیوارانە کە لە دەورەی جێگاکە بەرز دەبوون سەریان بە دار و چیلکە و چڵو دەگیرا • لەپاش تەواوبوونی ژوورەکە بەرماوەی گڵ و قوڕ لادەبرا و زەویەکەی نەختێ تەخت دەکرا ، بەڵام نەك تـەواو تەخت • لەپاشان دیوارەکان بە قوڕی کادار سواغ دەدرا • بەڵێ ئەم خانوانە زۆر زوو تەواو دەبوون ، بەڵام زۆر پتـەو (واتا قـایم) نەبـوون و زوو دەڕووخـان •

ئیش‌وکاری ناوماڵێکی گەورەی لادێ

لە ماڵێکی گەورەی وەك ماڵەکەی لادێم ئیش‌وکاری ناوماڵ زۆر بوو• من لە سەرەتادا ئەقڵم بەمە نەدەشکا • بەڵام وردە وردە زانیم هەڵسووڕاندنی ماڵێکی گەورەی وەك ئەم ماڵەی شێخ پێویستی بـە زۆر ماندوویـەتی و ئیش هەیە • لە سەرەتادا من نەمدەزانی چۆن ئەم ئیشانە دابەش دەکران و چەند کەس خەریکیان دەبن •

ئافرەتەکانی ماڵ بریتی بوون لە دایکێك ، کچەکەی و کارەکەرێك • بێجگە لەمانە دوو کچی بچووکیش هەبوون • ئەندامە مێینەکانی خێزانەکە بە بێ‌جیاوازی دەبوایی لەپێشدا نان بۆ ئەندامە نێرینەکان دابێن کە بریتی بوون لە باوك و سێ کوڕەکەی کە بچووکترینیان حەوت ساڵان بوو • ژنانی دێهات لێرە ــ وەك ناوشار ــ پەچە و عەبا ناپۆشن و ژیانی خێزان لەم دێهاتە نەختێ لە هی ناو ڕۆژئاوا دەکا و جیاکردنی پیـاو و کوڕەکان لـە ژن و کچەکان لێرە باش دیار نەکراوە • لەناو خێزانێکی لادێ پیاو و ژن پێکەوە دەژین و هاوکاری دەکەن ، نەك وەك شارستانیەکان کە جیاوازی تێدایە • خزم و هاوسێ و برادەری نێرینەی ماڵەکەمان بۆ دیدەنیمـان دەهـاتن و دەیانتوانی لەگەڵ ژنەکان بە سەربەسـتی قسـە بـکەن • بـەڵام هیـچ ئەورووپایی‌یێك نەیدەتوانی پێ بخاتە ناو ماڵەوە • ئەوان تەنیا هەتا ژووری میوان دەیانتوانی بێن •

هەواڵنامەی کتێب

جارێکیان ئەورووپاییەك بۆ لای من هات ٠ کە لە پێشخانەوە بۆ ژووری مێوان هات نەیزانی لە ژووری ژنان چی دەکرێ ٠ لەوێ دوو ئافرەت ، کە کچە گەنجەکە و کارەکەرەکە بوون ، خۆیان نووساندبوە دەرگا داخراوەکەوە و هەریەکە لە کونێکەوە تەماشای دەکرد بۆئەوە کە پیاوێکی ئەورووپایی ــ کە ببڕای ببڕای لە نزیکەوە نەیاندیبوو ــ باش ببینن و بەمە حەزلێکردنی خۆیان لە زانینی شتی سەیر و ناسینی کەسی بیانی (واتا بێگانە) تێر بکەن ٠

چالاکی ئەمجێ

زۆربەی ئیشوکاری رۆژانەی ماڵ کەوتبوە شان کارەکەرەکە و کچە گەنجەکە ٠ ئەم کچە بەپێی تەمەنی خۆی تۆ سەرت سوور دەما چەند چوست و بەکار و چالاك بوو ٠ بەڵام کچە بچووکە هەشت ساڵانەکەی شێخ نەختێ کۆمەکی دەکرد ٠ ئەم کچە جوان و زەلام بوو و قژە درێژەکەی دەهاتە خوارەوە و گوێ گوارەدارەکەی دادەپۆشی ٠

کچە گەنجەکە لەبەر ئیشی زۆر و ماندوویەتی بە سستی دەبزووت ٠ ئەم کچە هەر لە بەیانی زووەوە ــ لە مەلا بانگدانەوە ــ ئیشی دەکرد هەتا نیوەشەو ٠ رۆژێك کە پێکەوە لە حەوشە تێدەپەڕین دەستیم گرت ٠ تەماشامکرد وەك دەستی پیرێژن رەق و وشکە ٠ من لەپێشدا بڕوام نەکرد ، کە دەستەکەیم هەڵبڕی و باش تەماشام کرد ئینجا بڕوام کرد ٠ ئەمە زڕ کچ بوو ٠ لێرە منداڵانی ژنی تەڵاقدراو ــ کە بچووك نەبن ــ لەگەڵ باوکیان دەمێنن و نادرێنە دایك ٠ بەڵێ بەڕاستی لەگەڵی خراپ نەبوون ، بەڵام لە دوو کچە بچووکەکان گەورەتر بوو و لەبەرئەوە باوکی ئیشی ماڵی پێ دەکرد ٠ لێرە لە دێهات تەنیا کوڕ دەچنە فێرگە (واتا مەکتەب) ، کچان

ناچن [1] • لەبەرئەوە کە لێرە ئامرازی (واتا ئالەت و ئەدەواتی) ناومالّ کەمە ، هەموو ئیشێ بە دەست دەکرێ و ئەم کچە گەنجە دەربەست بوو ئیشێکی زۆر لە مالەوە جێبەجێ بکا •

کە یەکێ لە ئەندامی مالەکە لە سەربانی تەنشت پێشخانەکە بیویستایێ دەستی بشوا دەبوایێ ئەم کچە ئازا دەسشۆر و مەسینە و سابوون و ئاو بێنێ و ئاو بکاتە دەسیا • کە پیاوەکان دەهاتنەوە دەبوایێ ئەو بچێ جلی شەویان بو دانێ • کە من لەگەلّ ژێنێکیتری نانمان دەخوارد دەبوایێ ئەو خزمەتمان بکا و لەسەرمان راوەستێ و بە باوەشێن مێشەکان دەرکا• لەگەلّ هەموو دەربڕینی نارەزاییم و قەبوولّ نەکردنم ئەو کچە بەستەزمانە بە لەشی لاوازیەوە لە حەوزەکەی نزیك ئاوی بۆ ژوورەکەم دەهێنا • من دەربەست بووم بەدزیەوە بۆ خۆم بە دۆلکە و سەتلّ ئاو بێنم • بەلام کە ئافرەتە گەورەکان پێیانزانیم پێیان گوتم ئەمە عەیبە و شوورەییە • لێرە مێوان نابێ ئیش بکا و ئیش کردنی مێوان شوورەییە بۆ مالەکەیان • خوانەکەران خەلّك بەوە بزانن ، رەخنەیان لێ دەگرن • داخەکەم تۆ لەپاش ماوەیێ تەمەلّ و تەوەزەل دەبی و فێری ئەوە دەبی یەکێك خزمەتت بکا و لە خزمەتتدا راوەستێ •

یەکێتری لە ئیشەکانی ئەم کچە گەنجە ــ کە ناوی ئەجێ (واتا خەجێ)یە ــ هەلگرتنی قاپ و ئامان و مەنجەلە مسە قورسەکان بوو بۆ شۆرینیان لە سەرکانی • کە چای دەکرا ئەجێ سەماوەرەکەی لە ئاو پڕ دەکرد ، ئاگری دەکردەوە و بە ماشەیێکی درێژ زۆر بەپوختەیی خەلّووزە داگیرساوەکانی دەخستە ناو سەماوەرەکە •

---

(1) ئێستا لە هەندێ دێ گەورەکان فێرگەی کچان کراوەتەوە و کچانیش دەتوانن بخوێنن . فێرگەی تایبەتی خۆیان نەبێ دەتوانن لەگەلّ کورەکان بخوێنن .

وەرگێر

که سەعات شەشی بەیانی هەڵدەستام ئەجێ خەریکی ئیش بوو • کە کچە گەورەکەی شێخ یان کارەکەرەکە بۆ کۆکردنەوەی کەرە خەریکی ژەندنی مەشکەی ماست بوون ئەجێ خەریکی مالینی حەوشەکە بوو • بەڵام چۆن مالینێ ؟ بە دانیشتن و بە هۆی گزگێکی کورتەوە حەوشەکەی دەمالی • بەڵێ حەوشەکەی باش دەمالی ، بەڵام خۆیشی باش تۆزاوی و پیس دەکرد • لەپاشان شت و خۆڵە مالراوەکەی بە دەستی دەخستە ناو تەنەکەییێکی نەوتی بەتاڵ ، بەمەش دەستەکانی پاکتر نەدەبوو •

رۆژێك سەرەکی ماڵ حەزی لە قەرە خەرمان کرد • هەندێ گوڵە گەنمی هێنا تاکو لەپشت خانوەکە لەسەر زەوییێکی بەتاڵ ببرژێنرێ • ئەم گەنمە برژاوە لەپاشان بە دەستار دەهاڕرا و دەکرا بە چێشتێکی خۆش کە تامی برنج و کاکڵە گوێز دەدا • ژنەکەی کە بە هەڵکەوت هاتە دەرێ و سەیری گوڵە گەنمەکانی کرد رەخنەی لە مێردەکەی گرت و گوتی ئەم گوڵانە تەواو کاملن و زەردن ، تۆ دەبوایێ گوڵی نیوە کامڵ و سەوزت بهێنایێ • بەمە مێردەکەی دڵتەنگ بوو و دەموچاوی بە چەشنێك گوڕڕا وەك گۆڕڕانی دەموچاوی هەر مێردێك لە دنیا کە ژنەکەی رەخنەی لێ بگرێ و خۆی بە داناتر و ئاقلتر دانێ • بەڵام مێردەکە لەسەر سەرپەرشتی برژاندنی گوڵە گەنمەکان دەوامی کرد • گوڵەکان تەنك بڵاوکران بۆئەوە کە باش ببرژێن • بەڵام دەبوایێ گەنمە برژاوەکان لابرێن پێش‌ئەوە کە چینێکی گەنمی تازە رابخرێ • ئەم کارە کەوتە سەرشانی ئەجێی بەسەزمان • ئەجێ گەنمە برژاوەکانی کۆدەکردەوە و دەیخستە ناو تەشتێکی مس و پووشە سووتاوەکانی لادەبرد • ئەجێ هەموو ئەم ئیشەی بە دەستە رووتەکەی دەکرد • ئەو رۆژە با هەبوو و دوکەڵ بەرزدەبوو و دەموچاوی کچەکەی رەش دەکرد • لەگەڵ ئەوەشدا باوکی بە ئیشەکەی رازی نەبوو و پەلەی لێ دەکرد • چۆن یەکێك لە کەرێك بدا و کەرەکە بە تیژی بکەوێتە

رێ ، هەروا کچەکە بە پەلەپەل دەستی دەخستە نـاو ئاگرەکە و گەنمە برژاوەکانی کۆدەکردەوە • دەستەکانی زۆر رەق نەبوایێن تەواو دەسووتان• باوکە دلرەقەکە باکی بەوە نەبوو کچەکەی وا لیێ بکا و دەستی بسووتیێ • کچەکەش لای سەیر نەبوو باوکی بەمچەشنە ئیشی پیێ دەکا و ئەمەی بـە هەلە (واتا غەلەت) دانەدەنا • وادیارە تەنیا من بە هەلە چووبووم و خراپ بیرم دەکردەوە • کە لەپاش نانخواردن چایدەکرا ، ئەجیێ دادەنیشت بـۆ شۆرینی ئیستیکانە بەتالەکان و پرکردنیان : بەلام لەم ئیشە تەنیا نەبوو ، خوشکە هەشت سالانـەکەی و برا حـەوت سالانەکەشـی هەندیێجـار کۆمەکییان دەکرد • خوشکە بچووکەکەی وەك ئـەجیێ نەبوو ، بەلـکو جیێگاییێکی تایبەتی هەبوو • ئەمەش لەبەرئەوە بوو لەپیێشدا ئەو بچووکتر بوو ، لەپاشان جوان بوو • ئەم کچە بچکۆلەیە لەو تەمەنە هەستی بە جوانی خۆی دەکردە خریلە بوو و هەمیشە دلشادی و پیێکەنین بە دەموچاویەوە بوو• لە دلی خۆی هەستی بەوە دەکرد کە گەورە بوو دەبیێتە کچیێکی جوان و زوو شوو دەکا و دەبیێتە دایکی چەند مندالیێ • بەلام چاوم لیێ بوو کە یەکیێ لە براکانی ویستی دانیشیێ پالی بەم خوشکە جوانەی دەنا بۆئەوە کە لەسەر لبادەکە لایبا و بۆ خۆی جیێبکاتەوە • ئەجیێش جوان بوو ، بەلام هەمیشە ماندوو بوو و لەبەر کەمخەوی شەو لەدوای شەو هیێلی رەش لەژیێر چاوەکانی پەیدادەبوو • لەمبابەتەشەوە خوشکە بچووکەکەی لەو باشتر بوو • ئـەو دەیتوانی کەی بیەویێ و چەندیێ بیەویێ بنویێ •

نووســتنی منــدالان

لە کوردستان هیچ مندالیێك بۆ نووستن ناخریێتە ناوجیێ • لەبەرئەوە ئەو هەموو هەولدانە کە ئیێمە دەیدەین و ئەو ناخۆشیە و کوششە کە ئیێمـە لە ئەورووپا دەیکەین بۆ نواندنی مندال لیێرە نایبینین • مندالان لیێرە لەگەل دایك و باوکیان ئیێواران هەتا ماندوو دەبن دەمیێنن • کە ماندووش بـوون

له جێگای خۆیان دەخەون • لەپاشا دەگوێزرێنەوە بۆ ناو نوێنی خۆیان • له ماڵەکەی شاری سواهیمانیم کە ماوەیێك ژیام منداڵ زۆر بوون و تەمەنیان لە چوار مانگانەوە دەستی پێ دەکرد هەتا دوانزە ساڵ • ئەمانە هەموو لەگەڵ یەك پێکەوە لە جێگای خۆیان دەنووستن و بەسەریەکا دەکەوتن • من چەند جارێ کۆمەکی کەسوکاریانم دەکرد و لەش و قاچ و قۆلیانم لە یەك جیا دەکردەوە و بۆ نوێنە تایبەتیەکانیانم دەبردن تاکو بە رەحەتی بنوون •

کە منداڵ بە رۆژ هیلاك بێ و بیەوێ بنوێ لە جێگای خۆی دەکەوێ و خەوی لێ دەکەوێ • کە یەکێکی دڵنەرم لەوێوە تێپەڕی زوو بە هۆی پۆپەشمین ، سەرپۆشی یان بەرماڵێك دایدەپۆشێ • من کە لە شار دەژیام زۆر جار منداڵێکی نوستوو دەکەوتە سەررێم • منیش دەستوبرد سەرپۆشێکم دەدۆزیەوە و دامدەپۆشی • کە دایکەکان لێرە ئێواران بۆ دیدەنی یەکتری دەچن منداڵە ساواکانیانیش لەگەڵ خۆیان دەبەن • لە ماڵی خانەخوێ هەندێ جار ئەو منداڵانە خەویان لێ دەکەوێ • کە دایك دەچێتەوە منداڵەکەی دەخاتە سەر سنگ و شانی و لەژێر عەبا رەشەکەی هەڵیدەگرێ و لە ماڵەوە دەیخاتە ناو نوێنی خۆی • لێرە ڕەوشتی زۆر توندی لای ئێمە لەبابەت دەس و دان شۆرین و جل گۆڕینی منداڵەوە لەپێشی نووستنا نیە • منداڵەکە کوڕ بێ جلەکەی دەگۆڕێ کراسێکی درێژ یان بێجامە لەبەردەکا ، کچ بێ هەر بە جلەکەیەوە دەنوێ •

کە کچە هەشت ساڵانەکەی ماڵی لادێم دەکەوتە وەنەوزدان لەسەر نزیکترین دۆشەك لەگەڵ برا حەوت ساڵانەکەی دەکەوتن و دەنووستن • خێرا بەهۆی بەرماڵە مووە مەرەزە سوورەکەی یان شتێکی‌تری هەتا ئێوارە دادەپۆشران • لەپاشان دەگوێزرانەوە بۆ ژوورێکی‌تری • کە هاوین داهات و خەڵك لە سەربان دەنووستن ، ئەم منداڵانە ـــ کە خەویان دەهات ـــ

دەچوونە سەر تەختی نووستنی چوارقوڕنە ـ کە بۆ هەموان دروستکراوە ـ و لەوێ دەنووستن • ماڵەکانیتری ناودێ ئەم چەشنە تەختە باشە چوار قوڕنەیان نیە• ئەمان یان لەسەر دۆشەگێ دەخەوتن لەسەر زەوی یان دۆشەگەکە دەخرێتە سەر حەسیر و پارچە تەختەیێکی ئاسۆیی (واتا افقی) • ئەم تەختەیەش لەسەر چوار تەنەکەی نەوتی بەتاڵ بەرز دەکرا تاکو خۆیان لە خۆڵی زەوی و دووپشك بپارێزن • کچە هەشت ساڵانەکە باش دەنووست • ڕوومەتی گوپن و سوور بوو و لە ژێر چاوی ڕەشایی نەبوو •

ئەی کچە دوانزە ساڵەکە ؟! ئەم کچە لەپاش نانی ئێواران دەبوایێ ئامانەکان بشوا • لە تاریکی فانۆسێکی دادەگیرساند و لەناو تەشتێك ئامانە پیسەکانی هەڵدەگرت و دەچوە سەر حەوز بۆ شۆرینیان ، یان هەر بە تاریکی ئامانەکانی هەڵدەگرت و بەناو تاریکیا ڕێی خۆی دەدۆزیەوە و دەڕۆیشت • هەندێ جار بە تاریکی دەچوە ژووری چێشت لێنان تاکو خەڵووز و پشکۆی ئاگر بۆ لێنانی چای بێنێ • لەو ماوەیە خوشکە گەورەکەی چایەکەی ئامادە دەکرد و لەپشت سەماوەرەکە وەك شاژن دادەنیشت • ئەو دەمە ئەجێ دەهاتە لای و دەستی دەکرد بە بردنی ئیستیکانەکانی چای و هێنانەوەی ئیستیکانی بەتاڵ • ئیشە زۆرەکانی ئەجێ ماوەیان پێنەدەدا لە ڕۆژانی گەرم پاش نیوەڕۆوان بنوێ • لە مانگە شەوەکان کە لە سەربان چای دەکرا ئەجێ دەبوایێ وەك سێبەرێکی بەئارامی بچووك هەتا نیوەشەو چاوەڕێ بکا • کە چای خواردنەوە تەواو دەبوو ئەو دەبوایێ لەتەنیشت خوشکە گەورەکەی وەك پتێکی بچووکی هەژار بێنقەکردن دانیشێ • زۆر جار ئێواران تەماشام دەکرد خەواڵوە و سەری دەبزوێنێ و زۆر ماندوە • من ناڵێم کەسوکاری لەبەر دڵرەقی گوێیان پێنەدەدا ، بەڵکو لەبەر نەزانین • ئەم کەسوکارە نەیاندەزانی منداڵی

هەراش لــە گەورە زیــاتر پێویستی بە خەو هەیــە • ئــەم کەس‌وکارە نەیاندەهێشت ببڕای ببڕای ئەجێ بحەسێتەوە • کە خوشکەکەی تەماشای دەکرد ئەجێ وەنەوز دەداو شانی رادەوەشاند چایێکی قورسی بۆ تێدەکرد تاکو بیخواتەوە و هۆشیار بێتەوە • من زۆر دڵم دەسووتــا بــەم کچــە بەسەزمانە کە ماندوویەتی و کەمخەوی رەنگێکی بزرکاوی دابوە دەم‌وچاوە بچووکەکەی • من لە سەرەتادا حەزم‌دەکرد لە دێیەکە ماوەیێــکی درێژتر بمێنمەوە ، بەڵام ئیتر بەرگەی ئەوەم نەگرت لەوە زیاتر چاوم بەو کچــە بەسەزمانە بکەوێ • هەندێ جار خۆم بە خۆم دەگوت : «کچێ هێنی !! تۆ هەقت چیــە بە چەشنی پەروەردەکردنی مندالی خەڵــکەوە ؟ دڵــم ئەو وەڵامەی دەدا : بەڵێ باشە مافی (واتا هەقی) ئەوەم نیــە • ئــەی هــەقی ئەوەشم نیە بەزەییم پیا بێ و بۆی بسووتێم !

دواجار کە دەنگ‌وباسی ئەجێم بیســت ئەوەبو ســەرەڕای هەمــوو ئیشەکانی دەبوایێ بۆ دۆشینی مەڕ و بزن بۆ زەوی‌ی بێرە بچێ • ئەمــە جاران فرمانی (واتا وەزیفەی) گوڵەی کارەکەر بوو • شوان مەڕ و بزنی دەهێنایە زەوی بێرە و گوڵەش بۆ دۆشینیان دەچوو • بەڵام بیستم گوڵــە ماڵەکەی شێخی بەجێ‌هێشت • لەبەرئەوە ئەم فرمانەش وەك سەربار خرایە سەر شانە بێ‌هێزەکانی ئەجێ •

چــالاکی گوڵەی کارەکەر

گوڵەی کارەکەر کە بێوەژن بوو بەرامبەر نان و جل بۆ خۆی و دوو مندالی هەموو دەمێ ئیشی دەکرد • من نەمتوانی بزانم گوڵە چۆن و لەکوێ دەنوێ • ئێوارەی درەنگ کچە سێ ساڵانەکەی دەخستە سەرشانی و کوڕە ساڵ و نیوەکەی دەخستە ژێر قۆڵی و لە یەکێ لە ژوورەکان بزردەبوو • لە ماڵەکە زۆر ژوور هەبوو • هەندێکی دەرگای لەنــاو حەوشــەکە بــوو ،

هەندێکی تری دەرگای لە دەرەوە بوو • وادیارە گوڵە لەگەڵ دوو منداڵەکەی ـ بێتو ماوەی ئەوەی هەبوایێ بنوێ ـ لە یەکێ لەو ژوورانە دەنووست • ئیشی ڕۆژانەی درێژ و سەخت و گران بوو • هەندێ جار پێش ڕۆژهەڵات کەرێك و گوریسێك و بیورێکی هەڵدەگرت و بۆ سووتەنی کۆکردنەوە دەچوە شاخ • لەوێ داری دەبڕی و کۆی دەکردەوە• دارە درێژەکانی هەر بەدرێژی دەهێنایەوە ، بەڵام لقە کورتەکانی لە دارەکە دەبڕیەوە • پاش نیوەڕۆیێکی درەنگ بە بارێکی قورسی سووتەمەنییەوە بەپشت کەرەکەیەوە دەهاتەوە • ئەم دارانە دەخرانە ژێر سێ پایەی کوانوو بۆ چێشت لێنان ، یان بە ستوونی (واتا عەموودی) لە سەرەوە ڕاست بۆ نانکردن دەخرانە ناو تەنوور • مەنجەڵە مسە سپیکراوەکە دەخرایە سەر ئەو سێ پایەیەی بن‌دیوار بۆ لێنانی پلاو یان قبوولی •

قبوولی پیازی تێ‌دەکرێ و برنجەکە ناپاڵێورێ ، بەڵام پلاو دەپاڵێورێ • لە لێنانی هەردوو چێشتەکەدا برنجەکە لەسەر ئاگر دەمدەکێشێ و چێشت‌لێنەر دەبێ لە دیاری بە چیچکان دانیشێ •

تەنوورەکە لەناو ژوورێکی گەورە بوو بە ئاگری دار دادەگیرسا ، کە بەکارنەدەهێنرا بە ساجێك دەمەکەی دەگیرا • هەندێ جار کە سووتەنی بەشی نەدەکرد ، کەبیانوو بەدزیەوە هەندێ داری لە گوێسوانە دەردەکێشا ، بەڵام ئەمە بەدەگمەن دەکرا و ئاگایان لەوە بوو زیان لە گوێسوانەکە نەکەوێ •

گوڵە هەرچەندێ بڵێی کەیفخۆش بوو ، بەڵام هەتا بڵێی چڵکن بوو • شەرواڵێکی درێژی سووری لە پێ بوو ، کەوایێکی گوڵدار و چاکەتێکی سووری لەبەر بوو • ئەم جلانە هەموو لە قوماشی لۆکەی هەرزان دروستکرابوون • بەڵام دەسماڵێکی زیوینی دابوو بەسەر شانیا • ئەم دەسماڵە لەگەڵ جلە هەرزانەکەی ببرای ببرای ڕێك نەدەکەوت و لەشی

هەمیشە نەشۆراو بوو • پرچی لە خەنە گرتبوو • ڕەنگێکی سووری ڕەشتاڵەی هەبوو • گوڵە لەبەر کەمی جل و کات و هێز نەیدەتوانی منداڵەکانی بە پاکی ڕاگرێ • کوڕەکەی کە تەمەنی ساڵ و نیوێك بوو هەروا بەسەر زەوییا بە کراسە کورتەکەیەوە گاگۆڵکەی دەکرد • ئەم کراسەی هەموو دەمێ چڵکن و تەڕ بوو ، چونکە لەسەر زەوی تەڕ گاگۆڵکەی دەکرد و هەندێ جار خۆشی پیس دەکرد • نیوەڕۆوان لەناو لانکە زلەکەی ژووری کێلەر (واتا مەخزەن) دەنووست و دایکی دەیتوانی پارچەکانی لە یەك جیاکاتەوە و تەنیا بێشکە بچووکەکە ببات سەربان • لەوێ منداڵەکەی لەسەر گونیەیێکی زۆر چڵکن دەنواند • لەو ڕۆژانە کە گەنم دەدورایەوە ، پووشە گەنمی پاکی بە دەس دەکەوت ، ئەمانەی لەناو لانکەکە باش ڕادەخست و منداڵە ساواکەی دەخستە سەر • لەوێ حەزرەتی عیسام هاتەوە بیر چۆن بە ساوایی لە ئاخوڕ لەسەر پووش و کا دەنووست • کە من لەوێ بووم منداڵەکە دەیتوانی هەڵسێتە سەر لاقە گێرەکانی • هەندێجار زۆر بەسەیرەوە پێڵاوی گەورەی لە پێ دەکرد و بەرامبەر دایکی ڕادەوەستا ــ کە دانیشتبوو ــ و خەریکی مژینی مەمکی دەبوو •

من هیچ منداڵێکی وا مێشاویم نەدیبوو ، بەڵام وا دیار بوو زیانیان لێ نەدەدا • لەسەر زەویە گڵەکە خەریکی گاگۆڵکە بوو • جارێکیان گەیشتە گوێسوانە و لەوێوە بەسەر سەریا بۆ سەر پێپلیکە چیمەنتۆکان کەوتە خوارەوە • من برینەکەی سەریم پاك کردەوە و باش پێچام • بەڵام گوڵە وازی لێ نەدەهێنا • هەر سەعات نە سەعاتێ برینپێچەکەی دەکردەوە تاکو بزانێ زامەکە چۆنە •

خێزانەکە هەتا بڵێی لەگەڵ منداڵەکانی کارەکەرەکە باش بوون • لەکوێ لە ئەورووپا خەڵك دەهێڵێ کارەکەر منداڵەکانی لەگەڵ خۆی

بهێنێ ؟ بەڵام هەندێجار خەڵكی ماڵەكە لەگەڵیـــان خراپ دەجـــوولاّن و منداڵەكانیش بەرگەی ئەوەیان دەگرت و نەدەگریان • دەیانتوانی چیـــان بوێ بیخۆن و هەندێ جلی كورت لەبەركەن • جارجاریش دایكیان دەیپەرژا بۆ ماوەیێكی درێژ بیانشوا •

لەپاشا گوڵە رۆژێ دانی دەیەشا و لای روومەتی پەنمـابوو • لـــە كوردستان زۆر جار دان بە زێڕ پڕدەكرێ و دادەپۆشرێ • كە دان ئێشـــا تۆ دەچیتە لای دانساز بۆئەوە كە دانەكە بە زێڕ پڕ كاتەوە یان هەڵیكێشێ • لێرە تیماركردنێكی ناوەند نیە [1] • گوڵە نەیدەتوانی بە زێڕ دانی پڕكاتەوە• داوای حەبێكی كرد كە ئێشەكەی كەمكاتەوە • حەبەكەی وەرگرت و بـــۆ چەند سەعاتێ ئێشەكە نەما • بەڵام لەپاشان دووبارە ئێشەكە گەڕایەوە •

گوڵە لە قوڕەی ژوورەكە زۆر بەكزیەوە هەڵترووشكابوو ، وەكـــو یەكێ هیوای كۆمەكی لە كەس نەكا بە بێدەنگی ئازاری دانەكەی دەكێشا •

من كە تەرجومانەكەم لەگەڵ نەبوو نەمزانی چباسە و بۆ كەس كۆمەكی گوڵە ناكا و چارەیێكی دانەكەی بۆ نادۆزنەوە!! لەپڕێكا برای شێخ پەیدابوو كە نەختێ ئینگلیزی دەزانی و توانی تێمبگەیێنێ بـــۆ وا كۆمەكی گوڵـــە ناكرێ • قسەكە چەند ئاشكرا بوو ئەوەندەش دڵڕەقانە بوو • گوڵە بـــە نانەزگی كاری دەكرد و پارەی بە دەس نەدەكەوت ، لەبەرئەوەش پـــارەی نەبوو • چوونە لای دانساز پـــارەی پێ دەویســـت ، گوڵـــەش پـــارەی شك‌نەدەبرد • لەبەرئەوە دەبێ لە جێی خۆی دانیشێ و بێدەنگ بێ • گوڵە هەژارە ، ئەمەش هیچی لەگەڵا ناكرێ • من لە قسەكانی كابرا تێگەیشتم هەژاری وەك عەیبێكی لەش ـــ وەك پشتكۆمی ـــ وایە • چۆن پشتكۆم

---

(١) ئەمە جاران وا بوو . ئێستا لە كوردستان پزیشـــكی ددان زۆرن كـــە تیماری ددان دەكەن .

وەرگـــێڕ

هیچی لەگەڵا ناکرێ و دەبێ هەر بە پشتکۆمی بمێنێ ، هەژاریش دەبێ بە بەشی خۆی رازێ بێ و هیچی لەگەڵا ناکرێ [1] .

بۆ رۆژی دووەم بەڵێنم پێ درابوو کە بە قەمەرە بمبەن بۆ سەر ئیشەکانی دووکان . قسەی پێناوێ کە بڵێم گوڵەم لەگەڵ خۆم برد لەوێ دکتۆر لەپێشا دەرزی‌یێکی پینسەلینی لێدا تاکو پەنمانەکەی دانی لاچێ . کە دەرزی لە ڕانی دا توند دەستم گرت . لەپاشان دانەکەی هەڵکێشا و رەحەت بوو . بەمە زۆر سوپاسی منی کرد ، منێ کە چاوەڕێی ئەو چەشنە سوپاسەم نەدەکرد . لەپاشان خۆی کۆکردەوە و لە شاخەکە هاتە خوارەوە تاکو لەوبەر بۆ ماڵی شێخ بچێت . لەوێ ئیشی زۆر ، کاری زۆر ، رەنجی زۆر زۆر چاوەڕێی دەکرد .

لەپاشا زانیم گوڵە هەردوو منداڵەکانی خستە سەر پشتی و رۆیشت بۆ دۆزینەوەی ئیش لە جێگایێکی‌تری . کە هاوین هاتمەوە تۆپزاوە ، گوڵە لەوێ نەمابوو و فرمانی (واتا ئەرکی ، وەزیفەی) مەڕدۆشین ــ هەروەکو لەپێشدا گێڕامەوە ــ کەوتبوە ئەستوێ ئەجێی بەسەزمان .

شوانی کورد

تەماشاکردنی شوان کە ئێواران لە شاخە دوورەکانەوە لەگەڵ مێگەلەکەی دێتەوە دیمەنیکی قەشەنگە . گۆچانەکەی بەدەستەوە لەسەرخۆ بەفیزێکەوە دەڕوا ، فەرەجیەکەی بەسەر شانیەوە لەرەی دێ ، قۆڵە کورتەکانی وەك چەکی فڕۆکە شکێن بەدەرەوەن . ئەم فەرەجیە ئەستوورە هەم ئاوی باران دانادا و هەمیش لە سەرما و گەرما دەیپارێزێ . هەندێ

---

(١) ئەی نابێ کەس کۆمەکی هەژار بکا ، ئەی لەو ماڵە گەورەیە ، لە ماڵی شێخ کەسی‌وا نەبوو بگاتە فریای !! من بروام وایە براکەی شێخ نەیتوانیوە ڕووداوەکە باش روون‌کاتەوە .

وەرگێڕ

ژن کارژۆلەکانیان لەگەڵ خۆیان بۆ جێگای بێرە بۆ مژینی مەمکی دایکیان هێنابوو • ئەم کارژۆلانە کە بە دەنگە ناسکەکەیان دەیانبارِاند ، دایکەکانیان لەوبەرەوە پێش ئەوە بگەنە جێ بە بارەبارِ وەڵامیان دەدانەوە • ئەم ژنـانە یەکە یەکە بزنەکانیان دەناسی • بزن لەپشتەوە ــ بەپێچەوانەی مـانگا کە لەتەنشتەوە ــ دەدۆشرێ • هەر بزنێك شیری کەمی دەدا ، بەڵام ژمارەیان زۆر بوو • لەپاش دۆشین ژنان سەتڵە شیرەکان دەخەنە سەر دەسیان و هەتا شانیان بەرزی دەکەن و دەیبەنە ماڵەوە •

لەم شاخانە تەنیا بزن دەدۆشرێ • مانگاکان ئێوارە دینەوە ناودێ • من لە سەربانەوە چاوم لێیان بوو ، هەموو بچووك و لاواز بوون • هـەر مانگایێ رێگای ماڵی خۆی دەدۆزیەوە و بەدەگمەن بزر دەبوون •

مانگاکانی کوردستان لەهی دێنمارك زۆر جیاوازن • لێرە مانـگا وەك مەرِ و بزن دەلەوەرِێن • بەڵێ لەوەرِی ناو شاخ بەکەڵـکی بزن دێ ، بەڵام مانگا تێری پێ ناخوا • مانگا لەم شاخانە تەنیا درِکە شینە دەدۆزێتەوە ؛ لەبەرئەوە بەراوردی بکەین لەگەڵ مانگای دێنمارك شیری کەمە• پێتو مانگای دێنمارك وەك هی کوردستان رۆژ تا ئێوارە بەرِێوە بێ ئایا چەندی شیر دەدا؟ لەپاش ئەوە ئەم رەشە وڵاخانەم دی تێ گەیشتم چۆن لە مەغوولستان گا و مانگای گەرِۆك هەن • لەپێشدا برِوام بەوە نەدەکرد •

ماستکردن و مەشکە ژەنـین

هەموو شیرەکە ، شیری بزن و مانـگا پێـکەوە زوو بۆ کوڵانـدن دەخرێتە سەر ئاگر • کە ساردبوەوە و گەیشتە پلەی گەرمی لەش نەختـێ هەوێنی ماستی تێدەکرێ و لە جێگایێك لەپاش داپۆشین دادەندرێ ، شەو دەمەیێ و دەبێتە ماست •

لەپاشان ئەم ماستە دەکرێتە ناو مەشکە • ئەم مەشکەیە پێستی بزنـە



ژنە موسولمانێکی چـارشێو بەسەر لە هەولێر

ژنێکی عابا بەسەر چارشێوێکی ڕەشی داوە بەسەریا ، لە دەرگایەکی
بچووکی ناو دیوارێکی قوڕەوە ئەچێتە ژوورەوە لە ماڵەکەی بەرانبەر
ماڵی خانەخوێکەم لە سلێمانی .

دایك و منـــاڵ ـ هەڵەبجە
مناڵ تا دوو ساڵ پڕنەکاتەوە لە شیر نابڕرێتەوە

به مازوو خۆشه‌کراوه و له ژوورێك بۆ ماوه‌ی دوو هه‌فته به دووکه‌ڵ قانگ دراوه •

مه‌شکه‌که هه‌موو لایێکی ده‌به‌سترێ ، ماسته‌که‌ی تێده‌کرێ و ئافره‌تی ماڵ ده‌سده‌کا به ژه‌نینی • له‌پاش چاره‌که سه‌عاتێ ئاوی تێ ده‌کرێ و دووباره ده‌ژه‌ندرێ • له‌پاشان ده‌کرێته‌وه و که‌ره‌که‌ی (واتا نویشکه‌که‌ی) لێ ده‌رده‌هێنرێ • دۆیه‌که که ده‌مێنێ ده‌خورێته‌وه ، به‌ڵام خه‌ڵك زیاتر حه‌ز له ماستاو ده‌که‌ن : ماستاو به‌تامتر و چه‌ورتره • ئه‌م که‌ره‌یه بۆتێکی سه‌یری بزنی لێ دێ و کورده‌کان بۆ چێشتلێنان به‌کاریدێنن ، سپیه و نه‌رمه به‌ڵام من حه‌زم لێ نه‌کرد •

ئه‌م که‌ره‌یه له کووپه‌یێکی شین کۆده‌کرێ و خوێی به‌سه‌را ده‌کرێ • هه‌ندێجار کوڕه حه‌وت ساڵانه‌که‌ی ماڵ ــ که هیوای دوارۆژی خێزانه‌که‌یه ــ که برسی ده‌بێ و حه‌ز له شتێکی خۆش ده‌کا ، ده‌چێته سه‌ر کورسییێك و کووپه‌که داده‌گرێ و نه‌ختێ که‌ره‌ی نه‌رم و شلی لێ ده‌رده‌کا و داده‌نیشێ و له‌گه‌ڵ نانی تیری ده‌یخوا •

نانی تیری کردن

نانی تیری پان و زۆر ته‌نکه • ئێسکی (واتا شکلی) وه‌ك جغزه • خه‌ڵکی لادێکان و زۆری شارستانیه‌کان خۆیان نانی خۆیان ده‌که‌ن • ئه‌و خێزانه که له‌گه‌ڵیان له لادێ ده‌ژیام که بریتی بوون له ده که‌س هه‌فته‌ی دوو ــ سێ جار نانیان ده‌کرد • که ژنه‌کان ده‌سیان به هه‌ویرشێلان و نانکردن ده‌کرد به‌سه‌یره‌وه جلی خۆیان نه‌ده‌گۆڕی • هه‌ر به به‌رگه‌که و سه‌رپێچه سورمه‌داره‌که‌ی خۆیانه‌وه داده‌نیشتن و ده‌ستیان به نانکردن ده‌کرد • لێره وادیاره بۆ کارکردن جلگۆڕین نیه •

نانه‌وا ته‌نیا فه‌قیانه‌کانی هه‌ڵده‌پێچا و به قۆڵیه‌وه ده‌یبه‌ست بوئه‌وه که

لە تەنوورەکەدا نەسووتێ • ژووری تەنوورەکە ئامێری جووتی لێبو و لەسەرەوە مەشکەی تازە بۆ قانگدان هەڵواسرابوو • هەویرەکە لەسەر زەوی دەشێلرا و دەکرا بە گوندك • ئەم گوندکانە دەخرانە سەر پارچەییك پلاستیك بۆئەوە کە بکرێن بە نان • قوماشی پلاستیك و بەتەریی رادیۆ لە هەموو جێگاییك هەن و بوونەتە بەشێك لە ژیاری (واتا حەضارەتی ، کەلچەری) ئەم ولاتە •

دایك و کچ بەرامبەر یەك لەسەر لبادێك دادەنیشن • لە بەردەم هەریەکێکیان پنەییکی دارینی نزم دانراوە ، هەر پنەیەك سێ قاچی هەیە • گوندکی هەویر دەخرێتە سەر پنەکە و بەهۆی تیرۆك هێواش هێواش پان دەکرێ هەتا ئێسکێکی (واتا شکلێکی) جغز وەردەگرێ • من وامزانی ئەمە ئیشێکی ئاسانە ، چونکە من لە دێنمارك هەویرم بۆ کێك دروست و پانم کردبوو • بەلام لێرە داخەکەم نەمتوانی هەویرەکە باش پانبکەمەوە • کچە سێ ساڵانەکەی گوڵە لە من باشتر هەویرەکەی پانکردەوە و تەنکی کرد • وادیارە ئەم ئافرەتانە لە منداڵیەوە لە تەمەنی سێ ، چوار ساڵانەوە فێری ئەم هونەرە دەبن ، لەپاشان وازی لێ ناهێنن و لەبیریان ناچێ •

لەپاشا ئەم هەویرە تەنکە دەخرێتە سەر مادە بۆئەوە کە بدرێ بە تەنووردا • مادە ــ وەك دەسکێش ــ جێدەستی هەیە و نان پێوەدەر کە لەوێ گوڵە بوو زوو دەستی دەخستە ناوی و هەڵی دەگرت و نانەکەی دەدا بە تەنوورەکەیا • پاش نەختێ دەبرژا و دەردەهێنرا و دەخرایە ناو سەبەتەییکی (قولینەییکی) گەورەوە • ئەم نانە تیریە بە تازەیی خۆش و بەتامە و لەپێش خواردن دەبێ نەختێ بە ئاو تەڕ بکرێ •

لەکاتی نانخواردن ، نانی تیری بە قەدکراوی ــ وەك قاقەزی Serviette ی لای ئێمە ــ لەسەر سینی چێشت دادەندرێ • نەك تەنیا چێشت لەگەڵ نان دەخورێ ، بەڵکو چێشتەکە بەهۆی نانەکە دەخورێ •

پارچەیێ نان وەك کەوچك لوولدەدرێ و برنج ، گۆشت و کەبابی تێدەخری و دەخورێ . کەباب وەك هەمبورگەری ئەورووپایە بەڵام درێژۆلکەیە و لەسەر ئاگر دەبرژێنرێ .

نانی دێنمارك

لە لادێکە من چەند جارێ باسی چەند جۆری نانی دێنمارکم بۆ کردن . کە باسی نانی بۆری چاودارم کرد ، هەموو بەجارێ گوتیان ئەوە چۆن نانێکە ، ئەوە چۆن دەخورێ !! لە وڵاتی ئینگلیزیش نانی بۆری چاودار (١) ناخۆن . لەپاشا حەزمکرد سەموونی گەنمی ئەورووپایان پێشاندەم . لەسەر ئیشەکەی دووکان نانەواییێك فێری دروستکردنی سەموونی گەورەی ئەورووپا بووبوو کە لە ئاردی گەنم دەیکردە . جارێکیان سەمووتێك لەمانەم هێنایە ناو ژنانی دێیەکە . لەپێشا کەوتنە سەری پارچە پارچەیان کرد ، ناوەخنە نەبرژاوەکەیان فرێدا و توێکلەکەیان خوارد . جاری دووەم لەگەڵ سەمووتێکی ئەورووپایی پاکەتێ کەرەی دێنمارکم بۆ ناردن کە ئەو دەمە لە عێراق دەفرۆشرا و ئێمە لە دێنمارك کەرەی تەلەفۆنی پێدەڵێین لەبەر وێنەیێك کە لەسەریەتی و لە تەلەفۆن دەچێ . کە هاتمەوە تەماشامکرد کەس دەسی نەداوە نە لە سەموونەکە و نە لە کەرەکە و کەس نەیزانیوە چۆن پێکەوە دەخورێن . من دەربەست بووم سەموونەکە پارچە پارچە بکەم ، بەڵام چەقۆی سەموونبڕم دەس نەکەوت . ئەمە سەیر نیە لە وڵاتێك هەر پیاوێك خەنجەرێکی کردوە بە بەر پشتوینەکەیدا ، کەچی تۆ

---

(١) چاودار Rxe بە ئینگلیزی جۆرە دانەوێڵەیێکی گەنم ڕەنگی درێژۆلکەیە کە لە ڕۆژاوای تورکیە و لە ئەورووپا هاوینان شین دەبێ . دەکرێتە چێشت و نانی لێ دروستدەکرێ . نانەکەی نەرمە و وەك نانی گەنم زوو ڕەقنابێ . لەبەرئەوە ئەڵمانەکان تێکەڵی گەنمی دەکەن و نانی لێ دروستدەکەن ، نانەکەی هەم بەتامە و هەمیش بە نەرمی دەمێنێ .

وەرگێر

ناتوانی چەقۆیێکی درێژی سەموونبڕ بدۆزیەوە [1] • هەرچۆنێـك بـێ نانەکەم پارچە پارچەکرد و کەرەم پێوە کرد و پێمدان • لەبەر بەئـەدەبی و دڵ نەشکاندنی مـن گوتیان خۆشە و بەتامە • بەڵام من بڕوا ناکەم پێیان خۆش بووبێ ، چونکە ئەم جۆرە کەرە و نانە لەگەڵ ئاو و هەوا ، جێگا و خۆراکەکانیتری ئەم ناوە نالوێ • لەو رۆژە بەدواوە ئیتر هەر نانی تـیری کوردم بەتام و لەزەتەوە دەخوارد و ببڕای ببڕای بیری سەموونی ئەورووپام نـەکردەوە •

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) ئەم جۆرە چەقۆیانە کە دەمیان وەك مشارە لە عێراق تەنیـا لە بەغـدا بەدەس‌دەکەوێ . لە لادێکان و لە سولەیمانی چەقۆی سەموونبڕ نیە ، چونکە سەموونی گەورە نیە کە بە چەقۆی تایبەتی ببڕێ . لەپاشا لـە دێیەکە چەقۆیێکی گەورەی گۆشتبڕ هەر دەستدەکەوت کە سەموونەکە بە باشی ببڕێ .

وەرگـێڕ



وێنـەی دەسکردی پێشخانێك لـە تۆیزاوە

ـ ٥ ـ

ئەو منداڵــە کە مرد

لە ماڵەکەی ناوشارم لەو ژوورە کە پـاش نیوەڕۆوان ـ کە دنیـا ئەوەندە گەرم دەبوو تو نەتدەتوانی لە دەرەوە بی ـ دەنووستم ، بۆنێـکی خراپ هاتە لووتم . لە سەرەتادا وامزانی ئەمە لە زەویەکەوە دێ . بـەلام ئەو زەویە کە بە قوڕ سواغ درابوو ، هەموو رۆژێ بەهۆی گزگێکی کورتی گەلای دار خورما دەماڵرا و ئاوڕشێن دەکرا . لەپاشا وامزانی ئەم بۆنە لـە دۆشەگەکەمەوە دێ کە بە لۆکە پڕکراوە و لەسەر حەسیرێـك راخراوە و لەسەری دەنووم . بەلام نەء ، ئەم بۆنە لەوێوە نەدەهات . خۆ بۆنەکە لـە دیوارەکانەوە نەدەهات کە بە قوڕ سواغدرابوون و چەند سنگێکی پێـوە بوو و جل و شتی لێ هەڵواسرابوو . خۆ ئەم بۆنە لەو سەنووقە ئاسنانەشەوە نەدەهات کە لەبن ژوورەکە کۆمەڵ کرابوون. خۆ بۆن لە کەنتۆرەکەشەوە نایێت کە هەمیشە داخرابوو . لەم کەنتۆرە جل گورمیلە کرابوو . جاران جلی لێ هەڵدەواسرا و ئێستا بە گورمیلەیی دادەنرێ ، ئەمــەش هەقمـان

بەسەریەوە نیە • لێرە جل لە هەموو شوێنی دەپارێزرێ : لەناو کەتۆر ، لەناو سەنووقی ئاسن ، تەنانەت هەندێجار دەخرێنە سەر سنگەکانی ناو ژوور • ئینجا چاوم بە بنمیچەکە کەوت کە جوان بە گونیە داپۆشرابوو • دەمزانی لەژێر گونیەکان داری سپیدار هەیە کە ژوورەکەی پێ دارەڕا کراوە و لەسەر ئەمانەشەوە حەسیر و چینێکی ئەستوور قوڕ هەیە • بەڵام لەپاشا چاوم بە پیتەکانی D.D.T. کەوت • ئەم نیشانەیەم لە هەموو شوێنێ دەبینی • وادیارە هەموو کوردستان ، دێهات و شارەکان بەم دەرمانە لە جڕ و جانەوەر پاککراوە • وادیارە ئەم بۆنە ناخۆشە کە لە ژوورەوە دەهاتە لووتم بۆنی ئەو دەرمانە بوو •

لەم ژوورە کورسی و قەنەپە نەبوون و ئەو فەرشە کە زستانان رادەخرا لەبەر گەرمای هاوین هەڵگیرابوو و لە ژوورێکیتری تاقەت کرابوو • لەم ژوورە تەنیا حەسیرێك و دۆشەگێك هەبوون کە بۆ نووستنی پاش نیوەڕۆ ڕادەخران • هەندێجار نیوەڕۆوان سینییێکی گەورەی مسیان بۆ دەهێنام کە نانی نیوەڕۆی لەسەر بوو و لەسەر زەویە رووتەکە دادەندرا • لە شار و لادێ خۆراك برێتیێ بوو لە قاپێکی گەورەی برنج و دوو قاپ شلە • ئەم شلانە سەوزە بوون کە لەگەڵ دۆشاوی تەماتە و گۆشت لێنرابون • بۆ قاپە شلەکان دوو کەوچك هێنرابوون ، بەڵام برنجەکە کەوچکی تایبەتی نەبوو • هەندێ نانی تیریش بە تەڕکراو و قەتکراوی وەك قاقەزی دەسەسڕی Serviette ی خۆمان لەسەر سینیەکە دانرابوو • چەتاڵێکی خۆم بۆ خواردنی برنج هەمیشە لەوێ بوو • چونکە من هێشتا نەمدەزانی بەهۆی پەنجەکانم نان بخۆم ، هەندێ لە برنجەکە دەرژایە خوارەوە • بەڵام من وردە وردە فێری ئەوە بووم بەهۆی پەنجەکانمەوە بە پوختی چێشت بخۆم • بۆ وێنە لە قاوەڵتی باش فێری ئەوە بووبووم پارچەیێك نانی تیری بخەمە ناو تاسە ماستەکە و نەختێ ماستی پێ هەڵگرم و

بیخۆم • لەپاش هەر نانخواردنێ چای زۆر گەرمیان بۆ دەهێنام • ئـەم چایە هەمیشە لەلایەن ژنە گەورەکەوە دەکرا ، کە پرچی ڕەش بوو و هەموو دەمێ بە چیچکانەوە دادەنیشت ، واتا ئەژنۆکانی بەرز دەکردەوە و لەسەر جمگەکانی ڕانی دادەنیشت و جێگاییێکی زۆر کەمی لـە زەوی دەگرت • بەمجۆرە لەپشت سەماوەر ، یان دەوری گۆشت دادەنیشت کە بۆ چێشت ئامادەی دەکرد • هەر بەمجۆرەش دەیتوانی جل لە ئوتوو بدا یان لە حەوشە جل بشوا • زۆر جار دەمبینی لەسەر زەوی دانیشتوە و سەوزە پاكدەكات و یەکێ لە لاقەکانی درێژکردوە ــ وەکو لاقی ئەو نەبێ ــ وەك مەکینە بێشکی منداڵی رادەژەنی • ئەو منداڵە کە ڕایدەژەند هی خۆی نەبوو هی هەوێکەی بوو • ئەو ژنی گەورە بوو ، دایکی سێ منداڵی گەورە بوو کە لە یـانزە منداڵ مابوونەوە • ئەم ئافرەتە تەمەنی منداڵە بچووکەکەی نەدەزانی و خۆی ئیتر لەبەر گەورەیی تەمەنی منداڵبوونی بەسەر چووبوو • پرچە سپیەکەی بە خەنە و وسمە رەشدەکرد • من تەمەنی لە سەرەتای پەنجاکان دادەنێم[1] •

ئەو منداڵە بچووکترین منداڵی ژنە بچووکەکە بوو کە ئـافرەتێکی کەڵەگەت و جوان و قۆڵ و قاچ ئەستوور بوو • لەپێـش مـارەکردنی ، میردەکەی لە ژنە گەورەکەی پرسی ئایا ئەم ژنە جاهێڵە وەك خوشکی خۆی بە ئەندامێکی تازە لە ماڵەوە قەبـووڵ دەکا • هـەردوو ژنـەکە پێـکەوە ڕێكبوون ، ئیشوکاری ماڵەوەیان بە هاوکاری دابەشدەکرد و منـداڵی یەکتریان وەك هی خۆیان خۆش دەویست و بە تۆرە ئاگایان لێ دەبوو •

ئەو منداڵەی ناو بێشکەکە کوڕ بوو و تەمەنی نزیك شەش مانگ بوو و لە لەشساغی باش نەبوو • دایکی شیری نەبوو و ئەو تەنیا دایکێ نـەبوو کە لە کوردستان تووشی بم و بۆ منداڵـەکەی بەرمەمکی شـیری نەبێ •

---

(١) واتـا لە پەنجاوە هەتا پەنجا وسێ •

وەرگـێڕ

جارێکیان بۆنەی ئەمەم لە دکتۆرە ئەڵمانەکەی سولەیمانی پرسی • هۆی ئەم بێشیرییە زگپڕی یەك لەدوای یەکە کە دایك لێی ناحەسێتەوە تا مەمکی شیرا بێ • سەرەڕای ئەم بۆنەیە کەمی و ناتەواوی خۆراك و کەمی پرۆتین (واتا گۆشت و شتی وەك گۆشت) دەبنە هۆی وشك‌کردنی شیری دایك ، دایکێ کە چێشت لێ بنێ دەبێ بە بەرماوە رازی بێ •

ئەم منداڵە شیری ئاردی پێدەدرا کە لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرا • من ئاگام لە پایەی پەیتی شیرەکە و پلەی گەرمی بوو • بەڵام وابزانم شووشە شیرەکە و مەمەکەی باش بە ئاوی گەرم پاك نەدەکرایەوە • لەپاشان هەندێ‌جار چای خەست و ئاوی نەکوڵاوی پێدەدرا و بەفری تێدەخرا • ئەم بەفراوانە ــ کە بڕوا ناکەم پاك بن ــ وابزانم لەگەڵ ورگی منداڵەکە رێك نەدەکەوتن •

ئێمە دەربەست بووین منداڵەکە بەینە سەر دکتۆر • دایکی منداڵەکەی لە باوەشی لەژێر عەباکەی دانابوو و هەندێ پەڕۆیشی خستبوە ژێری • کە دکتۆر چاوی پێکەوت ، سەری راوەشاند و گوتی « سك‌چوونی سەوز » و دەرزی بۆ نووسی • ژنێکی برین‌پێچ هەموو رۆژێ دەهاتە ماڵەوە و دەرزییێکی لە منداڵە بچووکەکە دەدا • ئەم برین‌پێچە یەکێ لە ژنە خوێندەوارەکان بوو کە لە فێرگە (واتا مەکتەب) فێری پیشەی خزمەتی نەخۆش کرابوو • لێرە ئێستا بۆ ئافرەتان تەنیا دوو پیشە هەیە : خزمەتی نەخۆش‌کردن و بوونە مامۆستا لە فێرگەی کچان [١] • زۆربەی ئەوانەی خزمەتی نەخۆش دەکەن لە نەخۆشخانەکان هێشتا پیاون و خەڵك بە چاوێکی نزم تەماشای ئەو ئافرەتانە دەکەن کە ئەم پیشەیەیان هەیە •

---

(١) ئێستا ئافرەت لە عێراق لە زۆر کاریتری وەك دایرەکانی میری و شیرکەتەکان دادەمەزرێ •

وەرگێڕ

لەبەرئەوە تەنیا کچانی هەژارەکان دەربەست دەبن بین بە برین‌پێچ [1] •

برین‌پێچەکە بە بەرگی سولەیمانی و بە پەچە و عەباوە دەهات • لەژێر عەباکە کراسێکی سووری لەبەر بوو •

منداڵەکە رۆژبەرۆژ لاوازتر دەبوو • هەندێ لە ژنە دراوسێکان بە مەمك شیریان پێدەدا ، بەڵام سوودی نەبوو •

دایکە بەسەزمانەکە منداڵەکەی لەسەر رانەکانی دادەنا و بە بێدەنگی و ناهومێدی دەینواڕیە منداڵەکەی و دوور • خوشکەکانی هەندێ‌جار هەڵیان‌دەگرت و دەیانگەڕاند یان لەسەر لاقە لاوازەکانی رایاندەگرت • چونکە راگرتنی منداڵی نەخۆشی وایان لە ناوجێگا بە باش‌تر دەزانی •

لەئەنجامدا منداڵەکە مرد • بەیانییێك هەڵسام و تەماشام‌کرد بە رووتی لەسەر زەویە بەردەڵانیەکە درێژ کراوە و بە عەباکەی دایکی داپۆشراوە • یەکێ بۆ کڕینی کفن بۆ بازاڕ تێرابوو و مەلایێکی پیر بۆ شۆرینی هات • ئەم مەلایە بە یاریەی برای ژنەکە لە گەرماو منداڵەکەی بە سابوون و ئاوی گەرم شۆری • منداڵەکە کوڕ بوو ، لەبەرئەوە دەبوایێ پیاو بیشوا ، بهاتایە کچ بوایێ ئەودەمە ژن دەیشۆری • بە هەردوکیان کفنیان کرد • خاڵەکەی هەڵی‌گرت و بۆ گۆڕستانی برد •

دایکەکە لەسەر بەردەکانی حەوشە بە عاجزی و کلۆڵی دانیشتبوو • ئەو دایکە پانزە منداڵی بووبوو ، لەمانە ئەوا حەوتی مردن • لاقێکی خستبوە ژێری و ئەژنۆکەی‌تری بەرزکردبوو و قۆڵی پێوەگرتبوو و سەری بە مەلوولی بۆ کۆشی چەماندبوو • ئەوەندەی پێ‌نەچوو ژنانی دراوسێ بە هاژەوە هاتن و حەوشەکەیان پڕکرد • پرسە (واتا تەعزیە) سێ رۆژ دەوامی

---

(١) ئێستا ئەم بیرە چەوتە نەماوە . زۆر کچی نە هەژاریش دەبنە برین‌پێچ .

وەرگێڕ

کرد و بۆ هەفتەیێك گەرماوەکە دەبوو دابخرێ • بەڵام خێزانەکە یارمەتی منیان دا لە گەرماوەکە ئاوی سارد بەخۆما بکەم • لەپاش ڕۆیشتنی پیاوان دەرگاکەیان بۆ کردمەوە و ڕێیان پیشاندام • من حەزم نەکرد لەبەر دڵی ئەوان نەچمە ناو گەرماوەکە و خۆم بە ئاوی سارد نەشۆم •

لەپاش چەند ڕۆژێ لە ماڵەکەی بەرامبەرمان کچێکی بچووك هەر بەهۆی سكچوون وەك کوڕەکەی خۆمان مرد • ژنانی ئەو ماڵە بۆ ئاوبردن هورووژمیان هێنایە ماڵەکەمان ، چونکە لای ئێمە ئاوی پاکی بۆڕی هەبوو، ئەوان ئاوی جۆگەیان هەبوو کە لە چەند ماڵ تێپەڕ دەبوو و زۆر پاك نەبوو•

کە یەکەمینجار لە لادێوە هاتمە سولەیمانی ویستم بچمە لای پارێزگاری شار تاکو تەرجومانێکم بۆ بدۆزێتەوە • من لەو کۆڵانە تەسکە نزیك ئەو ماڵە بێ‌پەنجەرانە ئەوەندەی نەمابوو بزر ببم • لەپاشا پارێزگار تەرجومانێکی بۆ دۆزیمەوە کە ماڵەکەی لەو کۆڵانە تەسکە بوو •

ماڵەکەی بەرامبەر خانووێکی گەورەی کۆن بوو و حەوشێکی گەورەی هەبوو • لە حەوشەکە چەند چەرپایەیێك بۆ نووستن دانرابوون • لەو ماڵە گەورە کۆنە چەند خێزانێك پێکەوە دەژیان و لە حەوشە ڕاستنەکراوەکە مریشك دەگەڕان • خانوەکەی خۆمانیش جاران هەموو قوڕ بوو ، بەڵام نیوەی بە خشتی سوور تازەکراوە و تەنیا نیوەی هێشتا دیواری خشتی کاڵی هەیە •

من لەگەڵ ژنانی ماڵمان ــ کە هەموو بە پەچە و عەبا خۆیان داپۆشیبوو ــ چووینە ماڵی ئەم دراوسێیە کە منداڵیان مردبوو • لێرە عەیبە بۆ ژنێك بە بێ‌پەچە و عەبا لە ماڵێکەوە بچێ بۆ ماڵێکی‌تری • بیستم پیاوی ماڵەکەمان حەزی نەدەکرد کچە سێنزە ساڵانەکەی ئیتر بە بێ‌پەچە و عەبا بگەڕێ و دەیگوت ئەو کچی عازەبە و شوورەییە بە بێ‌پەچە و عەبا بگەڕێ •

من لەچاو ژنانی سولەیمانی جلی زۆر سووکم لەبەرکردبوو ، لاق و قۆلەکانم رووت بوون • جلی ئافرەتی کورد لەوانەیە جوان و تازە بێ ، لە سیلك ، تافتە ، قەدیفە یان سورمە دروستکرابێ • لەوانەشە کۆن بێ و شەو و رۆژ بە بێ گۆڕین لەبەربکرێ •

چووینە ماڵەکەی بەرامبەر و لەوێ لە پشتخانێك سێ ئافرەت داپیرە ، دایك و پوور پێکەوە پشتیان لە دیوار کردبوو و دانیشتبوون و بە هاوار و فغانەوە دەگریان • منداڵە مردوەکە لە بەردەمیان داپۆشرابوو • دایکەکە لەگەڵ گریانەکەی دەیدا بە رانیا و دەیگوت : منداڵەکە پێش چەند رۆژێ چەند جوان و قەڵەو بوو • هەندێجار ئاوازی گریانەکەی وەك گۆرانی بەرز و نزم دەبوو •

ئافرەتێکی کامڵ و قسە لەسەرخۆ لەپڕێکا هاتە ژوورەوە و بە قسەی باش و خۆش دڵی ئافرەتەکانی دایەوە • قوماشی کفنی هێنابوو ، لەتەنیشت منداڵەکە دانیشت و کفنەکەی بە باشی و پسپۆڕی نەختێ لە مردوەکە درێژتر بڕی • ئینجا مردوەکەیان بردە گەرماو و لەوێ بە سابوون و ئاوی گەرم سێ جار شۆرییان و خستیانە ناو کفنە سپیەکەوە •

باوك لە دەرگای حەوشەکەوە هاتە ژوورەوە ، منداڵە کفنکراوەکەی دوو جار هەڵگرت و داینایەوە • جاری سێیەم لەسەر قۆڵەکانی هەڵیگرت و بردیە مزگەوت و لەوێوە دەبێ ببیا بۆ گۆڕستان •

لەودەمە کە منداڵەکەیان دەشۆری لە حەوشەکە بۆ گرتنی کەڵەشێرێ کەوتنە قەڵەمباز و راکردن بۆ ئەوە کە سەری بڕن و سەرەکەی لەگەڵ تەرمی منداڵەکە بنێژن • لەوماڵە لە ماوەی دوو هەفتەدا دووکەس ئەمری خوایان کرد • ئەم قوربانیە بۆ لابردن و دوورخستنی کارەساتی تری بوو • وابزانم

ئەمە یەکێ لە رەوشتەکانی کوردە کە لەپێش ئیسلامەوە هێشتا لەناو خەڵك ماوە •

دواشت لەم رووداوە دیم لەشی کەڵەشێرە بێسەرەکە بوو کە بەدەست ژنێکەوە هەڵدەبەزی و لاقە فرتەی دەکرد وەکو هێشتا زیندوو بێ دەجوولایەوە • ئەمە بەپێچەوانەی ئەو تەرمە بوو کە بە سپی پێچرابوو و پیاوەکە لەسەر قۆڵی هەڵیگرتبوو •

هەواڵنامەی کتێب

- ٦ -

مار و دووپشك

من وێنەی فوتوگرافی رەنگاورەنگی هەندێ دووپشکی گەورەم دی کە لە سەفەری گردی شەمشارە گیرابوو • ئەم دووپشکانە سوور بوون و کلکە ژەهراویەکەیان بە بەرزکراوی دیار بوو • لەو گەشتە مار و کەمتیاریشیان دیبوو •

لە ماڵی دێیەکەم ئەم جۆرە جانەوەرانەم هێشتا نەدیبوو • تەنیا ئێوارەیێکیان لە ئوتێلەکەی دووکان لەسەر سەرینە پاکەکەم دووپشکێکم دی ، هەر ئەنگوستێك درێژ دەبوو سپی و مەیلەو سوور بوو • لە رۆبیانی [1] دەکرد کە کلکەکەی سەرپشتی خوار کردبێ • من توانیم دووپشکەکە بخەمە ناو قاپێك و فڕێی دەمە ناو حەوزی توالێت و ئاوی بەسەرا بکەم• کاربەدەستەکانی ئوتێل رۆژی دووەم هەموو خانوەکە گەران و

(١) رۆبیان جۆرە زیندەوەرێکی زەریایە کە توێکڵەکەی لێ دەکرێتەوە و دەخورێ . لە بەصرە زۆرە .

متیلی نوێنەکانیان هەموو گۆڕی • لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دەرگا و پەنجەرەکان گیرابوون و تێلبەند کرابوون ، ئەو دووپشکە نازانم چۆن گەیشتبوە سەر نوێنەکەی من !!

ئەمە یەکەم و دوا دووپشك بوو کە چاوم پێ‌کەوت ، بێتو هی‌تری هەبێ من نەمبینی • بەڵام لەبابەت مارەوە بەسەرهاتم زیاترە • جارێکیان مارێك دۆزرایەوە کە لە بن‌میچی ژوورەکەی لادێم بوو • ئەمە لە سەرەتای مانەوەم بوو لە ماڵی شێخ لە پێش هاتنی تەرجومانەکەم • قسەی پێ ناوێ بڵێم من نەمدەزانی لە بن‌میچی ژورەکەم مار هەیە • من لەسەر چوارپایەیێکی ئاسن دەنووستم کە بەتایبەتی بۆ من تەرخان‌کرابوو • هەموو ئێوارەیێ کە خەبەرم دەدا دەمەوێ بچم بۆ خەوتن هەردوو ژنە گەورەکانی ماڵەکە دایك و کچ ، هەردوو کچە بچووکەکان لەگەڵ کارەکەرەکە بە فانۆسێکەوە منیان بۆ ژوورەکەم ڕەوانە دەکرد •

هەندێ‌جار پیاوێکیش لەگەڵیان دەهات ، مامەی منداڵەکان تاکو دڵنیا بێ‌پەنجەرە بەرزەکان ناجووڵێن و ناکرێنەوە • کە دەستی لە پەنجەرەکان دا و قایمی کردن پێی‌گوتم Kissme واتا «ماچم‌کە» ، مەبەستیشی ئەوەبوو بڵێ Excuseme واتا «لێم‌ببوورە» • پیاوەکانی کورد بە ئینگلیزیش قسە بکەن ئەدەبی خۆیان هەر دەپارێزن با بە ئینگلیزییێکی شکاویش بێ • ئەم کۆمەڵە خەڵکە هەتا ژوورەکەم لەگەڵ من دەهاتن ، جارێکیان کوڕێکشیان لەگەڵ هات کە دارتاش بوو لەو ڕۆژانە لەوێ کاری‌دەکرد • ئەمانە بۆ ڕەحەتی من بیریان لە هەموو شتێك دەکردەوە تەنانەت بۆ دەس‌شۆرینی بەیانی لەناو دۆلکە ئاویشیان بۆ دەهێنام • لەپاش ئەوە دەرگای ژوورەکەم و دەرگای حەوشەکەیان باش دادەخست و دەرۆیشتن •

من هیچ جارێ لە ژوورەکەم ترسم نەبوو ، تەناتەت پێش هاتنی

تەرجومانەکەم کە دوو هەفتەی خایاند • جارێکیان دەمانچەیێکیان پیشاندام کە هی ماڵەکە بوو ، بەمەدا زانیم لێرە دەمانچە بەخۆرایی و هەر بۆ گاڵتـە بەکار ناهێنرێ •

هیچ مێوانێکی نەویستراو نەهاتە لام ، جارێکیان نەبێ ، پاش نیوەڕۆ بوو و من بۆ نووستن درێژ بووبووم و پەنجەرەکان کە دەگەنـە خوارەوە لەپشت پەردەکان کرابوونەوە • لەپڕێکا دەستێك پەیدابوو و پاکەتێ پانی خستە بەینی شیشەکانی پەنجەرەکەوە • من دەستم لێدا و زانیم کتێبن و خراونەتە ناو بەرگی قوماشەوە • مەلایێـك لەوێوە تێپـەڕ بووبوو بـۆ حەسانەوە لە پشتخانەکە لایدابوو • وادیاربوو کتێبەکان هی ئەو بوون • من لەپاشان لەپاش ئەوە لەگەڵ سەرۆکی ماڵەکە نانی خوارد لەکاتی ڕۆیشتنی چاوم پێ کەوت •

بەیانییێکی زوو سەعات پێنج هەڵسام و چوومە پشتخانەکە بۆئەوە کە لەپێش هەڵسانی هەمووکەس و هەڵهاتنی ڕۆژ تەماشای دیمـەنی دێیـەکە بکەم • لە بەردەم ماڵەکان ئاگر کرابوەوە و ژنان بۆ ئاوهێنان دەچوون • لەپڕێکا یەکێ دەیویست بە زۆر دەرگای پشتخانەکە بکاتەوە • من توانیم لەجێی خۆی ڕایگرم • بۆ من زۆر زوو بوو بۆ خێزانەکە هاوار بکەم — کە هێشتا لە ماڵەوە بوون و لەوانە بوو نووستبن — تاکو بێنە فریـام • وادیارە ئەو کەسە دەیویست بێتە پشتخانەکە و لەوێ چاوەڕێی هەڵسـانی خەڵکی ماڵەکە بکا • ئەمەش شتێکی خـراپ نەبوو • بەڵام نەیـدەزانی لەودەمە من لەوێ مێوانم •

هەموو ئێوارەیێ کە منیـان دەهێنـایە ژوورەکەم لـەوێ لەسـەر چوارپایەکەم پاڵدەکەوتم و بە چرای Storch ی دەستم تەماشـای بنمیچەکەم دەکرد • سەربـانە قوڕەکە زۆر ئەسـتوور و پتـەو بوو و نەیدەهێشت تینی گەرمای هاوین بگاتە ژوورەوە • بەهاران لە سەربانەکان

گیا دەڕوا ، لەپاشا وردە وردە زەرد و وشــك دەبوو • لــەم سەربانــانە بانگردانی دار هەبوو کە پاش باران بۆ پەستانی قوڕی سەربــان بــەکار دەهێنرا • ئەم سەربانانە تەنیا بەرگەی ئاویان نەدەگرت •

بەهاران هەندێ رۆژ یەك دوو جار باران بە لێزمە و لەنگیزە دەباری و ژوورەکەم دلۆپەی دەکرد و قوڕاو بێجگە لە تاقەکان هەموو شتێکی تــەڕ دەکرد • لە دیوارەکانی ژوورەکەم دوو ــ سێ تاق هەبوون و من هەموو شتێکی خۆم ، بەتایبەتی کامیرە و دەفتەرەکانم لەو تاقانە تاقەت دەکرد •

سەربانەکان هەرچەند بلێی ناڕێك بوون و تەماشاکردنی سەیر بوو ، چونکە دارڕێژەکان بە ناڕێکی دانرابوون و خرابوونە ســەر کۆلــەکەی نــاڕێکی گێڕ •

بنمیچی ژوورەکەم کونی زۆر بوو ، لەوانەبوو ماریش لەو کونانەدا بژین ، بەلام من هیچم نەدی •

بەیانییێك لەگەل کابانی مالەکە بەئیشارەت بــاسی مارەکردنم دەکرد کە لە دێنمارك هەندێ جار لە کەنیسە دەکرێ ، بەلام لێرە لەناو موسولمانەکان مارەکردن پەیوەندی لەگەل مزگەوت نیە • راستت دەوێ من حەزمدەکرد لەپێش هاتنی تەرجومانەکەم نەختێ لەگەل کابانەکە بدوێم • ئەم قسەکردنە لە دەسکە گولێکەوە پەیدابوو لە شاخ کۆمکردبوەوە •

بەتەنیا گەڕان لەناو دارستانەکەی پشت دێ

ئەمە یەکەم و دواجار بوو بەتەنیا لە دێیەکەوە بڕۆم بۆ ناو دارستانەکەی پشتەوە و لەوێ نەختێ بگەڕێم • لە رێگا بە رێکەوت کەپرێکم دی کــە هەندێ ژنی تێدا دانیشتبوون • ئەمانە دەسیان بۆ هەلتەکاندم تاکو بچمــە لایان • منیش چووم بەلام بە دەس درێژکردن بۆ پارچە جلەکانم پەستیــان کردم • من قسەکانیان تێنەگەیشتم و زوو بەجێم هێشتن و بۆ ناو شــاخ

کەوتمە ڕێ • لەپاش ماوەیێك ئیتر حەزم کرد بگەڕێمەوە • لە گەڕانەوەم تەماشام‌کرد ئافرەتەکانی کەپرەکە هاتوونەتــە دەرەوە و بانــگم دەکەن • من گوێم نەدانێ و لەسەر ڕۆیشتن دەوامم کرد • ئینجا لەلایەن کۆمەڵێ کچی بچووکەوە دەورەدرام • من بە نیشانە تێم‌گەیاندن کە کوردی نــازانم و ڕۆیشتم • لەپڕێکا یەکێکیان بەردێکی تێ‌گرتم • من بە تیژی کەوتمەڕێ تاکو بێ‌ڕاکردن لێیان دوورکەومەوە • پاش ماوەیێك لەتەنشت دوو کوڕەوە دەڕۆیشتم کە بە داس گیایان دەدووری • یەکێکیان بە داسەکەیەوە لێــم نزیك بوەوە و بە داسەکەی خەریك بوو بمترسێنێ • من تەنیا بووم و لــە ماڵی شێخ دوور بووم و کوردیم نەدەزانی ، لەبەرئەوە زۆر ترسام • بــەڵام رام‌نەکرد • بە پەنجەم نیشانەی ماڵی شێخم کرد و گوتم «ماڵی شێخ ، ماڵی شێخ» بەمە وازیان لێ هێنام و بە سەلامەتی گەیشتمە ماڵەوە • من لە تەمەنی خۆم ئەوەندەی ئەو ڕۆژە نەترسابووم • ئێستــاش کە ئەمــە دەنووســم لەترسانا دەلەرزێم •

هەوالنامەی کتێب

مــار

من گوڵەکانم پێشانی کابانی ماڵەکە دا و بەم‌بۆنەیەوە باسی مارەکردنی دینمارکم بۆ کرد لەگەڵ دەسکەگوڵ کە لە کەنیسە دەکرێ • لەپڕێکا کچی ماڵەکە بە پەلەپەل هات و بەسەیرەوە باسی شتێکی دەکرد • ئێمە دەربەست بووین لەگەڵی بچینە پشتخانەکە • لەوێ هەندێ خەڵك دەورەی شێخیان دابوو ، کە خاکەنازێکی بە دەستەوە بوو و لەوێ زیندەوەرێکی درێژ لەسەر زەوی کەوتبوو کە یاردەیێ درێژ دەبوو • ئەمە مار بوو و ئەمە وشەیێکی تازەی کوردی بوو کە فێری بووم •

مارەکە خرایە چاڵێك و خەڵکەکە بڵاوەیان‌کرد • کە من زیاتر پرسیم زانیم کونی مارەکە لەوانەیە لە بن‌میچ بێ ، هاتوەتە خوارەوە بەڵکو بــۆ

ئاوخواردنەوە • لە دێنمارك مار كەمە و ئەمە یەكەمین جار بوو من ماری كێوی ببینم • شێخ بانگ دەكرێ و بە خاكەناز دەیكوژێ •

من ویستم بپرسم ئایا مارەكە ژەهردار بوو یان نا • بەلاّم لەبەر كەمزانینی كوردیم نەمتوانی ئەمە بپرسم • ژنەكانیش پێم پێدەكەنین • لە دێنمارك ماری درێژی ناو گژوگیا هەیە كە ژەهردار نیە ، بەلاّم ماری بچووك هەیە كە ژەهردارە •

وا دیار بوو ژنەكان تێنەگەیشتن من چی دەپرسم • وایاندەزانی من دەپرسم ئایا ئەم مارە كە بە مرۆڤیەوە دا دەمێنێ یان دەمرێ ؟ لەبەر ئەوە پێم پێدەكەنین • بەلاّم زانیان من نەترساوم و شتەكانم كۆنەكردەوە لە مالەكە برۆم • ئەوان حەزیان دەكرد لەگەلّیان بمێنم ، من بۆ ئەوان شتێكی تازە بووم و ژیانیانی لە وەرس‌بوونی رۆژاو رۆژ دووردەخستەوە •

رۆژی جیابوونەوەم لە مالەكەی تۆپزاوە :

كە رۆژی جیابوونەوەم لە مالەكە هات بۆ دوعاخوازی چوومە لای ئافرەتەكان • ئەوان ملوانكەیێكی مێخەك و كووژەكەیێكی شینیان كردە ملم تاكو لێرەوە هەتا دێنمارك لە ملم بێ و كە بۆنی مێخەكەكە هاتە لووتم تۆپزاوەم بكەوێتە بیر • ئەم ملوانكەیەیان زۆر بە رێزگرتنەوە كردە ملم و زۆرم پێ ناخۆش بوو لەو دوو ئافرەتە چاكە جیابوومەوە كە دۆستایەتی‌یەكی زۆر گەرمیان بەرامبەرم نواند •

لەپاش گەیشتنی تەرجومانەكەم بیستم یەكێ لە سەرخەرمان مار پێوەی داوە • رەنجبەرەكەیان بە سواری بارگیر بردیە دووكان ، لەوێوە بە قەمەرە بردیە نەخۆشخانەی سولەیمانی • تەرجومانەكەم پێی گوتم ئەمە هەمان چەشن مارە كە لە ژوورەكەم دۆزرایەوە و ژەهردارە •

دوورینەوە و کوتـانی گەنم و جۆ

لێرە پیاو و ژن بەهۆی داسێکی کورتەوە گەنم و جۆ دەدوورنەوە • هەندێ حەلقە دەخەنە دەستی چەپیان تاکو قەدی گوڵەکان بە باشی بگرن و بە داس کە بە دەستی ڕاستەوەیە ئەو بنجە گەنمە دەبڕن • لەپاشان ئـەم بنجانە لە جێگایێك کۆدەکەنەوە و بەهۆی مرۆڤ یان زیندەوەر دەیبەن بـۆ جێگای خەرمان بۆ کوتان • لەوێ بەهۆی گێرەی وڵاغ یان جەنجـەرەوە دەکوترێن واتا دەنکە دانەویڵەکان لە پووشەکەی دەردەهێنرێن ، لەپاشان بەهۆی داری شەن خەرمانەکە شەن دەکرێ تاکو دەنکە گەنم یان جۆیەکان لە کاکە جیابکرێنەوە • ئەم گەنمە بەم جۆرە دەکوترێ پاك نیە و ئـاردەکەی بۆرە ، ژنان دەبێ بیشۆنەوە •

لەو ئاواییە کە دەژیام ئاردی بازاریـان بۆ نـان کردن نـەدەکڕی • دەیانگوت ئەو ئاردە بەکەڵکی نان نایێ • لەبەرئـەوە گەنمیـان دەکڕی • جارێکیان سێ بار گەنمیان بۆ هات کە بەسـەر سێ وڵاغەوە بوو کە لـە دێیێکی نزیك کڕابو و سێ کەس وڵاغەکانیان لێ دەخوڕی • وڵاغەکانیان هێنایە حەوشە و لەوێوە وەك مرۆڤ چوونە ژووری گەنجینە و لەوێ بارەکان داگیران • هەر بارێ بریتی بوو لە دوو جەواڵ کە لە موو دروست کرابوون و پێکەوە دوورابوون • گەنمەکە ڕۆکرایە سەر زەوییە راستـە پـاکەکەی گەنجینەکە و تەپوتۆزی لێ هەڵسا • دوو قەنەپە خرانـە لای خوارەوەی بۆ پاراستن ، تاکو کەس نەچێتە ناوی و مریشك نەیخوا • گەنمەکە جێیێکی زۆری گرت و ژنان چەند ڕۆژێ خەریکی شۆرینی بوون هەروەکو لێـرە دەیگێرمەوە : یەکەم جار گەنمەکە لەسەر حەوزی ئاو بە بۆڕی ئاوی دەکەنە سەر و دەیشۆنەوە ، لەپاشان دەیبەنـە سەر بـان و لەسـەر بـەڕە بـۆ وشكبوونەوە ڕایدەخەن • ئینجا بۆ ئەوە کە تۆزەکەی نەمێنێ بە تەنـەکە لە سەربانەوە بۆ خوارەوە ڕۆی دەکەن • لەپاشان ژنێکی یەکچاویان هێنایە

لای گەنمەکە تاکو لە سەرەندی بدا • بەم جۆرە گەنمەکە لە پووش و بەرد پاككرا و تەنیا دانەوێڵە زەردە جوانەکە مایەوە •

مار پێوەدان و رووداوی‌تری

جارێکیان رەنجبەرێك کە بە داس درەوی دەکرد مار پێوەی دا ، ئەو مارە کە وا دیارە لەناو پەڵە گەنمەکە خۆی مات کردبوو • کابرایان ــ وەکوو لە رووداوەکەی پێشوو باس‌کرا ــ بە پشتی بارگیر بۆ دووکان برد و لەوێوە گەیاندیانە نەخۆشخانەی سولەیمانی •

لەپاشا کورێکم دی مار پێوەی دابوو • ئێمە بە پاسێکی بچووك لە هەڵەبجەوە دەچووین بۆ تەوێڵە • من لەگەڵ هاورێکەم لەپێشەوە لەتەنشت لێخورەکە (واتا ئاژۆرەکە) دانیشتبووین ، چونکە پێشەوە لەپشتەوە رەحەتتر بوو • پشتەوە زۆر تەسك بوو تۆ دەبوایێ کۆڵەکەی پاسەکە بە دەست بگری بۆئەوە کە هەڵنەتەکێی و ماندوو نەبی • هەندێ‌کەس لە تەنشتی دەرەوە راوەستابوون و هەندێکی‌تریش لە سەربانی پاسەکە دانیشتبوون • هێشتا دەشتە پانەکە تەواو نەبووبوو پاسەکە راوەستا • لەسەر زەوی شتێ درێژ بووبوو وامزانی کورێکە یان گوێرەکەیێکە لەبەر گەرما پەکی کەوتوە • بەڵام زەلام دەرچوو لەسەر زەوی لەژێر تینی هەتاوە گەرمەکە بێ‌دەنگ پاڵکەوتبوو • سەری رووت بوو خوێنی لێ دەهات • چەندکەسێ لە پاسەکە بازیان دایە دەرەوە و هەڵیان‌گرت • لەباتی ئەوە بە پاڵکەوتووی هەڵی‌گرن ، ویستیان لەسەر پێ رایگرن • بەمە ماندوو و نارەحەتیان کرد •

جارێکی‌تریش ئەم جۆرە کۆمەکی‌بەی نەخۆشێکم دی ، کە لەباتی ئەوە نەخۆشەکە بە پاڵکەوتووی هەڵگرن ، لەسەر پێ رایان‌گرت • جارێکی‌تری کچێکی بچووك لەناو قەمەرەیێکی کراوەی زۆر پرەوە کەوتبوە

خوارەوە • ئەو دەمە جەژنەی قوربـان بوو • منـدالآن جلی جـوان لەبەردەکەن و لە کەس و کاریان خەرجی وەردەگرن و لە بەیانی زووەوە هەتا ئێوارە بەناو بازاڕ و کۆلآنەکانا دەگەڕێن • دە ـ دوانـزە مندالْ بەجـارێ سواری قەمەرەیێکی بچووك دەبن و بـە ناوشـارا ـ وەك لـە جێـگای یاریکردنی ئەورووپا بن ـ هاتوچۆ دەکەن • یەکێ لە کچە بچووکەکان کە لەپشتەوە لەسەر کوشنەکە بەپێوە راوەستابوو کەوتە خوارەوە • من چاوم لێ بوو چـۆن سـێوێ دەکەوێتـە خوارەوە ، وا کچـەکە کەوت • زوو هەلْیانگرت و لەسەر پێ ڕایانوەستاند و هەلْیاتتەکانـد تاکو بێتەوە هۆشی خۆی • کە هاتەوە هۆشی خۆی خستیانەوە ناو قەمەرەکە •

پیاوەکەی سەر ڕێگای تەوێلەش ـ وەکو ئەم کچە ـ ویستیان بـە پێوە رایگرن • لەپاشا خستیانە ئاو قەمەرەکە و لەبـاتی ئەوە راسـتەوخۆ بیبەن بۆ نەخۆشخانە بردیان بۆ دایرەی پۆلیس • کاربەدەستەکە نووستبوو• هەلْسا و خۆیکۆکردەوە و ئەمریدا بیبەن بۆ شـوێنی رووداوەکە کـە پیاوەکەی لێ دۆزرابووەوە •

لە گەڕانەوە لە مالْی خانەخوێی شەوی پێشوومان دابەزین ، تـاکو نەختێ ئاو بخۆینەوە و فێنکمان بێتەوە • خانوەکە لە قەراغ شـار بـوو ، بەلآم دلْمان بەوانە دەسووتا کە لەبەر هەتاو دەبێ چاوەڕێ بـکەن هەتـا نەخۆشەکە دەخرێتە نەخۆشخانە • تەرجومانەکەم زیاتر غەمی برا سـێنزە سالەکەی بوو کە لەناو پیاوەکان لەبەر تینی گەرما دەسووتا • لەپاشـان نەخۆشەکە لە نەخۆشخانە قەبوولْ کرا • وادیاربو لە سەربانی پاسێکیتری ـ بە بێزانینی ڕێبوارەکان ـ کەوتبوە خوارەوە • ئێمە بەمجۆرە فرمانی خۆمان جێبەجێ کرد • مایەوە برینپێچەکە تەماشای نەخۆشەکە بـکا و لەگەلْ پزیشك (واتا دکتۆر) پێکەوە تیماری بکەن •

ئێمە دووبارە بەرەو شاخ کەوتینەوە رێ • کە گەیشتینە شـاخەکان

ئیتر تینی گەرما شکا و لەژێر سێبەری دارەکان ئـاوی سـاردی پـاکی کانیەکان بەخورە خور دەرژایە خوارەوە • لەوێ لە چایخانەیێکی بچووك بۆ شکاندنی تونیەتیمان بە چای شیرینی سەنگین لاماندا • چایخانـەکە لەتەنیشت کانی و لەژێر سێبەری چەند دارێکی گەورە بوو • لەوێ بـۆ رێبوارێ کە لە گەرمیانی خوارەوە هاتبێ هەموو شتێك هەبوو دنیـای لێ بکاتە بەهەشت •

لەنـاو رێبوارەکان کچ و کورێك هەبوون : یەکێکیان ژنێکی تـازە مارەکراو بوو کە تەمەنی هەر دوانزە سـاڵ دەبوو • ئەم کچـە خەڵـکی هەرێمێکە دار تووی زۆرە (١) • لەوێ کچان و کوڕان بەهاران دەچنـە نـاو باغەکان بۆ کۆکردنی توو کە وشكدەکرێ و دەپەسترێتە نـاو پێستە یان دەکرێتە ناو کیسە و دەفرۆشرێ • لەکاتی توو کۆکردن باوك و دایـك ناتوانن کچەکانیان لەژێر چاوەدێری خۆیان بهێڵن ، لەبەرئـەوە زوو بـە بچووکی بە شوویان دەدەن •

کچە بچکۆلەکە برا دە ساڵانەکەی ـ کە مار پێوەی دابوو ـ لەگەڵ خۆی هێنابوو تاکو بۆ نەخۆشخانە بیبا • قـۆڵی تەواو بە هەنـدێ پەرۆ داپۆشرابوو •

لەپاشان لەگەڵ چەند ژنێ لە نەخۆشخانەکە لە هەڵەبجەوە چووینـە لای • لەوێش وەك لە سولەیمانی ژنان پەچەیـان دەپـۆشی و ژنـەکانی هاورێم بۆڵەبوڵیان دەکرد کە من خێرا دەڕۆم • من وەك ئەوان کراسـی درێژم لەبەرنەکردبوو و لەباتی سۆل پێلاوم لە پێ بوو • لەبەرئەوە لەوان سەربەستتر بووم و خێراتر دەرۆیشتم • وابزانم ئافرەتە هاورێکانم لەبـەر

---

(١) وابزانم مەبەستی هەورامانە .

وەرگـێر

قورسی جلەکانیان و درێژی کراسەکانیان نەبوو کە باش بەڕێوە نەدەڕۆیشتن ، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە ئێمە لە ناوەڕاستی شار بووین و دەبێ ئافرەتی پەچەدار بە سستی بڕوا و خۆی گران رابگرێ و لەسەرخۆ پێش کەوێ •

کوڕە بچکۆلەکە خرابوە سەر چوارپایەیەیێکی ئاسن لە ژوورێکی گەورەی ناخۆش و شەربەیێك ئاو لەسەر مێزێ خرابوە تەنشتی • لەوێ توانیان تیماری قۆلە ژەهراویەکەی بکەن ، کە لەپاش ٢٤ سەعات لە شاخەوە گەیشتبوە ئەوێ • قۆلی هێشتا پەنمابو و ژنان گوتیان رەش و شین داگیرسابوو • بەم جۆرە کوڕەکە لە مردن رزگار بو و کەوتە ژێر چاوەدێری پیاوێکی برینپێچ • من لە دلم نەدەهات تەماشای قۆلەکەی بکەم ، چونکە لەورۆژانە چەند رووداوێکی مار پێوەدانم دیبوو •

ئەوالنامەی کتێب



وێنەیێکی دەسکردی پێشخانێ لە تۆپزاوە

هەواڵنامەی کتێب

– ٧ –

داپیرە تۆدەتەوێ ببیتە کاوبۆی

چوون بو سەرگەلوو

ئەرێ ئەمەیە نالی ئەسپەکە کە دۆزیمەوە ! بەڵێ ئەمەیە • ئینجا دەهێڵی من بەسەرهاتی خۆم لە کاتی هاوین لە کوردستان بگێڕمەوە •

ئەم ناڵەم لە دەربەندەکە دۆزیەوە و ئەمە نالی هێسترە ، پێیان گوتم ئەم دۆزینەوەیە دەبێتە هۆی بەختی باش • کە دۆزیمەوە دڵنیا بووم بەختم باش دەبێ و لەباتی ئەوە بە سواری هێستر لە ڕێگا تەسکەکەی چەرمەبانی پشت پیرەمەگروون تێپەڕم ، ئەو ڕێگا تەسکە بە پێ دەبڕم •

بەیانییێکی زوو بوو و هاوڕێکانی کوردم و خۆم کاتێکی زۆرمان هەبوو • ئێمە لە دێی سەرگەلوو دەگەڕاینەوە کە کەوتوەتە ناو

شاخەکان • تەنیا ڕێگایێك ئەم دێیەی بە دنیای دەرەوە دەبەست ئـەویش ئەم ڕێگا تەسکەیە • ڕێبەرەکانمان ئەوەندە ئەقڵیان هەبوو تێمان بگەیێنن لە هێسترەکان دابەزین و بە پێ ڕێگای خۆمان بە باشی بدۆزینەوە •

ڕێگاکە زۆر تەسك بوو ، لە بزنە ڕێیێك نەختێ پانتر بوو و پڕ بوو لە بەردی لەق • وا باشتر بوو تەماشای شیوە قووڵەکەی خوارەوە نەکەی کە هەزار بە هەزار بوو • وا باشتر بوو بە پێ بڕۆی و تەنیا تەماشای بەری پێی خـۆت بکەی • بەڵێ سواربوونی هێستر لەپێشـدا ناخۆشـترە و گرانترە ، بەڵام لەپاشدا فێری دەبی • لەگەڵ ئەوەشدا هێستر ڕێـگای خۆی باش دەدۆزێتەوە و قاچی پشتەوەی لە شوێن پێی پێشەوەی دادەنێ، بەڵام کەسێ قاچی لەسەر بەردی لەق دانا ، لەوانەیە بخزێتە خوارەوە و بۆ تۆ وا باشترە تەماشای خوارەوە نەکەی •

ئێستا فێری ئەوە بووم سواری هێستر بم ، بەڵام هەستی ئەوەم دەکرد لە هەندێ شوێنی تەسك دەبێ بە پێ بڕوم • من لەپاشان پیاوێکم دی ــ کە کاربەدەستی میری بوو ــ بە هێستر و ئەسپ و ئۆتۆمۆبیل لە ولاتەکە گەڕابوو • لە هەمان جێگا لە دەربەندەکە ــ کە من زانیم ڕێگاکە لە ڕێی هێستر تەسکترە و دابەزیم و بە پێ ڕۆیشتم ، ئەو دانەبەزی و ئەسپـەکەی خزایە خوارەوە • دارێك لە قەد شاخەکە خواو ڕاستان ڕزگاری کـرد • لەپاشا دەربەست بوو نرخی ئەسپەکە بژێرێ •

سـەرگەڵوو

لە تۆپزاوەی خۆم زۆر جار باسی سـەرگەڵوو دەکرا کە لەپشـت شاخەکانە • کە ڕۆژی هاوین کێوەکانی دەسووتاند ، لەپێشا ڕەنگێـکی زەرد ، لەپاشا سپی و بۆری پێ دەدا ، لەژێر تینی هـاوینی بێڕەحـم کە چەمەکان یەك لەدوای یەك وشکیان دەکرد ، باسی سەرگەڵوو خۆشتر و

جوانتر دەبوو • چەمێکی گەورە بەناو دێیەکەیا هاژەی دەهات و هیچ وشك نەدەبوو • سەرگەڵوو باغاتی هەیــە پڕ لە داری ســەوز کە تــۆ دەتوانی ماوەیێکی درێژ بەناویا بڕۆی و تەواو نەبێ • لەپاشا سەرگەڵوو بە سێبەر بوو • شاخە بەرزەکان دەورەی دۆڵەکەیان دابوو • لەبەرئەوە رۆژ لەسەر لووتکە بەرزەکان درەنگ هەڵدەهات و پاش نیوەڕۆ زوو لەپشت شاخــە بەرزەکان ئاوا دەبوو • تۆپزاوە ــ بەپێچەوانەی ئەمە ــ دەکەوتە پــاڵی جەنووبی ریزە شاخێك و بەیانی تا ئێوارە هەتاوی گەرم دەیسووتاند •

لە سەرگەڵوو سێبەر ، فێنکی و ئاوی سارد هەبوو کە بەناو دۆڵەکەدا خوڕەی دەهات • ئەم شتانە سەرگەڵوویان وەك بەهــەشت لێ دەکرد و مرۆڤیان لە خۆشی و کامەرانی نزیكدەکردەوە •

لەپاشا کابانی ماڵەکەی تۆپزاوەم لە ســەرگەڵوو لــە دایك بــوە و شێخەکانی سەرگەڵوو و تۆپزاوە بران و گەورەترین و دەوڵەمەندتریــن ماڵ لە سەرگەڵوو بۆ ئێمە کراوەتەوە • لەبەرئەوە دەبێ ئێمە بۆ ئــەوێ بــڕۆین • تەرجومانەکەم و من داوای ئیزنمان کرد کە کچە حەڤدە ساڵەکەی شێخیش لەگەڵمان بێت تاکو ماڵی منداڵیی دایکی ببینێ • بەڵام باوکی ئیزنی نەدا • بەمچەشنە کچانی جاهێڵ وا بەتوندی لەماڵی موسوڵمانان دەپارێزرێن• ئێمەی دوو ئافرەت کە نزیکەی مانگێ بوو لە تۆپزاوە لە مــاڵی شــێخ دەژیاین بەس نەبووین بۆئەوە بە سەلامەتی لەگەڵ خۆمانا بیبەین • سەرەڕای ئەمە ئێمە برای سێنزە ساڵانی تەرجومانەکەمــان لــەگەڵا بوو • شــێخ نەیهێشت کچەکەی لەگەڵمان بۆ سەرگەڵوو بچێت و ئێمە هیچمان پێ نەکرا• بڕیاری باوك لەم بابەتەوە هیچی لەگەڵا ناکرێ •

لەپێشا ویستمان هەر لە تۆپزاوەوە بە سواری بڕۆین ، بەڵام ئێمــە کە فێری سواری نەبووبووین ، نەمانوێرا هەشت سەعات لەسەر پشــتی

هێستر بە ڕێگاوە بین • لەبەرئەوە ئۆتۆمۆبیلێکمان هەتا شەدەڵە بەکرێ گرت• سەفەرەکەمان سەعات و نیوێکی خایاند و نرخەکەی گران کەوتە سەرمان ، چونکە ڕێگاکە هەر بە ناو ڕێگا بوو • ئۆتۆمۆبیلەکە لەپێشدا بە ڕێگاییێکی خراپدا هاتە خوارەوە هەتا چەمێکی وشك و لەوێوە سەرکەوت و بە ڕێگاییێکی زۆر بەردەڵانیا ئێمەی بە سەلامەتی گەیاندە خانوویێکی ناوباغ • لەوێ ئێمەی بەجێهێشت و بەڵێنی پێدایـن کە دوو ڕۆژیتری بێتـە دوامان و بمانباتەوە بۆ تـۆپزاوە •

لەناو باغەکە لەسەر فەرش و دۆشەگ لەژێر سیبەری داری سەوز و نزیك حەوزێ دانیشتین • دێیە گەرمەکەم نزیك دوو هەزار پێ لەسەر رووی زەریایە • ئێرە زۆر بەرزتر بوو • لەپاشان ئاو فرەتر و دار مێوەییێکی زۆر هەبوون و دنیـا سەوز بوو •

ژنانی ماڵەکە ئاو و چای و میوەیان بۆ هێناین • لەسەر حەوزەکە ژنێك بە چیچکانەوە دانیشتبوو مریشکێکی ئامادە دەکرد • جارێکیتری من بـە چاوێکی خۆشی و باشی تەماشای ژنەکەم دەکرد چۆن بە ئاسانی و پـاك و تەمیزی دانیشتبوو مریشکەکەی دەشوریەوە و پارچە پارچەی دەکرد، دیسان دەیشۆریەوە و دەیخستە ناو دەفرێك • ژنەکە بە کراسە درێژەکەیەوە ، نە لە گۆشتەکە پیس بوو و نەش لە شۆرینەکە تەڕ بوو • لە بن دیوارێ لە تەنشت حەوزەکە کابراییێکی درێژی لاواز دانیشتبوو مێزەری بەسەرەوە بوو کەوای لەبەردا بوو ، وەك کوردەکان شەرواڵی لە پێ نەبوو • تەمەنی حەفتا سـاڵ دەبوو • چاوەکانی لەژێر مێزەرەکەیەوە بە بێمەبـەست بزەیـان دەهـات و تەماشای دەکرد • لەپاشان بە تەرجومانەکەمی گوت نۆزدە ژنـی مـارە کردوە • کە گوێم لەمە بوو کوتوپڕ بیرم گۆڕی و لە دڵی خۆما گوتم وادیارە بەخۆڕایی و بە بێئامانج (واتا هەدەف) تەماشا ناکا • ژنەکانی دەبێ ئێستا مردبن یان لەگەڵ خشڵ و هەموو شتەکانیان بۆ مـاڵی باوکیان نـێررابن •

لەودەمە تەنیا یەك ژنی هەبوو ، بەڵام وادیارە ماڵە گەورەکەی پڕە لە منداڵ و نەوە • منداڵێك لەوێ بوو لەناو لانکە کە تەمەنی هەفتەیێك بوو • بەرگی سووریان لەبەر کردبوو و قوماشێکی رەشیان بەسەر لانکەکەیا دابوو تاکو لە تیشکی رۆژ بیپارێزن • دایکەکەی لاواز دیار بوو و شیری زۆری نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئیش و کاری ماڵ بەشداری دەکرد •

ئێمە درەنگمان لێ هاتبوو و سەعات پاش پێنجی ئێوارە بوو • گوتیان سەفەر بەسەر شاخەکەدا بۆ ئەودیو هیچ نەبێ دوو سەعات دەخایێنێ • لەودەمە کە چاوەڕێی سواربوون بووین من چوومە ناو دارەکان و لەوێ تەنوورەکەم گۆڕی و پانتۆڵێکی شینی کەتانم لە پێ کرد ، ئەو پانتۆڵە کە لەگەڵ خۆم هێنابووم •

کاشکی ئەمەم نەکردایێ !! چونکە بوە هۆی بەرپاکردنی هەڵڵا و قسە و رەخنەی بێدەنگ • ئەمە سەیر نیە • لێرە ئافرەتان شەرواڵی درێژی رەنگاورەنگ لە پێ دەکەن کە دەگاتە قولەپێیان ، کە لەژێر کراسەکانیانەوە دیارە و کە دادەنیشن دەردەکەوێ و دیاربوونی لایان ناشیرین نیە • بەڵام من ئافرەتێك بووم لەناو ژنانی ئێرە دەژیام ، دەبوایێ وەکو ئەوان خۆم بپۆشم و هەرچۆنێ بێ نەدەبوو پانتۆڵ لە پێ کەم کە پارچە جلێکی پیاوانە بوو• تەرجومانەکەم شەرواڵی درێژ ، کراسی درێژ و سوخمەی لەبەر کردبو و پێڵاوێکی لە پێ بوو کە بەرز نەبوو • هەمووکەسێ ئەم جلەی بۆ گەڕان لە کوردستان بە بەرگێکی باش دادەنا • لەپاش قەدەرێ وڵاغەکان گەیشتن تەنیا هینەکەی من هێستر بوو ئەودوایی گوێدرێژ بوون • راستیتان پێ بڵێم بێتو لە منیان بپرسیایێ من گوێدرێژم بۆ سواربوون هەڵدەبژارد ، چونکە لەزەویەوە نزیکتر و خەتەری کەمترە • داخەکەم بۆ من هێسترێکی وایان هەڵبژاردبوو کە وەك ئەسپەکەی باوکی کەلەگەت بوو •

دو رێبەرمان لەگەڵ بوون : یەکێکیان بە پەتێك سەری هێسترەکەمی

رادەکێشا و ئەوی‌تری چاوی لە کەرەکان بوو • هێسترەکەی مـن زینی نەبوو ، بەڵکو کورتانێکی پانی زبر کە بە شـلی بەژێر زگی هێسترەکەوە بەسترابوو •

من لە رابوردووی دوور فێری سواری بووبووم ، بەڵام بۆ ماوەیێکی کورت سوار بووم و سواری ئەسپی بە زین و لغاو بووم •

هەروەکو گوتم لە منیان بپرسیایێ بۆ سواربوون گوێدرێـژم بـە باشتر دەزانی • بەڵام ئەوان هەر بۆ راگرتنی قـەدر و رێـز و دڵی مـن هێستریان بۆ هێنابووم • پێیان شوورەیی بوو من سـواری کەر بـم • هەرچۆنێ بێ سوار بووین • من کامێرەکەم پێ بوو و بە سواری نەدەکرایەوە، چاویلکەیێکی هەتاویشم پێ بوو بۆ هێمن‌کردنی تینی هەتـاو و خستمـە سەرچاوم • تەرجومانەکەم بە جلە جوانەکانیەوە سواری کەرەکە بوو و عەباکەشی خستبوە بەردەمی ، بۆئەوە کە لەوێ دابەزی لەبەری‌کات •

لە سەرەتادا بە رێگایێکی بەردەڵانیا رۆیشتین و لە هەندێ شیـوی وشك تێپەرین کە زستانان و بەهاران ئاوی پێدا دەروا •

ئێمە لە دەربەندێکەوە تێپەردەبووین کە وردە وردە بەرز دەبوو • پیرەمەگروون و شاخەکانی دراوسێی کەوتبوونە پشتمانەوە ، لەپێشمـان ئەو ریزە چیایە هەبوو کە دەبێ بەسەر دەربەندەکەیا برۆین • رۆژی پـاش نیوەرۆ تیشکە درێژەکانی بە نەرمی بۆ دەربەندەکە فرێدەدا • دیمەنـەکە زۆر جوان و قەشەنگ بوو ، رۆژ لە رۆژئاوامـان وردە وردە بۆ سـەر شاخەکان نزم دەبووەوە •

لەپاشان سەرکەوتن دەستی پێ کرد • هێسترەکەم بەرەو دەربەندەکە لە ئاسۆ بەسەر پشتە تەسکەکەی شاخەکە بۆپێشەوە ملی دەنا • ئەودەمـە قسەکانی نەوەکەم لە دێنمارك هاتە بیرم • ئەم نەوەیەم بیستبووی من بـۆ

لێکۆڵینەوەیێکی ئێتنۆلوجی Ethnology (واتا خەڵك‌ناسی) بـۆ کوردستان دەچم • بە ئەقڵە پێنج سالانەکەی دەیویست تێ‌بگا من دەمەوێ لەوێ چی‌بکەم • وادیاربوو روژێ لە رۆژان ئامانجەکەمی دۆزیەوە و بـە دەنگە شیرینـە گڕەکەی گوتی : « داپـیرە ، ئەوە تـۆ دەتـەوێ ببیتـە کاوبۆی (۱) » •

چەند حەزم دەکرد منی لەسەر ئەم هێسترە ببینایێ چـۆن بەسـەر قەدی شاخەکە دەڕوا • بەڵام من لەپڕێکا نەوە پرچ زێڕینەکەم لەبیرچووەوە چونکە هێسترەکەم بەرەو ئاسـۆ نەدەڕۆیی ، لەژێرم هەندێ‌جـار خوار دەبووەوە و هەستم‌دەکرد کورتانەکەی ژێرم زۆر توند و قایم نیە • رێگاکە وەك بزنەرێ تەسك بووبوو و بۆ راست و چەپ پێچی دەکرد • لە هەندێ جێگا رێگاکە زۆر تەسك دەبوو : لە لای راست قەدی شاخ تەدەما و لەلای چەپ شاخەکە بە ستوونی (واتا عەموودی) وەك تاشە بەردێـك بۆنـاو شیوێکی هەزار بە هەزار دەهاتە خوارەوە • من بەترسەوە تەماشای ئـەو پەتەم دەکرد کە بە دەسـت رێبەرەکەوە بوو کە بە کلاشـە نەرمەکەیـەوە لەسەرخۆ و بە دڵنیایی پێش‌دەکەوت • بێتو پێی هێسترەکەم لەسەر بەردە لەقەکان بخلیسکێ ئەو پەتە چارەم ناکا • من بە دەستی چەپم لای پێشەوەی کورتانەکە و بە دەستی راستم لای پشتەوەیم توند گرت و لابەلا لەسەر هێسترەکە بە ناخۆشی خۆم رادەگرت • لەپڕێکا گوێم لە دەنگی دڵسۆزانە و غەمخۆرانەی تەرجومانەکەم بوو کە هاواری کرد : «مادام هێنی ئاگات لە خۆت بێ» بەڵام لەبەر پێچاوپیچی شاخەکە من چاوم لێ نەبوو • لەئەنجامدا

---

(۱) کاوبـۆی Cowboy گاوانی سواری ئەمەریکایە کە لە سـەدەی نۆزدەمین ناوێکی سەیری پەیداکرد و ئێستا ، بەتایبەتی لە سینەمـا و کتێبی منداڵ و هەرزەکاران ، بوەتـە نیشـانە بـۆ مـرۆڤی چـالاك و خۆپێشـاندەر •

وەرگـێڕ

گەیشتینە تەوقەسەری دەربەندەکە و لەوێوە چاومان لە شیوە قووڵەکەی ئەودیو بوو • ڕێبەرەکانمان لەدوورەوە لە قووڵایی خوارەوە سەرگەڵوویان پیشاندایین • ئێوارە درەنگ بوو ، نەختێکیش تاریک بوو ، لەبەرئەوە نەمانتوانی گوندەکە دیاری بکەین و لەو جێگا ناخۆشە و لەژێر زەبری مەترسی دەربەندەکە غەمی ئەوەمان نەبوو ئاستی گوندەکە ببینین •

ئینجا دابەزینی سەربەرەوخوار دەستی پێ کرد • ئەمە لە سەرکەوتن هەزار جار خراپتر بوو • کە هێسترەکە بەرەوژوور ملی دەنا ئاسانبوو بۆ تۆ خۆت بە کورتانەکەوە بگری • بەلام لە ڕێگا پێچاوپێچەکەی سەربەرەوخوار کورتانەکە بۆپێشەوە دەخلیسکا و لەوانەبوو تۆ بەسەر ملی هێسترەکەدا بخزێی و بکەویە خوارەوە ، لەبەرئەوە هەزار جار ناخۆشتر بوو •

ڕێبەرەکانمان پێیان گوتووین ڕێگاکە دوو سەعات دەخایێنێ ، بەلام چوار سەعاتی پێ چوو • تاریکی هەموولایێکی لە زووەکەوە داپۆشیبوو • لە نزیك دێ کەوتینە ناو مێگەلەکان • مەڕ و بزن لە هەموولایێکەوە دەورەیاندایین و لەناو زەریایێکی گەرمی ڕەش و بۆر بەرەو سەرگەڵوو ملماندەنا •

ڕێگاکان وەك جۆگەی ڕەش بەناو ماڵەکانا پێچیان دەخوارد ، ئەو ماڵانە کە یەك لەدوای یەك بە چەند چین لەپاڵ شاخەکە دروستکرابوون • گوندەکە باغی زۆر بوو و خوڕەی ئاو بە دەنگێکی شیرین و خۆش دەگەیشتە گوێمان • لەپاشان لە دەرگایێکی داری گەورەوە تێپەڕین و گەیشتینە حەوشەی تەختنەکراوی لێژی ماڵی شێخ ، ئەو ماڵە کە دوو شەوی هاتوو تێدا دەمێنین •

گەیشتن بە سەرگەڵوو

کە دابەزیم ناو لاقم لەبەر سواریە ناخۆشەکە دەیێشا ، کە دەڕۆیشتم

ئەژنۆم و لەبەر گرتنی کورتانەکە هەردوو باڵەکانم دەیێشان • غەمی گەڕانەوە بەو ڕێگا ناخۆشەدا هەستی ڕابواردن و مانەوەمی لە سەرگەڵوو ناخۆش کرد • من بیری ئەوەم نەدەکردەوە لە گەڕانەوە دەتوانین بە کۆمەکی ڕێبەری باشتر و وڵاغی زیندار بە چەشنێکی خۆشتر سەفەر دەکەین • ئەوەشم نەدەزانی پێش گەیشتن بە دەربەندەکە دەبێ لە وڵاغ دابەزین و بە پێ بڕۆین • ڕێبەرەکانمان ــ لەبەر درەنگی ــ پێیان نەوتین لە دەربەندەکە دەبێ دابەزین • ئەم ڕێبەرانە لە سەرەتادا وایان بە باشتر دەزانی سەفەرەکە بخەینە بەیانی • چونکە نە سوار و نە کاروان ــ نەك تووشی ڕووداوێکی خراپ بن ــ بە تاریکی بەسەر ئەو دەربەندە دوورە ناخۆشەدا تێپەڕ نابن کە جێگای وەستانی نیە • ئێمە لە کاتی هاتنمان کە درەنگ بوو تووشی کەس نەبووین • بەڵام لە گەڕانەوەمان ــ کە بەرەو بەیان بوو ــ تووشی چەند کەسێ بووین کە لەگەڵ هێستری بارکراودا بەرەو شەدەڵە دەڕۆیشتن • یەکێ لە بووکەکانی شێخ ــ کە لەماڵی بووین ــ ساڵی پێشوو زۆر بە ناخۆشی لەو دەربەندەوە تێپەڕ بووبوو • ئافرەتەکە منداڵی لەبارچووبوو ، لە سەرگەڵوش نەخۆشخانە نەبوو ، تەنیا پسپۆڕێکی لەش ساغی هەبوو کە تەماشای نەخوشی سەرپێیی دەکرد و دەرمانی پێ دەدان • ئافرەتەکە زۆر نەخۆش دەبێ • بە پشتی هێستر لەو دەربەندەوە تێپەڕ دەکرێ و لەپاش هەشت سەعاتی تریش دەگەیێنرێتە سەر ڕێگای ئۆتۆمۆبیل ، لەوێوە بە قەمەرە دەبرێتە شاری کەرکوك و لەوێ چوار مانگ لەلایەن پزیشکەوە تیمار دەکرێ • لەپاش چاكبوونەوەی دەگەڕێتەوە و بەسەر هەمان دەربەندا بە پشتی وڵاغ دێتەوە سەرگەڵوو • کە تەماشامان دەکرد هێشتا سیس و لاواز دیار بوو • لە بەردەممان لەسەر سینییێکی مسی گەورە جغارەی تێ دەکرد • لێرە زۆربەی لادێییەکان لە شار قاقەزە جغەرە دەکڕن و لەلای خۆیان بە توتنی وردی وشك پڕی دەکەن • توتنی

ئەم جغەرانە وەك جغەرەی پــاكەت كە بە مەكینــە دروســت دەكرێ زۆر نەپەستراوە ، لەبەرئەوە كە كێشرا زووتر تەواو دەبێ • كە تەماشای رەنگی زەرد و دەستە سپیەكانی ئــافرەتەكەم كرد مووچڕكم پیــا دەهــات لــەوە كە مرۆڤ لێرە نەخۆش كەوێ و بە پشتی ولاغ هەشت سەعات ، لەپاشــان بە ئۆتۆمۆبیل چوار سەعات بەڕێــوەبێ بۆئــەوە كە بگاتــە نزیــكترین نەخۆشخانە •

ماڵەكەی شێخ زۆر گەورە بوو ، بەهۆی پێپلكەیێكی زۆر بــەرز و ناخۆش تۆ دەگەیشتیە پێشخان كە لەپشتیەوە چەند ژووری هەبوون • لــە هەندێ ژوورەكان بۆ چێشتلێنــان ئــاگردان هەبــوو كە لــە خشــت دروستكرابو • یەكێ لە ژوورەكان بە بەڕە و فەرش داپۆشرابوو ، چەنــد تاقێكی هەبوو و لە ناوەڕاستی لە دیوارێكەوە بۆ دیوارەكەی بەرامبەری بۆ جل و شت هەڵخستن پەتێك قایم كرابوو • لە پێشخانەوە بە پێپلــكە تۆ دەگەیتە سەرباتێكی تەخت كە بۆ نووستنی هاوین دەستیدەدا • لــە تەنشت خانوەكە و لەپشت دیوارێكەوە بۆ چێشتلێنانی دەرەوە ئــاگردان هەبوو • ئەو ئێوارەیە كە گەیشتین مەنجەڵێكی مسی گەورە خرابوە سەر ئاگردانەكە و برنجی تێدا لێدەنرا • ئافرەتێــك لەتەنشتیــەوە چیچــكەی كردبوو و بە كەوچك خەریكی تێكدانی برنجەكە بوو • لەپاش پێگەیشتن ئەم پلاوە بە قاپی پان بۆ میوانەكان و كۆمەڵانیتری مــاڵ دەبرا • هەمــوو جارێ چێشتلێنەرەكە بە دەستی كۆمەڵە برنجەكەی ناو قاپەكەی جــوان ڕێك دەخست • ئێمە لەسەر دۆشەگ دانیشتین : من بە جلە نــاراستەكەم و تەرجومانەكەم بە عەبا رەشەكەیەوە كە بەخۆیەوە پێچابووی • ئەو لە ڕێــگا لەپێش گەیشتنمان عەباكەی كردەوە و لەبەریكرد •

بەدینی كوردەكان

كەیبانوە جوانەكەی ماڵ زۆر بەدین بوو • لە مەلا بانگدانەوە هەتــا

رۆژئاوا بەرۆژوو بوو • ئەو لەبەر رەمەزان رۆژووی نەگرتبوو ، ئەو رۆژوە کە لەسەر هەموو کەسێ فەرزە ، بەڵکو بۆ خۆی رۆژووی دەگرت تاکو مەرامێکی بێتەجێ • مەرامەکەشی ئەوەبوو یەکێ لە خزمەکانی بۆ حەج بچێ • بەڵێ لەپاش ئەوە باش نانتخوارد ، دەتوانی هەتا ئێوارە جغەرە نەکێشێ • بەڵام ئاو یان شلەمەنی وەك چای و ماستاو نەخواردنەوە وابزانم زۆر گرانە • تۆ لەم گەرمای هاوینە کە پلەی گەرمی هەندێجار دەگاتە ١٢٠ (ی فەهرەنهایت ، نزیك پەنجای سەدی) زۆر سەخت و ناخۆشە بەرگەی تونیەتی بگری • تۆ لەم ئاو و هەوا گەرم و وشکە زۆر پێویستت بە شلەمەنی هەیە • بەغدا کە لە خوار سەرگەڵوو و سولەیمانیەوەیە زۆر گەرم و وشکە • بەڵام بەهۆی خواردنەوەوە توانیم لەوێ بەرگەی گەرما بگرم •

دینی ئیسلام کارێکی زۆر گەورەی کردوە لەسەر ژیانی موسڵمانان • لەپێش ئەوە بچم بۆ کوردستان نەمدەزانی دینی ئیسلام هەتا چ پایەیێك کاری (تینی) لەسەر ژیانی موسوڵمانان کردوە و چۆن ئەم موسوڵمانانە هەموو رۆژێ پێنج جار نوێژ دەکەن ، رەمەزان رۆژوو دەگرن ، زەکات دەدەن و پێیان کرا بۆ حەج دەچن •

لەم ماڵە دایك و کچ رۆژی پێنج جار بەرماڵەکەیان رادەخەن ، سەریان دەپێچنەوە ، پێیان لەژێر کراسەکەیان دەشارنەوە و بە بێدەنگی و لەسەرخۆ نوێژی خۆیان دەکەن • لە دەمی نوێژکردن ئاگایان لە دنیا دەبڕێ • کوڕەکەی لەبەر چرای قوتیلە نەوتەکە تەراش دەبوو ، رادیۆ بە هێواشی گۆرانی دەچڕی ، چای دەخورایەوە و دەنگی کەوچکی چای لەناو ئیستیکانەکە دەهات ، بەڵام نوێژکەر لەسەر نوێژەکەی خۆی دەوامی دەکرد و لەناو گوتنی ئایەت و دوعاکانی نوێژ نوقوم بوو بوو •

جارێکیان کە کەیانو بەرماڵەکەی داخست و دەستیکردە نوێژکردن ، لەپشتیەوە دوو منداڵی حەوت و هەشت ساڵان لەسەر چەقۆ بۆ پاککردنی

خەیار لێیان بوە شەڕ • لەتەنشتیانەوە سەماوەرێکی پڕ ئاگر و ئاوی گەرم هەبوو • من ترسام لەوە کە منداڵەکان بکەونە سەر سەماوەرەکە و کارەساتێ بەرپابکەن • بەڵام ئافرەتەکە لەسەر نوێژەکەی دەوامی کرد هەتا سەلامی دایەوە • ئینجا لە منداڵەکانی بەتوندی خوڕی و شەڕەکەیانی ڕاگرت •

لە تۆپزاوەش جارێکیان شێخ لە ماڵ بوو هەندێ پیاو و ژن لە ماڵەکەی چاییان دەخواردەوە و پێکەوە قسەیان دەکرد • لێرە لە لادێ ژنان دەتوانن لەگەڵ پیاوان قسە بکەن • لەپڕێکا سەرۆکی ماڵ ، شێخ هەڵسا و پێڵاوەکانی داکەند ، چوە ژوورەوە بەرماڵەکەی هێنا و رایخست و دەستیکردە نوێژکردن • لەپاش نوێژەکەی هاتەوە سەر کورسیەکەی و بە چوار مەشقی دانیشت ، مشکیەکەی لەسەرکردەوە و جغارەیێکی داگیرساند و دەستیکردە چای خواردنەوە و قسەکردن •

وەك بوودا لەسەر کورسی و قەنەپە دانیشتن

ئەو ئێوارەیە کە گەیشتینە سەرگەلوو زۆری کورسی و قەنەپەکان لە ژوورەکان دەرکرابوون و خرابوونە دەرەوە • لە سەربان تەختێکی زلی نارێك هەبوو بۆ نووستن دانرابوو • بەڵام پێش نوستن هەندێ پیاو بە چوار مەشقی لەسەری دانیشتبوون ، واتا لاقیان خستبوە ژێر خۆیان • پیاوەکان زۆر جار بەمچەشنە لەسەر کورسی و قەنەپەکان دادەنیشن و بەمە سەردوشەگەکانیان بەپێی رووتیان پیس و لەکەدار دەکەن • من بە سەیرەوە تەماشای ئەم کوردانەم دەکرد کە چۆن بە چوارمەشقی لەسەر قەنەپە و کورسیەکان دادەنیشن ، واتا وەك بووداکان (١) لاقیاندەخەنە ژێر خۆیان ، نەك وەك ئێمە کە لاقمان بۆ خوارەوە شۆردەکەدەینەوە •

---

(١) لە وێنە بەردینەکانی بوودا لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و (لە تایلەند ، ڤیەتنام ، بۆرمە و سیلۆن) پەیکەری بوودا بە چوارمەشقی لە بەرد داتاشراوە .

وەرگێڕ

ئەو سەربانە لە سەرگەڵوو کە دەبوایێ بنوین ، بە دار و گەڵاو حەسیر بۆ جیاکردنەوەی ماڵەکان پەرژین کرابوو • هەندێجار ماڵەکانی ئەودیـو بۆ لای ئێمە دەهاتـن یان بەسـەر ئێمـەدا بۆ پشـت پەرژینی خۆیـان دەڕۆیشتن • منداڵان لە سەربانەکە لەلایێکەوە بۆ لایێکیتری رایاندەکرد و دەگەڕان • کە خەویان دەهات لەسەر دۆشەگێ دەنووستن ، یان رایاندەکردە باوەشی دایکیان و لەوێ خەویان لێ دەکەوت • دۆشەگەکان لەسەر بەڕە لە تەنیشت پەرژینەکە راخرابـوون • ئەندامـەکانی خێزانـەکە لەسـەر دۆشەگەکان دانیشتبوون و خەریکی دەمەتەقێ بوون •

دوو شەو لەوێ ماینەوە • بە رۆژ بۆ ناودێ و بـاغەکان بـۆ گەڕان دەچووین • ئاوی چەمەکە خوڕەی دەهات و وەکو بۆیان گێراینەوە سارد و خۆش بوو • بۆ ماوەیێکی درێژ بەناو باغەکانا رۆیشتین کە کێڵرابـوون ، پاککرابوون و دار و سەوزەی لێ روابوو • تۆ تووشی هەستێکی دڵکێش و دڵکراوە دەبووی کە لەپاش تۆپزاوەی وشك و بۆر و بێدەنگ لێرە خۆت لەناو دارستان ، باغ و سەوزایی دەدی و گوێت لە خوڕەی ئاو دەبـوو •

بەڵام لە لایێکیترەوە من حەزم لە سەرگەڵوو نەدەکرد کە شاخی بەرز دەورەیدابوو و دیمەنەکەی دڵئارا و دڵکێش نەبوو ، بەڵکو نەختێ تەنـگ بوو •

بەگوێما چپاندیان کە سەرگەڵوو لە دەمی خۆی نـاوچەی حەقـەکان بوە • بەڵام ئەو حەقانە کێن ؟ خەڵکی دەرەوە کەمیان لێ دەزانن • خەڵکەکە بە ترس و ریزەوە باسیاندەکرد • بێتو کۆمەڵێکی پڕنهێنی بیانەوێ بـۆ خۆیان ناوچەیێك پەیداکەن ، لە سەرگەڵوو باشتریان بۆ نادۆزرێتـەوە • لەپاشا بۆیان گێرامەوە لەناو شاخەکان ئەشکەوتێ هەیە سالی ١٩٢٠ شێخ مەحموودی سولەیمانی پەنای پێ برد •

بەڵێ سەرگەلوو بۆ من جێگایێکی سەیر ، کێوی و دڵگیر بوو • بەڵام کە گەڕاینەوە تۆپزاوەی وشك و بۆر من نەمدەتوانی لە دڵی خۆما وابلێم • بۆ ئەو خێزانە کە لەگەڵیا ژیام سەرگەلوو بەهەشت بوو •

گەڕانەوە لـە سەرگەڵوو

من جارێکیتری سواری وڵاغ بووم ، ئەمجارە سواری ئەسپێکی جوان بووم : لاقەکانی جوان ، کلکی درێژ و کەللەی زۆر جوان بوو • مووڕووی شین بۆ چاوەزار کرابوە ملی و زینێکی جوانی نەخشکراوی هەبوو • من ئەو دەمە تێگەیشتم بۆچی زینی پایسکیلەکان نەخش کراون • تومەز خاوەنەکانیان لاسایی زینی ئەسپ دەکەنەوە • زۆری هەرزەکارەکان لە سولەیمانی پایسکیلیان هەیە و تەنانەت بۆ سینەماش دەیانهێنن و لەپێشەوە لای شانۆکە رایان دەگرن •

من پاڵەوان نیم سواری ئەسپ بم ، لەبەرئەوە لغاوەکەم دایە دەس رێبەرێك کە ئەسپەکەی رادەکێشا • من حەزم دەکرد بەسەر شاخەکانا بە سواری بڕۆم و لە سەرەوە چاوم لە دیمەنی جوانی وڵاتەکە بێ • بەڵام زانیم ئەمەم پێ ناکرێ و ئەسپەکە لەوانەیە دەس بکاتە چوار ناڵە و من تووشی ناخۆشییێك بکا و بمداتە زەویا • من بۆ ئێرە بۆ گەڕان نەهاتبووم ، بەڵکو بۆ تۆژینەوەیێکی (واتا لێکۆڵینەوەیێکی) زانیاری هاتبووم • لەبەر ئەوە وام بە باشتر زانی لغاوەکە بەدەس خۆمەوە نەگرم و بیدەمە دەس رێبەرەکەم • تەرجومانەکەمیش سوار بوو و لغاوی بەدەسەوە بوو • بەڵام جارێك ئەسپەکەی لەناو ئاوێ راوەستا و نەیویست بڕوا • ئافرەتەکە دەربەست بوو هاوار بکا تاکو بۆپێشەوە لێی بخوڕن •

ئەم ئەسپانە بەسەر شاخەکانا ئێمەیان دەبرد بۆ گوندێ ، ئەوەندە سەوز و ئاودار و خۆش بوو من دەمویست دوارۆژی ژیانمی تێدا رابوێرم•

من کە لە دنیادا سەفەر دەکەم هەندێجار بڕیاری وا گرنــگ و ســەیر و خەتەرناك دەدەم • بەڵام ئەمجارە بڕیارەکەم بە ڕاستی بوو •

ئێمە بە ئۆتۆمۆبیل گەیشتینە ڕێگای پێنجوین و لەوێوە بە سواری ئەسپ بە ماوەی دوو سەعات گەیشتینە گوندی (ســەرکان) • شــێخی سەرکان ئەسپەکانی بۆ سەر ڕێگا ناردبوو • ئەو تەنیا ئەو دوو ئەســپەی نەبوو ، بەڵکو نزیکەی بیست ئەسپی هەبوو ، جــارێکیان بــە بەستراوەیی لەپشت دارەکان لەناو کێڵــگەکەی چاوم پێ‌کەوتن • لەپاشان شێخ بێجگە لە سەگی بۆر و سپی دڕی شوان ، تانجیشی هەبوو ، زستانان بۆ ڕاوی بەراز و ورچ دەچوو •

دێی « سەرکان »ی لای پێنجوین

سەرکان تەواو دەکەوێتە نــاو شــاخەکان و لە هیــچ لایێــکەوە بە ئۆتۆمۆبیل پێ‌ی نــاگەی • زستانــان کە بەفر بــاری تەنــانەت ڕێــگای پێنجوینیش بۆ چەند مانگێ دەگیرێ •

لەم دێیە تەلەفۆن و تەلگرافیش نیە کە بە دنیای دەرەوە بیبەستێ • لەبەرئەوە ئەم دێیەم بە «مەڵبەندی پەناگرتن» دانا و بە خەیــاڵ بە خــۆم دەگوت : «بێتو ڕۆژێ ئاژاوە ئەورووپای گرت و لەوێ دنیا ناخۆش بوو ، من دەتوانم بێمە کوردستان و پەنا بەرمە دێی سەرکان تــاکو لەوێ بــە ئاسوودیی بژیم • بەڵێ من هیچ نەبێ دەتوانم بە خەیاڵ بڕۆم یان بە خەیاڵ دڵی خۆم خۆش‌کەم » •

خانەخوێکەمان لە ســەرکان پێ‌ی گوتم بێتو بمــەوێ لــەوێ بژیم خانوویێکیشم بۆ دروست دەکەن • ژنانی ماڵەکە زوو بوونە دۆستم • ئەو شەوە نزیکەی پەنجا کەس لەو ماڵە نووستبوون • خۆیان سێ کەس بوون ، بەڵام بۆ پێوانی پەڵە زەویەکانی دێیەکە و دیارکردنی سنووری زەویــەکان

هەواڵنامەی کتێب

چەند ئەندازیار و کاربەدەستیش ئەودەمە لەوێ بوون • یەکێ لە ئەندازیارەکان بە قەمەرەکەی خۆی من و تەرجومانەکەمی هەتا رێگا هەبوو برد ، لەوێ بۆ سواری ئەسپ بەجێی‌هێشتین کە بمانگەیێنێتە ماڵی خۆمان •

دێی سەرکان باغ و دار و ئاوی هەیە ، ئەم سێ شتە لە کوردستان پێکەوە دەبنە هۆی جوانی دیمەن • لەپاشا دێیەکە بەرزە ، لە ناوەڕاستی هاوین ئێواران و شەوانی فێنك و خۆشە • بێجگە لەمە لە بەردەمی دێیەکە شاخی بەرز نیە کە ماوەی تەماشاکردن تەسك کا ، بەڵکو چاو هەتا بتوانێ بڕ دەکا و ئاسۆ دوورە • لەبەرئەوە تۆ لەوێ هەستی دڵگیری و دڵتەنگی ناکەی •

ئەسپەکانمان لە مەیدانی ناوەڕاستی خانوەکانی شێخ لە سەرکان راوەستاند • لەپاش دابەزین کوتوپڕ ماستاو و ئاوی ساردیان بۆ هێناین• ماستاو لە کاتی گەرما خۆشترین و باشترین خواردنەوەیە • کۆمەڵی خەڵك هاتنە پیریمانەوە : کەیبانووی ماڵ لەگەڵ کوڕەکانی و بووکەکانی و ژمارەیێك منداڵان • لەپاشان من ژمارەی ئەندامە سەرەکیەکانم زانی • لە ماڵەکە دە پیاو هەبوون : شێخی گەورە سەرۆکی ماڵ ، سێ کوڕی ژندار ، دوو کوڕەزا ، سێ کەسی بەردەس لەگەڵ مەلایێکی حافز کە رێبەری دینی خێزانەکە بوو • لەم خێزانە حەوت ئافرەت هەبوون : کەیبانوو ، سێ بووك و سێ کارەکەر • بێجگە لەمانە ژمارەیێکی زۆر منداڵ هەبوون لە تەمەنی جیاواز کە نەمتوانی بە وردی بیانژمێرم و پەیوەندییان بزانم •

ئێمەیان بردە خانووی مێوانان کە لەسەرەوە بە بەرد دروست‌کرابوو و نپ و نوێ بوو • لەوێ چووینە ژووری مێوان • سەرکان لە سولەیمانی بەرزترە کە ٢٥٠٠ پێ لەسەر رووی زەریا (واتا بەحر) بەرزە • لەبەرئەوە

سەرکان فێنك بوو و ژووری مێوان تەواو بە فەرش داپۆشرابوو • مـن وەك ئەوانی‌تری پێش ئەوە بچمە ژوورەوە پێلاوەکانم داکەند •

جاهیلترین کوڕی خێزان کە ژنی هێنابوو هاتە ژوورەوە و لەتەنیشت کورسیەکەی من لەسەر فەرشەکە دانیشت • من لەلاییەکەوە حەزم نەدەکرد پیلاوەکانم داکەنم و لەسەر کورسی ئاسن دانیشم • لە لاییێکی‌ترەوە جوان و ڕاست نەبوو بە پیلاوەوە لەسەر فەرش دانیشی و ئیتر کورسیت بۆ چیە ؟ کوڕە جاهێلەکە تەماشای جلە شینەکەمی کرد و پرسی : لەگەڵ ئەو هەموو کووتاڵە (واتا قوماشە) جوان و نایابە کە لە بازار هەن بۆچی وا بـەرگی هەرزانم پۆشیوە !! ••• وەڵامی ئەم پرسیارەم پێ‌نەدرا • بەڵام کە تەماشای ئافرەتەکانی‌تریم کرد کە خۆیان باش بە ئاوریشم پۆشـیبوو و بە خشـڵ ڕازاندبوەوە ، من خۆم وەك چۆلەکەییێکی عاجز و غەمگین دەهاتە بەرچاو •

یەکێ لە بووکەکان دەستی‌کردە ئامادەکردنی سەماوەر و چای • زێڕ و پارە و زنجیری زیڕی پێچەکەی لەژێر تیشکی ڕووناکی پەنجەرە نزمـەکە دەدرەوشایەوە •

شێخی گەورە بە جوببە سەوزەکەی و مێزەرەکەیەوە بۆ بەخێرهاتـن کردنمان هاتە لامان • تەرجومانەکەم وەك برووسکە دەستی دایە سەرپۆشێکی یەکێ لە ژنەکان و دایە سەرخۆیا و ملی خۆی پێ پێچایەوە • شێخە پیرەکە بۆ ئەو نامەحرەم بوو • نابێ ژن هەرچۆنێ بێ سەرو ملی خۆی بە پیاوێکی نامەحرەم (نەك وەك باوك و برا و کوڕ) پێشاندا •

زۆر جار ژنانی کوردستانم دەبینی لەپێش پیاوێکی نامەحرەم سەری خۆیان دادەپۆشن • لە ماڵی تەرجومانەکەم لە سولەیمانی لەکاتێکا پیـاوی نامەحرەم هەبوو ، لەپێش ئەوە چای یان ئاویان بداتێ سەرو ملی بـاش دادەپۆشی • کە ئێوارە نوێنەکانی لە سەربان ڕادەخست دیسانەوە سەر و

ملی دادەپۆشی ، چونکە لە سەربانەکانی‌تری لەوانەیە پیاوی نـامەحرەم هەبن • لەپاشا ژنان کە لە سەربان دەنوون ببڕای ببڕای بە سەر ڕووتـی نانوون • سەرپۆشەکەیان پێ‌بە ، بەوە سەریان دادەپۆشن و دەنوون •

لەم دێیە جوانەی خەیالم جارێـکیان چـاوم لە ڕووداوی سـەیری ئافرەتەکان بوو کە چۆن لەبەر هاتنی پیاوێکی نامەحرەم رایانکرد و خۆیان شاردەوە • من لە ژووری مێوان دانیشتبووم و لەگەڵ حـەوت ئـافرەتی ماڵەکە قسەم دەکرد • یەکێ لە دایکە جاهێـلەکان منداڵـە بچـووکەکەی پێشانمان دەدا کە بەرگی سووری لەبەر و کڵاوی ئاوریشمی لەسەر کردبوو• پارچە زێڕێك وەك وێنەی داسولکە خرابوە سەر ناوچاوانی • لەپڕێـکا ئەو پیاوە سەرسپیە چارە سووکە لە پەنجەرەکەوە تێپـەڕ بوو کە منی بـۆ سەرکان هێنابوو • هاتبوو تاکو بمانبا بۆ لای ئەندازیارەکانی‌تری کە لەگەڵ فەلاحەکان خەریکی دیارکردنی سنووری زەویەکان بوون • کە سـەری کابرا لە دەرگاکە پەیدابوو ، لەپێش ئەوە بێتە ژوورەوە ئافرەتەکان هەموو بە جارێ کوتووپڕ هەڵسان ، رایانکرد بۆ ژوورێـکی‌تری • یـەکێ لـە خزمەکانی خۆیـان دەرگای ژووری گەنجینـەی بۆ کردنـەوە ، زوو بـە هەناسەبرکێ بۆ ئەوێ رایانکرد و لەناو گۆزە و شتی‌تری گەنجینە لەسەر زەویە رووتەکە بۆی دانیشتن• ئەمە هەموو لەبەر ئەوە نەك پیاوێکی نەناسراو ـ با سەرسپیش بێ ـ چـاوی پێیان بکەوێ • سەماوەر ، قۆری چای و ئیستیکانەکانیان لەگەڵ من و تەرجومانـەکەم لەژووری مێـوان بەتەنیـا بەجێ‌هێشت • ئەوان لەوێ ، پێش ئەوە نانی نیوەڕۆ بخورێ ، لەگەڵـم خەریکی چای‌کردن و دەمەتەقێ بوون •

جارێکی‌تریش ڕووداوێکی‌وا سەیر ڕووی‌دا • پاش نیوەڕۆ خـانمی کەیبانوو پێی‌گوتم پێکەوە بچینە ناو باغەکانی نزیکی ماڵ • من زیـاتر حەزم دەکرد لە ماڵەوە بمێنم تاکو چاوم لە پێکهێنـانی فرمـانی (واتـا

وەزیفەکانی) ژنەکان بێ ، ئەو ژنانە کە نانی ئێوارەیان ئامادە دەکرد ، یەکێکیان بە هەموو بەرگە جوانەکانیەوە و بە خشڵەکەیەوە لە بەردەم مەنجەڵێکی مسی گەورە چیچکەی کردبوو خەریکی لێنانی پلاو بوو . یەکێ تری خەریکی چێشتی تەماتە بوو ، ئافرەتی سێیەم لەگەڵ کارەکەرێك خەریکی پاككردنی مریشك بوون ، بۆئەوە کە لەپاشان لەسەر ئاگر بیرژێنرێن . دووکەڵ هەموولایێکی گرتبوو . بەڵام ئافرەتەکان باکیان بە دووکەڵ نەبوو و خەریکی جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیان بوون . دایکە گەورە ، خانمی کەیبانوو ، تەنیا خەریکی سەرپەرشتیکردنی شیوەکان بوو .

خانمی کەیبانوو لە لای ئاگردانەکەوە چاوی لە ریزێ سوار بوو کە دەهاتنەوە . ئەمانە زۆریان مێوانەکان بوون بۆ رابواردن بە سواری ئەسپ بۆ راوەماسی چووبوون و هەندێ پیاوی نەناسراویشیان لەگەڵ بوون . ئەمانە هەموو پێکەوە لەتەنشت باغەکەوە بۆماڵەوە دەهاتن . کەیبانوو حەزی نەکرد پێکەوە بۆ باغەکە بچین نەك لەوێ ئەو پیاوە نەناسراوانە چاویان پێمان بکەوێ . چاویان بە کێ بکەوێ ؟ بە دوو داپیرە یەکێکی ئەو و یەکێکی من .

بەڵام من ئیزنم خواست لەگەڵ یەکێ لە ئافرەتە جاهێلەکان کە بووکی داپیرە بوو پێکەوە بۆ گەڕان بچین . لەپاشان هەردوکمان پێکەوە رۆیشتین . باغەکە ــ بۆئەوە کە ئاژاڵ نەچێتە ناوی ــ پەرژین کرابوو . هەردوکمان بەسەر پەیژەکانا بازمان دا و چووینە ناو باغەکە . لەوێ هەنجیر ، تەماتە و سەوزەمان کۆکردەوە و هاتینەوە .

نووستن و خواردن لە سەربان

ئێوارە دەبوایێ لەگەڵ ئافرەتەکان بچینە سەربان تاکو لەوێ نان بخۆین و بنوین . بەسەر پێپلکەیێکی نارێکی تاریکا دەربەست بووین

بۆ سەربان سەرکەوین • لە سەربان بەڕە ، فەرش و دۆشەك ڕاخرابوون • هەموو ژنەکان لەگەڵ چەند کەسێکی بەردەس لەوێ بوون • لەپاش نانخواردن لەژێر تیشکی فانۆسی نەوت ، کاڵەك و شووتی پاك و قاژ کران • بەشێکی بۆ ئێمە تەرخانکرا ، بەشێکیش تێررایە خوارەوە بۆ پیاوەکان کە لەژێر دارێك لەسەر بەڕە و فەرش دانیشتبوون تاکو لەوێ شیو بخۆن و بنوون •

لەپڕێکا مەلا حافزەکە پەیدابوو • ژوورەکەی نزیك پێپلکەکان بوو • ژوورەکەی داخست و هاتە سەرێ • نەمزانی لەکوێ شیوی (واتا نانی ئێوارەی) خواردبوو • بەڵام لە سەربان هەندێ مێوەی بەدەس کەوت و خواردی •

دنیا وردە وردە سارد بوو • لە چلەی هاوینا سەرمای وا زۆر خۆش بوو • ژنەکان هەموو کورتەکیان لەبەرکردبوو کە بە لۆکە پڕکرابوو • من چاکەتێکی خوریم پێ بوو ، لە زووەکەوە بوو هەڵمگرتبوو ، خوا و ڕاستان ئەوشەوە بەکارهات و لەبەرم کرد • لەوێ لەو سەربانە بەرزە لەژێر ئاسمانی جوانی پڕ هەستێرەی پرشنگدارا شەوێکی خۆشمان ڕابوارد •

ئێمە ژنان هەموو جلی گەرممان لەبەرکردبوو • بەڵام لە سەربانەکە دوو منداڵیش هەبوون : یەکێکی تەمەنی شەش هەفتە ، ئەویتری سێ مانگ بوو • ئەم منداڵە ساوایانەیان بە لانکەکانیانەوە هێنابوە سەربان • لەژێریان کیسەی خۆڵەمێش و لەگەڵیا قامیشێك هەبوو کە دەخرایە ناوەراستی لاقەکانیان • مەبەست لە کیسەی خۆڵەمێش ئەوەیە منداڵ جێگاکەی تەڕنەکا و مەبەست لەو قامیشە ئەوەیە تەڕایی منداڵەکە بچێتە ناوی و بڕژێتە ناو شووشەیێك کە لە خوارەوە دانراوە (١) • بەمە دایك

(١) لای داوێنی بنی بێشکەوە کونێك هەیە گۆزەلەیەکی دەمپانی لەسەر دادەنرێ تەڕایی منداڵەکەی تێدەچێ • گۆزەلەکە لەبەرئەوە کە

ئافرەتێکی کڵاو پڕ لە خشڵی زێڕ قاچەکانی لەناو ئاوی کانی ژناندا ئەشوا . سەرکان .

هەندێ لە کوڕان و بووکانی ماڵ لەگەڵ ئەسپە نایابەکەمدا ــ سەرکان

دەتوانێ منداڵەکەی لە خۆ تەڕکردن بپارێزێ • بۆ ئەوە کە لەکاتی نووستنا نەجووڵێ منداڵەکە باش بە لانکەکەوە دەبەسترێ • تەنیا سەری و قاچە بچووکەکانی بە سەربەستی دەمێنن •

ئەو شەوە دایکەکان منداڵەکانیان هەتا درەنگ لە باوەشیان گرت ،

دەمەکەی لە کونی ناو بێشکەکە گەورەترە ، ناکەوێتە خوارەوە . قامیشەکەش کە پێی‌دەوترێ قەڵەم و تەڕایی منداڵەکەی پیا دەچێتە ناو گۆزەڵەکە ، بۆ کوڕ وەك سەبیل وایە، کونێکی خڕ لە سەرەکەیدا هەیە و بۆ کچ قامیشێکە کونێکی درێژکەڵەی لە سەرەکەیەوە تیایە ، ئەو سەرەی بە شوێنی میزکردنی منداڵەکەوە توند دەکرێ و بەمجۆرە کەمجار وادەبێ تەڕایی بەر ئەو پەڕۆیانە بکەوێ کە لە ڕانی منداڵەکە پێچراون یا لەژێریدان .

وەرگێڕ

لەپاشا خستیانە ناو لانکەکانیان ، چاویان بەستنەوە و پارچەیێ قوماشی جوانیان دا بەسەر لانکەکانیانا و دەسیانکردە راژەندنیان هەتا خەویان لێ کەوت •

بەیانی پێش هەڵاتنی رۆژ هەموو هەڵسابوون و ئاگر کرابووەوە بۆئەوە کە خۆیان گەرم کەنەوە •

کارەکەرە گەورەکە لەسەر سینی قاوەڵتی بۆ هێناین کە بریتی بوو لە ماست ، هێلکە و رۆن کە هێلکەکان لەناو رۆن مەلەیان دەکرد و نانی تیری کە شەو کرابوو • ژنان بە هەموو جلی رۆژیانەوە ــ کە بۆ شەو نایگۆڕن ــ هەڵسان • تەنیا دوو منداڵە ساواکە هێشتا لەناو لانکەکانیان لەبەر ئێشی سووتانەکەی دەمرێ •

کارەکەرە گەورەکە زانیم پێشی چەند ساڵێك لە مێردەکەی لەبەر هەر بۆنەیێك بوویێ جیابووبووەوە • دوو منداڵی هەبوو یەکێکی ساوا و کچێکی هەشت ساڵان • هەردوو منداڵەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو • منداڵە ساواکەی پاش چەند مانگ مردبوو • کچەکەی لە ماڵەوە بەردەستی دەکرد• جارێکیان پێی دەڵێن مەنجەڵی ئاو بخاتە سەر ئاگر • تەنووری گەرم لەسەر رێگای دەبێ ، بەمە نازانێ و دەکەوێتە ناو تەنوورەکەوە • پاش ماوەییێك لەبەر ئێشی سووتانەکانی دەمرێ •

لە دێیەکە نە دکتۆر هەبوو و نە نەخۆشخانە • تەنیا کاربەدەستێکی لەشساغی هەبوو کە دەیتوانی بە سەرپێیی دەرمانبدا • نەخۆش دەبێ بە پشتی ولاغ هاوینان بۆ یەکێ لە شارەکان ببرێ • زستانان بەفر رێدەگرێ • یەکێ لە دایکە جاهێلەکان لەپاش لەدایکبوونی منداڵەکەی تووشی نەخۆشی سنگ دەبێ • دەربەست دەبێ ساوا لاواز و نەخۆشەکەی

لەوێ بەجێبهێڵی و خۆی بگەیێنێتــە نەخۆشخــانە • کە دێتــەوە دەزانێ منداڵەکەی مردوە • ژمارەی مردنی منداڵان لێرە یەکجار زۆرە [1] •

حــەوزی ژنــان

لەپاشان من بە پێپلکە ناخۆشەکانا لە سەربان هاتمە خوارەوە تــاکو بۆ سەر حەوزی ژنان بچم ، ئەو حەوزە کە بە دیوارێکی نزم دەورە دراوە • بەڵێ کە دنیا خۆش بێ بۆ دەس و دەم و چاو شۆرین یان دەسنوێژ هەڵگرتن بۆ ئەو حەوزە دەچن • زستانان کە بەفر دەبارێ و دنیا سارد دەبێ بە گۆزە و مەسینە بۆ ماڵەوە ئاویان بۆ دەهێنرێ • ئەم ئاو هێنانەش یەکێ لە ئەرکەکانی کارەکەرەکانــە •

بەیانی زوو بوو چوومە سەر حەوزەکە و هیوام وابوو کەســی لــێ نەبێ • ئاوی کانی بە بۆرییێکی ئــاسن دەرژایە نــاو حەوزەکە • لەســەر بۆریەکە بۆ نوێژکردنی ژنان تاتەبەردی پاك هەبوو • لەلاییێکەوە پــەڕی مریشــك فڕێدرابوو • وا دیــاربوو ڕۆژی پێشــوو لەوێ مریشــکیان پاككردبوو • لەوێ من پاك دەست و دەم و چاوم شۆری و هاتمەوە •

لەپاشان سواری ئەسپە جوانەکەم بووم کە ملوانکەی شینی لە مــلا بوو • بەسواری ولاغ بەسەر شاخە زەردە نزمەکەدا تێپەڕین و گەیشتینــە چایخانەکەی ڕێگا • لەوێ خواوڕاستان لەندرۆڤەرەکە چاوەڕێی دەکردین•

لە دێی سەرگان هەموو شتێ پەیدا دەبێ

لە چایخانەکە ئافرەتێکی هەیاسەداریش چاوەڕێی دەکرد تــاکو بــۆ حەلەبجە بچێ • بە هەیاسەکەیا پارەیێکی زۆر دوورابو • ترێی پێ بــوو

---

(١) ئێستا لەپاش زۆربوونی دەرمان و دکتۆر و نەخۆشخانە ، ژمارەی مردنی منداڵان لە عێراق زۆر کەم بوە .

وەرگــێڕ

دەیخوارد و هەندێکی پێ‌داین • ئێمە لەپێشان بەخۆشیەوە دەسمـــانکردە ترێ‌خواردن هەتا پێ‌ی‌گوتین کە نەخۆشەو تای لێ دێ و بۆ نەخۆشخـــانە دەچێ • ئیتر نەك ئێمەش تووشی نەخۆشی بین وازمان لە ترێ‌خواردن هێنا•

من بەم‌جۆرە لە سەردانی سەرکان گەڕامەوە • لەو دێیە خەڵك دەتوانن هەموو شتێ پەیدا کەن بۆ ئەوە کە بە کامەرانی بژین • ئەو دێیـــە ئەوەنـــدە بەپیت و بەرەکەتە هەموو شتێ پێشکەش دەکا : ئاژاڵ (مەڕ و بزن و ڕەشە ولاغ)ی هەیە بۆ گۆشت و رۆن و فرۆ و دۆ و کەشك و تۆراغ و ماست • لـــە باغەکان داری بەردار هەیە میوەی لێ کۆدەکەنەوە • لەو باغانە دەتوانن سەوزە و لە زەویەکانیان توون و دانەوێڵە بڕوێنن • لە چەمەکە ماسی هەیـــە دەتوانن بیگرن و لەناو شاخەکان کێوی هەن دەتوانن راوی کەن • خەڵکی دێیەکە تەنیا پێویستیان بە شەکر ، چایی ، خوێ و قوماش دەمێنێ بۆ جل • دەتوانن ئەمانە بە پشتی ولاغ ساڵێ چەند جارێ بۆ خۆیان بهێنن • ئیـــتر هەقم نیە بڵێم من لەم دێیە هەتایی دەتوانم بژیم ؟

هەواشامەی کتێب



- ٨ -

سواڵکەر و فاڵگر

لە هەندێ جێگاکانی کوردستان خەڵکم دەدی دوعا ، کووژەکە و مووروویان لەبەر چاوەزار لە خۆ داوە • ژنان دوعا سێ سووچەکانیان دەخستە ناو ملوانکەکانیان ، یان لەگەڵ پارە و زێڕی سەرکڵاوەکانیان دەیاندووری • ئەو دوعایانەیان بەهۆی فلکەتە لەسەر بەرگی منداڵان قایمدەکرد • هەندێ جار ئەم دوعایانەم بەدووراوی لە کیسە جوانەکانا دەدی کە بە دیوارا کرابوون بۆئەوە کە بۆ ماڵ و دانیشتوەکانی چاکە بێنێ • جارێکیان لە دێیەکەم دوو سەیدم دی بۆ خەڵك دوعایان دەنووسی ، بە سێ سووچ دەیانوشتاندەوە و بە ژنانیان دەدا •

زۆر رێبوار بۆ ئەوە کە شتێکیان پێبدرێ سەریان لە ماڵی شێخ دەدا، ماڵ بۆ کردنەوە و قەبووڵکردنی ئەم چەشنە رێبوارانە نەریتێکی (واتا دەستوورێکی) کۆنی کوردانە • شێخی خاوەنموڵك کە بە پایەبەرز

دادەندرێ [1] بەرامبەر خەڵکەکە گیانی لێ پرسینەوە و فرمانی (واتا واجباتی) هەیە • سەرۆکی ماڵ کە شێخە لە بنەماڵەیێکی بەرزە و لەبەرئەوە دەبێ ئاگای لە دەسکورتەکانی دێیەکە بێ • حکوومەت بیستم لە سولەیمانی بۆ هەژار و سەقەت و لێکەوتەکان پەناگای دامەزراندوە ، بەڵام لە دێیەکان شتی وا نیە • هەندێکەسی هەژار و سەقەتی واش هەبوون بەناو دێیەکانا دەگەڕان و شت لە خەڵك وەرگرتنیان بە باشتر دەزانی لەوە بچنە سولەیمانی و لەوێ لە پەناگا سەربەستی خۆیان بزر کەن •

جارێك دوو کەس هاتنە ماڵی شێخ : یەکێکیان پیر بوو ، ریشێکی سپی دوولایی هەبوو • ئەویتری جاهێل بوو • هەریەکە بو کۆکردنەوەی شت کە خەڵك خێریان پێ بکا کوولەکەیێکی پێبوو • یەکێکیان کوێر بوو • هەریەکە هەندێ ئارد و رۆنیان پێ درا • لەپاشان کە رۆیشتن بۆ گوندێکیتری لە ڕێگا چاوم لێیان بوو ، کوڕە جاهێلەکە کە دەستی خستبوە سەر شانی پیرە چاوساغەکەو وەك وێنە دەسکردەکەی Breughel بە ڕێگاوە دەڕۆیشتن •

جارێکیتری دوو ژن هاتن و لە بەردەرگای حەوشەکە لە سێبەر بەکیسەکانیانەوە بۆی دانیشتن بۆئەوە کە خێرومەندێك شتێکیان بداتێ • یەکێ هات هەندێ ئاوو ماستاوی پێدان • یەکێکیتری هەندێ ئاردو شەکری پێدان کە زوو خستیانە ناو کیسەکانیانەوە • هەندێ پارچە جلی کۆنەشیان پێ درا • کارەکەرو منداڵەکان لەپاشان خواردەمەنیان بۆ هێنان • یەکێ لە ژنەکان چاوی کەمبین و خراپ بوو ، ئەویتری شەل بوو • من بڕوام بە چاوم نەکرد کە تەماشام کرد ئەم ژنە شەلە کیسەکانی بەست بە

(1) لەپاش دابەشکردنی زەوی بەسەر فەلاحەکانا ، ئیتر شێخەکان پایەی جارانیان نەما ، وەکو فەلاحەکانیان لێ هات .

وەرگێر

دارشەقەکانیەوە و بۆ دێیەکەی تری کەوتە رێ • لە ئەورووپا کە دێیەکان لــە یەکەوە نزیکن لەوانەیە سوالکەرێ لە دێییکەوە بۆ دێییــکی تری بچێ • بەلاّم لە کوردستان چۆن ! لێرە دانیشتوەکان بلاّون ، دێیەکان لــە یــەك دوورن و رێگا و بان ناخۆشە • نازانم چۆن لێرە ژنێکی شەل بە ســوالّ دەژی •

من چوومە ژوورەکەی خۆم و هەندێ پارەم هێنــا و دامــە ژنــە سوالکەرەکان • ئەوان بە دڵ سوپاسیانکردم • بەلاّم ئەوەی شایانی باسە ژنانی ماڵەکە ئەمەیان زۆر پێ خۆشبوو و سوپاســیان کردم • ئەودەمــە هێشتا تەرجومانەکەم نەهاتبوو • بەلاّم باش تێگەیشتم بێتو من ئەو نەختە پارەیەم بە ژنە هەژارەکان نەدایێ ، ئەوە دەبوە لەکەیێك لە ناوی ماڵەکە ، ئەو ماڵە کە بە چاکەکەر و خێرەوەمەند بەناوبانگ بوو • من کە مێوانی ماڵەکە بووم لەبابەت ئەم ناوە باشەوە ئەرکدار و لێپرسراو بووم •

رۆژێکیتری دوو سوالکەری زۆر ئێسك قورس هاتنە ماڵ • ئەمانە دوو پیاو بوون • لە سەرەتادا ویستیان زوو نەختێ ئارد و شەکریان بدەنێ و بەرێیانبخەن • بەلاّم ئەوان هاتنە ناو حەوشەکە و لە هەیوانی پێشخانــەکە نزیك بوونەوە • وادیاربوو نەیاندەویست بەئاسانی برۆن • ئەوکاتە لــە ماڵەوە تەنیا ژنان هەبوون • دەسیانکردە مامەلەکردنی شتێــك کە مــن هیچی لێ تێنەگەیشتم• پیاوە بچووکەکە دەستیدەدا بە هەگبە سەوزەکەیدا و پیاوەکەیتری باسی شتەکانی ناو هەگبەکەی دەکرد • لەئەنجامدا هەردو ژنەکان دایك و کچ رازی بوون و پیاوەکان هاتن لەسەر قەنەپە دانیشتن و ژنەکان بەرامبەریان راوەستان و لەدوورەوە تەماشــای منیــان دەکرد و پێدەکەنین • من زانیم شتی سەیر رودەدا ، بەلاّم چیە تێنەگەیشتم •

یەکێ لە پیاوەکان درێژ بوو کەواو عەبای لەبەربوو شتێکی ســەوز کرابو بە جامانەکەیا ، وادیار بوو سەید بوو • ئەویتری بچووکتر بوو کەواو

قاپووتێکی ئەستووری کۆنی لەبەر کردبوو ، قاپووتێکیوا بۆ زستانی بەفر و باران دەستی دەدا و ئەودەمەش مانگی حوزەیران و زۆر گەرم بوو • ئەمیش سەوزی بەسەرەوە بوو و لەژێر قاپووتەکەی کیسەیێکی سەوز و کیسەیتری هەبوون • لەکیسە سەوزە چڵکنەکەی کتێبێکی دەرهێنا • بۆ من کتێب موهیم نەبوو • چونکە من لەبابەت ژنانەوە لێکۆڵینەوەم دەکرد و کەسیان لەودەمە لە تۆپزاوە خوێندەوار نەبوون • من لەپێشدا وامزانی کتێبەکە قورئانی پیرۆزە • بەڵام لەپاشان پێیانگوتم کتێبی فاڵە و کابرا فاڵگر بو • کەیبانووی ماڵەکە دەستی نایە سەر کتێبەکە • وادیاربوو فاڵگرەگە باش دەیزانی فاڵەکەی کاردەکاتە ژنەکان و وا دیار بوو بەرامبەر فاڵگرتنەکەی داوای پاداشتی دەکرد • ئەو کتێبەکەی کردەوەو بەدەنگ بەرزی و بە شێوەیێکی گۆرانی دەستیکردە خوێندن • ژنەکان لەلاییێکەوە بە بێزاریەوە تەماشایان دەکرد و لە لاییێکیترەوە بەریزەوە گوێیان لێ دەگرت تاکو بزانن لە کتێبەکە چی تازەو نەزانراو هەیە • کچەکە بە پاداشتی ئەم فاڵگرتنە میقدارێکی باش شەکروئاردی بۆ هێنان کە زوو ڕۆیانکردە کیسەکانیانەوە • وادیاربوو درێژەکەیان بەمە رازی نەبوو داوای شتیتری دەکرد •

لەپاشان لە گیرفانی هەندێ قاقەزی دەرهێنا و بە قەڵەمێکی سوور هەندێ شتی لەسەر نووسی و کردیە سێ سووچ و دای بە کەیبانوەکە • بە پاداشتی ئەمە هەندێتری ئاردیان پێ درا • کە ڕۆیشتن دایکەکە دوعاکەی بردو خستیە ناو سەنووقێکی بچووکەوە • من حەزم دەکرد بزانم چیە ، بەڵام حەزم نەکرد لە خۆمەوە بە فزوولی بۆ تەماشاکردنی بچم • لەدواییدا دایکەکە بانگی کردم بۆئەوەکە تەماشای بکەم • کە چوومە نزیک سەنووقەکەی پێیگوتم دوعاکە هێشتا لە بەرگ نەگیراوە و نابێ بیکەمەوە و بە چاویلکەکانم تەماشای بکەم • چونکە بێتو ئەمە بکەم دوعاکە بەتاڵ

دەبێ و ئیتر کارناکا • بەمجۆرە داخەکەم نەمتوانی بزانم لەناو دوعاکە چی هەیـە •

لەپاش ڕۆیشتنی ئەو دوو چارە قورسە کچی گەورەی ماڵەکە خەریکی پاككردنی هەردو ژوورەکانی مێوان بوو کە من لە یەکێکیـان دەژیـام • لەپڕێکا دوو سوالکەر پەیدابوون : یەکێکیان دەستێکی تەنەکەی پێ بوو کە دەسکەکەی بە ئاوریشمی سەوز داپۆشرابو • کچەکە دەستە تەنەکەکەی وەرگرت و نایە ناوچاوانیەوە و دایەوە و بە دانی هەندێ شەکر و ئـارد بەرێ‌ی‌خستن • لەپاش ئەوە ئیتر زۆر سوالکەر دەهاتن • جارێکیان چوار بە جارێ هاتن کە میزەری سەوزیان بەسەرەوە بوو و خەڵك خێریـان پێ دەکردن •

لە سولەیمانیش تووشی هەندێ سوالکەر بووم کە نەدەگەڕان ، بەڵکو لەقوژبنێ لە بەردەم مزگەوت دادەنیشتن • ئەو مزگەوتە کە نزیك ماڵمـان بوو دوو دەرگای هەبوو • لە بەردەم دەرگا بچووکەکەی ژنێکی پەچە و عەبادارم دەدی ، دانیشتوە سواڵ دەکا • لەولایەوە منداڵێکی سەقەت و ناتەواو هەبوو خرابوە ناو عارەبانەی منداڵان و سـواڵی پێ دەکرا • لـە سولەیمانی بیستم حکوومەت بۆ پیر و سەقەت و هـەژاران پەناگایێـکی دامەزراندوە و لەوێ تەماشا و خزمەتیان دەکەن • بەڵام سوالکەرەکان لەوە زیاتر حەزدەکەن سواڵ بکەن و سەربەستی خۆیان بپارێزن •



- ٩ -

ئاگری نەکوژاوەی باباگوڕگوڕ

که یەکێ بە ئۆتۆمۆبیل شەوان لە کەرکووکەوە تێپەڕی بۆ ئەوە کە بەرەوخوار بۆ بەغدا یان بەرەوژوور بۆ هەولێر بڕوا لەلای بیری نەوتەکان چاوی بە ئاگرێکی گەش و بەرز دەکەوێ کە لای ڕۆژئاوا ڕووناك دەکاتەوە. ئەم ئاگرە یەکێ لە نیشانەکانی شاری کەرکووکە و بە شەو باش دیارە و سەرنجی مرۆڤ تەواو ڕادەکێشێ ، بەڵام بە ڕۆژ ئەوەندە باش دیار نیە . ئەمە غازی نەوتە هەروا دەسووتێ . وڵاتی عێراق لە نەوت زۆر دەوڵەمەندە ، لەبەرئەوە باجی زۆر کەمە . من بیستم کوڕێکی جاهێل کە دەیەوێ ژن بێنێ و بۆ دوارۆژی ماڵ پێکەوە بنێ پشتی تەنیا بە مووچەی دوارۆژیەوە دەبەستێ . هەرچی پارەی هەیە ، هەندێجار بە ئیسرافەوە ، بۆ کڕینی ناوماڵ و ڕازاندنەوەی بووکەکەی خەرجی دەکا . ئەمانە بیر لە دوارۆژ ناکەنەوە کە لەوانەیە پێویستیان بە پارە بێ بۆ پاراستنی لەشساغی ، منداڵ

پەیدابوون یان باجی حکوومەت • ئەم کەم باجیە جێگای چارەسەرکردنی کارەساتی ژیان لە کۆمەڵ واتا تەئمینی ئیجتیماعی دەگرێتەوە •

دەسکەوتی زۆری نەوت بوەتە هۆی زۆری پارە و ئۆتۆمۆبیل • بەڵێ کەمکەس دەتوانن ئۆتۆمۆبیل بکرن ، بەڵام ئۆتۆمۆبیلی گەورە و لوکس و جوان زۆرن و هەندێ کەس هەموو سـالی مودێـلی ئۆتۆمۆبیلەکەیـان دەگۆرن • لەبەرئەوە قەمەرەییـسکی (دێسۆتۆ)ی ئەمریـسکی لەوانەیـە دەساودەس بگاتە دەس خـاوەن تەکسی ، کە پێـش چەنـد رۆژێ هیی وەزیرێك بوە •

چوون بۆ هەولێر و مووسڵ

من یەکێ لەم قەمەرە لۆکسانەم بە پارەییـکی کەم بە کرێ گرت تاکو لەگەڵ تەرجومانەکەم و براکەی بۆ کەرکووك ، هەولێر ، رەواندز و مووسڵ بچین بۆئەوە کە ئەو ناوانەش ببینـم ، کە بەرگی تایبـەتی وایـان هەیـە ــ بەتایبەتی بەرگی پیاوان ــ لە هیی سولەیمانی ناچێ •

بۆئەوە کە لە گەرمای رۆژ رزگار بین بە شەو دەکەوتینە رێ • لـە کەرکووکەوە گەیشتینە هەولێر و لەوێوە بۆ مووسڵ دەچووین • لەسـەر رێگا پێش نیوەشەو چاومـان بە قەمەرەییـك کەوت کە لەنـاو چاڵێـك سەربەرەوخوار کەوتبوو • من ویستم قەمەرەکە راگرین و راوەستین تاکو بتوانین دەسی کۆمەکی بۆ رێبوارەکان درێژ کەین • من ئەمەم بە فرمانـی (واتا وەزیفەی) خۆمان دەزانی بەڵام تەرجومانەکەم عەباکەی بـە خۆیـەوە پێچا و بـە توندی گوتی : « ئێمە ئافرەتین ، ناتوانین لێرە لەم نیوەشـەوە راوەستین ، با پیاوێکشمان لەگەڵا بێ » •

ژنانی موسوڵمان نازدارن

لەناو موسوڵمانان ژنان بەقیمەتن ، نـازدارن ، بە چاوێـکی بـەرز

تەماشایان دەکرێ و دەپارێزرێن • ژنان پایەیێکی بە ئیمتیازیان هەیە ، ئەو پایەیە کە ئێمە ژنانی سەربەخۆ و سەربەستکراوی ڕۆژئاوا لە زوەکەوە لەبیرمان چوەتەوە و نایزانین • ئێمە لەگەڵ پیاوەکان و لەپاڵ پیاوەکان یەکسانیمان بە دەس کەوتوە • بەڵێ ئەم یەکسانیە زۆر لای چاکی هەیە : زۆر مافمان بە دەس کەوتوە • بەلام لە لایێکیترەوە زەرەر و زیانمان لێکەوتوە • بۆ وێنە پیاوەکان نازمان ناکێشن و دەربەست (واتا مەجبوور) نین بمانپارێزن • چونکە لە دڵی خۆیانا دەڵێن ژنانیش وەك ئێمەن ، با خۆیان خۆ بپارێزن ، یێتو نەیانتوانی با بچن داوای دەستی یاریدە لە حوکوومەت بکەن • ئەی ئێمە پیاوان کە تووشی خراپەیێك بووین هاوار ناکەینە لای حوکوومەت ، با ژنانیش وابکەن •

کە تەرجومانەکەم لە سولەیمانی یان لە بەغدا لە بازاڕ شتی دەکڕی ، خۆی شتەکانی هەڵنەدەگرت بەڵکو دەیدا بە حەماڵێ بۆی هەڵگرێ • منیش کە جانتاکەم قورس دەبوو دەمدایە حەماڵ • ئەم جۆرە حەماڵە بچووکانە لەناو بازاڕدا زۆرن •

لەگەڵ تەرجومانەکەما من لە ڕۆژهەلات گۆڕام ، بووم بە شتێکی هەڵبژێرراو کە دەبوایێ هەمیشە دڵم رابگیرێ و لەسەرم بکرێتەوە • زۆر سەیر و خۆش بوو بۆ من هەندێجار بەتەنیا بگەڕێم • کوردەکان ئەوەندە بە رێز و حورمەت و باشی موعامەلەیان لەگەڵ دەکردم ، وابزانم کە بگەڕێمەوە ڕۆژئاوا تووشی سەرسامی دەبم •

بەلام ژیانی ئافرەتانی موسوڵمان بە زۆر نەریتی (واتا رەوشتی) کۆمەلایەتیەوە وەك پەرژین دەورە دراوە و سنووری بۆ دانراوە • لەبەرئەوە هەندێجار تەرجومانەکەم دەکەوتە ناخۆشیەوە • لە بازاڕ بۆ وێنە نەیدەتوانی بادەیێ شەربەت یان فنجانێ چای بخواتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا توونی بوو ، چونکە ئافرەتێکی پەچەدار نەدەبوو ئەوە بکا • لە بەغدا نەیدەتوانی

لەپێشەوەی چایخانەیێکی بچووکی هەرزان دانیشێ ، لەو جێگایانە کـە تەنیا پیاوان دادەنیشتن • دەبوایێ پێکەوە بچین بۆ سەرەوە بۆ ئەو جێگا تایبەتیانە کە بۆ ژنان تەرخان کراوە و لەسەری نووسراوە (خاص للعائلات) واتا بەتایبەتی بۆ ئافرەتانە • کە بۆ جێــگایێ دەچووین و قەمەرەکە لـە بەردەم چایخانەیێکی بچووك ڕادەوەستا نەدەبوو ئەو لەپێشەوە لەســەر تەختە ڕەقەکان و لەژێر کەپر و سابــات دانیشێ • دەبوایێ کورسی بردایێ بۆپشتەوە و لەوێ پێکەوە دانیشین • یێتو چایخانەکە باغی بوایێ وەك لـە قەرە هەنجیر دەبوایێ بچینە جێگا تایبەتیەکەی ئافرەتان •

جارێکیان لەگەڵ چەند ژنێکی پەچە و عەبادار لە هەڵەبجەوە بە قەمەرە بۆ زیارەتی گۆڕی پیاوێکی چاك ـ کە دوور نەبوو ـ چووین • خــاوەن قەمەرەکە بۆ جێگایێکی‌تری دەچو و دەیویست زوو بچین و بگەڕێینــەوە • کە گەیشتینە گۆڕستانەکە ، تەماشام کرد گۆڕەکان تووشی بواردن (واتا اهمال) بووبوون • هەندێکیان بەردەکانیان کەوتبوو • پێش‌ئەوە بچینــە ناو گۆڕستانەکە ژنەکان بزربوون • من لەپشت دیوارێکی نزم گوێــم لــە شڵپە شڵپی ئاو بوو • وا دیار بوو دەسنوێژیان هەڵدەگرت • لەپاشــان پێیان گوتم بێ‌دەسنوێژ نابێ بچنە ناو گۆڕستانەوە • گۆڕی پیاوە چاکەکە لە ژوورێکی بچووکی تایبەتی بو و سەری بە سەرپۆشێکی سەوزی جوان داپۆشرابوو • لەدەرەوە دارێ هەبوو کە پارچە پەڕۆی ڕەنگاورەنگی پێوە هەڵواسرابوو • ئەمە ئەو ژنانە هەڵیانواسیبوو کە مەرامیان هــاتبوەجێ ، تەواو وەك ژنە مەسیحیەکانی کلێسەی کاتۆلیك کە شــت بــە دیوارەکانا هەڵدەواسن ، یان ناو دەنووسن بۆ ئەوە کە مەرامیان بێتەجێ • ژنێــك بەردێکی بچووکی پــانی هەڵــگرت و ویســتی بینووسێنێ بــە دیواری ژوورەکەوە و بە منی گوت یێتو بەردەکە بە دیوارەکەوە بنووسێ، مەرامەکەی دێتەجێ• منیش خێرا بەردێکی پانم دۆزیــەوە و ویســتم بــە دیوارەکەوە

ئافرەتێکی لاو لەسەر بانێکی قوڕین بە دانیشتنەوە لەسەر سینی‌یەکی مس جگەرە تێ‌ئەکا ـ سەرگەڵوو

بزن دۆشین بە شێوەی کۆنی کوردی لە دواوە

رایگرم و به پەستۆی دەستم پێوە بینووسینم و قایمی کەم • بەلام بەردەکەم داخەکەم قایم نەبوو • وادیاربوو بەردەکە زۆر گەورە بوو رانەوەستا یـان مەرامەکەم نەدەهاتەجێ •

چوون بۆ دیدەنی تەوێڵە

ئەم ڕەوشتی دەسنوێژ هەلگرتنەم لە دێی گەورەی تەوێڵەش دی نزیك یان لەسەر سنووری ئێران • لە تەوێڵە پیاو و ژن لەپێش زیـارەتی گۆڕی پیاوێکی چاك دەسنوێژیان وەردەگرت • لە تەوێڵە لە ماڵێکی بـاش دابەزین • لەوی ژوورەکانی خوارەوە بە فەرشی نایـاب داپۆشرابوون و لەبەر فێنکی هەوا خەڵك شەوان نەدەچوونە سەربان بەڵـکو لەژوورەوە دەنووستن • لەم ماڵە لە نهۆمی یەکەم ژووریك بۆ دەسنوێـژ وەرگرتـن ، خۆشۆرین و توالێت تەرخان کرابوو • ژوورەکە زۆر جوان بوو ، وا دیار بوو هەر بۆ سەیر و خۆپێشاندان دروستکرابوو • چونکە خەڵکی ماڵەکە: مێردەکە ، هەر سێ ژنەکانی و خوشکە گەورەکەی هەموو وا دیار بـوو ئەو ژوورە بەکارناهێنن و دەچن بۆ جێگای شۆرینی هەموانی لەناو بازاڕ •

لەم ماڵە هەر سێ ژنەکان وەك خوشك لەگەڵ یەك دەژیـان ، لـە ئیش و کاری ماڵ یاریدەی یەکتریان دەدا و چاویان لە منداڵی یەکتری بوو• خانوەکە گەورە بوو و لە ناوەڕاستی حەوشێـك هەبوو کە بـاغی گوڵ ، حەوزی ئاو و کانیێکی ساردی تێدابوو• لایێکی ماڵەکە بە دیوارێکی نزم دەورە درابوو ، ئەو دیوارە کە ماڵەکەی لە بازاڕ و چەم جیا دەکردەوە • لـە نزیك ماڵەکە مەیدانی گەورەی دێیـەکە هەبوو • لەم مەیدانـە ئەو پاسـە رادەوەستا کە رۆژی جارێ دەکەوتـەرێ بۆ هەڵەبجە و لەوێ بـازاڕ و دووکانیش هەبوو • لە خوارەوەی بازاڕەکەی تەوێڵە لەژێر زەوی جێگای شۆرینی ژنان هەبوو کە زۆر گەورە بوو و بـۆ خۆشـۆرین ، خـوری پاككردن و جلشۆرین و شتی تری چەند حەوزێـکی تیـابوو • کە لـە

ئافرەتێ خەریکی ئیش‌کردنە لە ژووری خانوویەکی لە قوڕ
دروست‌کراودا کە تەنوورێکی تیایە . سلێمانی

مەیدانەکەوە بە پێپلکەکانا بۆ ئەم ژوورانە چوومە خوارەوە کە تاریك بوو و تەنیا لای چەمەکە کرابووەوە ژنێکی هەرزەکار لەترسانا لە قوژبنێك خـۆی شاردەوە • من شەبقەیێکی ئەستوورم بەسەرەوەبوو و کراسێکی درێـژم لەبەر بوو • ژنەکە وای‌زانی من پیاوم و بە ناخێری گیانم هاتوومەتە ئـەو جێگایە نە بەتایبەتی بۆ ژنان تەرخان‌کراوە • ژنەکە هەقی بوو ، لە تەوێلە ژنی وەك منی نەدیبوو •

ژنانی ئەم دێیە ، بەڵکو ئەم شارە بچووکە هەموو دەمێ چاکەتێـکی درێژی قەدیفە یان سورمەیان لەسەر جلەکانیانەوە لەبەردەکرد • ئەمە بـۆ خۆداپۆشین لەبەر سەرما نیە ، ئێرەش وەکو جێگاکانی‌تری کوردستان بـە رۆژ زۆر گەرمە • بەڵام ئێواران و شەوان فێنکە • لەبەرئەوە بۆ نووستن ناچنە سەربان بەڵکو لەناو ژوورە پرفەرشەکانیـان دەنون • ئەم ژنـانە بەشی خوارەوەی چاکەتە درێژەکانیان دەنووشتێننەوە و لەسەر پشتیـان رای‌دەگرن • دەیانگوت ژن نابێ پشتی خۆی بە بێ چاکەت پێشـانـدا • ئەمەی کرد عەیب و شوورەییە •

ئافرەتانی ئەم ماڵە ، کە باشترین ژنانی شارەکە بوون ، هەموو کاتـی خۆیان لە ماڵەوە رادەبوارد و نەدەچوونە گەڕان • ئێمـەی مێوانـەکان گەڕانێکی کورتمان کرد بۆ ناو شاخەکان بۆ ئەوە کە لە دڵی خۆمانا بڵێین ئێرانمان دی ، چونکە شاخەکانی عێراق لێرە تێکەڵ شـاخەکانی ئـێرانی ئەوبەری سنوور دەبن و لە یەك جیاناکرێنەوە • ئافرەتەکانی ماڵەکە گوتیان ئەمە پانزە ساڵە نەچوونەتە قەد ئەو شاخانە •

یەکێ لە کچەکانی ماڵەکە ئێمەی برد بۆ دیتنی مزگەوتەکانی ئـەم دێ گەورەیە و چووینە ناو یەکێ لەو مزگەوتانە کە لەسەر چەمەکە بوو و بۆیان گێڕاینەوە کە ئەم مزگەوتە بە ئەمری خوا ئەوەندە بەرز بوەتەوە • لەپاشان شکڵی مزگەوتەکە و کەمەرەکانی (واتا قەوسەکانی) سەر دەرگا و پەنجەرەکان

کاری (واتا تەئثیری) چەشنی خانووی ئێرانی پێشان‌دەدا • لەپێش ئـەوە پێلاوەکانمان داکەنین و بۆ ژووری مزگەوت بچین ، ئافرەتەکان چوونە سەر حەوز و دەسنوێژیان وەرگرت • گۆڕەکان لەسەر زەوی دروست‌کرابوون و هەر یەکە بەردێکی لای سەرەوەی هەبوو • لەپاشان لەسەر هەر گۆڕێـك محەجەرەیەکی نزمی ئاسنین هەبوو • کچی ماڵەکەمان بە خۆشی و نـەرمی محەجەرەکەی ماچ‌کرد • پێش ئەوە بچینە ناو مزگەوتەکە ــ وەکوو لەپێشدا گێڕامەوە ــ پێلاوەکانمان داکەند • لێرە نابێ بە پێلاوەوە بچیە ناو مزگەوت یان ژوور کە فەرشی لێ راخرابێ • چونکە بەڕە و فەرش و مافوور بۆئەوە رادەخرێ لەسەری دانیشی ، نان بخۆی و بنوی • لەبەرئەوە نابێ بە پێلاو کە لە دەرەوە لە پێی دەکەی پیس و قوڕاوی بکەی •

بەڵام لەم ساڵانەی دواییی لەباتی سـۆل ، کەوش و کڵاش ، پێـلاوی ئەورووپایی (واتا قۆندەرە) زۆر بوو و ئەمە بوە هۆی ناخۆشی و ماندوویەتی• چونکە تۆ دەتوانی سۆلەکەت و پیـاو دەتوانێ کەوش یان کلاشـەکەی بەئاسانی و بە بێ دەس‌لێدان لەبـەر دەرگای ژوور داکەنی • بـەڵام بـۆ قۆندەرە وانیە • تۆ دەبێ بچەمێیتەوە و قەیتانەکەی بکەیتەوە بۆ ئەوە کە لـە پێت دەرچێ • بیستم لە تەوێـڵە کڵاشی زۆر جوان و بـاش دەکرێ ، کە ژێرەکەی لە پەڕۆ دروست و بە چەرم قایم دەکرێ و سەرەکەی دەچنرێ • کڵاش بۆ رۆیشتن زۆر خۆشە ، کە بەسـەر بەردەڵانێـکی لێـژا بڕۆی ژێرکڵاشەکە بەردەکان دەگرێ ، لەبەرئەوە پێت‌ناخزێ • لەپاشا تۆ دەتوانی پێش ئەوە بچیتە ناو ژووریکی پڕفەرشەوە بەئاسانی لەپێتی داکەنی • ئێستا لە دیوەخانە تازەکان خەڵك پێلاوەکانیان داناکەنن و ئەمە داخەکەم لەبابەت دەستووری لەش‌ساغی و پارازتنی فەرشەوە دەبێتە گۆڕانێـکی خراپ •

چوون بۆ کەرکووك

کە لە سەفەری رەواندز گەڕاینەوە ، لە کەرکووك تێپـەڕین و لەوێ

توانیمان بە یاریدەی ئەندازیاریێ ـــ کە لەسـەر کاری بەسـتێنی دووکان ناسیم ـــ ناوچەی بیرە نەوتەکان ببینم • ئەم ئەندازیارە بە قەمەرەکەی ئێمەی بەناو شیرکەتەکەدا گەڕاند و ئەو شتانەی پیشاندایین کە دەتوانین ببینین • لە جێگایێ چاومان بە نەوتی ڕەش و سەوزی خـاو کەوت کە لە زەویەکەوە دەردەچوو • لە جێگاییکی‌تری زەویەکە دەسووتا • وادیـارە لەوێ غـاز دەردەچێ و ئاگری تێ‌بەربوە و هەروا دەسووتێ• لە جێگاییکی‌تری چاومان بە یەکەمین بیر کەوت کە نەوتی لێ دەرهێـنرا و نەوتـەکەی تـەواو بوو گیراوە • ڕۆژی دەرهێنانی نەوت و تەواوبوونی لە سـەردەمی بـیرەکە نووسرابو •

لەپاشان گەیشتینە یانەی فەرمانبەران کە تازەترین حەوزی مەلەکردنی لێ دروست‌کرابوو • کاشیەکانی وەك ڕەنگی شەختە شینکار بوو و هەستی فێنکی بە ئێمە دەدا لە ئاو و هەوایەکدا ئەوەندە گەرم بوو جلەکانمان بە ناو قەمەرەکەوە دەنووسا •

چاوپێ‌کەوتنی ئەم حەوزە جوانە کە لەسەر پلانی کەلیفۆرنیە نـەك دێنمارك دروست‌کرابوو نیشتمانی خۆمی هێنامە بیر و نەختێ دلی کزاندم و عاجزی کردم • حەوزەکە زۆر جوان بوو و هێڵ و قوڕنەکانی زۆر ڕاسـت بوون • بەلێ لەپاش ئەوە کە ماوەییك لەناو کوردەکان بە خۆشی ژیـام و تێکەلی ئافرەتانێ بووم کە دلی منیان رادەگرت ، هەرچۆنێ بێ من بـیری نیشتمانی خۆمم کردەوە ، ئەو نیشتمانە کە چاك بێ خراپ بێ نیشتمانمە ، ولاتی کەس و کارم و با و باپـیرمە ، لەوێ هاتوومە دنیا ، لەوێ ژیاوم و لەوێش دەمەوێ بنێژرێم •

ئەندازیارەکە ئێمەی لەگەل دوو پیاوی‌تر بۆ نانی نیوەڕۆ بانگ‌کرد • من حەزم دەکرد بچم و لەوێ بیرەی دێنمارکی بخۆمەوە • بەلام من چـۆن دەمتوانی تەرجومانەکەم بۆ ئەم دانیشتنە بانگ کەم و لەگەل دوو پیـاوی

نامەحرەما بێپەچــە دانیشێ • لەبەر ئەوە من سوپاسی ئەندازیارەکەم کرد و نەچووم •

لەپاشا بیرم‌کردەوە لە تاخمی چەقۆ و کەوچك و چەتاڵ و قــاپ کە لە نانخواردنێکی سادە لای ئێمە بەکاردەهێــنرێ • ئێمــە ئــەم چەشــنە نانخواردنەمان لە ئەورووپا لە زەمانی لویسی چواردەمــین فــێربووین و بەمجۆرە ئێستا بە ئەزیەت و ناخۆشی برسیەتی خۆمان ژێردەکەین • چــاك بوو لەگەڵ تەرجومانەکەم بۆ نانخواردنەکە نەچووین ، چونــکە وابزانــم تەرجومانەکەم بەکارهێنانی ئەو جۆرە تاخمی خواردنەی باش نەدەزانی •

ئێمە ئەو شەوە دەبوایێ لە ماڵی پیاوێك مێوان بین کە دوو ژنی هەبوو و بۆ هەر یەکە خانوویێکی بچووکی تەرخان کردبوو • خانوەکان پشتیان لــە یەك بوو و لە دەرەوە دەتتوانی لە خانوێکەوە بۆ ئەویــتری بچی • هــەر خانوویێك بریتی بوو لە دوو ژوور و پێشخــان و حەوشەیێــکی کراوە • ژوورەکان لەسەر شەقام بوون ، لەبەرئەوە پەنجەرەکانی بەرزبوون ، تــاکو لەدەرەوە خەڵك چاویان بە ناو ژوورەکان نەکەوێ • لە پێشخانەکەوە تــۆ دەچووی بۆ حەوشــەکە کە بە بــەرد داپۆشرابوو گەرمــاو و جێــگای چێشت‌لێنانی تێدابوو • لە لایێکی حەوشەکە دار مێوێــك هەبوو کە بــە گەڵاکەی نیوەی داپۆشیبوو • بە پێپلکەیێ تۆ دەچوویتە سەربانێکی تەخت کە بە دیوار شوورەی کرابوو ، ئەمە بەپێچەوانەی زۆری سەربانەکــانی سولەیمانی بوو کە بێشوورەن • یەکێ لە ژوورەکانی هەر خانوێك بــۆ مێوان تەرخان کرابو و کورسی و قەنەپــە و مێــزی لێ بوو • ژووری دووەم هی‌نووستن بوو • لەوکاتە کە هاوین بوو بەڕە و دۆشەکەکان لەسەر زەوی ڕاخرابوون و چوارپایەیێ بۆ نووستنی شەو لە حەوشە دانرابوو • لەتەنیشت دیوارێکەوە مەکینەیێکی دوورینی سنگەر هەبوو کە بۆ چاوەزار کووژەکەیێکی پێوە کرابو • لەتەنیشت مەکینەکە چەند سەنووقی ئــاسنی

ڕەنگاوڕەنگ هەبوون کە جل و بەرگی ژنانەی کوردەواری تێدابوو . بەڵام لەودەمە ئافرەتەکان کراسی سپی درێژیان لەبەرکردبوو . ئەم بابەتە کراسانە ژنە تورکمانەکانی کەرکوك لەبەری دەکەن . کراسەکان ناشیرین بڕابوون و بە نارێکی دوورابون . یەکێ لە ژنەکان قامکی (واتا پەنجەی گەورەی) پێی دەیێشا . کە ئێمە لەوێ بووین ژنێکی لادێیی دەس و ناوچەوان کوتراو خەریکی قاچی ئافرەتەکە بوو ، ڕۆنی لێدەدا و دەیبەست.

ئێوارە هەردوکمان پێکەوە لەگەڵ هەردوو ژنەکان شیو (واتا نانی ئێوارە)مان خوارد و بێ‌ژمارە چایمان خواردەوە . ئێوارە ئێمە و نەخۆشەکە لەژێر دار مێوەکە لەسەر دۆشەك خەریکی دەمەتەقێ بووین . نەخۆشەکە لە ژوورەکەی وەڕس بووبوو و بە حەوشەکەی دڵی دەکرایەوە . مێردەکەیان ئەوەندە پیاوێکی باش بوو هەردوو ژنەکانی بۆ حەج ناردبوو : یەکێکیان بە پاس و ئەویتری بە فڕۆکە بۆ حیجاز چووبوون . من پرسیم بۆچی هەردوکیان پێکەوە نەچوون ؟ ئەمە پرسیارێکی بێ جێ و گەوجانە بوو . ئەم جۆرە سەفەرە چەند مانگێکی پێ‌دەچێ . موسوڵمانێك پارەیێکی زۆر خەرج ناکا بۆهێنانی دوو ژن بۆ ئەوە کە خۆی نزیکەی سێ مانگ بەتەنیا بژی .

لەپاش حەج‌کردن ئەم ئافرەتانە بوونە حاجی . بەپێی نەریتی (واتا دەستووری) ئێرە ئافرەتی حاجێ نابێ قۆڵی بە ڕووتی دەرخا و دەبێ سەری بە سەرپۆشێکی سپی داپۆشێ . ئەو ئێوارەیە هەردوکیان لەژێر سەرپۆشەکەیان ڕوویان بە خۆشی و ڕەزامەندی و کامەرانی دەدرەوشایەوە. من نەمزانی کامیان گەورەتر بوو .

مێردەکە ئێوارە درەنگ لە ئیش گەڕایەوە . کاسبیەکەی فرۆشتنی پایسکیل و پارچەی ئۆتۆمۆبیل بوو ، کراس و پانتۆڵی ئەورووپایی لەبەربوو .

وادیاربوو ئەو لە دەرەوە نانی خواردبوو ، ئێمە پێکەوە شیوێکی باش و بەتاممان خواردبوو لەگەڵ ماستاوی سارد و مێوە • بەڵام ئەو لەگەڵ ئێمە چای خواردەوە • ئێمە ژنان لەسەر دۆشەك دانیشتبووین ، پیاوەکە لە دوورەوە لەسەر کورسی‌یێکی بچووکی بێ‌قۆڵ بەرامبەرمان دانیشتبوو •

بەڵێ پیاوەکە بەرامبەرمان دانیشتبوو ، بەڵام وای پێشان‌دەدا کە ئەندامی ماڵەکە نەبێ و لە ماڵەکەی بێ‌بەش بێ • ئەو دوو ماڵی هەبوو ، هەریەکێ بۆ یەکێ لە ژنەکانی ، بەڵام ژووری تایبەتی خۆی نەبوو کە شتەکانی خۆی تێخا • رۆژی دووەم کە چووینە ماڵی ژنی دووەم ، تەماشامان کرد ئەویش تەواو وەك ماڵی یەکەمە • ژووری مێوان باش بە قاقەزی رەنگاورەنگ رازابوەوە • لەلایێك چەند بووکە شووشەی ئەورووپایی هەبوون لەگەڵ خانوو و شتومەکیان • وادیاربوو ئافرەتەکە ــ کە منداڵی نەبوو ــ زۆر حەزی دەکرد منداڵی بێ و خەوی بە منداڵ بوونەوە دەدی • لەبەرئەوە ژوورەکەی بە بووکە شووشە رازاندبوەوە و بەوە نەختێ تەسکینی دەهات •

من وردە وردە تێ‌گەیشتم مێردەکە لە هەردوو ماڵەکە دەژیا : رۆژێ لەگەڵ ژنی یەکەم و رۆژێکی‌تری لەگەڵ ژنی دووەم • ئێوارە چوە ماڵی یەکەم و جلی شەوی لەبەرکرد و هاتە لای ژنی دووەم کە نەخۆش بوو • لەپاشا شەو لەگەڵیان باسی پێویستی رۆژی دووەمی کرد • ئەو نەك ژنەکانی لە بازار خۆراك و پێویستی رۆژبەرۆژی دەکڕی • لە سولەیمانیش لە ماڵی تەرجومانەکەم ــ کە باوکی دوو ژن و حەوت کچی هەبوو کە پێنجیان گەورە بوون ــ ئەو باوکە پێویستی هەمە رۆژەی دەکری • بەیانیان دەچوە بازاڕ و لەگەڵ کوڕێکا دەهاتەوە کە گۆشت و سەوزە و مێوەی لەناو زەمیلەیێ هەڵدەگرت •

مێردەکە بە کراسێکی درێژ و پێلاوێکی ناو ماڵەوە هات لەسەر دۆشەك لە تەنیشت ژنە نەخۆشەکەی دانیشت • ژنەکە نرکە نرکی بوو لەبەر خۆیەوە دەیگوت : « وەی نەنە ، وەی نەنە » واتا « ئای دایە ، ئای دایە » • مێردەکە شتێکی بەدەستەوە بوو لەسەر دۆشەکەکە داینا • کە تەماشام کرد زانیم سبیلی تووتن کێشان نیە ، بەڵکو دەمانچەیە •

پاش ماوەیێ مێردەکە هەڵسا و چوە دەرەوە بۆ ئەوە کە لە دەرگاکەی تری بچێتە ماڵی دووەم • ئافرەتە بەسەزمانە نەخۆشەکە شەو هەتا بەیانی هەر نرکە نرکی بوو و لەبەرخۆیەوە «وەی نەنە ، وەی نەنە»ی دەگوت • لەگەڵ ئەوەشدا من رازی نەبووم و قەبووڵم نەکرد چوارپایەیێکی ئاسنیان بۆ من تەرخانکرد و من لەسەری هەتا بەیانی بە خۆشی نووستم •

شەوی پێشوو لە هەولێر لە ئوتێل بە خراپی نووستین • ئوتێلەکە چەند ژووری هەبوو و لە دەرەوەی حەوشەکە چوارپایەکانیان لێدانابوو • لەم ئوتێلە بێجگە لە ئێمە ئافرەتی دیکە نەبوون و حەوشەکە بۆ پیاوان تەرخان کرابو • لەبەرئەوە دەربەستبووین لەناو یەکێ لە ژوورەکان لەگەڵ تەرجومانەکەم و برا بچووکەکەی بنوین • لەگەڵ ئەوەشدا ژوورەکە پانکەی هەبوو ، ئەوەندە گەرم بوو زۆر بە ناخۆشی توانیمان نەختێ بخەوین •

ـ ١٠ ـ

گونـدی بێ ئـاو

لەسەر زۆری سەربانەکانی سولەیمانی لەقلەق هەن • ئەم باڵندانـە بە کوردی لەقلەقیان پێدەوترێ لەبەرئەوە کە بە دەنووکیان دەنگێ دەردەکەن کە لە دەنگی وشەی لەقلەق دەکا • ئەم باڵندانە ـ کە هەندێ جار بە بـاڵە پانەکانیانەوە بە نزمی دەفڕن ـ دەبنە بەشێ لە دیمەنی ئەم شارە و دەور و پشتی ، هەروەکو داری گوڵەبەڕۆژە جوانەکان کە باغ و حەوشەکـانی دەرازێننەوە • من بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم باڵندانە بە خواردنی بـۆق و گیانلەبەری بچووکی ئاو دەژین و دەبێ بچن بۆ ناو ئاوێکی نزیک بۆئەوە کە خۆراکەکەیان بدۆزنەوە •

سەرچنـار

نزیك سولەیمانی سەرچنار هەیـە کە ئاوێـکی زۆری لێ دەڕژێ و

سەرچاوەی ئاوی شاری سولەیمانیە و لە نزیکی کارخانەیێکی گەورەی چیمەنتۆ دروستکراوە •

لە سەرچنار کە چەند سەرچاوەی سارد یەکدەگرن و دەرژێن دار و درەختێکی زۆر رواون ، حەوز و دەور و پشتەکەی رێکخراوە و خانوو و گازینۆ ئامادە کراوە و بوەتە سەیرانگا • خێزانەکان لە سولەیمانی و شارانی ترەوە دەتوانن بە قەمەرە و پاس بۆ ئەوێ بچن و رۆژێ هەتا ئێوارە لەژێر سێبەری دارەکان و لەتەنشت ئاوە ساردەکە رابوێرن و بە هەستی شنەی بای فێنك و خوڕەی ئاوی سارد دڵیان بکرێتەوە • لە خانوە هاوینیەکان نە کورسیم دی و نە مێز • چونکە لێرە خەڵك کە هاتن لەسەر بەڕە لەسەر زەوی دادەنیشن • خێزانەکان قەمەرەکانیان هەتا دەمی بە گەورە و بچوك پڕ دەکەن و هەمووشتێ ـ کە بۆ ئامادەکردنی چای و خواردنی نیوەرۆ پێویست بێ ـ لەگەڵ خۆیان دێنن • ئەم خێزانانە چێشتی لینراو بەدەگمەن لەگەڵ خویان دەهێنن • لەبەرئەوە ئەمانە سەماوەر ، خەڵووز ، قاپ و ئامان بۆ چێشت لێنان و گوشت و برنج و نان و شەکر و چای لەگەڵ خویان دێنن (١) •

ئەم سەیرانە خۆشەی کورد لە سەیرانی ئێمەی ئەورووپایی دەکا کە لەناو باغە تایبەتیەکان (پارکەکان) دەیکەین ، ئەو باغانە کە بۆ سەیرانکەر تەرخان کراون و بۆ دانیشتن مێز و تەختی لەناو بڵاو کراوە •

ئەم جۆرە سەیرانگایە بە شتێکی خۆش دادەندرێ • لەبەر ئەوە لەپاش مردنی کەسوکارێ ، لە کاتی پرسە نابێ تۆ بۆ ئەوێ بچی •

---

(١) نووسەر ئەوەی نەزانیوە ئافرەتی کورد وا حەز دەکا لە جێگای سەیران چای بکا ، چێشت لێنێ ، تەنانەت هەندێ جار ـ بێتو لادێیی بێ ـ نان بکا .

وەرگێر

ئاو و داری سەوز لە ولاتێکی وشك دەبێتە هۆی دیمەنێکی زۆر جوان • ئاو بەتەنیا ژیانە [١] • ئاخ (واتا خۆڵ) لێرە لە زۆر شوێن بە بڕشتە و بە پیت و بەرەکەتە • بەلام زۆری ئەو شوێنانە ئاویان نیە • هەندێ جار لە شوێنێ ئاوێك وشك دەبی ، یان ئاوی چەمێك وردە وردە کەم دەبێتەوە • ئەمە دەبێتە هۆی ژیانی تاڵ ، کولەمەرگی و ماڵوێرانی بۆ ئەوکەسانە لەوێ دەژین •

میرزا رۆستەم

من جارێ چەند رۆژێ لە دێی میرزا رۆستەم رامبوارد کە لەسەر زێی بچووك بوو ، لەو جێگایە کە قایغ خەلکی لەلایێکەوە بۆ لایێکیتری زێ دەپەڕاندەوە [٢] • لە بەردەمی دەشتایی و لە پشتی شاخ هەبوو • ئاوەکە لەوێ لەبەر گەرمای هاوین ئەوەندە کەم بووبووەوە زیخ و چەو لە هەردو قەراغ بە وشکی کەوتبوە دەرەوە • بەیانییێك هاتمە خوارەوە بۆسەر ئاوەکە • پێمڕووت کرد و لە ئاوێکی بچووکی تەنکم دا ، لەپاشان ئیتر کەوتمە سەر زیخ و چەو • من مەبەستم لەوسەفەرە ئەوە بوو بزانم ئافرەتێکی میرزا رۆستەم بۆ هێنانی ئاو بە تەنەکە چەند هەنگاو دەهاوێ • ئەودەمە دوارۆژەکانی حوزەیران بوو • ئافرەتێك دەبوایێ بۆ هێنانی ئاو سێسەد هەنگاو بڕوا تاکو بگاتە سەر ئاوەکە و سێ سەد هەنگاویش دانێ بۆئەوە کە تەنەکە ئاوەکە لەسەر شانی بۆ ماڵەکەی بهێنێتەوە • ئەو ماڵە کە لێی دەژیام نزیك‌قەراغی زێ بو • من چەند جارێ چاوم لە ئافرەتەکان

---

(١) کوردەکان لە ئاو وشەی «ئاوەدانی»یان دروستکردوە و لە گەرمیان بە گوند ، دێ دەڵێن «ئاوایی» .

وەرگێڕ

(٢) ئێستا ئەم دێیە نەماوە . جێگاکەی نوقوم بوە لەژێر بنەوانی دووکان .

وەرگێڕ

بوو که بۆ ئاو دەچوون• که دەگەیشتنه سەر ئاوەکه پێڵاوەکانیان دادەکەند و تەنەکەکەیان دەبردە ئەوبەر و پڕیان دەکرد و دەیانهێنایەوە ئەمبەر • ئینجا پێڵاوەکانیان لە پێ دەکردەوە و سەردەکەوتن بۆ ناودێ و دەچوونە ماڵەکەیان • هەندێکیان ماڵیان دوور بوو ، لەوپەڕی دێیەکە بوو • لەبەرئەوە بە بارە قورسەکەیانەوە دەربەست بوون ماوەیێك پتر (واتا زیاتر) برۆن • ئینجا چۆن تەنەکەیێ ئاو بەشی خێزانێك دەکا بۆ خواردنەوە ، چێشت لێنان و شۆرین • کچێ شۆرینی چی ؟ بەخوا لەورۆژە گەرمانەی دوای حوزەیران زۆر کەم دەیانتوانی دەس و دەموچاوی خۆیان بشۆن •

باغەکانی سەر زێ بە چەرخ ئاودەدرا ، قاترێکی چاو بەستراو چەرخەکەی دەسووڕاند و ئاوەکە دەرژایە ناو جۆگاییێکی بچووکەوە • بەڵام ئاوی ماڵ بە شانی ئافرەتان دەهێنرا • کە گەرما بەرز دەبووەوە ، ئەم ئاوە کەمی دەکرد •

لەوماڵە کە دەژیام لە دێی تۆپزاوە ـ واتا لە ماڵی شێخ ـ بەجۆرێکی باشتر ئاویان بۆ سەرەوە دەهێنا • لەوێ بە گوێدرێژ ئاویان دەهێنا کە ٦ ـ ٧ بەرمیلی بەتاڵیان لێ بار دەکرد • بەرمیلە پڕکراوەکانیان لەسەرەوە ڕۆدەکردە ناو تانکییێکی گەورە کە لە خوارەوە بەلووعەی هەبوو • من دەمتوانی لە بەلووعەکە بە ڕەحەتی دەس و دەم و چاوم بشۆم • جارێك ئەسپێ کە بە دان کەوتبوو بۆ چاوەدێری لای تانکیەکە بەسترابووەوە • کە چووم دەستم بشۆم ، کلکی هەڵگرت و لێی دام و ئەوەندەی نەمابوو بمخاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی •

لە میرزا ڕۆستەم یەکەم جار بوو بە نوێنێکی تازە دەنووستم • لە تۆپزاوە نوێنی تایبەتی خۆم هەبوو لە ژووری خۆم • بەڵام لێرە یەکەمجار بوو لەگەڵ ئەندامەکانی تری خێزانێك لەسەر نوێنێکی تایبەتی دەخەوتم • نوێنەکەم لە حەوشە بوو • لەبەرئەوە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئێوارە

جلەکانی ڕۆژم بگۆرم و جلی شـەو لەبەرکەم • بەلاّم ئێوارە بە تاریـکی هەرچۆنێ بوو توانیم جلەکانم بگۆڕم • کە بەیانی لە خەو هەلّسام دەور و پشتم هەموو هەلّسابوون • ئیتر چۆن دەمتوانی لەناو ئەو خەلّکە جلەکەم بگۆرم !! ئیتر بۆ جارێکیتری وەك ژنە لادێییەکان بە باشترم زانی هەر بـە جلەکەی ڕۆژمەوە بنووم تاکو بەیانی دەربەست نەبم بیگۆڕم •

بەلێ لە میرزا ڕۆستەم ژنان ڕۆژی چەند جارێ ئاویان بۆ مال دەهێنا ، بەلاّم خوا و ڕاستان ڕێگاکەیان ڕاست بوو ، بەرزی و هەورازی نەبوو • بەلاّم لە دێیێکیتری ناوچیاکان کە ناوی (بەلّخە)یە ڕێگای ئاوەکە ناخۆشە و هەورازێکی خراپ دەکەوێتە سەر ڕێگا • یەکێ لە مالەکان لەم دێیە کـە سەرمان لێ دا مالّی مەلا بوو • مەلاژن بە گەرمی گلەیی لە ئیشی ئاوهێنان دەکرد و دەیگوت : «بەخوا ئیتر من بەرگەی ئەوە ناگرم ڕۆژی سێ چوار کوندەئاو لە خوارەوە بۆ مالەوە سەرخەم • لە سەرەوە ڕێگاکە هەورازە و هێنانی کوندەئاوێك هیچ نەبێ نیو سەعاتی پێدەوێ » •

لە سولەیمانی پیاوێك هاتە مالّی خانەخوێکەم کە خەلّکی بەلّخە بوو• وادیارە خێزانی خانەخوێکەم پەیوەندییان لەگەلّ زۆر کەس لە سولەیمانی و دەرەوەی هەبوو • پیاوەکە لەگەلّ ئەوەشدا هێشتا گەنج بوو ، ماندوو و پەرپووت دیاربوو • رانك و چۆخەکەی ــ کە لە مووی بزن تەنرابـوو ــ کۆن و چلّکن بو • دوو کەری پێ بوو بە تووی وشکی ناو پێستە بـاری کردبوون • دەیویست لە بەلّخەوە بچێ بۆ گەرمیانی کەرکووك و لەوێ تووە وشکەکەی بە دانەوێلّە بگۆڕێتەوە • لەسەر ڕێگا لە سولەیمانی پشووی دەدا • سەفەرەکەی دوو هەفتەی دەخایاند و ناخۆش بوو • لەرێگا بە کوێ بگەیشتایێ لەوێ ڕادەکشاو دەنووست •

چوون بـۆ بەلّخە

پاش ماوەیێك ئێمە بۆ سەردان چووینە بەلّخە و لە مالّی ئەو پیـاوە

دابەزین کە ژنێکی هەرزەکاری هەبوو • لەوێ لە سەربان لەسەر بەڕە و دۆشەك دانیشتین • لەپاشان خەبەرمان بۆ هات کە دەتوانین بۆ ماڵێکی تری بچین کە ژوورێکی پرفەرشیان هەیە • ماڵێك ژووری پڕفەرشی هەبێ مەعنای وایە ئەحواڵیان باشە و دەسیان دەڕوا • بەڵێ لە ژووری پرفەرش دانیشتن و رابواردن خۆشترە • بەلام ئێمە چۆن خانەخوێیە باشەکەمان بەجێدەهێڵین• قسەی پێ ناوێ ئێمە لەوێ ماینەوە •

بۆ بەخێرهاتن کردنی ئێمە پیاوە ناودارەکانی دێیەکە ئێوارە هاتنە لامان • ئەوەندەی پێنەچوو سەربانەکە بە بۆرە پیاو پڕ بوو کە دەورەی ئێمەیان دا و جغارەیان دەکێشا و چاییان دەخواردەوە • رۆژی دووەم ژنان هاتن • ژمارەی ئەمان لە هیی پیاوەکان کەمتر نەبوو •

من یەکەم ژنی ئەورووپایی بووم لەو دێیە • ژنەکان بەسەیرەوە تەماشای پرچیان دەکردم کە بەسەر ملما شۆڕ بووبوەوە • لەپاشا لەم دێیە چاوم بە چەند منداڵی قژزەرد و چاوشین کەوت ، بەلام رەنگیان وەك رەنگی منداڵانی ئەورووپای باکوور (واتا شیماڵ) زۆر سپی نەبوو •

ئێمە دوو شەو لە بەڵخە ماینەوە • خانەخوێکەمان باشترین دۆشەکی لە سەربان لەسەر بەڕە بۆ راخستین • تەرجومانەکەم و من هەریەکە لەسەر دۆشەکێ نووستین • بەلام هەردو دۆشەکەکە لەتەنیشت یەکەوە لەسەر یەك بەڕە راخرابوون • پاش نیوەڕۆ بەڕەو دوشەکەکان بە ولاغ بارکران و برانە ناو باغ و لەژێر دارتوەکان راخران • ئەم خێزانە چاکە کە دەسیان باش نەدەڕۆیی ئەوەندەی پێیان کرا خزمەتیان کردین و ئامادەبوون ئەوەی هەیانبوو لە بەردەممان دابنێن • کە جیابووینەوە ملوانکەیێکی مووروی سپیم هەبوو کردمە ملی ئافرەتەکە • ئەو ملوانکە هەرزانەم لە بازاڕی سولەیمانی کڕیبوو ، داخەکەم لەوە زیاترم پێنەبو • چەندی حەزم دەکرد

شتێك لەوە باشتر و نایابترم هەبوایێ تاکو بەرامبەر مێوانداریە باشەکەیان پێشکەشم بکردایێ • بەڵام داخەکەم هیچیتری ئەوتۆم پێ نەبوو •

باغەکانی بەلخە

باغی دارتوەکان فێنك و خۆش بوو • سەرزەوی و ژێردارەکان تەخت و پاك کرابوون و بە بەرد لووس و جوان کرابوو بۆئەوە کە دەنکە توەکان کە کەوتنە سەری بە پاکی و پوختەیی بمێنن • توە سپی و زەردەکان دەکەوتنە خوارەوە ، ژنان کۆیان دەکردەوە و دەیانبردە جێگاییێکی تایبەتی بۆ وشك‌کردن • ئەم جێگایەش بە قوڕ تەخت و بە بەرد لووس‌کرابوو • ئەو سەربانەش کە شەوان لەسەری دەنووستین بە هەمان جۆر تەخت‌کرابوو• قوڕەسوورەکە بە چینێ قوڕی سپی سواغ درابوو و لەپاشان بە بەرد باش لووس و جوان کرابوو • نەدەبوو ئاو برشێتە سەر ئەم سەربانە پوختەیە بۆئەوە کە تێك‌نەچێ • بێتو نەختێ چای یان ئاو برژایەتە سەری زوو بەهۆی بەردێك ــ کە هەمیشە ئامادە بوو ــ لووس دەکرایەوە• لەپاشان هەموو سەربانێ ساڵی جارێك دەبوایێ قوڕەکەی تازە و تەخت و لووس بکرێ •

لەخوار سەکۆی دارتوەکان سەرچاوەییێك هەبوو • لەپاش ئەوە گەیشتینە ناو باغەکان لەوکانیە ــ بە بێ داواکردنی ئێمە ــ تاسێ ئاویان بۆ هێناین • لێرە لەناو ماڵەکانی کورد کە گەیشتیە جێ کوتوپڕ ئاو ، دۆ یان ماستاوت پێشکەش دەکرێ • ئەمە تەنیا لەبەر گیانی مێوانداری و چاوتێری نیە ، بەڵکو لەبەر گەرمی و وشکی هاوینی وڵاتەکەشە • لەبەرئەوە تۆ زۆر توونیت دەبێ و شکاندنی توونیەتی دەبێتە خزمەتێکی گرنگ و گەورە •

نانکردن لەناو باغ

ژنەکەی خانەخوی « ئافرەتی ماڵەکەم » لەگەڵ منداڵە سێ ساڵانەکەی

که خستبوویه سەر پشتی کیسەیێك ئارد و هەندێ خوێی هێنابوو لەناو کیسەیێکی بچووك بۆئەوە کە لەناو باغەکە لەژێر دارتوەکان نانی ساجی بکا • لەوێ لە باغەکە هەموو تفاقی نانکردن هەبوو •

لەپێش هەموو شتێکا چوە سەر کانی بۆ خۆ شۆرین • چونکە لە ماڵەکەی لەناو دێ ئەوەندە ئاو نەبوو خۆ بشوا • لەپاشان سەرپۆشە سپیەکەی لەسەر کڵاوەکەی قایمکرد • لێرە ژنان فێس لەسەر خۆیان نانێن تەنیا کڵاو لەسەر دەکەن کە هەندێ پارەی زیو و مووررووی پێوە دووراوە • لەپاشا فەقیانەکانی کردەوە و نوێژی کرد • لەپاش نوێژ کردن کوندەیێك ئاوی هێنا و هاتە لای کوانووی ئاگرەکە لەژێر دار تووێك • کوندەکەی لەلایێکەوە بە دەم بەستراوی و ساجەکەی لە بان کوانوەکە لەسەر سێ کوچکە دانا و هەندێ چیلکە و گەڵای هێنا و لەناو کوانوەکەدا ئاگری کردەوە • ئینجا ئاردەکەی بێژا و لەناو تەشتێکی مسی سپیکراو هەویری شێلا • لەپاشان گوندکی هەویر دروستکراو خرایە سەر پنەیێکی نزمی بچووك ، پان کرایەوە و خرایە سەر مادە و لەپاشان سەر ساجەکە کە لەسەر ئاگرەکە گەرم بووبوو • بەمجۆرە دەسکرا بە برژاندنی نانی ساجی • هەویرەکە لەناو تەشتەکە وردە وردە کەمبووەوە • سەبەتەی نانەکەش وردە وردە بە نانی ساجیی تەنکی جوان بەرزبووەوە • ئافرەتەکە هەمیشە لەژێر دارتوەکە بە چوار مەشقی دانیشتبوو ، تەنیا پەنجەکانی و دەسەکانی دەجووڵایەوە و ئیشەکەی زۆر بە ڕێکوپێکی ، زیرەکی و وەستایی جێبەجێ دەکرد •

ڕۆژی دووەم چووینە سەر تاڤگەکەی خوار ئاوایی • لەوێوە ئاوی خواردنەوەی پاك بۆ ئاوایی دەبرا • ئاوەکە کە لەقەد شاخەکە بە گژوگیا داپۆشرابوو بلقی دەدا و دەڕژایە خوارەوە • لە تەنیشتیەوە حەوزی خۆ

شتنی ژنان هەبوو • لەپاش ئەوە کە پیاوێك و چەند کوڕێ کە لەوێ بوون دوورخرانەوە ، چووینە سەر ئاوەکە • لەوێ ژنەکەی خـانەخوێ دەست و قاچی و هەندێ لە جلەکانی شۆری • نەختێ لەولاوە چەند ژنێ کوندەکانیان بە ئاو پردەکرد و دەیانخستنە سەر پشتیان • پـارچە بەرماڵێکیان دەبەستە سەرشانیان و کوندە قورسەکانیان بە دانیشتنەوە دەخستە سەر پشتیـان • ئینجا هەڵدەستان و دەسیان دەکرد بە هەورازەکەدا سەرکەون • رێگاکە دوور بوو و بۆئەوەی لە تاقگە جوانەکەوە بگەنە ناو دێ نیو سەعاتی دەخایاند •

دێی بەڵخە دەکەوتە پاڵ شاخێکی لێژ • لە خواریەوە کانییەکی گەرم هەبوو کە خانوییەکی قوڕینی چڵکنی لەسـەر دروستکرابو • بەڵام ئاوی ئەم کانیە بۆ خواردنەوە و چێشت لێنان بەکەڵك نەدەهات • لەوێ ژنـان دەیانتوانی تەنیا ئامانەکانیان و جل بشۆن و دەسنوێژ هەڵگرن •

لێرە ژنان لە تەختکردنی سەربان کۆمەکی پیاوان دەکەن • کە پـاش نیوەڕۆ شوان مێگەلی هێنایەوە ژنان بۆ دۆشینی بزنەکان دەچن و شیرەکە دەکەنە ناو مەشکەوە •

بەڵام وادیارە لێرە بیریان لەوە نەکردوەتەوە لەباتی ئەوە ژنان بەکوندە ئاو بێنن و ساڵ دوانزەی مانگ تووشی ئەو دەردەسەریە بن ، بـە ولاغ و بەرمیل ــ وەك لە دێی تۆپزاوە ــ ئاو بێنن • ئەم ئیشە کە ژنـان دەیکەن زۆر گران و ناخۆشە و ژیانێکی کولەمەرگیە •

لەم دێیە ژنان دەبێ زۆر رەنج بدەن و زۆر ماندوو بن • چونکە ئاو و هەوای دێیەکە فێنکە ، ژنان پاش نیوەڕۆوان نانون • هەر لە بەیانی زووەوە دەبێ رەنجبدەن و خەریکی ئیش بن هەتا ئێوارەی درەنگ • سـەرەرای ئیشی ماڵ دەبێ ژنان لە باغەکان خەریکی کۆکردنەوە و وشككردنی تووش بن •

لەناو باغەکان کە کچەکان لە منداڵیەوە ئیش دەکەن ، لە تەمەنێکی زۆر بچووك بە دوانزە ساڵان بەشوویان دەدەن • هەندێ کچی بچووکی کڵاو لەسەرم دی کە پارچەی زیویان پێوە کرابو و وا دیار بوو شوویان کردبوو •

کچێکی‌تری ئەم دێیەم لە گوندێکی‌تری دی کە لە تەمەنی دوانزە ساڵی بەشوویان دابوو • بۆیان گێڕامەوە کچەکە ئەوەندە بچووك دەبێ ناتوانێ خۆی بە بووکی لەسەر ئەسپ رابگرێ • لەبەرئەوە یەکێ سواری ئەسپەکە دەکەن تاکو بیگرێ و نەکەوێ • ئەو کچە بەسەزمانە بەختی رەش دەبێ • چوار منداڵی دەبێ ، دوانیان دەمرن ، دوانەکەی تریش کچ دەبن • لەگەڵ ئەوەشدا جوان و شیرین و ژیکەڵە و ئێسك سووك بوو دەیتوانی ئیشی ماڵ ئازایانە جێبەجێ بکا ، مێردەکەی هەڕەشەی لێ دەکرد کە ژنی بەسەر دێنێ • بۆ ؟ بۆئەوە کە کوڕی ببێ • بەڵام ئەم کچە بڕیاری دابوو بەم کردەوەیەی مێردەکەی نابێ رازی بێ و دەبێ ژیانی هەوێکەی و مێردەکەی تاڵ کا • بەڵام ئەم جۆرە بڕیارانە لێرە ئەنجامی خراپ دەبێ ، چونکە مێردەکە لەوانەیە ژنە کۆنەکەی بنێرێتەوە ماڵی باوکی یان تەڵاقیدا •

ئێمە لەم گوندە بێئاوە دوو شەو ماینەوە • شەو دەمانتوانی بە رەحەتی لەسەر بانە تەختە جوانەکە بخەوین ، بەڵام گۆزە ، مەسینە یان دۆڵکەی ئاویان نەبوو کە دەستی پێ بشۆی • نابێ ئێمە لەمە گلەیی بکەین، چونکە دێیەکە ئاوی کەم بوو •

لەم دێیە سەربانەکان بەیەکەوە نووساون و بۆئەوە کە سەگ یان زیندەوەری چوارپێی‌تری بۆ سەربان نەیێن پەرژینێکی دڕکیان دادەنا لە بەینی سەربانەکان • جارێکیان بە شەو لە سەربانەکەی تەنیشتمان لە

ولاغ باریان دادەگرت و دەنگەدەنگ پەیدابوو • لەپـاش ئەوە هەرکەسێ لەژێر لێفەکەی هەتا بەیانی کپ بوو •

بەیانی درەنگ بە پێ بۆ سەرشەقامی ئۆتۆمۆبیل کەوتینەرێ • لەوێ لە چایخانەیێکی خۆش لەژێر سێبەری دار چاوەڕێی پاسمـان کرد کـە بمانگەیێنێتە سولەیمانی •

هەواڵنامەی کتێب

- ١١ -

نەخوێنـــدەواری

هەستێکی زۆر ناخۆشم پێدەدا کە دەزانم ئەو ژنانە کە نـاسیمن و لەگەڵیان ژیام ناتوانن قاقەزم بۆ بنووسن • لـە دێنمـارك لە ماڵـەوە زۆر حەزمدەکرد بۆ دۆستەکانی کوردستانم قاقەز بنووسم ، بەتایبەتی بۆ ئـەو ئافرەتانە کە لە ماڵیان ماوەییێکی درێژ ژیام •

من ناتوانم بۆ ئەو ئافرەتانە قاقەز بنووسم کە دەزانم نەخوێندەوارن و ناتوانن قاقەزەکانم بخوێننەوە • تەنیا پارچە قاقەزێ کە نـاوی منی لەسەر بێ ئەوان سەری لێ دەرناکەن و هیچی لێ تێناگەن • لە کوردستان فێرگەی (واتا مەکتەبی) کچان زۆر نییە • لە سولەیمانی یەکێك هەیە • تەرجومانەکەم کە لە کۆلێژی بەرزی مامۆستایان دەرچوە و مامۆستاییێکی باشی ئینگلیزیە و لە فێرگەییێك دەرس بە کچان دەدا ، خوشکەکانیشی چوونەتە فێرگە، بەڵام ئەمانە جیاوازن •

له زۆری گوندەکان فێرگەی سەرەتاییش بۆ کوڕان نیە . له زۆر ئاوایی کە سەرم لێدا فێرگە نەبوو . وا بڕیار دراوه له زۆر جێگا فێرگە دامەزرێ . بەڵام کەمی مامۆستایان ئەم پرۆژەیە دوادەخا . ئەو ژنانە کە ناسیمن هەموو ئێستا گەورەن و بە منداڵی کەس بیری لەوە نەکردوەتەوە فێری خوێندەوارییان بکا (١) .

ژیاری (واتا حەضارەتی ، کەلچەری) کوردەکان له بنەڕەتدا له هیی ئێمەی ئەورووپا جیاواز نیە . ئەوان موسوڵمانن و دینی ئیسلام داوای خوێندەواری دەکا و پەسەندی دەکا بۆئەوە کە قورئانی پیرۆز بخوێنن و تێ‌بگەن و ئاگایان له دینەکەیان بێ . زۆربەی کوردەکان له دێهات وەك فەلاحەکانی ئێمەی جاران دەژین و له تێکنۆلۆجی دوورن . جل و بەرگیان بەتایبەتی له دێهات بەدەگمەن دەگۆڕن ، دایك چی لەبەرکرد ، کچەکەشی ئەو جۆرە بەرگە دەپۆشێ . بەڵام هەر هەرێمێ جل و بەرگی تایبەتی خۆی هەیە . له شاران مۆدە هەیە و هەندێ له ئافرەتان جلی خۆیان بەپێی مۆدە دەگۆڕن (٢) .

---

(١) ئێستا له کوردستانی عێراق له زۆربەی گوندە گەورەکان فێرگەی سەرەتایی هەن . له هەندێ شوێن له گوندێکی ناوەند فێرگەیێکی سەرەتایی هەیە کە منداڵی گوندەکانی دەورووپشتی بۆ ئەوێ دەچن . لەپاشان له زۆری ناوچەی ناحیەکان فێرگەی ناوەندی (متوسطة) و له قەزاکان فێرگەی ئامادەیی (اعدادیه) هەن . فێرگەی کچانیش ئێستا له شاران زۆرن و له ناحیە و قەزاکانیش هەن . له هەندێ لادێ له فێرگەی سەرەتایی کوڕ و کچ پێکەوە دەخوێنن . کچ و ژنی خوێندەوار ئێستا له کوردستان زۆرن و له زۆر جێگای کوردستان ئێستا فێرگەی تایبەتی کراوەتەوە بۆ قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و لەوێ خوێندن و حیساب فێری پیاو و ژن دەکرێ .

وەرگێر

(٢) مۆدە پەیوەندی لەگەڵ بازرگانی دنیا هەیە . زۆری ئەم مۆدانە له نیویۆرك یان پاریس پەیدا دەبێ . مەبەستیان لەم مۆدانە ئەوەیە هەموو

کوردەکان قژ و چاویان وەك خەڵکی باشووری (واتا جەنووبی) ئەوروویا رەشە ، هەندێکیان قژیان زەرد و چاویان کاڵە یان شینە • زمانەکەشیان وەك زمانی ئێمە زمانێکی هیندی ـ ئەوروویاییە •

لەبەرئەوە من لە هەموو جێگایێ زوو دەبوومە دۆستی ئافرەتان و بە خۆشیەوە منیان لە ماڵی خۆیان قەبووڵ دەکرد • هەر لەبەرئەوەیە من ئێستا هەست بە ناخۆشی دەکەم کە ناتوانم قاقەزیان بۆ بنووسم • من حەزم دەکرد قاقەزیان بۆ بنووسم و سوپاسیان بکەم بۆئەوە کە بە شکاندنی دەستووریان لە هاتوچۆ کردنی ماڵیان چاوپۆشییان لێ دەکردم و لێمدەبووردن • لەپاشا من حەزم دەکرد داوای لێبووردنیان لێ بکەم کە بە ناشیرینی دادەنیشتم لەوکاتە کە ژنەکانیتری وەك گوڵی قەنەفڵ لەسەر زەوی دادەنیشتن و دەلەرینەوە • لەپاشان چەندێ حەزم دەکرد داوای لێبووردنیان لێ بکەم لەوە کە لەسەر نەریتی (واتا دەستووری) ئەوروویاییەکان من ڕاست داوای خواستەکەم دەکرد و حەزم دەکرد زوو خواستەکەم بێتەجێ • من ئێستا دەڵێم ئەو چەشنە رەوشتەی من جوان نەبوو ، گەوجانە و بێئەدەبانە ، رەق ، پریمیتیڤ Primitive و ناشیرین بوو •

بێتو لە بازاڕ بۆ کرین یان بۆ دیدەنی کەسێ بچوومایێ دەبوایێ لەسەر نەریتی ئەو شوێنە بجوولێمەوە • لێرە پەیوەندی ناو خەڵك وەك لای ئێمە لە ئەوروویا راستەوخۆ نیە بەڵکو پێچاوپێچە ، ئاڵۆزە و گرێدراوە وەك کێ دەبێ لەگەڵ کێ قسە بکا و بۆ دیدەنی کێ بچێ ••• ئەمانە هەموو

ساڵی مودەیێکی تازە پەیدا بێ ، تاکو ژنان ـ بۆ وێنە ـ کراسی تازە دروستکەن و کراسە کۆنەکانیان ئیتر لەبەر نەکەن ، بەهۆی ئەمە بازرگانەکان دەتوانن زۆرتر کووتاڵ بفرۆشن . لەپاریسەوە مۆدەکە دەگاتە بێرووت ، لەوێوە بە رێگای بەغدادا دەگاتە سولەیمانی و هەولێر و دهۆك .

وەرگێڕ

دەوەستێتە سەر نەریتی با و باپیران و وەچەکانی (واتا اجیالی) پێشوو • لێرە تۆ دەبێ هەمیشە بیر لە ڕابوردوو بکەی و بەپێی نەریتی رابوردوو ــ وەك لە ئەورووپا لە سەدەی هەژدەمین لەکاتی Rococe [1] نەك ئێستا ئەم رۆژە ــ بەڕێوەبچی •

ناوبانگی چاوتێری و پیاوەتی دەرکردن لێرە چەند پشتێکی دەوێ • پەیوەندی خێزانەکان بەهۆی ژن و ژنخوازی زۆر بەوردی دادەمەزرێ • لای ئێمە تەنیا لەناو خێزانی پاشاکان و قڕاڵەکان بۆ دامەزراندنی پێوەندی خزمایەتی ئەم جۆرە وردبینیە هەیە • ناوبانگی مرۆڤ شتێکی زۆر ناسکە و دەبێ پیاو ئاگای لێ بێ • لێرە مرۆڤ دەبێ لەپێش ناسینی کەسێ ئاگای لە پەیوەندی ئەوکەسە بێ لەگەڵ خێزانەکانی‌تری و بزانێ خزمەکانی کێن • لەئەورووپا خەڵك مرۆڤ دەناسن و بەس و بیر لە کەس‌وکاری ناکەنەوە و هەقیان بە کەس‌وکار و یاریانەوە نیە •

داواکردنی کچ بۆ مارەکردن

لە سولەیمانی لە داواکردنی چەند کچێ حازر بووم • کوڕێکی جاهێل هەبوو کە لە تەمەنا بچووك نەبوو و ئەوەندە پارەشی کۆکردبووەوە کە بەشی تفاقی ژنێك بکا و ئامادە بوو پێنج‌سەد دینار بۆ ئەم ژن هێنانە دانێ •

---

(1) Rococe زاراوەیێکە لە چواریەکی یەکەمی سەدەی هەژدەمین لە فرانسە پەیدابوو و پەیوەندی لەگەڵ Baroque هەیە . ئەمیش جۆرە هونەرێکە لە سەدەی حەڤدەمین لە ئەورووپا پەیدابوو و لە تەرزی دروست‌کردنی خانووی گەورە و قەسر دەردەکەوێ .
چاپی ١٩٤٧ی ئینسیکلۆبیدیای بەریتانیایی Encyclopaedia Britanica
وشەی Rococe بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد Oxford ی ئینگلیزی کە گرنگترین فەرهەنگی ئەم زمانەیە Rococe واتای شت و نەریتی کۆن دەگرێتەوە .

وەرگێر

لەبەرئەوە رۆژێ لە ئافرەتەکانی ماڵەکەی پرسی ئایا خێزانێکی باش دەناسن کچێکی‌وای هەبێ لە تەمەندا بۆ مارە کردن بگونجێ • من لەوکاتە لەو ماڵە بوم و چاوم لێ بوو کوڕەکە بە پسەپس خواستە ناسکەکەی بە ئافرەتـانی ماڵەکە دەگەیاند • لەم حاڵە کوڕەکە دەربەست نەبوو (واتا مەجبوور نەبوو) ماڵی باوکی بەجێ‌بهێڵێ چونکە ماڵەکە گەورە بوو و ژووری زۆر بوو و بووکێکی جاهێڵ جێگای تێدا دەبوەوە • لەو ماڵە هەموو رۆژێ بۆ ١٥ــ١٦ کەس چێشت لێ‌دەنرا • یەکێ زیاتر بوایە ئەمە مەسرەفی ماڵەکەی تێك‌نەدەدا • ژنانی ماڵەکە بەڵکو پێ‌یان خوش بوو کچێکی هەرزەکار بێتـە ناویان کـە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو دەستی زیادە کە لە ئیشوکاری ماڵ کومەکییان دەکا •

خوشکە گەورەکەی کوڕەکە لەگەڵ ژنە بچووکەکەی باوکی ، واتـا بـاوەژنەکەی ، بەلێنیان دا لەم‌بابەتەوە شتێکی بۆ دەکەن • دایکی خـۆی کە ژنی گەورەی باوکی بوو وا دیار بو پێ‌ی‌نەدەکرا ئەم جۆرە کارە ناسکە جێ‌بەجێ بکا • خوشکە گەورەکەی چاوی لە هاورێیێکی یەکێ لە خوشکە بچووکەکانی بوو کە دەیگوت هەم چالاك و هەمیش بەئەدەبە • ئەمە مەعنای ئەوەبوو کچەکە رووخۆشە و لەوانەیە باش لەگەڵیان بگونجێ • کوڕەکـە جارێك کچەکەی دیبوو کە هاتبوە ماڵیان • کچەکەش جارێك چاوی بـە کوڕەکە دەکەوێ و دەڵێن ئەوە برای کچە هاورێ‌کەیەتی • بەڵام کەسیـان لەگەڵ ئەویتری قسەی نەکردبوو •

بەڵام خوشکە گەورەکە و باوەژنەکە بەتەنیا نەیاندەتوانی بۆ داخوازی بچن • من نەمدەتوانی لەگەڵیـان بچم بۆئەوە کە ناوبـانگیان بەرزکەم و لەسەریان بکەمەوە • بەڵام لەگەڵیان چووم بۆئەوە کە لەم جۆرە دەستوورانە (نەریتانە) ئامادە بم و بزانم کوردەکان چۆن لە داخوازی گفتوگۆ دەکەن و چۆن ژن دێنن • لەبەرئەوە ئافرەتێکی ناسیاویان پەیداکرد کە مێردەکـەی

زۆر دەوڵەمەند بوو • ئافرەتەکە سەر و ملی باش بە زێڕ رازانـدبووەوە و تکایان لێ کرد کە بۆ داخوازی لەگەڵیان بێ بۆئـەوە کە کولەکەییـێکی ئابووری و کۆمەلایەتی بخاتە بەر داخوازیەکەیان • ئەویش قەبووڵی کرد•

بەمچەشنە سێ ئافرەتی ڕەشپۆش لەگەڵ من کەوتنەڕێ بەناو کۆلانـە ناخۆشە قیرتاو نەکراوەکانا و ملمان نا بۆ ماڵی بووکی دوارۆژ • لـەوێ لەپێشدا لەگەڵ دایکی کچەکە قسەمانکرد • من لە دوو دانیشتندا حازربووم• لەبەینی یەکەم و دووەم دانیشتن ماڵی کچەکە خەریکی ئەوە بوون دەربارەی کوڕەکە لە دەم خەڵك و بەهۆی خەڵکەوە ئاگاداری کۆبکەنەوە ، تـاکو بزانن چۆن کوڕێکە و خووڕەوشتی باشە یان خراپ و خەریکی چیە • ئەم کردەوەیەی ماڵی کچ شتێکی زۆر رەوایە و لەجێی خۆیەتی •

لە دانیشتنی دووەم ماڵی کچ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیـان بە مـاڵی کوڕەکە گەیاند • لەناو کوردەکان ژنهێنان نە لە ئاسمان دەکرێ (واتا نـە شتێکی پیرۆزە) [١] و نەش لە بەینی دوو دڵداری خۆشەویستی سەرزەوی• دڵداری و حەزلێکردن زۆر جار پەیوەندی نیە لەگەڵ ژن هێنان • ئەمـە کارێکی خێرە کە لەبـەینی هەردوو خێزانـی گەنجـەکان دەبەسـترێ و مەبەستیان ئەوەیە ئەوەندەی پێیاندەکرێ ئەندامێکی تازەی چاك بهێننـە ناو خێزانەکەیان • لەبەرئەوە هەردوولا لێکۆڵینەوەییێکی باش دەکەن بۆئەوە کە دڵنیا بن لەوە ئەم ئەندامە تازەیە هیچ کەم و کووڕییێکی نیە •

دایکی کچەکە گوتی بیستوومانە کوڕەکە زۆر جار بۆ چایخانە دەچێ و لەوێ قومار یاری دەکا • بەلام خوشکی کوڕەکە و بـاوەژن و ئـافرەتە دەوڵەمەندەکە هەرسێکیان ئەم قسانەیان بەدرۆخستـەوە • لەپـاش ئەمە لەبەینی هەردولا لەلایەن کوڕەکەوە گفتوگۆییێکی زۆر کرا و زۆر جـار

---

(١) ژنهێنان لەناو موسوڵمانان بە کارێکی زۆر بەرز دادەندرێ .

وەرگێر

سەرگەرم دەبوون و بە دەنگ‌بەرزی قسە دەکرا • لەدواییدا خەسووی دوارۆژ دڵنیا کرا کە زاواکەی دوارۆژی هیچ کەم و کوڕییێکی نیە • ئەمیش بەڵێنی دا قسەکە بە مێردەکەی بگەیێنێ • ژنهێنان یان کچ بەشوودان لەناو موسوڵمانان لەدەست ژنانە • کە کارە خێرەکە تەواو بوو ئینجا خەبەر بە پیاو دەدرێ • ئەم جۆرە کردەوەیە هەندێ‌جار لەناو ئێمەش لە ئەورووپا روودەدا •

لەپاش ئەمە ئێمە باسی مارەییمان کرد ، بەتایبەتی مارەیی پێشەکی کە بۆ خشڵ و رازاندنەوەی بووکەکە تەرخان دەکرێ •

من لە دانیشتنی یەکەم چاوم بە بووکەکە نەکەوت • ئەویش لەم دانیشتنە خۆی دەرنەخست • لەپێشدا من وامزانی ئەو کچە هەرزەکارە کە هاتوچۆی ژوورەکەی دەکرد بووکەکەیە • بەڵام بە هەڵە چووبووم • ئەو کچە ئامۆزای بوو و لەو ماڵە دەژیا و هەندێ جار لەبابەت داخوازیەکەوە قسەیێکی دەکرد • ئیتر تەنیا باسی مارەیی یەکە دەکرا • بووکی دوارۆژ نە ئاگای لە زاوا بو و نەش لە توانای بوو بۆ کڕینی خشڵ و بەرگ بۆئەوە کە لەبەری کا و بۆ پێکەوەنانی تفاقی ناوماڵ بۆ ئەو هێلانەیە کە دوارۆژ تێدا دەژیـن •

لەپاشا خەسووی دوارۆژ لەبابەت ئێسك و دەموچاو و قەد و بالای زاواوە پرسیاری کرد • ئەمەش شتێکی ئاسان نەبو و دایکی کوڕە نەیدەتوانی وا بە باشی وەسفی کوڕەکە بکا هەروەکو لەوێ خۆی دەرخا و پێشاندا • سەیر ئەوەبو وێنەی کوڕەکەیان پێ‌نەبو و ژنان لەم بابەتەوە فێری ئەوە نەبوون وێنە پێشان دەن • لە سولەیمانی وێنەگر زۆرن • لەپاش شاییێك کە من حازری بووم بووکەکە بەرگی ئەورووپایی سپی پۆشی و زاوا چاکەت و پانتۆڵی هاوینەی لەبەرکرد و پێکەوە وەکو ئەورووپاییەکان لە لای وێنەگر وێنەی خۆیان گرت •

لەپاشا خەسووی دوارۆژ گوتی ئەو بە قەمەرە بە بەردەم دووکـانی باوکی کوڕەکەدا تێپەڕ دەبێ بەهیوای ئەوە ــ بە بێ‌ئەوە کوڕە فەرقی پـێ بکا ــ چاوی پێ بکەوێ • لەپاشـا بەلێنی‌دا لەم‌بابەتـەوە قسـە لـەگەڵ مێردەکەی بکا • ئەمە یەکەم‌جار بوو مێرد هاتە ناو کایەوە • بێتو ئەویش لەم‌بابەتەوە هەمان بیری‌هەبێ ئەودەمە ناوی خوای لێ دێنن و کاری خێرەکە تەواو دەکەن • بەڵام داخەکەم من سەفەرم کرد و لە سولەیمانی نەمـام و لە گفتوگۆکانی‌تری حازر نەبووم • بەڵام لەپاشـا بیستم بڕیاردرا پشوو بە داخوازیەکە بدرێ و لە کاری ناسکی‌وا پەلە نەکرێ • لەئەنجـامدا وا بـڕیاردرا شایی‌یێکی گەورە بکرێ • ماڵی خەسوو داوا لە دراوسێ‌کەیان بکەن ئیزنیان بدا حەوشە گەورەکەیان بۆ شایی واتا هەڵپەرکێ و دهۆڵ و زوڕنا بەکاربهێنرێ •

هەڵپەڕکێی کوردەواری و هەڵپەڕکێی ڕۆژئاوایی

من جارێکی‌تریش گێڕامەوە لێرە پیاوان بەتەنیـا بـە بێ‌ئافرەتـان هەڵدەپەڕن • لێرە ئەو ئافرەتانە کە لەگەڵیان دەژیام چەند جار بەخۆشیەوە باسی هەڵپەرکێی ئەوروپایی‌یان لێ پرسیم • بەڵێ هەڵپەڕکێی ئەورووپـا لەگەڵ موسیقای کورد و عەرەب ڕێك ناکەوێ ، بەڵام زۆری ئافرەتـەکان لە سینەما چاویان بە هەڵپەرکێی ئەوروپایی یان ئەمەریکایی کەوتوە کـە ژن و پیاو بە جووتە دەیکەن • زۆر شتی تازە لێرە لە ئەمەریکاوە نزیـکە نەك ئەورووپا • ئۆتۆمۆبیلەکان ئەمەریکایین و ئەو فیلمانە کە لێرە لە هەردو سینەماکان پێشان‌دەدرێن زۆربەیان ئەمەریکـین • یەکێ لەم سینەمایانـە داپۆشراوە و زستانیە ، لەبەرئەوە لە کاتی پشووی فیلم قرەقرِی خەڵـك بەجارێ بەرز دەبێ ، موسیقاش وا بە بەرزی لێ دەدرێ کە هەردوك بەجارێ گوێ کەڕ دەکەن • سینەماکەی‌تری هاوینیە و کراوەیە • ئەمە شتێکی نایابە لە وڵاتێ ئاو و هەواکەی گەرم و وشك بێ •

جارێکیان له بەغدا فیلمێکی ئینگلیزیـم دی که بـاسی دلـداری بەناوبانگی رۆمیۆ و جوولیێتی دەکرد • ئەمە وابزانم دووره له بیر و خوو و رەوشتی ئافرەتانی کورد [١] •

نەریتی (واتا دەستووری) شووکردن لەپاش دڵداری شـتێکی زۆر دووره له بیر و باوەڕی ئافرەتانی ئێره • لەمبابەتەوه من زۆر لەمان دوورم• بەڵام له لایێکی ترەوه ، له رەوشتی تری ، من خۆم زۆر به نزیکیان دەزانم •

دیسان نەخوێندەواری

من واقم وڕدەمێنێ لەوه که چۆن ژنه نەخوێندەوارەکان بیر له خوێندن ناکەنەوه ، لەگەڵ ئەوەشدا به کتێب و قاقەزی نووسراو دەورەدران [٢] •

زۆری ئەو ژنانه من ناسیمن زیرەك و ژیرن ، بەڵام بەدەگمەن ئـەم ژیریەیان بۆ بیری نووسراو بەکارهێناوه • تەنانـەت لەو ماڵانـه که ژنی خوێندەواری لێیه ، ئەم ژنانه فێری ئەوه نەبوون ، شت بخوێننەوه ، واتـا بۆ کاترابواردن لەباتی دەمەتەقێ کتێب ، گۆڤار یان رۆژنامه بخوێننەوه • پیاوان لێره لەسەر کار ، له دووکان رۆژنامه دەخوێننەوه ، بەڵام نایهێننـه ماڵەوه • له ماڵان لێره کتێب نیه ، هەشبێ چەند کتێبێـکی فێرگەن (واتـا مەکتەبن) که لەسەر کەتتۆر دانراون و لەناو تۆزا نوقوم بوون •

---

(١) ئەمه راست نیه . ژنانی کورد باسی دڵداری دەزانن و لەم بابەتەوه زۆر چیرۆك دەگێڕنەوه . جاران له دێهات کوڕ و کچ حەزیان له یەك دەکرد و بـۆ شـووکردن رێكدەکەوتـن . ئێسـتـا لەبـەینی خوێنـدەواره شارستانیەکانیش ئەمه هەندێ جار روودەدا .

وەرگێر

(٢) ئەمه راست نیه . لەو ماڵانه که خوێندەوار نیه کتێب و شتی نوسراویش نیـه .

وەرگـێر

تەرجومانەکەم کە لە سولەیمانیەوە هاتە تۆپزاوە بۆ لای من تەنیا فەرهەنگێکی (ئینگلیزی ــ عەرەبی)ی پێبوو کە لە کتێبخانەی سولەیمانی خواستبووی ، بۆئەوە کە لە کاتی پێویست وشەکان بدوزێتەوە • بەڵام ئێمە پێویستمان بەم فەرهەنگە نەبوو ، چونکە هەردوکمان هەندێجار باش ، هەندێجار خراپ ئینگلیزیمان قسە دەکرد •

لە یەکەم گەڕانی ناو دێیەکە ــ لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ ــ تەرجومانەکەم فەرهەنگەکەی بەدەستەوە بوو تاکو لەکاتی پێویست بەکاری بێنێ • بەڵام ئەو ئافرەتە لادێییانە کە لە خانوە قوڕینەکانیان دەژیان بە ترسەوە تەماشای ئەو کتێبە بەرگ سوورەیان دەکرد ، لێی مۆڕ دەبوونەوە و دەسڵەمینەوە • وابزانم لەباتی کتێبەکە دەمانچەی بەدەستەوە بووایێ ئەوەندە واقیان وڕ نەدەما و دانەدەچڵەکین •

بە مێوانی چوون بۆ دووکان

جارێکیان کە لە تۆپزاوە بووم بە قاقەزی بانگکراین (واتا داوەت کراین) • قاقەزەکە بە عەرەبی نووسرابوو • خێزانی ئەندازیارێکی عێراقی لەسەر بەستێنی دووکان خێزانەکەی خانەخوێی منیان بانگدەکرد (واتا داوەت دەکرد) بۆ خوارەوە بۆئەوە کە لەوێ رۆژێ بەمێوانی رابوێرین •

کە قاقەزەکە گەیشت هیچ پیاوێ لە ماڵ نەبوو • تەرجومانەکەم قاقەزەکەی بۆ ژنەکان خوێندەوە کە بە بیرکردنەوە تەماشایان دەکرد و بڕیاریان دا کە داوەتەکە قەبوول دەکەن بەومەرجە (واتا بەو شەرتە) مێوانەکانیشیان (واتا تەرجومانەکەم و خۆم) بانگ بکرێن • لە وەڵامدا ئەم مەرجە پەسەندکرا • ئێمە دەبوایێ بە قەمەرەی مامیان رۆژی یەکشەمەی هاتوو سەعات دە بگەینە ماڵەکە •

سەعات یانزە و نیو دایك و کچ هێشتا بڕیاریان نەدابوو چی لەبەرکەن،

هەواڵنامەی کتێب

خەریکی جل گۆڕین و خۆپوشتەکردن بوون • ئێمە تەرجومانەکەم و خـۆم بارمان سووك بووە هەریەکە دوو سێ پارچـە چـلی پێ بو و مـاوەی هەلبژاردنمان نەبوو • لەئەنجامدا دایکەکە گەنم ڕەنگ بوو کراسێکی ئالی لەبەرکرد لەگەڵ شەروالێکی سورمەی سەوز کە زۆر لێی دەهات• کچەکەشی کە حەڤدە ساڵان بوو شتی سووری لەبەرکرد کە زۆر پێوە جـوان بـوو • ئەجەی زڕکچی بەسەزمانی بچووك دەبوایێ لەماڵەوە بمێنێ بۆ ئەوە کە مەڕ بدۆشێ و ئیشی ناوماڵی ناخۆشی‌تری بکا • من زۆر دلگـیر بووم ئـەم Cinderella [1] بەسەزمـانە وا بەکزی و دامـاوی تەماشـای جل گوڕینی ئافرەتەکانی‌تری بکا • بەلام دلی زڕ دایك نەرم بوو و ئیزنی دا لەگەلیان بێت • من ئەجەم بردە سەر حەوزەکەی پشتەوە ، سەریم شۆری و پرچم شانە کرد • ئەویش دەم و چاو و دەس و پێی شت (شۆری) • ئینجا وەك برووسکە جلە چلکنەکەی داکەند و لە سەنووقە ئاسنینە بچووکەکەی جلێکی‌تری دەرکرد و لەبەری‌کرد • جل و بەرگ نابێ بەمچەشنە بخرێتە ناو سەنووقەوە نەك تێك بچن • بەلام ئەجەی بەسەزمان کە کەنتۆری نەبوو خۆ سەنووقێکی هەبوو جلەکانی لە مۆرانە بپارێزێ• لێرە جلی ناو سەنووق ئاردی توونی پیا دەکرێ بۆ ئەوە کە مۆرانە لێی نەدا •

ژنەکان و پیاوەکان بە بەرگی خوری‌سووکەوە و شەروالی پـانەوە لە ژووری مێوان لەسەر قەنەپە و کورسی دانیشتن • ئەم جۆرە دانیشتنە بۆ پیاوەکان ڕێك‌دەکەوت ، بەلام لەگەڵ جل و بەرگی ژنان ڕێك‌ناکەوێ •

---

(١) Cinderella ناوی کچێکی بچووکە لە چیرۆکەکانی ئەورووپا باسی دەکرێ . گوایا سندێرێللە زڕکچ بوە و باوەژنـەکەی خراپ لەگەلیـا جوولاوەتەوە . لەپاشا دایکی پەریەکان ، کە گوایا خوا بوە ، هاتوەتـە فریای ، لەدەس باوەژنەکەی رزگاری کردوە و گەیاندویەتە خۆشی و کامـەرانی .

وەرگـێر

خەسووی ماڵەکە بە جل و بەرگی رەش ، سەرپۆشێکی رەش و رۆبێکی رەشەوە هاتە ژوورەوە • ئەویش لەگەڵ ئەم ژوورە ئەورووپایی یە رێك نەدەکەوت • تەنیا ئافرەتی ماڵ کە ژنی ئەندازیارەکە بوو لەگەڵ کچەکەی کە جل و بەرگی ئەورووپایی هاوینەیان لەبەربوو لەگەڵ ژوورەکە رێك دەکەوتن • من بۆ گەیاندنی پەیامێك بە دەم چووم بۆ مێوانخانەی ئینگلیزی British Reshouse • ژوورەوەی ئەم خانوە ــ لەبەر پانکەی بن میچ و مەکینەیێکی زەلامی هەوا سارد کەر ــ فێنك بوو • بەڵام هەوای دەرەوە زۆر گەرم بوو • من ئەو سەد یاردەیە بە قەمەرە چووم ، چونکە لەبەر گەرما نەمدەتوانی لەدەرەوە بە پێ برۆم • ئەم هاتوچۆیەم هەر نیو سەعاتی خایاند • کە هاتمەوە دانیشتنی مێوانەکان گۆڕرابوو • تەنیا خاوەن ماڵ و پیاوەکان لە ژووری مێوانی کورسی و قەنەپەدار دانیشتبوون • ژنان چووبوونە ژووری نووستن ، لەوێ لەسەر دۆشەك بە رەحەتی پاڵیان لێدابوەوە و خەریکی دەمەتەقێ ، پێکەنین و جغارە کێشان بوون • بەمچەشنە دنیای پیاوان لە هی ژنان جیابوەوە و وادیاربوو هەردولا لەم بارە تازەیە زۆر دڵخۆش بوون •

لەدواییدا دەمی نانخواردن هات ، سفرەیێکی پلاستیك لەسەر زەوی راخرا کە چێشتی پلاو ، مریشکی کوڵاو ، مریشکی سوورەوەکراو ، چێشتی سەوزە و شتی تری لەسەر داندرا • خواردنەوە بریتی بوو لە ماستاوی سارد • چەقۆ و چەتاڵ و قاپی بەتالیش لەوێ دانرابوون ، بەڵام زۆری ژنەکان بەدەس نانیان دەخوارد • لەپاشا ژووری نانخواردنیان پێشان داین کە پیاوەکان نانیان لێ خواردبوو • لەوێ چاومان بە مێوە و شیرینی کەوت • لەدوای نانخواردن لەژووری حەمام ژنان دەستی خۆیان شۆری • لەوێ خەسووی ماڵەکە دەسنوێژیشی هەڵگرت • لەژووری حەمام هەم بانیۆ هەبوو ، هەمیش دەسشۆری ئەورووپایی • بەڵام بۆ هەندێ ژنی

لادێیی بەکارهێنانی دەسشۆرەکە ناخۆش بوو • یەکێکیان نەیزانی چـۆن بەلووعەی ئاوەکە بکاتەوە و بیگرێتەوە و داوای یارمەتی کرد • ئەوان فێری حەوزی ئاو بوون کە بە بێبەلووعە راستەوخۆ دەست و پێیانی لێ بشۆن •

ئێمە گەڕاینەوە ژووری نووستن بۆ خەوی پاش نیوەڕۆ • خاوەنماڵ دەستێ جلی ئاورێشمی ئەورووپایی بۆ نووستن بۆ هێنام • ئەمە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە بوو • لێرە خەڵك شەوان بە بێجل گۆڕین دەنوون ، مـن جلێکی نووستنم پێدرا کە پاش نیوەڕۆ پێی بخەوم !! ئەمە تەنیا ماوەیێکە لای ئێمە لە ئەورووپا کە بە بێجل گۆڕین واتا بە بەرگی رۆژەوە دەنوین •

خەسوو ئازا هەڵسا بەرماڵەکەی راخست و نوێژەکەی کرد • لەپاشا بەرماڵەکەی دایە ژنەکانیتری بۆ نوێژ کردن • ئێمە هەموو بە بێدەنـگی لەسەر دۆشەکەکان دانیشتبووین و لەپاش راگرتنی مەکینەی هەوا فێنككەر ئیتر ژوورەکە کپ بوو •

من بە دەنگی چایپەز و ئیستیکان خەبەرم بووەوە و هەڵسام سەماوەر دانرابوو و ئیستیکان و ژێرپیاڵە و کەوچکی بچووك لە سەنووقی تایبەتی خۆی دەرهێنرابوون و لەسەر دەسـتووری کوردەواری دەس کرابوو بـە ئامادەکردنی چای ئێوارە • بەڵام چای تێکردن لە ژوورێ کە زەویەکەی بە تەختە دار داپۆشرابێ جوان نەبوو ، چونکە ئیستیکانـەکان تەختەکانیـان لەکەدار دەکرد • دەبوایێ ئەم شتانەیان لەسەر سفرەیێك دابنایێ • بـەڵێ لادێیەکان زۆر جار لەسـەر زەوی ئیستیکانـەکان دادەنـێن ، بـەڵام زەویەکانیان بە چیمەنتۆ ، بە قوڕی لووس کراو یان بە بەرد داپۆشراون • لەو دێیانە ژووری بە تەختە داپۆشراو نیە •

لەم خانوە ژووری تایبەتیش هەبوو بۆ چێشتلێنان • لەوێ سەنووقی ساردکەر ، مەکینەی ئەلەتریکی چێشت لێنان و حەوزی ئاسنی قاپشۆرین

هەبوو • ئەم حەوزە ئاسنینە بۆ قاپشۆرین بەکار نەدەهێنرا • لەباتی ئەوە قاپ و مەنجەڵ لەسەر زەوی ــ لەسەر رەوشتی جاران ــ بەهۆی دۆڵکە و تەشت دەشۆرا • لەم خانوە ئەورووپاییە شەوان خەڵك لە سەربان نەدەنووستن ، ئەمەش لەگەڵ هەوای گەرمی وڵاتەکە نەدەگونجا • بەڵام ئەو ئەورووپاییانە کە لەسەر بەستێنی دووکان دەژیان لە ژوورەوە دەنووستن •

ئێوارە هەموو پێکەوە چووین بۆ دیتنی بەستێنی دووکان • لەوێ یەکەمجار و دواجار بە پێ بەسەر پردە تەسکە هەڵواسراوەکەدا تێپەڕیم کە لەپێش تەواوبوونی بەستێنەکە بۆهاتوچۆ دامەزرابوو و لەپاشان لابرا • بە ئۆتۆمۆبیل تێپەڕبوون بەسەر ئەو پردە تەسکەدا ترسناك بوو • لێخوڕ دەبوایێ لەسەرخۆ ئۆتۆمۆبیلەکەی لێخوری و باش ئاگای لە خۆی بێ ، نەك لە قەراغەکەی بخلیسکێ و بکەوێتە خوارەوە ناو شیوی ئاوەکە • بۆ منیان گێڕایەوە جارێ قەمەرەیێك خلیسکا و لە قەراغی پردەکە گیربوو و توانیان ڕێبوارەکان لە قەمەرەکە دەرهێنن و لە کەوتنەخوارەوە ڕزگاریان بکەن •

لەسەر ئەم پردەوە بە ئۆتۆمۆبیل تێپەڕین ئاسان بوو ، چونکە تۆ چاوت لە شیو و ئاوەکەی خوارەوە نەبوو • بەڵام بە پێ تێپەڕبوون ناخۆش بوو ، چونکە تۆ هەستی ئەوەت دەکرد لەبەینی عاسمان و ئاوەکەی خوارەوەی • من بۆئەوە کە سەرم سووڕنەخوا دەسم گرت بە باڵی ئافرەتێ کە لە تەنیشتم بوو • ئەجەی هاوڕێی بچووکم بەتەنیا بەسەر پردەکەیا لەپێشا ئازایانە تێپەڕی • لەناوەڕاستدا پێڵاوەکانی داکەند تاکو بە پێی پەتی بەئاسانتر بەسەر تەختەکانا بڕوا • لەپاشا سەری گێژ بوو و دانیشت و بە دەس و پێ دەستیکردە گاگۆڵکێ • ئیتر ئێمە گەیشتینە سەری و هەڵمان گرت و گەیاندمانە ئەوبەر •

من ببڕای ببڕای ناتوانم بۆ هاورێکانم لەم وڵاتە دوورە قاقەز بنووسم•
بەڵام ئەوان دەتوانن قاقەزم بۆ بنووسن : دەچنـە لای قاقەزنووسـەکانی بەردەم سەرا ، لەوێ چی یـان ویست بۆیـان دەنووسـن • یـەکێ لـەو قاقەزنووسانە تەنانەت بە مەکینە شت دەنووسێ و دەتوانێ قاقەزی ڕێك و جوان بە مەکینەی دەس بنووسێ •

هەواڵنامەی کتێب



- ١٢ -

ژنـــانی موسوڵمان

پەچەو عەبـــــا

ئەمە گرنگترین بەشی ئەم کتێبەیە کە باسی پایەی ژنانی موسوڵمـــان دەکا بەپێی دەستووری ئیسلام ، ئەو نیزامە کە لە ئەورووپا لەناو ئێمـــە نیزامی (حەرەم)ی پێ دەبێژرێ • من چەند جارێ لەمەوپێش نەختێ باسی ژیانی ئافرەتانی ئەم ناوەم کرد ، بەڵام ئێستا وا بە بـــاش دەزانـــم نـــەختێ باسی پایەی ژن بکەم لەناو کۆمەڵانی موسوڵمان •

کە یەکێ لە گەرووی بۆسفۆرەوە تیپەڕ بوو ، تەنیا لە ئەورووپـــاوە ناچێتە ئاسیا ، بەڵکو لە دنیای مەسیحیەوە دەچێتە دنیـــای ئیســـلام [١] • ئیسلام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمین دەگەیشتە بەڵقان • ئێستـــاش لـــە

---

(١) ئەمە تەواو نیە . لە تراکیای یۆنانستان ، لە بولغارستان و لە هەرێمی بۆسنە و قەرەداغ لە یۆغۆسلاڤیاش موسوڵمان دەژین ، ئەمە بێجگە لە بەشی ئەورووپای تورکیە کە زۆربەیان موسوڵمانن .

وەرگێڕ

هەرێمەکانی بۆسنەو قەرەداغی یۆگۆسلاڤیاو لە ئیستانبوول لە رۆژئاوای گەرووی بۆسفۆڕ لە ئەورووپا کۆمەڵانی موسوڵمان دەژین •

لە وڵات و هەرێمەکانی ئیسلام جیاوازی سەرەکی لەبەینی هەژار و دەوڵەمەند نیە ، بەڵکو لەبەینی ژنان و پیاوانە • کۆمەڵ دەبێتە دوو بەشەوە : ژنان و پیاوان • پیاوان لە دەرەوەی ماڵ دەژین ، ژنان لەناو ماڵان لە حەوشە دەژین (١) • لەوحەوشانەوە ژنان دەتوانن لە پەنجەرە داپۆشراوەکانەوە دەرەوە ببینن ، بەڵام خەڵك لە دەرەوە ناتوانن ناوماڵ ببینن (٢) •

ئەم دابەش کردنەی کۆمەڵ بە چینی پیاوان و چینی ژنان گوایا لە دینی ئیسلامەوە هاتوە • ئەمەش راست نیە • چونکە لە زەمانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێ ــ وەرگێڕ) ژنانی عەرەب سەربەست بوو و خێزانی پێغەمبەر (خەدیجە) بە سەربەستی بازرگانی دەکرد و حەزرەتی موحەممەد هاتوچۆی شامی بۆ کرد و لەپاشان خواستی •

پەچە و عەبا چۆن داهات

لەپاشا کە حوکمی ئیسلام بڵاوبوەوە و گەیشتە سووریە ، کە ژیار (واتا حضارة Culture)ی هێلێنی تێدا پەرەی سەندبوو ، لەو ژیارە کە ژنان لە پیاوان جیاکرابوونەوە، موسوڵمانەکان ئەم دەستوورەیان

---

(١) ئەم جیاوازیەی دنیای ژنان لە دنیای پیاوان ئێستا لە عێراق کەمبوەتەوە. زۆر ژن ئێستا لە دەرەوەی ماڵ دەژین و دەتوانن بە سەربەستی ئیش بکەن و بۆ شت کڕین بۆ بازار بچن .

وەرگێڕ

(٢) لە وڵاتی موسوڵمانان نابێ پیاوان لە پەنجەرەکان نزیك بنەوە و تەماشای ناوماڵی خەڵك بکەن . ئەمە نەك تەنیا لەناو موسوڵمانان ، بەڵکو لە هەموو دنیای پێشکەوتوو ناشیرینە .

وەرگێڕ

لێ وەرگرتن (۱) • ژیاری هێلێنی بەشێکە لە هی یۆنان کە لە ڕۆژهەڵات بڵاوبووبوەوە • لە یۆنانستانی کۆن تەنانەت لە سەردەمی سۆقرات ژنان ژیانێکی جیاوازیان هەبوو لە هی پیاوان و دەبوایێ ژنان لە ماڵەوە بژین •

لە قورئانی پیرۆز خوا ئەمر دەکا کە دەبێ ژنە موسوڵمانەکان باش خۆیان داپۆشن و دەبێ خشڵی خۆیان تەنیا پیشانی مێرد و کەس‌وکاری مەحرەمی خۆیان بدەن (۲) • زۆر جار خەڵك ئەم ئایەتە بە بەڵگە دادەنێن کە ژن دەبێ بە پەچە و عەبا خۆی داپۆشێ • بەم‌جۆرە دەستووری پۆشینی ژنانی ئیسلام پەیدابوو • تورکە دەوڵەمەندەکان جاران خانووەکانیان دەکرد بە دوو بەشەوە : بەشی پیاوان کە ناویان نا (سەلاملك) واتا بەشی سەلام‌کردن لە پیاوان و بەشی ژنان کە ناویان نا (حەرەملك) واتا جێگای ژنان کە نابێ پیاوی نامەحرەم بچێتە ناوی • ئەم وشەی حەرەملکە گەیشتە ئەورووپا و بوە Hareu حەرەم [واتا جێگای تایبەتی ژنان لەناو موسوڵمانان ــ وەرگێڕ] • عەبا و پەچە لە شاران لەبەردەکرێن ، بەڵام لە گوندەکان و لەناو کۆچەرەکان عەبا و پەچە نیە ، لەوێ ژنان دەبێ بەرەڵڵا

---

(۱) هەندێ مێژووناس دەڵێن دەستووری جیاکردنەوەی ژنان لە زەمانی عەباسیەکان لە سەدەی هەشتەم و نۆیەم پەیدابوو . یەکێ دەڵێ ئەم دەستوورەیان لە ئێران لە عەجەمەکان وەرگرت ، یەکێ‌تریش دەڵێ موسوڵمانەکان بۆ جیاکردنەوەی ژنی سەربەست لە کەنیزەکەکان پەچە و عەبایان لە عەجەمەکان وەرگرت. ئەودەمە ژنانی کەنیزەك ئەوەندە زۆر بوون ، ژنە سەربەستەکان دەربەست بوون خۆیان داپۆشن تاکو لەوان جیابکرێنەوە .

وەرگێڕ

(۲) ئەمە دەقی ئایەتەکەیە لە سورەتی نوور ئایەتی ۳۱ : « وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن و يحفظن فروجهن ولايبدين زينتهن الا ما ظهر منها و ليضربن بخمرهن على جيوبهن ولا يبدين زينتهن الا لبعولتهن او آبائهن او ابناء بعولتهن ... الآية » .

وەرگێڕ

بن و بە سەربەستی ئیش بکەن • ژن ناتوانێ بە عەبا و پەچەوە مەڕ بدۆشێ یان پووش و چیلکە بۆ سووتەمەنی کۆکاتەوە • بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا چینی ژنان لە هی پیاوان جیاکراوەتەوە • ژنان پێکەوە و پیـاوان پێکەوە دەژیـن [1] •

لابردنی پەچە و عەبا لە تورکیە و یۆگۆسلاڤیا و ئیران

لە سەدەی بیستەم پەچە و عەبا وردە وردە لاچوو • لە میسر لابراوە• مستەفا کەمال لە تورکیە ساڵی ١٩٢٥ پەچەی قەدەغە کرد و هاواری کردە ژنان : « هەی ژنان ! دەم و چاوی خۆتان پێشاندەن و تەماشـای دنیـا بکەن » • ساڵی ١٩٥١ حوکومەتی یۆگۆسلاڤیا پەچەی بە توندی قەدەغـە کرد و ژنانی پەچەدار گیران و خرانە بەندیخانەوە • بەڵام بۆ بگیرێن ؟ ژنان دەبێ دڵخۆش بن بەوە کە بێ‌پەچە دەتوانن بـە سەربەسـتی بـگەڕێن ، ئیش‌بکەن ، بخوێنن ، خۆیان پێ‌بگەیێنن و پێشکەون •

ساڵی ١٩٣٦ کە پەچە لە تاران لە ئێران قەدەغەکرا ژنـان بەمـە زۆر دڵگیر و عاجز بوون • ئەم دەستوورە تازەیە بە سێ هەفتە بە سێ پایـە جێ‌بەجێ کرا • لە هەفتەی یەکەم لە کۆڵانەکانی دەوروپشتی شار نەدەبوایێ ژنی پەچەدار بێتە دەرەوە • لە هەفتەی دووەم قەدەغە کردن گەیشتە شەقامە گەورەکان ، لە هەفتەی سێیەم ژنی پەچەدار نەیدەتوانی بچێتە ناو بازاڕەکانی ناوەڕاستی شار • ژنێکی دینمارکی کە لەودەمە لە تاران دەژیا دەگێڕێتەوە کە کچە کارەکەرەکانی لە هەفتەی یەکەم نەیانویست بێ‌پەچـە لە کۆڵان و شەقامەکان خۆیان دەرخەن و بچنەوە ماڵی باوکیان کە لە دەوروپشتی شار

---

(١) بەڵام لە لادێ ماوەی تێکەڵبوونی پیاو و ژن زیاترە . ژن دەتوانێ لەنـاو کوردەکان مێوانی پیاو قەبووڵ کا .

وەرگـێڕ

بوو • لەبەرئەوە داوای تەکسییان کرد تاکو بیانگەیێنێتە ماڵ • بوچی ئەم ژنانە پێیان خۆش نەبوو کە لە پەچە دادانەوە رزگار و سەربەست کران !!

ماف و گیانی لێپرسینی ئـافرەتان

کە لەناو ژنە موسوڵمانەکانی کوردستان ژیام تێگەیشتم کێشـەی (واتا موشکیلەی ، مەسئەلەی) سەربەستی ژن لەتەنیا پەچە لابردن قووڵترە• نابێ ئێمە ئەمە بەراورد بکەین لەگەڵ مافی ئافرەتانی ئەورووپـا لە پەنجا ساڵی رابوردوو بۆ چوونە زانکۆ (جامیعە) تاکو پێکەوە لەگەڵ کورەکان بخوێنن ، مافی دەنگدان لە هەڵبژاردن (ئینتیخابات) و یەکسانی سیـاسی کە هەوڵیان بۆ دا و پێی گەیشتن (١) •

لەکاتی ژیانم لە عێراق نەمتوانی لەگەڵ کۆمەڵـەی ژنـانی عەرەبی خوێندەواری بەرز لە بەغدا پەیوەندی پەیدا کەم تاکو بزانم کێشەی مـاف

---

(١) لە ئەورووپا و ئەمەریکا هێشتا ژنان داوای زۆر مافی‌تری دەکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆریان ئەو مافانە ــ وەك مافی دەنگدان ــ بەکارناهێنن کـە پێیاندراوە • زۆری ژنانی رۆژئاوا یان ناچن بۆ دەنـگدان یـان وەك مێردەکەیان یان باوك و برایان دەنگدەدەن • ژنانی رۆژهەڵات وا وردە وردە دەگەنە زۆری مافەکانی پیاو • مافیش نابێ بـە یەکجـار کوتوپڕ بدرێ • چونکە لەگەڵ مافا گیانی لێپرسین (واتا رۆحی مەسئوولیەت) هەیە • هەتا ژن خوێندەوار نەبێ و گیانی لێپرسینەوەی نەبێ لەو مافە کە پێی‌دەدرێ کەلك وەرناگرێ • لە ئەورووپا بۆ وێنە ژنی ئیشـکەر لەکاتی منداڵ بەخێوکردن هەتا ٦ ــ ٧ ساڵان واز لە ئیشـەکەی دێنـێ بۆئەوە کە بە باشی رۆڵەکەی بەخێو کا و پێی‌بگەیێنێ • لای زۆربـەی ژنانی رۆژهەڵات مووچەخۆری (واتا وەزیفە) لە منداڵ بەخێوکردن زۆر گرنگترە چونکە شتێکی تازەیـە • ژنـان منداڵەکەیـان لای کارەکـەر بەجێدەهێڵن ، یان لەم ژنەوە دەیدەن بە ژنێکی‌تری • بەمجۆرە منداڵەکە تووشی نەخۆشی نەفسی و عەصەبی دەبـێ • کە گەورە بوو رقـن ، توورە ، شەڕانی یان ترسنۆك دەبێ • لە دڵا رقی لە دایـکی دەبـێ ، لەبەرئەوە رقی لە هەمووکەس دەبێ •

وەرگـێڕ

وەرگرتنیان چۆنە و چۆن دەیانەوێ خۆیان پێشخەن • ئەو ژنانە کە ناسیمن کورد بوون ، زۆربەیان کوردی لادێیی بوون کە لە دیهاتی ناوشاخەکانی باکووری عێراق دەژین • ئـەم گوندانـە دوورن ، زۆر جـار رێـگای ئۆتۆمۆبیلیان بۆ ناچێ و تۆ دەبێ بە پشتی ولاغ بە رێگای تووش و ناخۆشا بۆ ئەو گوندانە بچی • زستان کە بەفر باری هەندێ لەو گوندانە چەنـد رۆژێ ، بەڵکو چەند هەفتەیێ لە دنیا دادەبڕێن و بە تەنیا دەمێنن •

ئـافرەتان و شت خوێندنەوە :

بەڵێ لە کوردستان ، بەتایبەتی لەناو شاخە بەرزەکان رێـگای بـاش هێشتا کەمە • بەڵام کوردستان پێویستی بە جۆرە رێگایێکی‌تری هەیـە : رێگای پێشکەوتن و پەرەسەندنی بیری نوێ ، زانیاری و خوێنـدەواری لەناو شار و گوندەکان • ئەمیش بەهۆی پەرەسـەندنی خوێنـدەواری و بڵاوکردنی شتی نووسراو دەبێ • لە دەرەوەی شاری سولەیمانی ئەو ژنانە کە تووشیان بووم کەسیان خوێندەوار نەبوون و زۆری ژنانی سولەیمانیش نەخوێندەوارن [١] • ئەو ژنە خوێندەوارانەش کە هەن و کە جاران چوونەتە فێرگە ئێستا بەدەگمەن شت دەخوێننەوە • بەڵێ قاقەز دەخوێننەوە ، بەڵام فێری ئەوە نەبوون ، لەباتی دەمەتەقێ ، تۆی گوڵە بەرۆژە قرتاندن و باسی ئەم و ئەو بە خراپە کردن ، شتی نووسراو واتا کتێب ، گۆڤار یان رۆژنامە بخوێننەوە •

لە دێهات رۆژنامە نیە • لە شاری سولەیمانیش هەبێ ژنان نایخوێننەوە•

---

(١) لە دە ساڵی رابوردوو خوێندەواری زۆر بڵاوبوەوە لە ناو و دەرەوەی شارەکان . ژنانی نەخوێندەوار کە تەمەنیان لە بیست ساڵ کەمتر بێ لەناو شارەکان زۆر کەمن و بەهۆی کردنەوەی فێرگە (واتا مەکتەب) لـە ئاواییە گەورەکان کچە لادێییەکانیش وردە وردە فێری خوێندەواری دەبـن .

وەرگـێڕ

پیاوان لە چایخانە و دووکان دەیخوێننەوە ، بەڵام بەدەگمەن بۆ ماڵەوە دەیهێنن ، ئەو ژنانە کە خوێندەوارن لە ماڵەوە لە باوك ، مێرد یان کوڕیان داوای رۆژنامە ناکەن . ژنان کە دەچنە بازاڕ بۆ بامیە و تەماتە کڕین ، رۆژنامەیێکیش ناکڕن لەگەڵ خۆیان بیهێننە ماڵەوە . بەڵێ رادیۆ دەنگ‌وباس بڵاو دەکاتەوە ، بەڵام ژنە نەخوێندەوارەکان گوێی لێ ناگرن . چونکە تێ‌ی ناگەن و ئاگایان لە دەنگ و باسی دنیا و بناغەکەیان نیە . ئەمانە تەنیا گوێ لە دەرسە دینیەکان دەگرن و حەزی لێ دەکەن .

چۆن ئافرەتە نەخوێندەوارەکان بەزەیی‌یان پێم دەهات ؟

سەیرتر شت بۆ من ئەوەبوو من بیرای بیرای تووشی ژێکی کورد نەبووم حەسوودیم پێ ببا بەوە کە بە سەربەستی دەگەڕێم و بەرگی سووك و سادەم لەبەرە . بەپێچەوانەی ئەوە وا تێ‌دەگەیشتن من بە جلە ئەورووپایی‌یە هاوینیە سادەکەمەوە پۆشتە نیم و وەك هەژار خۆم پۆشیوە و بەزەیی‌یان پێم دەهات . کە دەیاندی من بەتەنیا هاتووم و دەگەڕێم دڵیان پێم دەسووتا و لە دڵی خۆیانا دەیانگوت : «دە تەماشای ئەم ئافرەتە بەسەزمانە کە چەند بێ‌کەسە ، کەس رێزی لێ نەگرتوە لەگەڵیا بگەڕێ و کە تووشی شتێ بوو لەسەری بکاتەوە و بیپارێزێ . خۆ دنیا بێ گورگ و چەقەڵ نیە !! » لە یەکەم هەفتەی دانیشتنم لە دێی تۆپزاوەی لای دووکان ژنانی خانە خوێ‌کەم پێ‌یان گوتم : « بێتو بتەوێ جلێکی کوردانەی باشت بۆ دەکەین وەك هی خۆمان کە لەبەری کەی و پێوە بگەڕێ‌ی . ئەو بەرگە کە لە ئاوریشم و سورمە دروست‌دەکرێ و ڕەنگا و رەنگە و دەبریقێتەوە و ئەوەندە درێژە دەگاتە سەرزەوی » . لە دڵی خۆیانا دەیانگوت : عەیب و شوورەیی نیە ئەم ئافرەتە باشە وا بە قول و لاق رووتی دەگەڕێ . لەپاشا پێ‌یان‌گوتم : بێتو بمەوێ دوو ــ سێ کەس دەخەنە تەکم کە لەگەڵما بگەڕێن بۆئەوە کە شانازی پێوە بکەم و خەڵك بە ئافرەتێکی گرانم دابنێن .

بەڵام من ئەمەم قەبووڵ نەکرد ، چونکە پێویستم پێ نەبو • من بەتەنیاش بگەڕایەم خەڵك هەر ریزیان لێ دەگرتم و دڵنیا بووم کە تووشی شتێ بووم لەسەرم دەکەنەوە ، چونکە میوانی شێخی تۆپزاوە بووم • لەپاشا ژنێ لە هیچ لایێکی دنیا ناتوانێ بە سەلامەتتر لە ولاتانی ئیسلام بگەڕێ • تووشی هەرکەسێ بێ دەزانێ ئەم ئافرەتە خێزانی هەیە ، کەسوکاری هەیە کە ئامادەن هەمو دەمێ لەسەری بکەنەوە •

کە ژنانی تۆپزاوەی خانەخوێم دەچوون بۆسولەیمانی باشترین بەرگیان لەبەردەکرد و پەچە و عەبایان دەپۆشی و دەیانزانی کام جۆرە بەرگ لە شاری سولەیمانی نایابە • تەرجومانەکەم جاتتاییێکی بچووکی پێ بوو بۆ هەموو گوندێکی دوور کە بە پشتی ولاغ دەچووین لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆئەوە کە عەباکەی تیا بپارێزێ و گەیشتەجێ زوو لەبەری کا • کە لە بەغدا پێکەوە بووین چەند جارێ پێم گوت : ئێمە لە بەغدا غەریبین و نەناسراوین لەبەرئەوە وا باشترە وەك من بێ‌عەبا بگەڕێی • بێتو بلووز و تەنوورە لەبەرکەی خەڵك بە بیانی (واتا بێگانە)ت دەزانن • بەڵام ئەمەی قەبووڵ نەکرد و دەیگوت : ئۆی ! بە پرچ و مل رووتی لە بازاڕ و شەقامەکانا بگەڕێم ؟؟ ناکرێ و نابێ !

ژنان دەچنە سینەما

ئێوارەیێ لە سولەیمانی لەگەڵ چەند ژنێك ویستمان بچینە سینەما • سینەماکە هاوینی و کراوە و لەژێر عاسمان بوو ، واتا بانی بەسەرەوە نەبوو • فیلمێکی فارسی تێدا پێشان دەدرا کە چیروکێکی هەزار و یەك شەوی دەگێڕایەوە • لەبەرئەوە ژنان و پیاوان بۆ دیتنی دەچوون • بەڵام ئێمە ـ داخەکەم ـ بە بێ‌دیتنی فیلمەکە گەڕاینەوە • دەزانن بۆ ؟ چونکە لۆجی بەتاڵمان نەدۆزیەوە بۆئەوە کە بە جیاوازی تێدا دانیشین • ژنەکان هەموو خۆیان داپۆشیبوو و کەس نەیدەناسین ، بۆ منیش قەیدی نەدەکرد لەناو

پیاوان یان ژنان دانیشم • من هیچم پێ نەکرا و هیچم پێ نەگوترا • ژنەکان هەموو سەرزەنشت و لۆمەی برا گەورەکەیان کرد کە بۆچی لەوە پێشتر زوو لۆجێکی نەگرتبوو • لەبەرئەوە ئێمە هەموومان وەك مێگەلە مەڕ کەوتینەرێ و لە سینەماکە لۆش لۆش دەرچووین • برا کلۆلەکەشیان لە پشتمانەوە زۆر بە عاجزی و مەلوولی دەڕۆیی و وا دیار بوو هەستی بە هەڵەکەی (واتا خەتاکەی) خۆی کردبوو و دەیزانی لۆمەکەیان لە جێی خۆیەتی •

من وا ڕێك کەوت جارێکی تری بتوانم بۆ هەمان فیلم بچم • پاش چەند ڕۆژێ ئافرەتێکی ناسراوی شارەکە تەرجومانەکە و منی بانگ کرد بۆ سینەما • ئەمجارە توانیمان لۆجی بەتاڵ بدۆزینەوە و لە لۆج دانیشتین • ژنەکان پەچە و عەبایان پۆشیبوو • کە فیلم دەسی پێ دەکرد پەچەکەیان لادەدا ، کە ڕادەوەستا و چراکان دادەگیرسان خێرا پەچەکەیان دادەدایەوە ، نەدەبوو تێرینە تەماشاکەرەکان کە سینەماکەیان پڕکردبوو ، قرەقڕیان دەکرد و دەنگیان دەهات چاویان بە پەنجەرەیێکیان بکەوێ •

پایەی ژنە موسوڵمانەکان لە هی پیاوان نزمتر نیە

هەندێ کەس وا تێدەگەن پەچە و عەبا ئەوە پێشاندەدا کە پایەی ژنی موسوڵمان لە هی پیاوان نزمترە • من کە یەکەم ژنی پەچەدارم لە شاری Mostar, Sarajevo لە یۆگۆسلاڤیا ساڵی ١٩٣٩ چاوپێ کەوت ، بە هەموو گیانمەوە بەزەییم پیا هات و دڵم پێ سووتا • بەڵام کە لە لۆجەکەی سینەما لەگەڵ ژنە پەچە و عەبادارەکان دانیشتبووم ببڕای ببڕای هەستی ئەوەم نەدەکرد ئێمە لە پیاوان خوارترین ، بەڵکو هەستی ئەوەم دەکرد کە ئێمە چینێکی بەرز و هەڵبژاردەین • لەبەرئەوە نابێ خۆمان پیشانی خەڵك بدەین • ئەمە ژوورە بچووکەکانی هەندێ کڵێسەم دەخاتەوە بیر لە هەندێ گوندەکانی ئەورووپا کە پەنجەرەکانی داپۆشراون و دیوارە دارینەکەی

کون کونه • خێزانی کۆنتەکان (واتا بەگزادە بەرزەکان) لەو چەشنە ژوورە بچووکانە ــ کە لە لۆجی سینەما دەچن ــ دادەنیشن بۆئـەوە کە خۆیـان پیشاندەن کە لە چینی خەڵك و بۆرە پیاو جیاواز و بەرزترن • من هەندێ‌جار دەمویست ئافرەتە کوردەکان تێ‌بگەیێنم حازربوونی ژن لەسـەر مـێزی نانخواردن لەگەڵ پیاوان جوانی و خۆشی و ڕەونەق دەخـاتە نـاو ئەو کۆمەڵە و زۆر بوونی ئافرەتی جوان و رازاوە لە ئاهەنگی شانۆگەری (واتا تەمسیل) ئاهەنگەکە جوانتر ، خۆشتر و بەرەنگتر دەکا ، بەڵام ئافرەتەکان ئەم قسانە نەدەچوە مێشکیانەوە •

من هەندێ‌جار تووشی گەنجێکی کورد دەبووم کە لە ئەورووپا یان ئەمەریکا خوێندوویە ، پێ‌ی‌دەگوتم دەیەوێ تەنیا یەك ژن بێنێ و خـۆی کچێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە نەك بەهـۆی کەس و کاری و دەبێ پێـش مارەبڕین چاوی بە بووکەکەی بکەوێ • ئەوەی سەیر و سەمەرە بێ ئەوەیە بووك بەهۆی پەچەکەیەوە دەتوانێ ــ بەدزیەوە ــ زاوا ببینێ • گەنجێکی کورد کە نەچووبوە ئەورووپا جارێ لە من شتی سەیری پرسی و گوتی : راستە لە ئەورووپا کە کوڕێك لەسەر شەقام تووشی کچێك بوو دەتوانـێ داوای لێ بکا شووی پێ بکا ؟ ئەمانە هەندێ بیری خراپ و چەوتیان هەبوو لەلایەن سەربەستی ژنانی ئەورووپا و وایاندەزانی بێتو سەربەستی بە ژنانی کورد بدرێ ، ئەوانیش لە دوارۆژدا وەك ئەورووپاییەکان لە ڕێ دەردەچن •

کە گەنجەکانی ئێرە چاویان بە هەندێ وێنەی ژنی نیمچە رووت یـان چیرۆکی ژنی خراپ لە سینەما دەکەوێ ، وادەزانن ئەمـە ژیـانی ئاسـایی راستەقینەی ژنانی ئەورووپا پێشاندەدا • ئەمە لە لایێکەوە راست نیـە و لە لایێکی‌ترەوە خەتای لای خراپی ژیانی کومەڵی ئێمەیە لە ئەورووپا ، لەو ئەورووپایە کە هەندێ ژن ئەو سەربەستیـە کە پێ‌یـاندراوە بۆ خراپـە بەکاری‌دێنن •

ژنهێنـان له رۆژههڵات

من له تۆپزاوەی لای دووکان کچی خانەخوێکەم زۆر خۆش دەویست• جارێـك بەگاڵتەوە پێیان گوتم : خـانم بۆچی لەگەڵ خـۆت نـایبەی بۆ دێنمارك بۆ کوڕەکەت • خۆ هەردوکیان تەمەنیان لە یەك نزیکە • ئەم گاڵتەیە دوو شتی جیاواز پیشاندەدا بۆ ئەوان و بۆ من • بۆ ئەوان ئـەوە پیشاندەدا دەیانەوێ لەگەڵ خێزانی من ــ کە لەوانەوە دوورە و نایناسن ــ پەیوەندی پەیداکەن • بۆ منیش مەبەستیان ئەوەبو دایك دەبێ بۆ کوڕەکەی ژنی دوارۆژ بدۆزێتەوە • ئەمە بۆ ئەم ژنە لادێییـانە شـتێکی سـەیر و سەمەرە نەبوو • ئەی گەنجێك چۆن دەتوانێ بە جۆرێکیتری ژن بێنێ ؟ ئەو بەتەنیا ناتوانێ کچی خەڵك بناسێ • دەبێ ژنانی ماڵەکەی بیدۆزنەوە و بیناسن • ئەمە ئەوەشمان پیشاندەدا لێرە پەیوەندی کوڕ لەگەڵ دایك و خوشکەکانی زۆر لە هیی لای ئیمە بەهێزتر و پتەوترە • من جارێکیان چاوم بە گەنجێ کەوت دایـکە نەخۆشـەکەی بەکۆڵی خـۆی هەڵگرتبـوو و هەڵدەکشایە سەر گردێك بۆئەوە کە بیبـا بۆ نەخۆشخـانە بچووکەکەی دووکان • ئەم دیمەنە ئەوەندە پڕ لە خۆشەویستیە ، ماوەییکی درێژی دەوێ لەبیرم بچێتەوە •

نیزامی پـاتریارکی له کوردستان

خێزانەکان لە کوردستان لەسەر نیزامی زنجـیرەی بـاوك و باپـیر Patriarcy دەڕۆن ، ئەو نیزامە کە لای باوك ، باپیر ، باپـیری گەورە ••• هتد دەگرێ ، لای دایك ناگرێ کچی کێ بێ بێ • کە کـوڕ ژنیهێنا ــ ئەو ژنە کە دایکی بۆی دێنێ ــ لە مـاڵی باوکی دەمێنـێ [(١)] •

---

(١) ئەمە جاران وابوو ، ئێستا بەتایبەتی لە شاران و لەناو خوێندەوارەکان وا نیە . زۆربەی کوڕەکان لە شاران کە ژنیان هێنا لە مـاڵی بـاوکیان جیادەبنەوە و هێلانەیێك بۆ خۆیان دروستدەکەن . بێتـو کوڕەکـە

یەکبوونی کۆمەڵی (واتا ئیجتیماعی) باوك ــ دایك ــ منداڵ لێرە نیە • منداڵ و ساوا بچووکەکان هی دایکیانن ، بەڵام منداڵە گەورەکان دەچنە سەر باوکیان• کچێك جارێکیان گوتی : «زۆر خێزان داوایان کردووم»• ئەمە لەباتی ئەوە بڵێ « زۆر کەس داوایان کردووم » (١) • ئەم کچە شووی نەکردبوو ، مامۆستا بوو و بە مووچەکەی دەیتوانی خۆی بەخێو کا • من لێم‌پرسی : «ئایا هیچ جارێ بیری لەوە نەکردوەتەوە لە ماڵی باوکی دەرچێ؟» ئەو پرسیارەکە تێ‌نەگەیشت (٢) و باسی ئەوەی بۆ کردم چۆن کۆمەکی باوکی دەکا لە شتی ناوماڵ ، کڕینی جل و پێلاو بۆ خوشکەکانی ••• ئەو بیری لە خۆی نەدەکردەوە ، بەڵکو بیری لە هەموو خێزانەکەی باوکی دەکردەوە• خۆشی و کامەرانی خێزانەکەی باوکی لای ئەو گرنگتر و بەهێزتر بوو لە ژیانی خۆی •

خانووی نەدۆزیەوە بۆ ماوەیێکی کورت لە ماڵی باوکی دەمێنێ ، لەپاشا جیادەبێتەوە .

وەرگێڕ

هەواڵنامەی کتێب

(١) یەکێك لەو قسانە ژنانی سولەیمانی دەیڵێن و هاوکاری ژنان پێکەوە پیشان‌دەدا ئەمەیە : کە بپرسی بۆچی فلان کچ شووی نەکردوە و ماوەتەوە ؟ لە وەڵامدا دەڵێن «خۆ داواکەری هەبوو » .

وەرگێڕ

(٢) لە کوردستان کچێك شووی نەکردبێ لەگەڵ باوکی دەمێنێ . باوکی نەبوو لەگەڵ براێکی یان مامی دەژی . ژن لێرە بەتەنیا وەك لە ئەورووپا ناتوانێ و نابێ بژی ، مەگەر پیرێژن بێ . ئەویش بێتو خانووی هەبێ دەبێ لەگەڵ ژنێکی‌تری یان خزمێکی بژی . خانووی نەبوو ئەوا لە ماڵێك ژووری بەکرێ دەگرێ و لەگەڵ ئەو خێزانە دەژی . بەڵێ لە رۆژئاوا ژنێك دەتوانێ بەتەنیا بژی و چی‌بیەوێ بیکا ، بەڵام نەك لە کوردستان لە زوربەی وڵاتەکانی ئیسلام ئەمە مومکین نیە و ناشێ . لەو شارانە کە تێکەڵ روژئاوایی بوون وەك ئیستانبوول ، بێرووت ژنێك دەتوانێ بەتەنیا بە سەربەخۆیی بژی .

وەرگێڕ

ئایا ژنێك دەتوانێ بە تەنیـا بژی

لە ئەورووپا جۆرە خێزانێ پەیدا بوە و بوەتە بەشێك لە ژیاریـان و کۆمەڵ قەبوولی دەکا ئەویش دایکێکی بەتەنیایە (بێوەژن یـان تەڵاقدراو) لەگەڵ منداڵەکانی • دایکێکی تەڵاقدراو لە وڵاتانی موسوڵمان زۆر جار دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی • بەڵام لە وڵاتانی موسوڵمان دایکی مـارە نەکراو لەگەڵ منداڵەکەی نیە • ئەم چەشنە دایکانە لە ئەورووپـا ئێستا قەبـووڵ دەکرێن ، بەڵام لەناو موسوڵمانان شتیوا نیە • لێرە کچ باش دەپارێزرێ و زوو بە شوو دەدرێ و کچێنی شتێکی زۆر گرنگ و ناسکە • کچێك پێش شووکردن کچێنی نەما لەوانەیە بکوژرێ •

لێرە ژنی تەڵاقدراو نیە لەگەڵ منداڵەکانی بەتەنیـا بژی [1] • ژنـی گەورەی شوونەکردو و پیاوی گەورەی بێژنیـش زۆر کەمـن • هـەر پیاوێ ئەوەندە پارەی هەبێ مارەییەکە بدا دەبێ ژن بێنێ • بێتو پـارەی نەبێ کەس و کاری دێنە کۆمەکی و ژنی بۆ دێنن • هەموو پیاوێ دەتوانێ هەتا چوار ژن بێنێ و تەڵاقیش ئاسانە ، لەبەرئەوە ژنان بەدەگمەن بێمێرد دەمێنن [2] •

---

(١) بێتو ئەم ژنی تەڵاقدراوە منداڵی گەورە ، یان پارە و موڵکی هەبێ لەوانەیە بەتەنیا لە خانوویێك بژی .

وەرگـێر

(٢) لە یەك ژن زیاتر هێنان ئێستا زۆرگرانە ، دەبێ لای قازی مارە بکرێ . قازیش نەزانێ پیاوەکە شەرتەکانی دینی جێبەجێ کردوە یان لەوانەیـە جێبەجێی بکا (واتا بتوانێ ماڵێکی جیاواز بۆ ژنی دووەم دامەزرێنێ و وەکو یەك تەماشای هەردوکیان بکا) ژنی دووەم مـارە نـاکا . ئێستـا هەندێ کەس بە دزیەوە لە لادێ ژنی دووەم دێنن . زۆر ژنهێنان ئێستا لە تورکیە و توونس بە یاسا (واتا قانوون) قەدەغەیە . لە عێراق و میسر شەرتی گرانی هەیە . لەپاشا تەڵاقیش ئێستا وەکو جاران ئاسان نیە . پیاو دەبێ لای قازی ژنەکەی تەڵاق دا .

وەرگـێر

که باوك لەبەر هەر هۆیێ بێ ژنی دووەمی هێنا ، بۆ وێنە ژنی یەکەم مرد ، رۆیی یان جیابوەوە ، منداڵەکان هەموو پێکەوە دەژین • برا و زڕبرا، خوشك و زڕخوشك پێکەوە گەورە دەبن •

ئیش و کاری ناوماڵ

ئیشی ناوماڵ ــ لە هەردوو خێزانەکە کە لەگەڵیان ژیام ، خێزانی سولەیمانی و هی تۆپزاوەی لای دووکان ــ زۆر بوو و لەبەر نەبوونی ئامێر (واتە ئالەت) و مەکینە زۆر کات و دەستی پێ دەویست • ماڵ وەك کارخانەیێکی بچووك وابو • لەوێ هەموو ژنان پێکەوە ناوماڵیان پاكدەکردەوە ، شتیان دەشۆری ، چێشتیان لێدەنا ، نانیان دەکرد ، مەشکەیان دەژەنی ، لە کانی ئاویان دەهێنا ، دروومان و پینە و پەڕۆیان دەکرد ••• و زۆر شتیتری • هەموو ئیش دەبوایێ بە دەس بکرێ • ئێمە لە ئەورووپا کە بۆ زۆر ئیش ئامێر بەکاردێنین ، لەبیرمان چوەتەوە کە ئیشی ناوماڵ لەوانەیە هەم خۆش بێ و هەمیش حەز بە کردنی بکەین • بەڵێ لە ئەورووپا ژنان حەز لە ئیشی کارخانە زیاتر دەکەن نەك لە ئیشی ناوماڵ • زۆر جار ئەمە لەبەرئەوەیە ژن لە کارخانە بەتەنیا نامێنێ و لەگەڵ چەند کەسێ پێکەوە ئیش دەکا و هاودەم و هاوکار دەدۆزێتەوە • بەڵام لە ئیشوکاری ناوماڵی کورد کە من دیتم و زانیم تۆ بڕای بڕای وەڕس نابی و بەتەنیا نامێنی و هەستی تەنیایی ناکەی •

ژیانی سادەی لادێییەکان

کوردەکان ــ بەتایبەتی لە لادێ ــ ژیانێکی زۆر سادەیان هەیە • رۆژی دوو جار نانی سەرەکی دەخۆن • ئەم نان و خواردەمەنیە لەناو قاپ دەخرێنە سەر سینی بو چەند کەسێ ، سینیەکە لەکوێ ویستیان لە بەردەم خۆیان لەسەر زەوی دایدەنێن • نوێنیشیان زۆر سادەیە و بریتیە لە دۆشەك و

لێفه و سه‌رین که له‌سه‌ر به‌ڕه ، لباد یان فه‌رشێ له‌سه‌ر زه‌وی له یه‌کێ لـه ژووره‌کان یان له سه‌ربان راده‌خرێ • ئه‌مه ده‌بێته هۆی ئه‌وه ژماره‌یێکی زۆر مێوان قه‌بوول که‌ن و نان و نووستنیان بۆ جێبه‌جێ بکه‌ن • له‌به‌رئه‌وه مێوانداری‌یێکی بێ‌سنوور باوه و مێوانداری بوه‌ته نه‌ریتێکی زۆر به‌رز و به‌ڕێز • بێتو پایه‌ی کورده‌کان به‌رزتر بێ و له‌سه‌ر چوارپایه یان ته‌خت بنوون ، کورسی و قه‌نه‌په‌یان هه‌بێ ، له‌سه‌ر مێز نان بخۆن ، ئه‌وده‌مه مێوانداری خۆشی و تامه‌که‌ی جارانی نامێنێ و کز ده‌بێ •

مێوانداری و باسی خه‌ڵك کردن

ئه‌م مێوانداری و کردنه‌وه‌ی ده‌رگایه بۆ هه‌ر خزمێ یان براده‌رێ ، له‌و ماڵه که ده‌ژیام بووبوه هۆی پته‌وکردنی په‌یوه‌ندی خێزانه‌که و ماڵه‌که له‌گه‌ڵ خه‌ڵك • له‌به‌رئه‌وه یه‌کێکی غه‌ریبی وه‌کو من که چاوی به خانوێکی بێ‌په‌نجه‌ره که‌وت وادەزانێ خێزانی ئه‌و ماڵه ناتوانن په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ خه‌ڵك په‌یداکه‌ن و ئاگایان له دنیا نیه • به‌ڵام راستیه‌که‌ی وا نیه ، له‌ودیوی هه‌ر دیواری ماڵێك ژیانێکی کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌یه که هه‌مه چه‌شنه‌یه و پڕ به جووڵانه‌وه و بزووتن و گفتوگۆیه •

که‌یبانووی ماڵ هه‌موو ده‌مێ خه‌ریکی کاری خۆیه‌تی ، به‌ڵام هه‌ر ده‌قیقه‌یێك له‌وانه‌یه مێوانێك بێت و ئافره‌ته‌که ئیشه‌که‌ی راگرێ • ئه‌م مێوانانه له به‌یانی زووه‌وه دێن هه‌تا شه‌وێ دره‌نگ و به‌ده‌گمه‌ن ماڵ بێ‌مێوان ده‌مێنێ • له‌به‌رئه‌وه ژنانی ماڵ هه‌موو شتێ له‌لایه‌ن دراوسێکانه‌وه ، خزم و که‌س و کار و خه‌ڵکی‌تره‌وه ده‌زانن و ده‌یانه‌وێ هه‌موو شتێ — هه‌رچه‌ندی بچووك بێ — بیزانن • ئه‌مه ده‌بێته هۆی ده‌مه‌ته‌قێ ، غه‌یبه‌ت ، دووړوویی و به چاك و خراپ باسی خه‌ڵك کردن • ئه‌م ژنانه له کۆبوونه‌وه‌کانیان له‌لایه‌ن ژیان و ئه‌حواڵیان بڕیاری زۆر گرنگ ده‌ده‌ن •

خێزانی کوردەواری

مێرد سەرۆکی خێزانەکەیەتی کە لەسەر بناغـەی زنجـیرەی بـاوان Patriarch دامەزراوە • ئەو بڕیاری زۆر شت دەدا وەك ئیزن دانی ئەندامێکی خێزان بۆ سەفەرکردن • لە ماڵەکەی سولەیمانیم جارێکیان کەیبانووی ماڵ لەگەڵ دوو کوڕ ، دوو زرکچ و منداڵێکی ساوا بۆ چەنـد رۆژێ چوون بۆ دێیێك کە بە ئۆتۆمۆبیل زۆر دوور نەبو • بەڵام ئافرەتەکە لەو جێگایەوە چوە جێگایێکی‌تری و سەفەرەکەی بە ماوە و دووری درێژە پێدا • کە هاتەوە مێردەکەی لێی توورە بوو و بەتوندی لۆمەی کـرد • بەڵام کە کچە گەورەکەی ناوبژی کرد و لەسەر باوەژنەکەی کردەوە ، کابرا نەرم بوو و لە توورەیی‌یەکەی هاتەخوارەوە •

پیاوان لێرە زۆربەی کاتی حەسانەوەیان بە دانیشتن لە چایخانە ، بـە گەڕان لە شەقامەکان و لەناو باغی گشتی رادەبوێرن • لەوێ برادەرەکانی خۆیان دەدوزنەوە و قسەیان لەگەڵ دەکەن [١] • بەڵێ هەفتەیی رۆژێك باغی گشتی بۆ ژنان تەرخان کراوە ، بەڵام ئەمان ناچنە چایخانە • ئەرێ چایخانەیان بۆ چیە ؟ لە ماڵەوە لەگەڵ چەند ژنێ پێکەوە رادەبوێرن ، ئەوە لە چایخانـە باشترە • یان دەچنە مێوانی بۆ ماڵێکی ناسیاو و ئەو ماڵە دەکەنە چایخانە •

من هەندێ‌جار بیر لەوە دەکەمەوە بۆچی ژیاری ئەورووپا دەستی خزمـەت درێژناکا بۆ ژنانی کورد ، بەتایبەتی لەبابەت داو و دەرمان و تیمارکردنی پزیشکیەوە (واتا دکتوریەوە) بۆئەوە کە نەخـۆشی کەم بێ و ژمـارەی مردنی ساوا بێتە خوارەوە [٢] •

---

(١) پیاوە زۆر دیندارەکان زۆر جار دەچنە مزگەوت ، لەوێ پێش یـان پاش نوێژ لەگەڵ برادەرەکانیان دەمەتەقێ دەکەن .

وەرگـێڕ

(٢) لە بیست ساڵی رابوردو ، داو و دەرمان و نەخۆشخانە لە کوردستـان زۆر بووە . ئێستا ــ لە دێهاتە دوورەکان نەبێ ــ بەدەگمەن منداڵی ساوا

بەڵام من لەوە زیاتر دەبێ باسی لای چاکی ژیانی ئافرەتـانی کـورد بکەم کە لەکاتی مانەوەم لەناویان تێی گەیشتم • ئەم لایە باشانە ژیـانی ئەم ئافرەتانەیان خۆش و جوان و ڕەنگا و ڕەنگ کردوە ، ئەو ئافرەتانە کە لـە ژینەوارێکی (واتا موحیطێکی) وا دەژین کە لـە هەموو شـتێکی تـازە و دڵخۆشکەرەوە بە هەموایی بێبەرە و بێبەشە • ئەمە لایـە چاکەکانیـان بەنرختر و نایابتر دەکا •

لەپاش گەڕانەوەم بۆ دێنمارك لە ئەندازیارێکی گەنجـەوە لەسـەر بەستێنی دووکان قاقەزێکم وەرگرت کە باسی ژیانی منی دەکرد لە تۆپزاوە• دەیگوت : «لەبیرتانە ئێوارانتان چەند بە خۆشی و بێقرە و برە ڕادەبوارد ؟ سەماوەر جۆشەی دەهات و گفتوگۆ بە هێمنی و خۆشی دەوامی دەکرد • مرۆڤ هەندێجار قوول بیردەکاتەوە و تەئەممول دەکا ••• ئێوە کۆمەکیتان کردم ئەم ژیانە تێبگەم و حەزی لێبکەم • مـن هەندێجـار بـیر لـەوە دەکەمەوە ، ئایا دەتوانم ئەم جۆرە ژیانە لە ماڵی خۆم دروستکەم » •

ئەمە قسەکانی ئەو ئەندازیارە گەنجە ئینگلیزەیە کە لەسەر بەستێنی دووکان ناسیم و تێمدەگەیاند چۆن لەلای ئەوان لەگەڵ بوونی نـادی و حەوزی جوانی مەلەکردن وەڕسدەبووم ، بەڵام لە دێیە تەنهاکەم لەناو ژنـە کوردەکان بیرای بیرای عاجز و بێتاقەت نەدەبووم •

ئەم ئافرەتانە لـە کار و کردەوەیـان گوێیـان نەدەدایـە کـات و ماندویەتی • ئیشێك ــ بۆ وێنە ــ بە دە دەقیقە تەواو بکرێ ، ئەوان بـە

دەمرن . هەر خێزانێکی لادێیی ئێستا لە ٦ هەتا ١٢ منداڵی هەیـە . کۆڵانەکانی نزیك پڕن لە منداڵی هەراش لەبەر نەبوون یـان بچـووکی حەوشەی ماڵان .

وەرگـێڕ

سەعاتێك تەواویان دەكرد و بە ماندوویەتی‌یەكی زۆرتـر ، لەسەرخـۆ بـە خۆشیەوە ئیشیان دەكرد • ئیش‌كردن لای ئەمان تەنیا فرمـانێكی (واتـا وەزیفەیێكی) پێویست نیە وەك لای ئێمە لە ئەورووپا ، بەڵكو هەم فرمانە ، هەم یاریە و هەمیش بە خۆشی رابواردنە • لەبەرئەوە لە ئیش‌كردن ببڕای ببڕای وەڕس ، عاجز ، بێ‌تاقەت یان هیلاك نابن • كاتێكی زۆر و زەبەندەیان هەیە لەسەرخۆ بە خۆشی بەسەری‌دەبەن (١) •

ژنانی كورد توانای باشیان هەیە و زۆریان پسپۆڕن ــ بۆ وێنـە ــ لە دوورین ، چنین و شتی‌تری • بەڵام توانایی بە گورج و گۆلیان (٢) نیە • ئیشەكانیان خۆشە و دڵی مرۆڤ دەكاتەوە ، ئەیانحەسێنێتەوە و رەحەتیـان دەكا • كە لەناو كۆمەڵی ئەورووپایی سەر بەستێنی دووكانەوە دەچوومـە تۆپزاوە هەستم بە رەحەتی و خۆشی دەكرد • لەوێ هەمووكەس لەسەرخۆ ئیش دەكا و درێژەی پێ‌دەدا • بەڵام لەناو ئەورووپاییەكان هەمووكەسێ بـە توند و تیژی ئیش دەكەن ، خۆیان ماندوو دەكەن و بە ماوەیێـكی كورت ئیشەكەیان تەواو دەكەن • بەڵام لەپاشا ماوەیێكی درێژی بەتاڵی بێ‌كارییان بۆ دەمێنێ كە نازانن چیی لێ بكەن و چۆن بەسەری ببەن •

ژنانی كورد كێشەی (واتا موشكیلەی) كات رابواردنیان نیە و وەك

---

(١) من جارێكیان لەناو جەباری نزیك ئاوی باسەرە لە رۆژهەڵاتی باشووری كەركووك لە ئاوایی‌یێك بووم. ئێوارە گوێم لە گۆرانی بوو بە دەنگێكی نزمی ژنانی . كە پرسیم ئەوە چیە گوتیـان ئـەوە فـلان ئافرەتـە بـە دەم دروست‌كردنی فەرشەوە بۆ خۆی گۆرانی دەچڕی .

وەرگـێڕ

(٢) بەكوردی وشەیێك نیە بەرامبەر Efficiency ی ئینگلـیزی مەبەست لـە Efficiency ئەوەیە كارێك بە كەمترین ماندویەتی و كورتترین كات و بە باشی بكرێ . من بە كوردی «توانایی بە گـورج و گولی »م بۆ دۆزیەوە . Efficient واتا توانای گورج و گۆل .

وەرگـێڕ

ئێمە بیر لەوە ناکەنەوە چۆن کاتی خۆیان بەسەر ببەن • ئەوان کاتی خۆیان بە خۆشی رادەبویرن ، هەر ئیشێك بە دەستیانەوە بێ درێژەی پێدەدەن • هەموو دەمێ مێشك و دەمارەکانیان ڕەحەتە و حەساوەتەوە • چونکە فرمانەکانیان (واتا وەزیفەکانیان) بە خۆشی و لەسەرخۆ و بە بێ گرژبوونی دەمار و مێشك بەسەردەبەن ، ئەم گرژبوونە کە هەندێ جار دەبێتە هۆی نەخۆشی ئەعصاب و خوێن وەك پەستۆی خوێن (واتا ضغط) و دڵ • ساوا و منداڵەکانیش ئەم ژیانەیان پێخۆشە •

کە گەڕامەوە دینمارك لێیان پرسیم : «ئەری خانم چۆن ئێوارانتان بەسەردەبرد و دەکوشت ؟ » لە وەڵامدا دەمگوت : ئێمە ئێوارانمان نەدەکوشت ، بە خۆشی ڕاماندەبوارد ، دەمە تەقێمان دەکرد ، بۆ ماوەیێك بێدەنگ دەماین ، مێوەمان دەخوارد ، چایمان دەخواردەوە و جغارەمان دەکێشا • ئێمە هەستی ئەوەمان دەکرد ژیان خۆشە ، لەبەرئەوە بەتام و لەزەت بەسەرمان دەبرد •

هەواڵنامەی کتێب

- ١٢ -

ماڵاوایی و دوعاخوازی

یەکەمین جار کە دەجلەم لە بەغدا دی عاسمان هەوراوی بوو • چەند دلۆپێکی گەرمی گەورەی باران دەهاتە خوارەوە • ئەمە یەکەم و دواباران بوو لەو چوار مانگە لە عێراق مامەوە چاوم پێ کەوت •

یەکەمجار کە لە بەغدا مامەوە لە ماڵی خێزانێکی دێنمارکی مێوان بووم ، ئەو ماڵە کە لە دەوروپشتی بەغدا و نزیک بەستێنەکەی (واتا سەددەکەی) تەنشت زێی دجلە بوو • هەموو ئێوارەیێ دەرگاوانێک دەرگای قەسرەکەی دادەخست •

جاری دووەم لە بەغدا لەگەڵ لیژنەی کۆنینەی دێنمارکی دووکان Danish Dokan Expedition لە یەکێ لە ئوتێلە گەورەکانی بەغدا مامەوە ، ئەو ئوتێلە کە باغێکی گەورە و پانی هەبوو و دەگەیشتە سەر قەراغی دجلە • لە ژوورەکەم پانکە هەبوو لەگەڵ مەکینەی هەوا فینککەر• ئەم مەکینەیە هەوای فێنکی بۆ ژوورەکەم دەنارد ، بەڵام زۆر دەنگی لێوە دەهات نەیدەهێشت بنووم ، لەبەرئەوە ڕام گرت •

جاری سێیەم لە ئوتێلێک لە شەقامی ڕەشید دابەزیم • لەگەڵ تەرجومانەکەم و براکەی پێکەوە لە یەک ژوور بووین • لەم ئوتێلە ئەورووپایی تری نەبوو • هاوین بوو دنیا گەرم بوو خەڵک شەوان لە

سەربان دەنووستن • شەو برای تەرجومانەکەم چوە سەربان • ئێمە دوو ئافرەت لە ژوورەکە بەتەنیاماینەوە • خێزانێکی هیندستانی لە ژوورەکەی تەنیشتمان بوو • شەوان دەرگایان دەکردەوە و هەندێکیان لە هەیوان لە بەردەم ژوورەکەیان دەنووستن •

لەورۆژە گەرمانە ئێواران دەچووینە سەر زێی دەجلە و لەوێ نانی ئێوارەمان دەخوارد • خۆشتر خۆراك کە تاقیمان کردەوە (مەسگووف) بوو کە بریتیە لە ماسی برژاو لەسەر دار و چیلکە لەگەڵ تەماتە و ئاڵەت و پیاز • چرای چێشتخانەکە کز بوو ، بەلاّم شەوقی مانگەشەو پێماندەگەیشت و دنیای رووناك دەکردەوە •

لە بەغداوە جارێك چوومە بابل ، لەوێ چاوم بە کۆنینەکان کەوت وەك شێری بەردین و دەرگای عەشتار •

لەپاشا لە عێراقەوە بە فڕۆکە (طیارە) گەیشتمە ئیستامبوول ، لەوێ چوومە مۆزەخانەی (ئەیاسۆفیە) کە لەپێشدا لە زەمان بێزەنتیەکان کلێسە بوە ، لەپاشا تورکەکان کردیانە مزگەوت • ئەمە گومەزێکی گەورەی جوانی هەیە کە لە ژوورەوە بەناوی خەلیفەکان رازاوەتەوە • ئێستا ئەیاسۆفیە مۆزەخانەیە و بێجگە لە گەشتەوەر (سەییاح) کەسی تێ ناچێ •

لە ئیستامبوولەوە چوومە ئەثینە Athens پایتەختی یۆنانستان • م دی • بەرد و مەرمەرە Acropolis لەوێ ئەکرۆپۆلیس ڕووتەکانی لەژێر عاسمانی شین سپی دەکردەوە • هەندێ لە مەرمەرەکان جوان رەنگ کرابوون • ئێوارە چوومە مۆسیقای کونسورت Orchestral Concert لە جێگایێك کە ڕۆمەکان دروستیان کردبو لە قەدی ئەکرۆپۆلیس • لەوێ گوێم لە مۆسیقای کلاّسی گرت ، زۆر پێم خۆش بوو و باش حەسامەوە •

له ئەثینەوە چوومە رۆما شاری کۆنی ئیتالیای ئیمڕۆ • لەوێ چوومە Colosseum کە جێگای یاریکردنی رۆمەکانی کۆن بوە [1] • ئەمە بریتیە لە دوونهۆم • نهۆمی سەرەوە سـەکۆی هەیـە بۆ دانیشتنی تەماشاکەران • ئەم سەکۆیانە وەك کەوانە لەلایێکەوە دەگاتە لایێکیتری و روو لە حەوشە خڕە گەورەکەی ناوەوە دەکا • نهۆمی ژێرەوە بریتیـە لـە دەرگا و ژوور بۆ حەپسەکان ، بەتایبەتی بۆ عیسەویەکان کە ئەو دەمـە خرابوونە بەندیخانەوە •

لەپاشا چوومە مۆزەخانەی Villa Giulia • لە پشت ئـەم مۆزەخانەیە پێپێلکانە هەبوو بۆ حەوشێکی بچووك لەژێـر زەوی • لـە حەوشەکە حەوزێکی ئاو هەبوو ، لە ناوەڕاستی لە نافورەیێکەوە ئاو بەرز دەبووەوە و دەڕژایە خوارەوە • لە هەردولای حـەوزەکە گوڵـی لۆتـس Lotus ی سپی هەبوو بە گەڵای سەوزەوە •

لەوێ لەبیرم چوەوە کە من هاتوومەتەوە ئەورووپا و لەسەر زەویـە مەڕمەڕەکە لەتەنیشت نافوورەکە ــ وەك لە تۆپزاوە بم ــ بۆی دانیشـتم بۆ ئەوە کە خۆشی و فێنکی ئاوەکە بە ڕەحەتی بچێژم • لەوێ لە کاتێـکی بێدەنگی لەسەر زەویە مەڕمەڕە پاکەکە گوێم لە چۆڕەچۆڕی نـافوورەکە بوو • بەدانیشتن ئەژنۆم بەرزکردبووەوە و هەردو دەستەکانم خستبوە سـەر ئەژنۆکانم و قووڵ بیرم دەکردەوە لە کوردستان و کچ و ژنـە بـاشەکانی لەوێوە ، لەو دوورەوە ماڵئاوایی و دوعاخوازیم لێکردن •

---

(١) وەك جێگای تەماشاکەرانی توپێنە ، کە لەسـەر سـەکۆکان . دادەنیشن و تەماشای یاریەکە دەکەن .

پێڕست

پێشــەکی ٣

سەرەتــای نووسەر ٧

سالێکی بێ‌هــاوین ١١

ئەوا بووکەکە هــات ١٨

بەرگ و پۆشەکی کورد ٥٢

منداڵێك و کارەکەرێــك ٧١

ئەو منــداڵە کە مرد ٩٤

مــار و دووپشك ١٠٢

داپیرە تۆ دەتەوێ ببیتە کاوبــۆی ١١٣

سواڵــکەر و فــاڵگر ١٣٨

ئاگری نەکوژاوەی بابا گوڕ گوڕ ١٤٣

گوندی بێ‌ئــاو ١٥٧

نەخوێنــدەواری ١٦٨

ژنــانی موسوڵمــان ١٨٣

مــاڵاوایی و دوعــاخوازی ٢٠٢

هەواڵنامەی کتێب

نرخـ   ـفلسـه

هەواڵنامەی کتێب

٤٠٠٠ دانه لهم کتێبه لهچاپدراوه

له کتێبخانهی نیشتمانیی بهغدادا
ژماره (١٣٧٥)ی ساڵی ١٩٨٠ی دراوهتێ

من مطبوعات المجمع العلمي العراقي
(الهيئة الكردية)

بنات الكرد

تأليف

هيني هارولد هنسن

ترجمة

الدكتور ناجي عباس احمد

من الانكليزية

مطبعة المجمع العلمي العراقي
بغداد ـ ١٩٨٠

٢٠٨